

## "نازانم کەی دەکوژرێم"

سەباحەت تونجەل خەڵکی شاری مەڵاتییە، لە سەر خەباتی سیاسیی زیندانیکراوە و هێشتا 9 مانگی لە زینداندا تەواو نەکردبوو لە لایەن ئەنجوومەنی ئافرەتانی DTP وەک پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی پەرلەمان دەستنیشان کرا. بە 300000 دەنگ چووە پەرلەمانەوەو لە ئەردۆغان پتر دەنگی هێنا. وەک خۆی دەڵێ لە لیستی رەگەزپەرستەکانی تورکیادا ناوی بۆ کوشتن دەرچووە.

لاپەڕە15

## ئایا کەس بە زەرگەتەوە دەدات





بەریەککەوتنی باڵەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەیشتە ئاستی بڵاوکردنەوەی روونکردنەوەو وەڵام لە سەر یەکتری. مەلا بەختیار دەڵێ یەکێتی پارەی بە نەوشیروان مستەفا نەداوە تا رۆژنامە و تەلەڤزیۆنی پێدابمەزرێنێت، نەوشیروان مستەفاش،لە روونکردنەوەیەکی تووندا لەسەر مەلا بەختیار و ئەرسەلان باییز دا گوتی بەڵێنم بەکەس نەداوە سەنتەری لێکۆلینەوە دابنێم و شەریکە بەشی پارەی یەکێتیم.

لاپەڕە 3

## سیستەمی پەروەردەی کوردستان میلیتارییە



ئەنجلیکا رلیشتێن پسپۆڕێکی ئەڵمانی بواری پەروەردەییە ولەماوەی چوارساڵی رابردوودا 10جار لەسەر ئەرکی خۆی سەردانی کوردستانی کردووە،رلیشتێن گلەیی زۆری لە سیستەمی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان هەیەو بە سیستەمێکی قورس ناودەبات ودەڵێ "مامۆستایانی کوردستان سیستەمی عەسکەری پەیرەو دەکەن".

لاپەڕە12


ژمارە (8)

دووشەممە 2008/5/26

5 جۆزەردانی 2708

(750) دینار

Rûdaw

رووداو

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

www.rudaw.net


### وەزیری داد:

# دەزگای پاراستن و زانیاری نایاساییین

**تایبەت بە رووداو**

وەزیری دادی حکومەتی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتی هەردوو دەزگای پاراستن و زانیاری دوو دەزگای "ناشەرعی" و "نایاساییین". سەبارەت بە دەستوەردانی حیزبی لەکاروباری دادگا لەکوردستان گوتی "رەوشەکە بەرەو باشی دەڕوات"، لەهەمانکاتیشدا گوتیشی " بەڵام ناشڵێم دەستێوەردان نییە".

فاروق جەمیل، وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی هەردوو دەزگای پاراستن و زانیاری بۆ سەردەمی شاخ و پێش دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان "پێویست" بوون، "بەڵام ئێستا بەپێویستیان نازانم چونکە حکومەتمان هەیە، کە حکومەتیشمان هەیە پێویستە دەزگای ئاسایشمان هەبێت کە سەر بەحکومەتی کوردستان بێت، من هەبوونی ئەو دەزگایانە بەزیادەو ناشەرعی دەبینم". سەبارەت بە نەهێشتنی ئەو دوو دەزگایەش گوتی "ئەوە دوو دەزگای حیزبین و پێویستە حیزبەکان هەرخۆیان کە دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست و حکومەت بەڕێوەدەبەن بیرلەوەبکەنەوە کە ئەو دوو دەزگایە نەمێنن".گوتیشی هیچ زانیارییەکی لەسەر هێزی دژە تیرۆر نییە.

لەکاتێکدا ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەپێی بڕیاری 46 ی 2004/11/20 وەک دەزگایەکی یاسایی حکومەت ناسێندرا، بەڵام وەزیری داد لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئەوان ئاگاداری هیچ بڕیارێکن لەسەر یاساییبوونی ئەو دوو دەزگایە گوتی "هیچ زانیارییەکم لەسەریان نییە" و گوتیشی "دەزانم ئەو دوو دەزگایە هەن و کاری خۆیان دەکەن، بەڵام بە قەناعەتی من ئەو دوو دەزگایە یاسایی نین".

وەزیری داد بوونی مەکتەبی کۆمەڵایەتی حیزبەکانیش بە پێویست نازانێ، چونکە بەڕای ئەو تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی حیزبەکانیان دانراون. سەبارەت بەو یاساناس و دادوەرانەش کە گلەیی دەستێوەردان لەکاروباری دادگا دەکەن لە کوردستان وەزیری داد گوتی "دەستێوەردان لەکاری دادوەری بەو شێوەیە نییە کە باس دەکرێت، بەڵام ناشڵێم دەستێوەردان نییە، هەبووەو هەیشە". بەڵام دوای یەکگرتنەوەی حکومەت دۆخەکە بەرەو باشی چووە .هەروەها رەخنە لە دادوەرەکان دەگرێ و دەڵێ " دادوەر ئەگەر دادوەر بێت نابێت لەژێر فشار بێت و دەشتوانێ لەژێر فشار نەبێت". هەروەها گوتیشی دادوەر نابێ بچێ لە نووسینگەی وەزیرێک دابنیشێ " بۆئەوەی شتێکی شەخسی بۆخۆی لێ داوابکات، بەدڵنیاییەوە ئەوە لە وەزنی ئەو دادوەرە دەهێنێتە خوارەوە".

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە 9 بخوێنەوە**

## خێزانێک لە خێوەتیشدا ژیانی پێ رەوا نابینرێ....

لاپەڕە 12



پیرەژن و پیرەمێردو کوڕێکی 18 ساڵان لە (شەکرەکە)ی سلێمانی ئەوە شوێنی ژیانیانە و ئێستا خاوەنی زەویەکە داوایان لێدەکات ئەوێش بەجێبێڵن (فۆتۆ:رووداو)

# محەممەدی مەهدی

# لە ئەفریقاوە بۆ زیندانی ئاسایشی کوردستان

### شوکری ئەفەندی: من گوتوومە مەهدیم نەک محەممەد مەهدی



**تایبەت بە رووداو**

شوکری ئەفەندی ئەمجەدی، کە ماوەیەکە لەنێو خەڵک و رۆژنامەکاندا بە (محەممەدی مەهدی) ناودەبرێت، لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکرا، شوکری بە (رووداو)ی راگەیاند"""من گوتوومە مەهدیم، بەڵام نەمگوتووە محەممەدی مەهدیم".

بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک لە ئاسایشی گشتیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر بۆ (رووداو)، ئەوان ئەو کەسەیان بەهۆی ئیدیعاکردنی ئەوەی کە محەممەدی مەهدییە بۆ لێکۆڵینەوە دەستگیرکردووە.

لە بەدواداچوونێکدا کە (رووداو) لە ماوەی رابردوودا ئەنجامیداوە،هەندێ لەوانەی هامۆشۆیان کردووە دەڵێن خەزوورەکەی ئەویان وەک محەممەدی مەهدی بە خەڵک دەناساند و خۆیشی ئەوەی نیشاندەدا کە ئیمامی محەممەدی مەهدییە.

شوکری ئەفەندی کە باوکی کوردەو دایکی پاکستانییە، بنەماڵەکەیان لەساڵی 1862 لەسەردەمی عوسمانییەکاندا نێردراوەتە ئەفریقیا، خۆی لەساڵی 1988 گەڕاوەتەوە گوندی سیساوەی سەر بە قەزای هەریری پارێزگای هەولێرو داوای زەویەکانی کردووەو، دەڵێ بەڵگەی هەیە زەویەکانی دەشتی هەریر و باتاس هەموو هی بنەماڵەکەی ئەوانە.

شوکری ئەفەندی دوای هاتنەوەی بۆ کوردستان سێ ژنی هێناوە، کە سێیەمینیان وەک خۆی دەڵێ باوکی لەخەوندا پێیگوتبوو ئەو ژنە پرچ کورتە 18ساڵییە بۆ تۆ دەبێ،هەروەها ئەوە رەتدەکاتەوە کە بەخەڵکی گوتبێ تەلەڤزیۆن دەجالە "بەڵکو گوتوومە یەکێکە لە ئامرازەکانی دەجەل" .هەروەها دەڵێ کەسێکی رووحانی لە پاکستانەوە هاتووەتە لای لەهەولێر و دوعای بۆکردووەو چاکبووەتەوە.

**وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە 7 دا بخوێنەوە**

# پیاوانی هەولێر بۆ مارەکردنی ژنی دووەم دەچنە مەخموور

**تایبەت بە رووداو**

سەرچاوەیەک لە دادگای مەخموور بە (رووداو)ی راگەیاند، بەهۆی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان کە هەرکەسێک ژنی دووەم بێنێ دەبێ ژنی یەکەمی رەزامەندی لە دادگا پێشانبدات، زۆربەی ئەو پیاوانەی هەولێر کە ژنی دووەم دێنن "دێنە دادگای مەخموور".

ئەو سەرچاوەیە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی ئەوانەی بۆ ئەو مەبەستە دەچنە مەخموور "زۆریان کەسانی دەوڵەمەند و ناسراوی شاری هەولێرن"، یاخود ئەوانەن کە بەدزیی ژنی یەکەمیانەوە ژنی دووەم دێنن.پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2001 بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی فرەژنی بڕگەی 5 ی مادەی 10 یاسای باری کەسیی عێراقی هەموارکرد.دادوەر ئیبراهیم خۆشناو بە (رووداو)ی راگەیاند کە ساڵی رابردوو هێنانی ژنی دووەم لە دادگای هەولێر زۆر کەمبووە، بەڵام سەبارەت بە چوونی پیاوان بۆ مارەکردنی ژنی دووەم گوتی"من ناتوانم ئەوەی لەمەخموور ژن دێنێت سزا بدەم، چونکە ئەوانیش یاسای خۆیان جێبەجێدەکەن و دەبێت یاسادارێژەرانی کوردستان چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە".

بەڵام عەبدولعەزیز محەممەد کە دادوەری باری کەسییە لەقەزای مەخموورو بەڕەگەز عەرەبە گوتی "خەڵکێک هاتووە لەهەولێرو دەوروبەری کە لەدادگا ژن هێنانەکەی بۆ پەسەند بکەین، بەڵام ئێمە نەمانکردووە" . لە هەمانکاتیشدا گوتی"ئەوەی بێوەژن بێنێت پێویستی بەرەزامەندی ژنی یەکەم نییە و یەکسەر دەتوانێت لەدادگا مارەی بکات" .بەڵام لە دادگاکانی کوردستان ئەوە ناکرێت.

**وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە (13) یە**





**لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا خشتەی یارییەکانی تۆپی پێی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا بە دیاری وەربگرە**


### جەمال عەبدول پاڵێوراوی دەستەی نەزاهە لە سلێمانی:

# دەبێ دەستەکە دەرەقەتی حوتەکان بێت ئەگەرنا دەبینە گاڵتەجاڕ

**تایبەت بە رووداو**

دوای ئەوەی جەمال عەبدول لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەک کەسایەتییەکی بێلایەن لە سلێمانی بۆ دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان دەستنیشانکرا بە (رووداو)ی راگەیاند ئەو "بەشانازییەوە" ئامادەیە بۆ ئەوکارە بەمەرجێک شتێکی رووکەش نەبێ و دەرقەتی حوتەکانیش بێت.

جەمال عەبدول کە لە کابینەی دووەمدا وەزیری رۆشنبیری بووە،بە (رووداو)ی راگەیاند کە رۆژی2008/5/22 چوار کەس بۆ ئەو مەبەستە لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە چوونەتە لای. ئەویش رازیبووە لەسەربەشداریکردن لە دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستاندا، کە ئەوە چەند ساڵێکە ئەو دەزگایە لە عێراق دامەزراوەو لە هەرێمی کوردستان دواکەوتووەو بەپێی لێدوانی عەونی بەزاز جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان بۆ (رووداو) ئەوان ئێستا خەریکی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستانن.

جەمال عەبدول گوتی لەکاتی سەردانی ئەو نوێنەرانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ لای ئەو " داوای ئەوەم کرد بەناوی منەوە ئەوە بگەیێننە کاک مەسعود کەدەبێت بەزووترین کات ئەم دەستەیە دروستبکرێت، چونکە زۆر دواکەوتووەو دەبوایە زووتر بکرایە، تاوەکو ئەو گەندەڵییە هەموو گیانی ئەو میللەتەی نەگرتووەتەوە".

هەروەها گوتیشی "من بەشانازییەوە ئامادەیی خۆم پێشاندا بۆ کارکردن لە دروستکردنی دەستەی نەزاهەدا، بەڵام بەمەرجێک نەک وەک شتێکی رووکەش و رۆتینی بێت وەک ئێستا کە دەرەقەتی شتە بچووکەکان دێن و دەرقەتی حوتەکان نایێن، دەبێت ئەم لیژنەیە تایبەتمەندبێت و لەژێر دەستی کەسدا نەبێت و سەربەخۆ بێت، ئەگەر لەژێر دەستی وەزیرێکدا بێت هیچت پێ ناکرێت" .بەڵام عەونی بەزاز دەڵێت " پێویستە دەستەی نەزاهە سەر بە پەرلەمان بێت، بەوپێیەی پەرلەمان نوێنەری خەڵکە".

**لەوبارەوە راپۆرتێک لەلاپەڕە 3 بخوێنەوە**



## هه‌موو گرتووخانه‌كان له‌ ئاسایش و وه‌زاره‌تی ناوخۆ وه‌رده‌گیرێنه‌وه‌

**ڕووداو - هه‌ولێر**

◆ وته‌بێژی وه‌زاره‌تی كاروكاروباری كۆمه‌ڵایه‌تی عه‌دنان حاجی كاكه‌ ڕایگه‌یاند كه‌ به‌بڕیاری سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران ته‌واوی گرتووخانه‌كان له‌وه‌زاره‌تی ناوخۆو ئاسایش وه‌رده‌گیرێنه‌وه‌و ده‌خرێنه‌ سه‌ر وه‌زاره‌تی كاروكاروباری كۆمه‌ڵایه‌تی. گوتیشی "لیژنه‌یه‌ك له‌هه‌ر سێ وه‌زاره‌تی ناوخۆو دادو كاروباری كۆمه‌ڵایه‌تی بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ پێكهاتووه‌". ئاماژه‌ی به‌وه‌ش دا كه‌ ده‌یانه‌وێ قوتابخانه‌و سه‌نته‌ری ڕاهێنان له‌ناو گرتووخانه‌كان بكه‌نه‌وه‌و خه‌ڵك فێری پیشه‌ بكه‌ن.

# PKK : هیچ كێشه‌مان له‌گه‌ڵ ئیسرائیل نییه‌



**ڕووداو – هه‌ولێر**

وته‌بێژی PKK له‌ لێدوانێكدا به‌ (ڕووداو)ی ڕاگه‌یاند كه‌PKK هیچ كێشه‌یه‌كی له‌گه‌ڵ ئیسرائیلدا نییه‌و به‌هیچ شێوه‌یه‌كیش دژایه‌تی ئه‌و وڵاته‌ ناكات.

داود باغستانی، له‌ هه‌ڤپه‌یڤینێكدا له‌گه‌ڵ (ڕووداو)دا ئاشكرایكرد كه‌ په‌یامێكی مراد قه‌ره‌یلانی سه‌رۆكی كۆنسه‌ی PKK گه‌یاندووه‌ته‌ شیمۆن پێرێزی سه‌رۆكی ده‌وڵه‌تی ئیسرائیل. ئه‌حمه‌د ده‌نیز، وته‌بێژی پارتی كرێكارانی كوردستان PKKله‌وباره‌وه‌ له‌ لێدوانێكدا به‌ (ڕووداو)ی ڕاگه‌یاند كه‌ "سیاسه‌تی PKK سه‌باره‌ت به‌ئیسرائیل و وڵاتانی ئه‌مریكاو به‌ریتانیا ڕوونه‌و ئێمه‌ به‌هیچ شێوه‌یه‌ك دژایه‌تی به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی ئه‌وان ناكه‌ین".

ده‌نیز گوتیشی "به‌قسه‌ی هه‌ندێك لایه‌ن بوایه‌ ده‌بوایه‌ پاش ئه‌وه‌ی جۆرج بوش سه‌رۆكی ئه‌مریكا گوتی PKK دوژمنی هاوبه‌شی توركیا و ئه‌مریكایه‌، هێرشمان بكردایه‌ته‌ سه‌ر به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی ئه‌مریكا، به‌ڵام ئێمه‌ هێزێكی ئاشتیخوازین و دوژمنایه‌تی هیچ لایه‌نێك ناكه‌ین".

سه‌باره‌ت به‌قسه‌كانی داوود باغستانیش كه‌ له‌ژماره‌ی ڕابردووی (ڕووداو) له‌باره‌ی PKK و ئیسرائیل كردبوونی، ئه‌حمه‌د ده‌نیز گوتی"نازانم مه‌به‌ستی ئه‌و كه‌سه‌ له‌و لێدوانانه‌ چییه‌، به‌ڵام سیاسه‌تی ئێمه‌ له‌به‌رامبه‌ر ئیسرائیلدا زۆر ئاشكرایه‌و كێشه‌مان له‌گه‌ڵی نییه‌ و به‌هیچ شێوه‌یه‌كیش دژایه‌تی ناكه‌ین".

له‌سه‌ر ڕوانگه‌ی ئیسرائیل كه‌ پێیوایه‌ ده‌بێPKK له‌باكوور به‌هێزبێت و ئاوی دیجله‌و فورات كۆنترۆڵ بكات ده‌نیز گوتی "نه‌ته‌نیا ئاوی دیجله‌و فورات، به‌ڵكو بست به‌بستی خاكی وڵاتی خۆمان كۆنترۆڵ ده‌كه‌ین".

## بودجه‌ی ئه‌مساڵی عێراق 100 ملیار دۆلار ده‌بێ

# عه‌بدولخالق زه‌نگه‌نه‌ ده‌ست له‌كار ده‌كێشێته‌وه‌

**ڕووداو –به‌غدا**

به‌هۆی ته‌رخان نه‌كردنی هیچ بڕه‌ پاره‌یه‌ك له‌بودجه‌ی 2008 بۆ ئاواره‌كانی عێراق، عه‌بدولخالق زه‌نگه‌نه‌ له‌گه‌ڵ 7 ئه‌ندامی دیكه‌ ده‌ست له‌كاركێشانه‌وه‌ی خۆیان له‌ لیژنه‌ی ئاواره‌و ده‌ركراوه‌كانی په‌رله‌مانی عێراق پێشكێشی په‌رله‌مان كرد.

عه‌بدولخالق زه‌نگه‌نه‌، ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانی عێراق له‌سه‌ر لیستی هاوپه‌یمانی كوردستان له‌لێدوانێكدا به‌ (ڕووداو)ی ڕاگه‌یاند "دوو ساڵه‌ هاوار ده‌كه‌ین و داوا له‌ حكومه‌ت ده‌كه‌ین بڕێك پاره‌ له‌ بودجه‌ی حكومه‌ت بۆ چاره‌سه‌ری كێشه‌ی ئاواره‌و ده‌ركراوه‌كان ته‌رخان بكرێ، به‌ڵام هیچی نه‌كرد".

ناوبراو كه‌ له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌ندامانی لێژنه‌كه‌ ده‌ستی له‌كاركێشاوه‌ته‌وه‌ گوتی "كه‌ بینیم له‌بودجه‌ی 2008 هیچ بڕه‌ پاره‌یه‌ك بۆ ئاواره‌و ده‌ركراوه‌كان ته‌رخان نه‌كراوه‌، هه‌روه‌ها له‌ بودجه‌ی ته‌كمیلیش كه‌ له‌ چه‌ند ڕۆژی داهاتوودا په‌سه‌ند ده‌كرێ، بڕیارمدا ده‌ست له‌و لێژنه‌یه‌ بكێشمه‌وه‌، به‌ڵام ده‌ستم له‌ئه‌ندامێتی په‌رله‌مان نه‌كێشاوه‌ته‌وه‌".زه‌نگه‌نه‌ ئاماژه‌ی به‌وه‌دا بودجه‌ی ئه‌مساڵ به‌بنه‌ڕه‌تی و ته‌كمیلییه‌وه‌ نزیكه‌ی 100 ملیار دۆلار ده‌بێ.

زیاتر له‌ 4 ملیۆن عێراقی له‌ده‌ره‌وه‌و ناوه‌وه‌ی عێراق ئاواره‌بوونه‌، كه‌ 34 هه‌زار خێزان له‌وانه‌ ڕوویانكردووه‌ته‌ شاره‌كانی هه‌رێمی كوردستان .هه‌روه‌ها گوتیشی پێویسته‌ یارمه‌تی ئه‌و ئاوارانه‌ش بدرێ كه‌ به‌هۆی تۆپبارانی توركیا و ئێران ئاواره‌بوونه‌.

## له‌سلێمانی

# له‌مانگێكدا 63 ژن ڕووبه‌ڕووی توندوتیژی ده‌بنه‌وه‌

**ڕووداو –سلێمانی**

به‌پێی ئامارێكی به‌ڕێوه‌به‌رێتی به‌دواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان له‌سلێمانی، ته‌نیا له‌مانگی نیسانی ئه‌مساڵدا له‌سنووری پارێزگای سلێمانی 63 ژن ڕووبه‌ڕووی توندوتیژی بوونه‌ته‌وه‌، كه‌ 26 ژنیان له‌ناوشاری سلێمانی و 37 یشیان له‌سنووری پارێزگاكه‌ تۆماركراون.

ئاماره‌كه‌ پۆلێنی توندوتیژی ئه‌و 63 ژنه‌ی به‌مشێوه‌یه‌ كردووه‌: كوژرانی 2 ژن، سووتانی 15 ژن، ڕفاندنی 1 ژن، لێدان له‌شه‌ڕكردندا 2 حاڵه‌ت و حاڵه‌تێكی خنكاندن، جگه‌ له‌ 3 حاڵه‌ت به‌تۆمه‌تی به‌دڕه‌وشتی و 16 حاڵه‌تی لێدان له‌ژن و 21 حاڵه‌تی هه‌ڕه‌شه‌كردنیش هه‌بوونه‌.

له‌ئاماره‌كه‌دا ئاماژه‌ به‌وه‌ كراوه‌ كه‌ ئه‌و 63 ژنه‌ له‌لایه‌ن كه‌سوكاری نزیكی خۆیانه‌وه‌ توندوتیژییان به‌رامبه‌ر كراوه‌.

# 850 قوتابی ل زاخۆ ده‌ست ژ خوه‌ندنێ به‌ر دده‌ن

**ڕووداو – زاخۆ**

ل بازارێ زاخۆ و د وه‌رزێ خوێندنی یێ ساڵا 2007– 2008 بێتر ژ 1500 قوتابیان وه‌ك كچ و كور ده‌ست ژ خوه‌ندنێ به‌ردانه‌.

ل دۆر ئاماره‌كا تایبه‌ت كو ده‌ست ڕۆژناما (ڕووداو) كه‌ڤتی ژبال به‌شێ ئامارا ل ڕێڤه‌به‌ریا په‌روه‌ردا زاخۆ ژ سه‌رجه‌مێ (70345) قوتابیان كو خوه‌ندنا خوه‌ ئه‌نجامداین ل گۆری ئامارا 2007/11/6ێ، لێ پشتی چار مه‌هان ژڤێ ئامارێ كو ل 2008/4/1 سه‌رجه‌مێ قوتابیێن سه‌ر ب سنورێ ڕێڤه‌ به‌ ریا په‌ روه‌ردا زاخۆڤه‌ بوونه‌ 68718 قوتابی، واته‌ 1627 قوتابیان ژ هه‌موو قوناخێن خوه‌ندنێ ده‌ست ژ خوه‌ندنێ به‌ردانه‌ كو ژوان 1013 قوتابی كوڕن و یێن كچ ژی 614 قوتابی بوون.

به‌رپرسێ به‌شێ نه‌خشه‌دانانێ و ئامارا ل ڕێڤه‌به‌ریا په‌روه‌ردا زاخۆ ئه‌یسه‌ر محه‌مه‌د د لێدوانه‌كێدا بۆ (ڕووداو) گۆت، پشتی كو ڤان قوتابیان ده‌ست ژ خوه‌ندنا به‌ردان لێژنه‌یه‌ك ژبال په‌روه‌ردا زاخۆڤه‌ هاته‌ پێكئانین، بۆ دیفچوونا ڤێ ئێكێ ده‌ركه‌ت كو پڕانیا وان ژبه‌ر ڕه‌وشا ئابوورییه‌ و، یا كچان ژی به‌شه‌ك ژ مالباتێن وان ڕێگرن و به‌شه‌كا دنژی ژیانا هه‌ڤسه‌رێ پێك ئانینه‌.

جهێ ئاماژه‌ پێ كرنێیه‌ كو پار ساڵ بێتر ژ 850 قوتابیان ل سنوورێ ڤه‌ زا زاخۆ ده‌ ست ژ خوه‌ندنێ به‌ردابوون.

## له‌هه‌ولێر

# ڕۆژانه‌ 2 ژن سووتاون

**له‌نجه‌ عه‌بدوڵڵا**
**ڕووداو –هه‌ولێر**

به‌پێی زانیاری سه‌رچاوه‌یه‌كی پۆلیس له‌ 5/1 تاوه‌كو 2008/5/22 له‌شاری هه‌ولێر و ده‌وروبه‌ری 10 ژن به‌هۆكاری جیاجیا سووتان و یه‌كێك له‌ژنه‌كانیش گیانی له‌ده‌ستداوه‌.

به‌پێی زانیارییه‌كانی ئه‌و سه‌رچاوه‌یه‌ 9 له‌و ژنانه‌ كه‌ دانیشتووی گه‌ڕه‌كه‌ جیاجیاكانی شاری هه‌ولێر و قه‌زا و ناحیه‌كانن، به‌ وته‌ی خۆیان به‌ئاگری پرێمز و ته‌باخ و ته‌قینی غاز سووتاون، له‌ئه‌نجامدا یه‌كێكیان گیانی له‌ده‌ستداوه‌. یه‌كێك له‌و ژنانه‌ كه‌ناوی (ا.س)ه‌ و دانیشتووی گه‌ڕه‌كی باداوه‌ی شاری هه‌ولێره‌ له‌رقی خه‌سووه‌كه‌ی خۆی سووتاندووه‌.

# ئیمزای مه‌لاكان ته‌زویر ده‌رچوو

**ڕووداو – هه‌ولێر**

زۆر له‌و گوتاربێژو پێشنوێژانه‌ی ڕۆژی 2008/5/9 نامه‌یه‌كی كراوه‌یان له‌دژی چه‌ند نووسه‌رێك ئاراسته‌ی ده‌سه‌ڵاتدارانی كوردستان كرد، نه‌ ئاگاداری ناوه‌ڕۆكی نامه‌كه‌بوونه‌و نه‌ ئیمزاشیان له‌سه‌ر كردووه‌.

له‌و نامه‌یه‌دا كه‌ سێ ڕۆژ دواتر به‌یاننامه‌یه‌كی یه‌كێتی زانایانی ئاینیشی به‌دواداهات، 474 كه‌س كه‌ زۆربه‌یان مامۆستای ئاینی بوون، دژی ئه‌و بابه‌تانه‌ی له‌سه‌ر ئیسلام بڵاوده‌كرێنه‌وه‌و نامه‌كه‌ به‌"بێڕێزیكردن به‌ پیرۆزییه‌كانی ئاین" له‌قه‌ڵه‌میداوه‌، داوا له‌ ده‌سه‌ڵاتدارانی كوردستان ده‌كه‌ن سنوورێكیان بۆ دابنرێ و لێپرسینه‌وه‌ی شه‌رعی و یاساییان له‌گه‌ڵ بكرێ.

له‌وه‌ڵامی پرسیارێكدا له‌سه‌ر ناوه‌ڕۆكی ئه‌و نامه‌یه‌، مه‌لا عومه‌ر مه‌لا حه‌سه‌ن ئیمام و خه‌تیبی مزگه‌وتی ڕه‌شاد موفتی بۆ (ڕووداو) گوتی "پرسیار له‌ یه‌كێك بكه‌ن كه‌ به‌فیعلی به‌شداری كردبێت، براده‌ران هه‌ر له‌سه‌ر سیقه‌ ناوی منیان نووسیوه‌ ئه‌گه‌رنا من ئیمزام نه‌كردووه‌ له‌سه‌ری". مامۆستا مه‌لا عومه‌ر هه‌روه‌ها گوتی "هێنده‌ی بزانم به‌یاننامه‌كه‌ له‌سه‌ر ئه‌و كه‌سانه‌یه‌ كه‌ شتی خراپ بڵاوده‌كه‌نه‌وه‌، من له‌ گوتاری نوێژی هه‌ینی باسی ده‌كه‌م، به‌ڵام ناوی كه‌س ناهێنم، بۆ به‌یاننامه‌كه‌ بیستوومه‌ شتێكی واكراوه‌، به‌ڵام مامۆستایان هه‌ر له‌سه‌ر سیقه‌ ناوی منیشیان نووسیبوو".

هه‌ر له‌وباره‌وه‌ مامۆستا مه‌لا یاسین شه‌قڵاوه‌یی كه‌ ناوی له‌ڕیزی واژۆكه‌رانی نامه‌كه‌دا هاتووه‌، كاتێك (ڕووداو) په‌یوه‌ندی پێوه‌كرد گوتی "ئێستا وا تازه‌ ڕۆژنامه‌كه‌ ده‌بینم. وا له‌ناو ڕۆژنامه‌ ناوه‌كان ته‌ماشا ده‌كه‌م". مه‌لا یاسین گوتیشی "من ئیمزام نه‌كردووه‌و ئاگام لێنییه‌، مامۆستا مه‌لا عوسمان ناوه‌كانی نووسیوه‌و ڕه‌وانه‌ی كردووه‌، ئه‌وكاتی من لێره‌ نه‌بووم و هێشتا ناوه‌ڕۆكه‌كه‌یم نه‌خوێندووه‌ته‌وه‌".

# ئه‌و وه‌زاره‌تانه‌ی یه‌كده‌خرێنه‌وه‌ دوو بریكاریان ده‌بێت

**تایبه‌ت به‌ڕووداو**

یه‌كێتی و پارتی گه‌یشتوونه‌ته‌ ڕێككه‌وتنی كۆتایی بۆ پێكهێنانی كابینه‌ی شه‌شه‌می حكومه‌تی كوردستان و به‌پێی دوایین ڕێككه‌وتنیش، ئه‌و وه‌زاره‌تانه‌ی كه‌ له‌م كابینه‌یه‌دا ده‌بنه‌ یه‌ك، دوو بریكاری وه‌زیریان بۆ داده‌نرێت و وه‌زاره‌ته‌كانی دیكه‌ش ته‌نها بریكارێكیان ده‌بێت.

سه‌رچاوه‌یه‌كی ئاگادار له‌گفتوگۆكانی نێوان مه‌كته‌بی سیاسی یه‌كێتی و پارتی به‌ (ڕووداو)ی ڕاگه‌یاند"یه‌كێتی و پارتی گه‌یشتوونه‌ته‌ ڕێككه‌وتنی كۆتایی و له‌وانه‌یه‌ له‌ماوه‌ی 10 ڕۆژی دیكه‌دا كابینه‌ی شه‌شه‌م ڕابگه‌یێندرێت".

به‌پێی لێدوانی ئه‌و سه‌رچاوه‌یه‌ "یه‌كێتی ئه‌و ستوونه‌ی وه‌رگرتووه‌ كه‌ وه‌زاره‌تی دارایی تێدایه‌و پارتیش ئه‌و ستوونه‌ی وه‌رگرتووه‌ كه‌ وه‌زاره‌تی وزه‌ی تێدایه‌، ته‌نها گۆڕانكاری له‌وه‌دا ده‌كرێت كه‌وه‌زاره‌تی ناوچه‌كانی ده‌ره‌وه‌ بۆ پارتی بێت به‌و پێیه‌ی محه‌ممه‌د ئیحسان شاره‌زایی له‌كاری وه‌زاره‌ته‌كه‌دا هه‌یه‌و یه‌كێتیش له‌بری ئه‌مه‌دا وه‌زاره‌تێك وه‌رده‌گرێت".

له‌باره‌ی دانانه‌وه‌ی بریكاری وه‌زیریشه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ئاگاداره‌كه‌ گوتی" یه‌كێتی و پارتی ڕێككه‌وتوون له‌سه‌ر دانانه‌وه‌ی بریكاری وه‌زیر، ئه‌و وه‌زاره‌تانه‌ی بوون به‌یه‌ك دوو بریكاری وه‌زیریان ده‌بێت، به‌ڵام ئه‌و وه‌زاره‌تانه‌ی وه‌ك خۆیان ده‌مێننه‌وه‌ ته‌نها بریكارێكی وه‌زیریان ده‌بێت".

# به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كاره‌بای سلێمانی 13 ئه‌ندازیاری كاره‌با سزا ده‌دات

**سۆران عومه‌ر**
**ڕووداو –سلێمانی**

به‌پێی ئه‌و زانیارییانه‌ی ده‌ست (ڕووداو) كه‌وتوون، به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كاره‌بای سلێمانی سزای 13 ئه‌ندازیاری كاره‌با له‌ده‌ڤه‌ری بتوێن و پشده‌ر ده‌دات و ئه‌ندازیاره‌كانیش په‌نا ده‌به‌نه‌ به‌ر مه‌ڵبه‌ندی 8ی یه‌كێتی.

شه‌ونم محه‌ممه‌د، به‌ڕێوه‌به‌ری كاره‌بای سلێمانی له‌لێدوانێكدا بۆ (ڕووداو) هه‌واڵه‌كه‌ی پشت ڕاستكرده‌وه‌،به‌ڵام ئاماده‌ نه‌بوو ورده‌كاری و هۆكاری سزادانی ئه‌و 13 ئه‌ندازیاره‌ ڕوونبكاته‌وه‌ و گوتی"له‌قۆناخی لێكۆڵینه‌وه‌داین".

به‌پێی زانیارییه‌كانی (ڕووداو)، ئه‌و ئه‌ندازیارانه‌ به‌تۆمه‌تی تێوه‌گلان له‌ گه‌نده‌ڵی سزا دراون و لیژنه‌شیان له‌سه‌ر پێكهێنراوه‌، هه‌ر 13 ئه‌ندازیاره‌كه‌ش په‌نایان بردووه‌ته‌ به‌ر مه‌ڵبه‌ندی یه‌كێتی و پێیان ڕاگه‌یاندوون كه‌ ده‌ستێك له‌پشت ئه‌و سزادانه‌ به‌كۆمه‌ڵه‌دا هه‌یه‌.

## 61 په‌رله‌مانتاری سۆسیالیست: ڕاپۆرته‌كه‌ توركیا هانده‌دات درێژه‌ به‌ كرده‌وه‌ی سه‌ربازی بدات

# په‌رله‌مانی ئه‌ورووپا داوای چاره‌سه‌ری به‌ په‌له‌ی كێشه‌ی كورد له‌ توركیا ده‌كات

**ڕێناس نه‌وڕۆزی**
**ڕووداو – برۆكسل**

په‌رله‌مانی ئه‌وروپا له‌ دوایین ڕاپۆرتیدا له‌باره‌ی توركیا داوای به‌په‌له‌ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌ی كورد له‌ توركیا ده‌كات و، داوای ڕاگه‌یاندنی ئاگربه‌ستێكی بێ مه‌رجیش له‌ PKK ده‌كات، به‌ڵام 61 په‌رله‌مانتاری سۆسیالیست دژی ڕاپۆرته‌كه‌ بوون له‌به‌رئه‌وه‌ی وه‌ك ئه‌وان گوتیان هانی توركیا ده‌دات بۆ درێژه‌دان به‌ كاره‌ سه‌ربازییه‌كانی.

ڕۆژی 2008/5/21، په‌رله‌مانی ئه‌وروپا گفتوگۆی له‌سه‌ر ئه‌و ڕاپۆرته‌ تایبه‌ته‌ كرد كه‌له‌سه‌ر گۆڕانكارییه‌كانی ساڵی 2007ی توركیا ئاماده‌كرابوو. ڕاپۆرته‌كه‌ له‌لایه‌ن په‌رله‌مانتاری هۆڵه‌ندی خاتوو (ڕییا ئۆمه‌ن ڕویته‌ن)ی سه‌ربه‌ لیستی مه‌سیحی – دیموكراته‌كانی په‌رله‌مانی ئه‌وروپا ئاماده‌كرابوو. له‌ ڕاپۆرته‌كه‌دا داوای دۆزینه‌وه‌ی ڕێگایه‌كی به‌په‌له‌ی كێشه‌ی كورد له‌ ده‌وڵه‌تی توركیا ده‌كرێت و ئاماژه‌ به‌ مانه‌وه‌ی كێشه‌كه‌ ده‌كات. په‌رله‌مانی ئه‌وروپا له‌ ڕاپۆرته‌كه‌یدا داوا له‌ توركیا ده‌كات كه‌ په‌له‌ له‌ چاكسازییه‌كان بكات سه‌باره‌ت به‌ پرسه‌كانی مافی مرۆڤ و دیموكراسی. هه‌روه‌ها له‌ ڕاپۆرته‌كه‌دا داوا ده‌كرێت ڕێگه‌ به‌ به‌كارهێنانی زمانی كوردی له‌ شوێنه‌ فه‌رمییه‌كانی توركیادا بدرێ و وه‌ك زمانێكی فه‌رمی بناسرێت. ڕاپۆرته‌كه‌ داوای گۆڕینی ئه‌و یاسایانه‌ش ده‌كات كه‌ ڕێگه‌ی داخستنی پارته‌ سیاسییه‌كان له‌ توركیا ده‌دات، وه‌ك پارتی كۆمه‌ڵگه‌ی دیموكراتی DTP و پارتی دادو گه‌شه‌پێدان AKP، هه‌روه‌ها داوا ده‌كات یاسای ژماره‌ 301ی ده‌ستووری توركیا به‌پێی بنه‌ماكانی كۆپنهاگن گۆڕانكاری تێدابكرێت. هه‌ر له‌ ڕاپۆرته‌كه‌دا داوا له‌ توركیا ده‌كرێت كه‌ ده‌ستپێشخه‌ری چاره‌سه‌ری سیاسیانه‌ی كێشه‌ی كورد بكات. هه‌ر هه‌مان ڕاپۆرت شه‌ڕه‌كانی PKK شه‌رمه‌زار ده‌كات و داوا له‌ PKK ده‌كات به‌بێ مه‌رج ئاگربه‌ست ڕابگه‌یێنێت.

له‌ دانیشتنی تایبه‌ت به‌ ڕاپۆرته‌كه‌ ژماره‌یه‌كی زۆر له‌ په‌رله‌مانتاران گفتوگۆیه‌كی فراوانیان له‌سه‌ر پرسی كورد و پرسه‌ نێوخۆییه‌كانی كرد .ئاماده‌كاری ڕاپۆرته‌كه‌ ڕییا ئۆمه‌ن ڕویته‌ن، داوای له‌ ئه‌ردۆغان كرد كه‌ به‌ڵێنه‌كانی جێبه‌جێبكات، كه‌ گوتبووی "ساڵی 2008 ده‌كه‌ینه‌ ساڵی چاكسازی له‌ توركیا". هه‌روه‌ها داوای له‌ توركیا كرد كه‌ هێشتا زۆر گۆڕانكاری هه‌ن كه‌ پێویسته‌ ئه‌نجامیان بدات. (ڤیتۆریۆ ئه‌مانوێلا)ی په‌رله‌مانتاری ئیتالیش تیشكی خسته‌ سه‌ر هه‌ڵواسراوی مانه‌وه‌ی كێشه‌ی كورد له‌ توركیا. له‌ كۆتایی دانیشته‌كانی ئه‌و ڕۆژه‌دا ڕاپۆرته‌كه‌ خرایه‌ ده‌نگدان و به‌ زۆرینه‌ی ده‌نگی 467 ده‌نگی به‌ڵێ و 62 ده‌نگی نه‌خێر په‌سندكرا،به‌ڵام 61 په‌رله‌مانتاری سه‌ر به‌ لیستی سۆسیالیسته‌كانی په‌رله‌مانی ئه‌وروپا به‌شداریان له‌ ده‌نگدان له‌سه‌ر ئه‌و ڕاپۆرته‌ نه‌كرد، هۆكاره‌كه‌شی بۆ ئه‌وه‌ گه‌ڕانده‌وه‌ كه‌ له‌ ڕاپۆرته‌كه‌دا ئه‌گه‌ر به‌شێوه‌یه‌كی كه‌میش بێت، هانی توركیا ده‌درێت درێژه‌ به‌ كرده‌وه‌ی سه‌ربازی بدات و پرسی كوردیش ڕاده‌ستی سوپا بكرێت.

# حكومه‌ت باره‌گایه‌كی كۆمه‌ڵی ئیسلامی نۆژه‌نده‌كاته‌وه‌

**ڕووداو –سۆران**

به‌پێی نووسراوی ژماره‌ 2/14/4678ی وه‌زاره‌تی دارایی حكومه‌تی كوردستان كه‌ كۆپییه‌كی ده‌ست (ڕووداو) كه‌وتووه‌، وه‌زاره‌تی دارایی بڕیاری خه‌رجكردنی بڕی 316 ملیۆن و 880 هه‌زار دیناری داوه‌ بۆ نۆژه‌نكردنه‌وه‌ی باره‌گای كۆمه‌ڵی ئیسلامی كوردستان له‌قه‌زای سۆران،كه‌ ئاوایه‌كی حكومییه‌.

نووسراوه‌كه‌ له‌ ڕۆژی 2007/3/13 ده‌رچووه‌و واژۆی ڕه‌شید تاهیر، بریكاری وه‌زاره‌ت به‌وه‌كاله‌تی له‌سه‌ره‌، بڕیاری پێكهێنانی لێژنه‌یه‌كیشی داوه‌ بۆ جێبه‌جێكردنی پرۆژه‌ی نۆژه‌نكردنه‌وه‌كه‌ .مه‌لا مه‌روان گه‌ڵاڵی، به‌رپرسی مه‌ڵبه‌ندی ناوبراو وێڕای پشتڕاستكردنه‌وه‌ی هه‌واڵه‌كه‌ ئه‌و ده‌نگۆیانه‌شی به‌درۆ خستنه‌وه‌ كه‌ باس له‌وه‌ ده‌كه‌ن گوایه‌ له‌سه‌ر دیارنه‌مانی پاره‌ كێشه‌ له‌نێوان خۆی و جێگره‌كه‌ی دروست بووبێ و گوتی "ئاماده‌ین لیستی هه‌موو مه‌سروفاته‌كه‌ بخه‌ینه‌ به‌رده‌ستتان" .ناوبراو گوتیشی "ئه‌و بڕه‌ پاره‌یه‌ی بۆمان ته‌رخانكرابوو به‌شی نه‌كردین و له‌سه‌ریشی قه‌رزار بووینه‌وه‌".

# "زانستانه‌ له‌زمانی ستانداردی كوردی بڕوانن"

**ڕووداو –هه‌ولێر**

چه‌ند نووسه‌ر و ڕۆژنامه‌ڤانێك له‌ ناوخۆ و ده‌ره‌وه‌ی وڵات له‌ نامه‌یه‌كیاندا بۆ ڕای گشتی داوا له‌به‌رپرسانی باشووری كوردستان ده‌كه‌ن به‌بۆچوونێكی زانستیانه‌ له‌زمانی ستانداردی كوردی بڕوانن.

ئه‌و نووسه‌ر و ڕۆژنامه‌ڤانانه‌ كه‌ ژماره‌یان 52 كه‌سه‌، له‌به‌شێكی نامه‌كه‌یاندا داواده‌كه‌ن ڕێگه‌ نه‌درێت له‌ژێر هیچ بیانوویه‌كدا شێوه‌زارێكی زمانی كوردی له‌باشووری كوردستان بسه‌پێندرێت، هه‌روه‌ها ئه‌و سانسۆره‌ی له‌سه‌ر شێوه‌زاره‌كانی وه‌كو هه‌ورامی، لوڕی، بادینی، فه‌یلی هه‌یه‌ نه‌مێنێ.

## ڕیپۆرتاژ



**ئەحمەد چەلەبی: دەبێ بەشی هەر خێزانێکی عێراقی 10 هەزار دۆلار بێت**

ڕووداو - ئێلاف

◆ ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق ڕایگەیاند پارەی حکومەتی عێراق لەبانکی ناوەندیدا 50 ملیار دۆلارە، بەوپێیە هەر هاووڵاتییەکی عێراق خاوەنی 1700 دۆلارەو هەر خێزانێک دەبێت خاوەنی 10 هەزار دۆلار بێت، لەکاتێکدا ئەمە وانییەو خێزانی عێراقی هەیە 100 دۆلاریشی نییە.

## مەلا بەختیار سووربوونی خۆی لەسەر وەڵامدانەوەی نەوشیروان مستەفا دووپاتدەکاتەوە

# ئایا کەس بە زەرگەتەوە دەدات

**ئامانج خەلیل**
**ڕووداو –سلێمانی**

مەلابەختیار سووربوونی خۆی لەسەر وەڵامدانەوەی نەوشیروان مستەفا ڕاگەیاند و، سەرەڕای هەوڵی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی بۆ وەڵامنەدانەوەی نەوشیروان، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک بێدەنگی مەلا بەختیار گوتی لەچەند ڕۆژی داهاتوودا وەڵامی دەداتەوە.

مەلا بەختیار لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ڕۆژی 2008/5/24 دا وتی"من بەشێوەیەکی کاتی بڵاوکردنەوەی ڕوونکردنەوەکەم لەسەر بەڕێز نەوشیروان مستەفا ڕاگرتووە،بەڵام من وەک مەلابەختیار نەک وەک وتەبێژی مەکتەبی سیاسی وەڵامی کەسێک دەدەمەوە کە ناوی بەڕێز نەوشیروان مستەفایە".هەروەها وتیشی"بۆ چەند ڕۆژێک بڵاوکردنەوەی وەڵامەکەم ڕاگرتوە و، بەڵام هەر بڵاوی دەکەمەوە".

هەفتەی ڕابردوو توندترین حاڵەتی گرژی لەنێو باڵەکانی یەکێتی دا هاتەکایەوەو ناکۆکییەکان گەیشتنە ئاستی بڵاوکردنەوەی ڕوونکردنەوەو، وەڵام لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا.

ئێستا کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە سەرۆکایەتی کوتلەکەی خۆیشی دەکات، بووەتە باشترین ناوبژیوانکار لەنێوان هەریەک لە نەوشیروان مستەفا کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی و جێگری پێشووی سکرتێری گشتی یەکێتی بووە و ڕێبەری "باڵی ریفۆرم"ە، لەبەرامبەریشدا مەلا بەختیار و ئەرسەلان بایز کە لەسەر باڵی مام جەلال حیسابن.هەروەک (کوردستانی نوێ) لە ژمارەی ڕۆژی 2008/5/23دا بڵاویکردەوە کۆسرەت ڕەسول "تادرەنگانی شەو " هەوڵیداوە مەلا بەختیار وەڵامەکەی بڵاونەکاتەوە.

هێرش و تۆمەتەکان لەنێوان باڵەکاندا گەیشتنە ئەوئاستەی کە یەکتر لە سەر"خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و دارایی" یەکێتی تۆمەتبار بکەن، هەرباڵەش خۆی بە میراتگری یەکێتی بزانێت.

مەلا بەختیار، لە چاوپێکەوتنێکی ئەم دواییەیدا ڕایگەیاند کە یەکێتی پارەیەکی زۆری داوەتە نەوشیروان مستەفا بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای وشە.مەلا بەختیار گوتیشی"یەکێتی پارەی نەداوە بە نەوشیروان مستەفا تا ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن دابمەزرێنێت و هێرشی پێ بکاتە سەر یەکێتی". هەروەها دەڵێت"نەشیروان مستەفا ئەو موڵکانەی کە پێیدراوە لەسەر خۆی تاپۆی کردووە".

بە وتەی چاودێرانی سیاسی ناکۆکی نێوان



نەوشیروان مستەفا

**" کە مەلا بەختیار لەسەر جیابوونەوە لەلایەن مام جەلالەوە دەستگیرکرا، نەوشیروان پێشنیازی کرد گوللەباران بکرێت"**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی

نەوشیروان مستەفا و مەلا بەختیار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1984 کە ئەوکات مەلابەختیار جیابوونەوەی لەیەکێتی ڕاگەیاند و ئاڵای شۆڕشی دامەزراند، دواتر مەلا بەختیار لەلایەن یەکێتییەوە دەستگیرکرا و جۆرەها ئەشکەنجە درا. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە نەیویست ناوی بهێنرێت ئاشکرایکرد "ئەم هێرشانەی مەلابەختیار و کاک ئەرسەلان بۆ تەسفیەحساباتی کۆنە لەگەڵ کاک نەوشیرواندا".

مەلا بەختیار لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە ژمارە 7ی (ڕووداو) بڵاوکرایەوە، باڵی نەوشیروان مستەفا بە دروستکردنی ڕێکخستنی نهێنی لەناو یەکێتی دا تۆمەتبار کرد و، گوتی خۆشی تەجروبەی هەبووە کە ئەوانەی ئێستا ئەو ڕێکخستنە دروستدەکەن پێشتر زۆر دژی ئەوەبوونە.

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی وتی "لەوساڵانەدا کە مەلا بەختیار لەسەر جیابوونەوە بە بڕیاری مام جەلال دەستگیر کرا، کاک نەوشیروان پێشنیازی کرد گولله باران بکرێت چونکە خیانەتی لە شۆڕش و یەکێتی کردووە".

هەروەها وتیشی"لەوکاتەوە ناکۆکی کەوتە نێوان کاک نەوشیروان و مەلابەختیارەوە، بەتایبەتی کاک بەختیار لەدوای ئازاد بوونیەوە لەپێش ڕاپەرینەوە هەوڵی تۆڵەکردنەوە لە کاک نەوشیروان دەدات".

لەناوەڕاستی هەشتاکاندا، مەلابەختیار کە ئەوکات یەکێکبوو لە دیارترین سەرکردەکانی یەکێتی لەگەڵ ژمارەیەک لە کادیرە باڵاکاندا بڕیاری جیابوونەوە لە یەکێتی و دامەزراندنی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشیان دا.

دوای دەستگیرکردنی مەلابەختیار زۆر لە ئەندامەکانی "ئاش" بەرەو وڵاتانی ئەوروپا هەڵاتن و هەندێکیشیان گەڕانەوە ناو یەکێتی، ژمارەیەکیشیان لە ئێران بارەگایان دانا.

هەرچەندە نەوشیروان مستەفا کە ماوەی دوو ساڵە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی ڕاگەیاندووە، هێشتا بە سەرکردەی یەکێک لە باڵە سەرەکییەکانی ناو یەکێتی دادەنرێت، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی"باڵی ریفۆرم" هێشتا لەناو دامەزراوەکانی یەکێتیدان.

نەوشیروان مستەفا لەدوای دامەزراندنی کۆمپانیای وشە و بڵاوکردنەوەی زنجیرە وتارێکی ڕەخنەیی لەسەر یەکێتی و پارتی و نوێنەرانی کورد لەپەرلەمانی عێراق و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لەلایەن خودی مام جەلال و هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسیدا لە مانگی ڕابردوودا، مەکتەبی سیاسی لەسەر دەرکردنی نەوشیروان لە یەکێتی بەسەر دوو لای دژ و لایەنگری ئەو بڕیارە دابەشبوو، لە کۆبوونەوەکەدا لایەنگرانی نەوشیروان زۆر بە توندی ڕووبەڕووی مەلابەختیار و ئەرسەلان باییز بوونەوە،بەڵام کۆسرەت ڕەسول لەگەڵ بڕیاری دەرکردنی نەبووەو مام جەلالیش داوای کرد مەکتەبی سیاسی ئەو کێشەیە بۆ ئەو بەجێبێڵێت.



مەلا بەختیار

**" من وەک مەلا یەختیار نەک وەک وتەبێژی مەکتەبی سیاسی وەڵامی کەسێک دەدەمەوە کە ناوی بەڕێز نەوشیروان مستەفایە"**

هەرچەندە نەوشیروان مستەفا کەمتر خۆی لەقەرەی وەڵامدانەوە دەدا، بەڵام هەفتەی ڕابردوو ڕوونکردنەوەیەکی توندی لەدژی هەریەک لە مەلابەختیار و ئەرسەلان باییز بڵاوکردەوە.

لەو ڕوونکردنەوەیەدا نەوشیروان مستەفا دەڵێت"من یەکێکبووم لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی یەکێتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەشداریکی سەرەکی بووم لە ڕابردووی یەکێتی و دروستکردنی ئێستای یەکێتیدا"، هەر لەو ڕوانگەشەوە دەڵێ"شەریکم لە هەموو سەروەت و سامان و دارایی یەکێتی دا و کەس بۆی نییە منەت بەسەر مندا بکات".

هەروەها دەڵێ لە هەموو ئاخاوتنەکانیدا سوپاسی هاوکاری مام جەلالی کردووە کە "10 ملیۆن دۆلار و بینایەکی حکومەت و گردێکی موڵکی کۆمپانیای نۆکان بووە"، کە ئەوە دوا هاوکاری مام جەلال بووە و دەڵێ ئەو موڵکانەشی بەناوی کۆمپانیای وشەوە تۆمارکردوون و دەڵێ"ئەمەشمان ئەوەندە وتوتەوە کە خەریکە نرخی سیاسی و مەعنەوی هاوکاریەکە نامێنێ".

هەروەها لە ڕوونکردنەوەکەشدا ئەوە ڕەتدەکاتەوە ئەو پارەیەی بۆ دامەزراندنی سەنتەری لێکۆڵینەوە وەرگرتبێ و دەڵێ ئەو هیچ ڕێککەوتنێکی ئیمزا نەکردووە ئەو پارەیە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە و دانانی تەلەفزیۆن بەکار نەهێنێ.

گردی زەرگەتە کە نزیکەی 110 دۆنم دەبێ و لەگەڵ بینایەی چاودێری دارایی لە سەر کۆمپانیاکە تاپۆکراون، کە جەلالی ساماغای بەڕێوەبەری چاودێری دارایی تا ئێستا ڕازینەبووە هەموو بینایەکە بۆ ڕۆژنامەی کۆمپانیای وشە چۆڵبکات.

کەسێکی بەرپرس لە کۆمپانیای وشە ئەوەی لێکدایەوە، کە دروستبوونی ململانێی چەکداری لەنێوان باڵی نەوشیروان و باڵەکەی دیکەدا هەمیشە وەک مەترسییەک خۆی دەنوێنێ" لە ڕاستیدا بۆ کورد ئەوە گرنگە کەس پەلاماری زەرگەتە نەدات و زەرگەتەش نە ئازرێت".

هەرچەندە هێرشەکان ڕوویان لە توندبوون دەکرد، بەڵام کۆسرەت ڕەسوڵ توانی ململانێکان هێوربکاتەوەو هەر لەسەر داوای ئەو مەلابەختیار بڵاوکردنەوەی ئەو ڕوونکردنەوەی ڕاگرت کە بۆ وەڵامدانەوەی نەوشیروان مستەفا ئامادەی کردبوو.

لە ڕوونکردنەوەی سکرتێری ڕۆژنامەنووسی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی دا هاتووە"لەسەر داوای هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ،کاک مەلا بەختیار وەڵامی ڕوونکردنەوەکەی کاک نەوشیروانی نەدایەوە، بۆ ئەوەی ناحەزانی ی ن ک بەمەرامی خراپ نەیقۆزنەوە".هەر لەو ڕوونکردنەوەیەشدا هاتووە"یەکێتی هی هەمووانە و هەمووشمان بەکاک نەوشیروانیشەوە، مام جەلال-مان بەبرا گەورە قبوڵە و ڕەمزی کوردە".

بەڵام مەلا بەختیار دواتر سووربوونی خۆی لەسەر وەڵامدانەوەی شەخسی نەوشیروان مستەفا دووپاتکردەوە، بەڵام لەکاتێکدا کە خۆی بە پێویستی بزانێت.

# دەستەی نەزاهە لە کوردستان دادەمەزرێ

## جەمال عەبدول کاندیدکراوێکی دەستەکە: دەبێ دەستەکە شتێکی رووکەش نەبێت کە وەک ئێستا دەرەقەتی حوتەکان نەیێن

**ڕووداو – سلێمانی**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران لەیەککاتدا هەوڵ بۆ دروستبوونی دەستەی نەزاهە دەدەن و کاندیدکراوەکانی پێکهێنانی دەستەکەش پێیانوایە دەبوایە دەستەکە زۆر زووتر دروستبکرێت، هەتا ئەو گەندەڵییەی هەیە هەموو گیانی میللەتی کوردی نەگرتووە.

چوار حیزبەکەی کوردستان ڕایانگەیاند کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەت ڕەزامەندییان لەسەر پێشنیازەکەیان داوە بۆ پێکهێنانی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت داوای لێکردوون چەند ناوێکی بێلایەنیان پێشکێش بکەن بۆ پێکهێنانی.

بەڵام عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" دوای کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، هیچ پەیوەندییەکیان بۆ ئەو مەبەستە پێوە نەکردووین و ئێمەش هیچ ناوێکمان تائێستا وەک کاندید نەناردووە".

هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی سەرۆکایەتی حکومەتدا، پەرلەمانی کوردستانیش سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای دروستبوونی دەستەی نەزاهەی هەرێمی کوردستانە .

عەونی بەزاز جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە"بەنیازن یاسایەک بۆ دروستبوونی دەستەی نەزاهە دابنێن و ئێستا سەرقاڵی ئەوەن، بەدڵنیاییەوە پەرلەمانی کوردستان کۆکە لەسەر دروستبوونی دەستەی نەزاهە".

وێڕای پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش بەشدارە لە هەوڵەکانی دروستکردنی دەستەی دەستپاکیدا و بۆ ئەو مەبەستە چەند ناوێکیان بۆ ئەو مەبەستە کاندید کردووە، یەکێک لەناوەکانیش جەمال عەبدولە کە لە دووەمین کابینەی حکومەتی کوردستاندا وەزیری ڕۆشنبیری بوو،ئێستاش ئەندامی ئەکادیمیای کوردییە .یەکێکە لەو 53 کەسەی بانگەوازی داوای بە فەرمیکردنی شێوەزاری کرمانجیی نێوەڕاست (سۆرانی)یان لەمانگی ڕابردوودا بڵاوکردەوە.

جەمال عەبدول ئەوەی بۆ (ڕووداو) پشت ڕاستکردەوەو ڕایگەیاند تائێستا وردەکاریی پرۆژەی دروستبوونی دەستەکەی پێنەگەیشتووە، بەڵام لە هەمانکاتدا گوتی " ڕۆژی 2008/5/22 چوارکەس بۆ ئەو مەبەستە لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە هاتنە لام، سەرەتا وامزانی بۆ مەسەلەی زمانی ستاندارد هاتوون، بەڵام باسی دروستبوونی دەستەی نەزاهەیان کرد و هێشتا نەشچووینەتە نێو وردەکارییەکانەوە".

بەهۆی ئەو گەندەڵییەی لە کوردستاندا هەیە و کاندیدکراوی پێکهێنەری دەستەی نەزاهە ئاماژەی پێدەدات، دروستبوونی ئەودەستەیە وەدرەنگ کەوتووە لە کوردستان، بەڵام تاوەکو ڕۆژێک زووتر دروستبکرێت باشترە.

جەمال عەبدول، ئامادەیی خۆی پێشانداوە بۆ کارکردن لە دەستەکەدا" بەداخەوە بەری ڕەنج و خەبات و تێکۆشانی ئەو میللەتە ئاوای لێهات کە ئێستا تێیدا دەژین و دەیبینین، داوای ئەوەم کرد بەناوی منەوە ئەوە بگەیێننە کاک مەسعود کەدەبێت بەزووترین کات ئەم دەستەیە دروستبکرێت، چونکە زۆر دواکەوتووەو دەبوایە زووتر بکرایە، تاوەکو ئەو گەندەڵییە هەموو گیانی ئەو میللەتەی نەگرتووەتەوە".

ئەو کاندیدکراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ کارکردن لە دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستاندا زۆر نیگەرانە لەڕەوشی کوردستان و دەڵێت" دەبوایە کوردستان و سەرکردەکانی کورد و ئەوانەی کە بەداخەوە نوێنەری گەندەڵین لە کوردستاندا ڕێگەیاننەدایە گەندەڵی دروست ببێت، چونکە میللەتی ئێمە بارودۆخێکی تایبەتی هەیەو دەبوایە قەت بیری لە گەندەڵی نەکردایەتەوە، خۆزگە زووتر لیژنەی نەزاهە لە کوردستاندا دروستبوایە پێش ئەوەی ئەم گەندەڵییە هەموو بوارێکی ژیانی کۆمەڵگاکەمان بگرێتەوە".

هەروەها گوتی "من بەشانازییەوە ئامادەیی خۆم پێشاندا بۆ کارکردن لە دروستکردنی دەستەی نەزاهەدا، بەڵام بەمەرجێک نەک وەک شتێکی رووکەش و ڕۆتینی بێت وەک ئێستا کە دەرەقەتی شتە بچوکەکان دێن و دەرقەتی حوتەکان نایێن، دەبێت ئەم لیژنەیە تایبەتمەندبێت و لەژێر دەستی کەسدا نەبێت و سەربەخۆ بێت، ئەگەر لەژێر دەستی وەزیرێکدا بێت هیچت پێ ناکرێت".بەڵام عەونی بەزاز دەڵێت " پێویستیشە دەستەی نەزاهە سەر بە پەرلەمان بێت، بەوپێیەی پەرلەمان نوێنەری خەڵکە".

ئەو دەستەیەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کاری بۆدەکات ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەیەوە دەبێ . بەڵام ئایا بوونی ئەو دەستەیە دەتوانێت گەندەڵی لەکوردستاندا نەهێڵێت ؟ جەمال عەبدول ئەو توانایییە بە نیازی دڵی سەرکردەکانەوە دەبەستێتەوە و دەڵێ" ئەگەر بەڕاستیان بێت و نیازی پاک هەبێت و بیانەوێت چارەسەری گەندەڵی بکەن چارەسەرکردنی ئاسانە، هیوادارم ئەوە بڕیارێکی ڕاستگۆیانەی سەرکردایەتی کوردبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو خۆرەیە و سەرەتانە کەتووشی گیانی میللەتی کورد بووەو، جیاوازی نەکرێت لەبەرزترین کەسەوە تاوەکو خوارەوە بخرێتە ژێر چاودێرییەوەو منیش بەو مەرجانە دەیکەم".

ئەو دەستەیەی دەستپاکی کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کاری پێکهێنانی دەکات، بڕیارە لە چەند کەسێکی بێ لایەن پێکبهێندرێ، کە تائێستا هەموویان دیارینەکراون.

جەمال عەبدول،گوتی نوێنەرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان داوایان لێکردووە ڕازیبێت لە دەستەکەدا بەشدار بێت و باسی نووسینگەی سلێمانیان لەگەڵ نەکردووە دەڵێت "دەستەکەش سەرتاسەری دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان"، سەبارەت بەکەسە کاندیدکراوەکانی دیکەش گوتی "کۆمەڵێک ناوی دیکەیان پێگوتووم بۆ دەستەکە، بەڵام هێشتا بەتەواوەتی نەبڕاوەتەوە".

جەمال عەبدول،داوادەکات چەند تایبەتمەندییەک لە کاندیدکراوەکاندا هەبێ بۆ ئەوەی نەبنە جێی "گاڵتەجاڕی" و دەڵێ " ئەو کەسانەی لەوجێگایانەدا کاردەکەن دەبێت خەڵکانی تایبەت بن، بۆ ئەوە ناڵێم کە خۆم بەکەسێکی سووپەرمان بزانم، بەڵام خۆم بەدڵسۆزی ئەو میللەتە دەزانم، پێمگوتوون ئەو کەسانەی دادەنرێن دەبێت گومانیان لەسەر نەبێت و ڕابردوویان پاک بێت، بۆ ئەوەی خەڵک متمانەیان پێ بکات ئەگەرنا دەبینە گاڵتەجاڕ، ئەو خەڵکانەی دەستنیشانی دەکەن دەبێ لە هیچ شتێک نەترسن لە پێناوی هێنانەدی ئەو ئامانجە گەورەیەی میللەتەکەمان، چونکە ئەو دۆستانەی کە بەزەییان پێماندا دێتەوە یەکێک لەو ڕەخنانەی لێماندەگرن ئەوەیە دەڵێن یەکێک لەو شتانەی ئێوە ناکات بە هیچ گەندەڵییە".



جەمال عەبدول

جەمال عەبدول خۆزگە دەخوازێت سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەت "بەڕاستیان بێت و دڵسۆزانە بێنە پێشەوە، ئەگەرچی تائێستا هیچ پرۆژەیەکیان بۆ ئەم مەبەستە بۆ پەرلەمان نەناردووە".عەونی بەزاز دەڵێت"بەشێوەیەکی فەرمی هیچ شتێک سەبارەت بە دەستەی نەزاهە نەهاتووتە پەرلەمان".



**پریماکۆڤ : پارتی ویەکێتی بە یەک وشەش باسی دەوڵەتی کوردیان لەلا نەکردم**

رووداو - ئیستەنبول

◆ سەرەکوەزیرانی پێشووی رووسیا وسەرۆکی ژووری بازرگانی وپیشەسازی یەڤگینی پریماکۆڤ لە تورکیا رایگەیاند کوردی عیراق بەهیچ شێوەیەک خەریکی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی نین .رۆژی 2008/5/21لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا گوتی " تەنانەت یەک وشەشم لەبارەی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەوان نەبیست، ئەوان دەیانەوێت خاوەن دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبردنی فراوان بن و%17 داهاتی عێراقیان بەربکەوێت، بەڕای من هەموو ئەو قسانەی دەڵێن کورد دەیانەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن لە راستییەوە دوورن".

# دیمیستۆرا ریفراندۆمی کەرکووک بە مەترسیدار دەزانێ و پێشنیازی سێ رێگەچارەی دیکە دەکات

**رووداو – ئیلاف**

بـــەرەی تەوافوقـــی عێراقی ئـــەو پرۆژەیە رەتدەکاتـــەوە کـــە نوێنەری ســـکرتێری گشـــتیی نەتەوەیەکگرتووەکان ســـتیفان دیمیســـتۆرا لەعێراق بڕیارە بەم نزیکانە بۆ چارەسەرکردنی کێشـــەی کەرکووک و ئەو ناوچانەی ململانێیان لەســـەرە ئاشـــکرای بکات. بەپێی ئەو پرۆژەیە، ریفراندۆم وەک میکانیزمێک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ناوچانە بەلاوەدەنرێ و لەجیاتی ئەوە پەنا بۆ سێ رێگەی دیکە دەبردرێ.

## تەوافوق دژی پرۆژەکەیە

عەبدولکەریم ســـامەڕایی نوێنـــەری بەرەی تەوافوق لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت "پرۆژەی دیمیستۆرا تایبەتە بەو ناوچانەی ململانێیان لەسەرە، ئەمەش پەیوەندی بە مەسەلەیەکەوە هەیە کە دەبێت عێراقییەکان لەنێو خۆیاندا یەکلایی بکەنەوە، لەکاتێکدا هێشتا زووە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم مەسەلەیە" سامەڕایی هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە بارودۆخ بۆ پێشـــنیازکردنی ئەم پرۆژەیەی دیمیستۆرا هێشـــتا لەبارنییە لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، لەوانە: پێویستە هەنگاوەکانی هەموارکردنی دەستوور کە خراوەتە ئەستۆی لیژنەیەکی پەرلەمانـــی بەئەنجام بـــگات، لەکاتێکدا هەندێک لەو بەندانەی دەبێت هەمواربکرێن هێشـــتا لەچاوەڕوانیـــی رێککەوتنی هێزە سیاسییەکاندایە . سامەڕایی رایگەیاند بەرەی تەوافـــوق پێیخۆش نییە دیمیســـتۆرا ئەو پرۆژەیە پێشکەش بکات، چونکە وەک ئەو گوتی "هەموو ئـــەو لایەنانەی پەیوەندارن بەو کێشـــەیە ئاگاداری ناوەڕۆکەکەی نین و نازانن پرۆژەکە پشـــتی بەچی بەستووە، هۆشداریشی دا کە ئەگەر پرۆژەکە ئاشکرا بکـــرێ ئەوا هەمـــوو لایەنـــەکان بەلایەنی کوردیشـــەوە رەتیدەکەنـــەوە، چونکـــە پێشوەخت وردەکارییەکانی بۆ کەس ئاشکرا نەکراوە . هاوکات جەختی لەسەرئەوە کردەوە کە عێراق پێویســـتی بەوە نییە لەدەرەوەڕا چارەسەریی بۆ دەستنیشان بکرێ "کێشەکە کێشـــەیەکی عێراقییەو دەبێـــت عێراقیانە چارەسەربکرێ و پشت بەبنەما دەستووری و مێژووییەکانـــی عێراق و ئەو نەخشـــەو ســـەرژمێریانە ببەســـترێ کە پێش ئاداری 2003 هەبوونە".

## پێشنیارەکانی د را

بەپێی ئەو پرۆژەیەی ســـتیڤان دیمیستۆرا ئامـــادەی کـــردووە، پرۆســـەی ریفراندۆم



ستیفان دیمیستۆرا

وەک ئەوەی لەماددەی 140ی دەســـتووری هەمیشـــەیی عێراقـــدا وەک دوا قۆناغـــی جێبەجێکردنی ماددەکـــەو یەکلاکردنەوەی چارەنووســـی ناوچـــە تەعریبکـــراوەکان دەژمێردرێ، بەتەواوی بەلاوەدەنرێ ولەجیاتی ئەوە بۆ دیاریکردنی سروشتی دیمۆگرافیی دانیشتوانی رەسەنی ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە پەنا بۆ ســـێ ئەڵتەرناتیڤی دیکە دەبردرێ کە بریتین لە: یەکەم، پشت بەستن بەئەنجامی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی 2005 . دووەم، پشـــت بەستن بەئەنجامی سەرژمێرییەکانی ساڵی 1957و سێیەمیش، پێداچوونەوە بەهەموو ئەو بڕیارانەی لەلایەن ئەنجومەنی هەڵوەشـــاوەی ســـەرکردایەتی شۆڕشـــەوە تایبەت بەو ناوچانە دەرچوون بەدابەشکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانیشەوە کە بەبڕیاری حیزبی بەعس دراونەتە عەرەبی هاوردە.

پرۆژەکە ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە دابەشـــدەکاتە سەر دوو جۆر ناوچە: ناوچە ئاســـانەکان و ناوچە ئاڵـــۆزەکان، ناوچە ئاسانەکان هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە یەکێک لە لیستەکان لەهەڵبژاردنی 2005دا توانیویەتـــی رێـــژەی %70ی دەنگەکان بهێنێ، دوای ئەو ئینجا ئەو ناوچانە دێن کە رێژەی دەنگی بەدەستهاتوو تێیدا کەمتر لە 30-%40 بـــووە، لەحاڵەتی یەکەمدا، واتە بەدەستهێنانی رێژەی %70ی دەنگەکان، ئەوا چەند قەزاو ناوچەیەکی وەک خانەقین لـــە پارێـــزگای دیالە، دوبز لـــە کەرکوک، مەخمورو شنگارو شێخان لەپارێزگای موسڵ دەگەڕێنەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان چونکە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان پتر لە %70ی دەنگەکانی لەو ناوچانەدا هێناوە . بەڵام ســـەبارەت بەو ناوچانەی کە لیستی هاوپەیمانی کەمتر لە %30ی دەنگەکانی هێنـــاوە ئـــەوا لەچوارچێـــوەی حکومەتی ناوەندیـــدا دەمێننەوە، لەوانـــەش: قەزای مەندەلی و قەزای بەدرە لە پارێزگای دیالە، ناحیەکانی زاب و رەشاد لە کەرکوک.

هەرچی ناوچە ئاڵۆزەکانیشـــە بەگوێرەی پرۆژەکە، ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە رێژەی دەنگەکان تێیاندا لەنێوان تورکمان و کوردو عـــەرەب رێژەی لێکنزیکـــەو لەنێوان-30 %70دایە، نێردراوی تایبەتیی ســـکرتێری گشـــتیی نەتەوەیەکگرتووەکان پێشـــنیاز دەکات کە هێنانە بەرباسی چارەنووسی ئەم ناوچانە بۆ کۆتایی ئەمساڵ دوابخرێ ئەگەر کارکردن بە ماددەی 140 بۆ شەش مانگی دیکە درێژکرایەوە .

لەهەڵبژاردنەکانی ســـاڵی 2005دا لیستی هاوپەیمانیـــی کوردســـتان لەنێو شـــاری کەرکـــووک %63ی دەنگەکانی هێنا، بەم پێیەش وەک لە پێشنیازەکەی دیمیستۆرادا هاتووە کەرکـــووک ناکەوێتە چوارچێوەی ناوچـــە ئاســـانەکان و بەناچـــاری دەبێت کارکردن بـــە جێبەجێکارییەکانی ماددەی 140 جارێکی دیکە درێژبکرێتەوە .

ستیفان دیمیستۆرا هەفتەی رابردوو رایگەیاند "یەکلاکردنـــەوەی مەســـەلەی کەرکووک پێویســـتی بە رێککەوتنێکی سیاسی هەیە نـــەک بە ریفراندۆمێکی بەپەلە کە لەوانەیە توندوتیژیـــی لێبکەوێتەوە"، دیمیســـتۆرا هەروەها گوتی "گەیشـــتن بەچارەسەرێکی ئاشـــتییانە دەربارەی چارەنووســـی ئەو شارە کە پێکهاتەیەکی هەمەڕەنگی هەیەو بەدایکی کێشـــەکانی عێـــراق دەژمێردرێت فاکتەرێکی گرنگ دەبێـــت بۆ هێنانەئارای ئاشتی و ئارامییەکی درێژخایەن"و ئاماژەی بەوەش کرد کە "کەرکووک ناوچەیەکی زۆر گرنگی عێراقەو لەیەک کاتدا دەتوانێ ببێتە سیمبوڵی ئاشتەوایی نیشتمانی و هۆکاری ململانێیەکی گەورەش کە دەســـتێوەردانی ئیقلیمی بەدوای خۆیدا دێنێ".

بەپێی برگەکانی ماددەی 140ی دەستووری عێـــراق، دەبوایە کۆتایـــی مانگی کانوونی یەکەمی 2007 ریفراندۆمی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی شاری کەرکووک و ناوچەکانی دیکـــە ئەنجـــام بـــدرێ، بـــەڵام بەهۆی جێبەجێنەبوونـــی ماددەکـــەو هەروەهـــا بۆئـــەوەی کاتێکی زیاتـــر بدرێتە نوێنەری نەتەوەیەکگرتـــووەکان تا پێشـــنیارەکانی خۆی بۆ چارەســـەرکردنی ئەو کێشـــەیە بخاتەڕوو، ماوەی جێبەجێکردنی ماددەکە بۆ شـــەش مانگـــی دیکـــە درێژکرایەوە . لەکاتێکـــدا کـــورد پێیوایە ئـــەم کارەی نەتەوەیەکگرتووەکان پشتئەســـتوورە بە شەرعیەتێکی نێودەوڵەتی، هەردوو لایەنی عەرەبی و تورکمانی لێدوانی توند دەربارەی ئـــەم هەوڵانـــەی نەتەوەیەکگرتـــووەکان دەدەن. خالید شوانی ئەندامی هاوپەیمانیی کوردســـتان پێیوایـــە کاری نێـــردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان چارەسەرکردنی ئەو کێشـــانەیە کە هاتوونەتە بـــەردەم بڕیاری ژمـــارە 1770ی ئەنجومەنـــی ئاسایشـــی نێودەوڵەتی، ئەو بڕیارە کە لەمانگی ئابی 2007 دەرچووە لەبەندی ســـێیەمی برگە دووەدا جەخت لەســـەر ئـــەوە دەکاتەوە کە دەبێـــت بە رەزامەندیـــی حکومەتی عێراق رێوشوێنی پێویســـت بۆ چارەسەرکردنی کێشـــەی ســـنوورە نێوخۆییەکان دابنرێ، بۆیە وەک خالید شوانی گوتی "هەوڵەکانی دیمیستۆرا پشتئەســـتوورە بە شەرعیەتی نێودەوڵەتی و کۆکیشـــە لەگەڵ ناوەڕۆکی ماددەی 140ی دەستووری عێراق و ماددەی 58ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق" کە لە هەردووکیاندا باس لە ناویژیوانی نێودەوڵەتی کراوە.

هـــەردوو لایەنـــی تورکمانـــی و عەرەبی، دەستبەجێ ئەم پێشنیازانەی دیمیستۆرایان رەتکـــردەوە کە هێشـــتا وردەکارییەکانی بەتـــەواوی ئاشـــکرا نەکـــراون، بـــەرەی تورکمانـــی لەنامەیەکـــدا کە ئاراســـتەی دیمیســـتۆرای کردووە، پێ لەســـەر ئەوە دادەگرێ کورد لە هەڵبژاردنەکانی 2005دا ســـاختەکارییەکی زۆریان کردووەو نابێت ئەنجامەکانـــی ئەو هەڵبژاردنـــە بە بنەما وەربگیرێت. هەرلەوبـــارەوە، عەلی مەهدی بەسایتی (ایلاف)ی راگەیاند کە گەڕانەوە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2005 لەسەر خواســـتی کـــوردەو عـــەرەب و تورکمان بەتوندی رەتیدەکەنەوە. لایەنی تورکمانی پێشـــنیازی ئەوە دەکـــەن تۆمارێکی نوێ بۆ دەنگدەران دروســـت بکرێ و تۆمارەکە پشت بە ســـەرژمێرییەکانی ساڵی 1957 ببەســـتێ، لەبەرامبـــەردا عیزەدین دەولە ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەســـەر لیستی تەوافـــوق رایگەیانـــد حکومەتـــی عێراق تاکە دەســـەڵاتی جێبەجێـــکارەو داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان نەکردووە ئەو ناوچانە دەستنیشان بکات کە ناکۆکییان لەسەرە، ناوبراو داوای کرد کە نەتەوەیەکگرتووەکان لە دۆســـیەی ئەو ناوچانـــەدا دەبێت گوێ لەهەموو لایەنەکان بگرێ و گوتیشی "ئەو جموجوڵەی نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق تەواو نایاساییەو هێزە سیاسییەکان بە ئەنجامەکانی ئەو پرۆژەیەی دیمیستۆرا رازی نابن.

## سکاڵایەک لەدژی دیمیستۆرا

بـــەرەی تورکمانـــی لـــە بەیاننامەیەکـــدا رەخنـــەی توند لە لێدوانەکانـــی نێردراوی تایبەتی نەتەوەیەکگرتـــووەکان دەگرێ و بەوە تۆمەتباری دەکات کە لە مەســـەلەی کەرکووکـــدا لایەنگریـــی بـــۆ کـــورد بە هەڵوێســـتەکانیەوە دیارە. بەرەی ناوبراو هەروەها رایگەیاند لەگەڵ لایەنی عەرەبیدا سکاڵایەکیان لەدژی دیمیستۆرا بۆ بان کی مۆن ئەمینداری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرزکردووەتەوە.

# موستەشارێک دەیەوێ جێگەی پارتی ویەکێتی بگرێتەوە

**فیل ساندس – دیمەشق**

هەبوونـــی پەیوەندییەکی نزیـــک لەگەڵ سەدام حوسێن شتێک نییە کوردی عێراق حەزبکەن قســـەی لەبـــارەوە بکەن، بەڵام جەوهەر هەرکی کە لە ژێر ئاڵایەکی گەورەی کۆنی عێراق دانیشتووە بە خۆشحاڵییەوە باسی رابردووی خۆی دەکات.

جەوهـــەر دەڵێ" مـــن یەکێک بـــووم لە راوێژکارانی نووســـینگەی سەرۆکایەتی و راوێژکاری هێزی بەرگری نیشتمانیش بووم، ماوەی 15 ســـاڵ ئەندامـــی ئەنجوومەنی نیشـــتمانی عێراق بووم وشـــانازیش بەوە دەکـــەم کە بە تایبەتی چاوم بە ســـەدام حوسێن کەوتووە".

جەوهـــەر هەرکی بەرپرســـی پێشـــووی حیزبی بەعس ئێســـتا ســـەرۆکی (پارتی دادوئازادیـــی کوردســـتان)ە و وەک خۆی دەڵێ دوو ســـاڵ لەمەوبەر بۆ بەرهەڵستی و وەک پەرچەکردارێـــک بۆ "دەســـەڵاتی مافیایی" ناوچەی ئۆتۆنۆمی باکووری عێراق دامـــەزراوە، پارتەکەی بۆئـــەوە دامەزراوە کەببێتـــە جێگرەوەوەی هـــەردوو گرووپی دەســـەڵاتداری ناوچەکە پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی "مەبەستی مەسعود بارزانییە —رووداو" و یەکێتی نیشمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی.

هەرچەندە کوردســـتانی عێـــراق هەندێ نیشـــانەی دەوڵەتێکی دیموکراتی تێدایە وەک ئەنجامدانـــی هەڵبـــژاردن کەخاوەنی پەرلەمانـــی خۆیەتـــی، بـــەڵام هەرێمەکە بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێوان پارتی ویەکێتی دابەشـــبووە، شـــوێنێکی کەم بۆ دەنگی جیـــاواز هەیە، حیزبـــەکان خاوەنی هێزی چەکـــداری خۆیانن و بەندیخانەی تایبەتی خۆشیان هەیە، گەندەڵی وخزم خزمێنەش زۆر بەربڵاوە . لەو شارانەی لە ژێرکۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستاندایە، خەڵکێکی کەم دەوێرن بەئاشکرا رەخنە لە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بگرن، لەناوچەی ژێردەسەڵاتی یەکێتیش جەلال تاڵەبانی ســـەرۆکی عێراق بەهەمان شێوە لەسەرووی رەخنەوەیە .

جەوهەر هەرکی دەڵێ "بەڵێ سەدام حوسێن دیکتاتۆر بوو، بەڵام سەدام حوسێن رۆیشت کاروپۆســـتە باشـــەکان بەپێی پەیوەندی کەســـەکان بە حیزبەکانەوە دابەشدەکرێن نەک بەپێـــی لێهاتوویی، ئەمـــە جگە لە بەرزبوونـــەوەی نرخـــەکان وهەڵئاوســـان وهەڕەشەو هێرشەکانی تورکیا، هەربۆیەش

## پارتی و یەکێتی لە مافیاش خراپترن

جەوهەر هەرکی

وئێســـتا ئێمە لەکوردســـتانی عێراق دوو دیکتاتۆرمان هەیە، ئایا ئەمە پێشکەوتنە، ئێمە دەسەڵاتێکی مافیاییمان هەیە، نەخێرلە مافیاخراپترن، ئەوان مافیایەکی رێکخراون، ئەوەی ئێمە دەمانەوێـــت ببیینین ئازادی قسەکردن و ئازادی راگەیاندنە، سەروەری یاسایە، بەڵام ئێســـتا لەکوردستان ئەگەر تۆ سەربە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بیت و دەسەڵاتداربی ئەوە لەسەرووی یاساوەی، بەڵام ئەگەر هەژار بی، دەســـەڵاتدارەکان بەپێ بەسەر سەرت دەکەون".

بـــە بـــەراورد لەگەڵ ناوچەکانـــی دیکەی عێـــراق، باکـــووری عێـــراق مێرگێکە لە ئاشتی وئارامی ونیشانەی ئاوەدانکردنەوەو گەشەســـەندنی ئابووری پێوەدیارە کە لە شـــوێنەکانی دیکەی عێراق نابینی، بەڵام جەوهەر هەرکـــی ئەو پێشـــکەوتنانە بە "وەهـــم" ناودەبات و دەڵـــێ قازانجی ئەو سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانە بۆ خەڵکی هەژاری کۆمەڵگە نییە" خەڵکی دەوڵەمەند هەروا دەوڵەمەندتر دەبێت وهەژارەکانیش هیچیان بۆنەماوەتـــەوە، ئەمەش ئەنجامی گەندەڵییەکی مەترسیدارە، دوارۆژی هەموو نەتەوەکەیان خســـتۆتە ژێرمەترســـیەوەو لەسەرحیســـابی هەموو کۆمەڵگە هەندێ کەس خۆیان دەوڵەمەند دەکەن".

هەندێ کوردی عێراق بە نهێنی بێزاری وبێ ئومێدی خۆیان لە شـــێوەی بەڕێوەبردنی ناوچەکەیـــان نیشـــاندەدەن، یەکێک لەو گلەییانـــەی زۆر دەکرێـــت ئەوەیـــە کـــە کوردی عێراق زۆرجار باس لەوە دەکەن چۆن کۆچ بکەن بۆ ئەوروپا وئەمەریکا، جەوهەر هەرکیش ئەمە بەنیشانەی خراپبوونی پتری بارودۆخەکە دادەنێت " دەڵێن کوردستانی عێراق زۆر ئارام وجێگیرەو زۆر ئەوروپاییە، ئەگـــەر وایە ئەی ئەو هەمـــوو خەڵکە بۆ نۆرەیان گرتووە بچنە دەرەوە؟".

هەرچەندە بەشـــێک لـــەو رەخنانە رەنگە لەلایـــەن کوردی دیکـــەش بگیرێن، بەڵام جەوهەر هەرکـــی وەک ئەندامێکی رژێمی پێشـــووی عێراق کە پەشـــیمان نییە لە پەیوەنـــدی لەگەڵ بەعـــس، دەیەوێ هەر لەگۆڕەپانە سیاسیەکەدا بمێنێتەوە، بنکەی سەرەکی حیزبەکەی لە دیمەشقە، چونکە لە باکووری عێراق رێگەی کارکردن و چالاکی پێنادرێت و لەساڵی 2005 ەوە هەرکی لە سوریا دەژی.

جەوهەر، سوور بوو لەسەر بەرزکردنەوەی ئاڵای کۆنی عێراق کە سێ ئەستێرەی تێدایە کە نیشانەی حیزبی بەعسن لەگەڵ وشەی ئەللاهو ئەکبەر کەبەدەستی سەدام حوسێن نووسراوە، کوردی عێراق ئامادە نەبوون ئەو ئاڵایـــە بەرزبکەنەوە هەتا جارێکیتر ئاڵاکە دەستکاریکرا وئەو نیشانانەی لێ لابران.



جەوهەر هەرکی سوورە لەسەر ئەوەی تەنها ئاڵای بەعس بەرزبکاتەوە

جەواد قادرکە لە رۆژنامەی The Kurdish Globe نووسەرە گوتی لە باکووری عێراق کـــەس کەیفی بەچارەی جەهـــەر هەرکی نایێت وحیزبەکەشـــی هیچ کاریگەرییەکی نییە. جەواد لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لـــە هەولێـــرەوە گوتی " جەوهـــەر کۆنە بەعسییە و زۆر بە جیددیش وەریگرتووە، لێرە بەعســـییەکان دادگایی ناکرێن، بەڵام بێگومان رێگەشـــیان پێنادرێت لە ژیانی سیاســـیدا رۆڵێکی کاریگەر بگێڕن، رۆڵی بەعســـییەکان لەو کوشـــتارانەی سەدام حوســـێن لەدژی کـــورد ئەنجامیدان لەبیر ناکرێت، کۆمەڵکوژی لەوێنەی کیمیابارانی هەڵەبجە شـــتێک نییە لەبیر بکرێ وهیچ کەس نابینم جەوهەر هەرکی خۆشـــبوێت وپشتیوانی لێبکات، هێندەی من ئاگادار بم جەوهەر هەرکی بەهیچ شێوەیەک لایەنگری لێرە نییە".

جەوهەر هەرکی ئەو بانگەشانەی دەربارەی حیزبی بەعسن رەتدەکاتەوە وبەناڕاستیان دەزانێت وئاماژە بە چەندین هاوپەیمانێتی لەنێوان بەعس وپارتـــی ویەکێتی دەکات لەســـەردەمی دەسەڵاتی سەدام حوسێندا، لەکاتێکدا کـــورد لەشـــەڕدابوون لەپێناو دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردن کە دەیان هەزار کەس تێیدا بوونـــە قوربانی، لە باکووری عێراق زۆر گفتوگۆ لەبارەی هاوپەیمانێتی نەدەکرا، هەرچەندە خەڵکێکی بەربڵاویش پێیدەزانی.

جەوهەر دەڵـــێ" لەکاتێـــک لەکاتەکاندا، تاڵەبانی وبارزانی مامەڵەیان لەگەڵ سەدام کردووە، شەڕی یەکتریان کرد وداواشیان لە بەعسیش کرد کە لە دژی یەک هاوکاریان بـــکات، تەنانـــەت پـــاش ئـــەوەی گوایا هەڵەبجە کیمیابان کرا، پەیوەندییان هەر هەبوو، رەنگە وا نیشـــانبدەن کە شتی وا نەبووە، بەڵام ئەوانیش وەکو من بەشێکن لەبەعس".

جەوهەر هەرکی ســـوورە لەســـەر ئەوەی حکومەتی عێراق دەســـتی لە کۆمەڵکوژی هەڵەبجەدا نەبووە، لەســـاڵی 1988 هێزە چەکدارەکانی عێراق شارەکەیان بەچەکی کیمیایـــی بۆمبارانکـــرد و وابـــڵاوە کـــە نزیکەی سێ هەزار کەسی کوشتبێت، ئەم کۆمەڵکوژییە بووە خاڵێکی بەهێز بۆ هێزە کوردییەکان و بەرهەڵســـتکارانی عێراقی لەبەرامبەر رژێمی بەعس.

جەوهەر دەڵێ " کە هیرشەکەی هەڵەبجە روویدا من نزیکبووم ولە ســـلێمانی بووم، ئێمە هیچ هێزێکی عێراقیمان نەدیت چەکی کیمیاوی بەکاربێنێت لـــەدژی خەڵکی و، لەهیچ بەرپرســـێکی عێراقیشم نەبیستووە کارێکی واکرابێت، هەرچەندە من پەیوەندی راستەوخۆم لەگەڵ هەبوون، ئەگەر نیازی بەکارهێنانی گازی کیمیاویان هەبووایە بە ئێمەیان دەگوت بۆ ئەوەی ماسکی دژی کیمیاوی ببەستین ".

ســـەڕەرای بەکارهێنانێکـــی زۆری چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە لەکاتی شەڕی لەگـــەڵ ئێراندا،کەچی جەوهـــەر هەرکی سوورە لەسەر ئەوەی عێراق توانای هێرشی کیمیاوی نەبووە چونکە وەک خۆی دەڵێ " عێراق چەکی کیمیـــاوی نەبوو، لەکاتی داگیرکردنـــی عێراقیش لەلایەن ئەمریکاوە هیـــچ چەکێکـــی کۆمەڵکوژیـــان لەعێراق نەدۆزیـــەوە، ئیدی چۆن عێراق هێرشـــی کردووەتە ســـەر هەڵەبجە؟ نازانین راستی ودرۆ کامەیە".

**عێراق چەکی کیمیاوی نەبوو تا هەڵەبجە کیمیاباران بکات**

*** لە رۆژنامەی The Nationalی ئیماراتی رۆژی 2008/5/18 وەرگیراوەو کراوەتە کوردی.**

*جگە لـــە هەندێ زانیـــاری هەڵە و هەڵســـەنگاندنیی ریپۆرتەر، جەوهەر هەرکی بەپێـــی بەرنامەی حیزبەکەی یەکەمین ئامانجی رێگرتن لە چەسپانی سیستەمی فیدرالییە و، لەو راپۆرتەشدا پێداگیری لەســـەر لێدوانەکانی بەعس دەکاتەوە دژی کورد.

(رووداو)



## ئەردۆغان بۆ دەنگ کۆکردنەوە دێتە ئامەد

رووداو- ئامەد

◆سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ئەمساڵ سێ جار سەردانی خۆی بۆ ئامەد بەتاڵکردبووەوە، بە بیانووی کێشەی وشکەساڵییەوە ئەمڕۆ سەردانی ئامەد دەکات. کامەران یوکسەک جێگری سەرۆکی DTP لەلێدوانێکدا بۆ(رووداو)ی راگەیاند "سەردانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەک چوار ساڵ لەمەوپێشی دەبێت و هیچ پرۆژەیەکی بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێ نابێت"، گوتیشی "هاتنی تەنیا بۆ کۆکردنەوەی دەنگەکانی کوردە، بەڵام ئەو کوردانەی لەهەڵبژاردنەکەی پێشوودا دەنگیان بە AKP دابوو، 6 مانگە پەشیمان بوونەتەوەو چیدی دەنگی پێنادەن".

### لەیلا زانا لە وتارێکدا بەزمانی کوردی لەنێو پەرلەمانی بەریتانیادا

# بەو دەستوورەی ئێستای تورکیا ئەگەر DTP ـەش دەسەڵات وەربگرێ کورد هەر بێ ماف دەبێ

**رووداو – ئیکورد**

لەیلا زانا، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی تورکیا و کەسایەتی سیاسی نێوداری کورد لە تورکیا پێشنیازی گۆڕانکاری لە دەستووری تورکیادا دەکات و دەڵێت ئەو دەستوورەی ئێستای تورکیا لە ساڵی 1982 لەسەردەمی حوکمڕانێتی سوپا نووسراوە و سەرچاوەی چەندین کێشەیە و دەبێتە هۆی بێ بەشکردنی کوردو تورک لە مافەکانیان لەو وڵاتە.

ڕۆژی دووشەممە2008/5/19 لەیلا زانا لە کۆبوونەوەیەکدا لە نێو تەلاری پەرلەمانی بەریتانیا گوتی "من پێموایە ئەو دەستوورە لەلایەن ئەو جەنەراڵانە نووسراوە کە دڵیان پڕ بووە لە ڕق و ستەمکاری". هەروەها گوتیشی بەبێ گۆڕانکاری لەو دەستوورەدا، کورد بەردەوام ڕووبەڕووی ئازارو دەردەسەری دەبنەوە، تەنانەت ئەگەر پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیش DTP دەسەڵات بگرێتە دەست.

لەیلا زانای جێگری سەرۆکی حیزبی داخراوی DEP، ماوەی 10 ساڵی لە زیندان بەسەربرد، دوای ئەوەی بە تۆمەتی جیاخوازی و بوونی پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان PKK تاوانبار کرا. DTP کە گەورەترین پارتی کوردییە لەدوای DEP و ئەو پارتە کوردیانەی دیکە کە داخرون ڕووبەڕووی هەمان تۆمەت دەبێتەوە لەدادگای دەستووری. لە وتارەکەیدا کە بەزمانی کوردی لەنێو پەرلەمانی بەریتانیادا پێشکێشی کرد، زانا سوپاسی دۆستە بەریتانییەکانی کرد بۆ هەوڵەکانیان بۆ ئازادکردنی لە زیندان، بەڵام گوتیشی بەبێ ئازادکردنی تەواوی کۆمەڵگە هیچ پێشکەوتنێکی ڕاستینە بەدیناییێت، ئەوەش بە چاککردنی دەستوور بەدیدێت. زانا گوتیشی "بێگومان گەلەکەم هەندێک داواکاری و چاوەڕوانی هەیە، بەڵام بەهۆی ئەو دەستوورەی ئێستا، تورک و کوردو خەڵکی دیکەش لە ئازادی بێ بەشن. بێگوێدانە ئەوەی کامە پارت دەسەڵات دەگرێتە دەست، بە DTP شەوە، ئەگەر دەستوور نەگۆڕێت هیچ پارتێک ناتوانێت وەکو پێویست کاربکات".

پارتی دادو گەشەپێدان AKPی دەسەڵاتدار بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ماوەیەکی زۆرە پلان دادەنێت بۆئەوەی هەندێک گۆڕانکاری دەستووری بکات، بەڵام دوای ئەوەی دادگەی دەوڵەت تۆمەتی ئەوەی دایە پاڵ کە ئەو پارتە بووەتە بنکەیەکی سەرەکی لە دژی سیکیولاریزم، پارتەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە پلانەکانی بۆ گۆڕانکاری لە دەستوور وەستا.

لەیلا زانا لە وتارەکەیدا کە لەلایەن زۆربەی چالاکڤانانی کورد لە ئەوروپا پشتگیری لێکرا بە "بەڕێز" ناوی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی برد، و، زۆربەی بەرپرسانی DTP ش بە هەمان شێوە ناوی ئۆجەلان دەبەن، سەرەڕای ناڕازیبوونی بەرفراوانی بەرپرسانی حکومەتی تورکیا و وەڵاتیانی ئاسایی تورک.

زانا ئاماژەی بەوەدا کە ئۆجەلان دەسپێشخەری بۆ ئاشتی کردووە، بەڵام لەلایەن تورکیاوە ڕەتکراوەتەوە. لە کۆبوونەوەکەدا جگە لە هەندێ پەرلەمانتاری بەریتانی، زۆربەی ئامادەبووان کورد بوون. سەرۆکی پارتی کرێکاران جۆن ئۆستن، کە کۆبوونەوەکەی بەڕێوە دەبرد ڕەخنەی ئەوەی لە حکومەتی بەریتانیا گرت کە چاوی بە لەیلا زانا نەکەوتووە.

لەساڵی 2004 دوای ئازادبوونی لە زیندان، پەرلەمانی ئەوروپا خەڵاتی ئاشتی بە لەیلا زانا بەخشی، بەڵام نێوبانگ وجەماوەریی زانا لە ئەوروپا ئەو کاتە زێدەبوو کە ژمارەیەک سیاسەتکاری ئەوروپایی داوایان لە سیاسەتکارانی کورد کرد هێڵێکی ڕوون و ئاشکرا لەنێوان خۆیان و پارتی کرێکارنی کوردستان بکێشن کە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناسراوە.

لە وتەکەیدا زانا گوتی "کورد تیرۆریست نین"، کە بەئاشکرا مەبەستی PKK بوو و گوتیشی هیچ کاتێک کورد پەنا بۆ توندوتیژی نابات ئەگەر خواستەکانیان بەدیبێت و گوێیان لێبگیرێت.

لەساڵی 1994 زاناو هەڤاڵەکانی بۆماوەی 15 ساڵ حوکمدران بەتۆمەتی ئەوەی ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستانی قەدەخەکراون کە بۆماوەی 22 ساڵە لەشەڕێکی خوێناویدایە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی لە باکووری کوردستان (باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا).

ئەو سزایە دوای دوو ساڵ تێپەڕبوون بەسەر هەڵبژاردنی لەیلا زانا هات وەک یەکەمین ژنی کورد بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی تورکیا، پاش ئەوەی داوای لێکرا بە زمانی تورکی سوێند بخوات، بەڵام زانا وەکو بەرهەڵستییەک بۆ یاسادانەران بەزمانی کوردی سوێندەکەی خوارد. لەساڵی 1995 لەلایەن پەرلەمانی ئەوروپاوە خەڵاتی ساخارۆف بەزانا بەخشرا، بەڵام تاوەکو لەساڵی 2004 ئازاد کرا نەیتوانی خەڵاتەکەی وەربگرێت.

لە ئەپریلی 2008، لەیلا زانا بە دوو ساڵ زیندانیکردن لەلایەن دادگایەکی تورکییەوە لە شاری دیار بەکر حوکمدرا. دادوەرەکە گوتی زانا ماددەی 7/2 ی یاسای دژە تیرۆری پێشێل کردووە، ئەوەش دوای ئەوەی لە ئاهەنگی نەورۆزی 2007 وتەیەکی پێشکێش کرد و بارزانی و تاڵەبانی و ئۆجەلانی وەک سەرۆکی کورد ناوهێنان.

لەوەتەی لە ساڵی 1984ەوە PKKدەستی داوەتە چەک، زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی تورکیا بەشێوەیەکی ئاشکرا هاوسۆزن لەگەڵ گەریلاکانی PKK.

PKK داوا لە تورکیا دەکات دان بە ناسنامەی کورد دابنێت لە دەستووری وڵاتدا و زمانی کوردیش وەکو زمانێکی دایک بەهەمان شێوەی زمانی تورکی لە ناوچە کوردییەکان بناسێت. هەروەها PKK داوادەکات کۆتایی بە جیاکاریی ئەتنیکی بێت لە دەستوورو یاساکانی تورکیا کە دژی کوردن و مافی ئازادیی سیاسی بۆ کورد فەراهەم بکات.

ئەنقەرەو ئەمریکا PKKبە ڕێکخراوێکی تیرۆریست دادەنێن، هەروەها ناوی ئەو ڕێکخراوە لەنێو لیستی ڕەشی یەکێتی ئەوروپاشدایە سەرەڕای بڕیارێکی لەمەوبەری دادگەیەکی ئەوروپی بۆلابردنی ناوی PKK لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان.

تورکیا ئەوە ڕەتدەکاتەوە وەکو کەمینەیەکی جیا دان بە کورد دابنێت. تورکیا ڕێگەی بە هەندێک مافی کولتوری داوە وەکو پەخشێکی سنووورداری تەلەڤزیۆن بە زمانی کوردی و کردنەوەی کۆرسی تایبەتی فێربوونی زمانی کوردی، ئەویش بەهۆی فشارەکانی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام سیاسەتڤانانی کورد دەڵێن ئەو کارانە زۆر کەمترن لەوەی ئەوان چاوەڕوانی دەکەن.



# ئێمە خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین



محەممەد عەلی بیراند

ئەمڕۆ حەزدەکەم چەند ڕاستییەکی خۆماڵی هەن بیانخەمە ڕوو،ڕەنگە ئێوە پێی قەڵس بن. بەڵام تکایە پێش ئەوەی تووڕە بن، بۆ چەند ساتێک هزرتان بخەنە کار و بیری لێبکەنەوە بزانن من لەسەر هەقم یان نا.

بۆ چەند مانگێک دەبێت، سوپای تورکی بە بەردەوام ئۆپەراسیۆنەکانیان دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)ی لە یاسا یاخی ئەنجام دەدەن.ئەوان بە بۆردمانکردنی سنووری باکووری عێراق و زنجیرە چیای قەندیل شاڵاو و هێرشەکانیان دەست پێکرد.پاشان بەرەو ناوجەرگەی مەیدانی ئۆپەراسیۆنەکان ملی ڕێگایان گرتە بەر.

ئێستا شەڕو پێکدادانی نێوان هەردوولا لەسەر سنوور بەردەوامە.دیارە ئامانجیش لەو هەموو هێرش وشاڵاوانە ڕاماڵینی تیرۆریستانە لە شاخ و کێوەکان و ڕێگەلێگرتنیانەلەوەی بەرەوخاکی تورکیا دزە بکەن.

ئێوە هەموو ڕۆژێ ئەم شەڕوپێکدادانە بە چاوی خۆتان لە تەلەڤزیونەکاندا دەبینن یاخود لە ڕۆژنامەکاندا دەیخوێننەوە.

ڕاستە ئێمە شانازی بە سەربازەکانمانەوە دەکەین کە بەردەوام گیانی خۆیان خستووەتە مەترسییەوە لە پێناو پاراستنی ئێمە،بێگومان مافی تەواوی خۆمانە ئەو شانازییە بکەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ جار لە سەردێڕی هەواڵەکانمان و دەربڕینی گوزارشتەکانماندا زیادە ڕۆیی وا ڕەچاو دەبینرێن،بە هۆیانەوە متمانەی جەماوەری خۆمان لەدەستداوە.تەنها بیر لە هەندێک لەو ووشانە بکەنەوە کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا یا خویندومانەتەوە یابەرگوێمان کەوتوون. تەماشا دەکەیت ئێمە دەقمان گرتووە بە چەند هەواڵ و دروشمگەلێکەوە کە زۆر بە جدی وەرگیراون، لە کاتێکدا لە ڕاستییەوە دوورن.

هەموو هەفتەیەک،بەبێ بچڕان ڕاپۆرت لەمەڕ ئەوە بڵاو دەکەینەوە کە چۆن" ئێمە پەکەکەمان پارچە پارچە و پەرتەوازە کردووە" و "گورزی کەمەرشکێنمان بە پەکەکە گەیاندووە"و" چەند سەکردەیەکیان ناچارکروان هەڵبێن و چەندی تریان لە مەیدانی جەنگدا کوژران" ئیتر بەم جۆرە، هەرهەمووی زیادڕۆییە لە ژمارەی قوربانیانەکاندا وئیتر هەر ژمارە پێوەنانە و وەک بڵێی ئێمە نزیکە بە تەواوی چەکدارانی پەکەکەمان لەناو بردبێت و بە خۆمان نەزانیبێت.

بەڵام هەرچۆنێک بێت، بایی ئەوەندە جموجوڵیان تێدا ماوە، بتوانن لێرە و لەوێ سەربازەکانمان بکوژن.

دیارە میدیاکانمان ئەمە لەبەر ئەوە دەکەن تا وورەی هێزەکانی سوپا بەرز بکەنەوە. بە هەرحاڵ،من پێم وایە هەموو ئەوەی کە دەستمان کەوتووە لەو بارەیەوە بریتییە لە لەدەستدانی متمانەی جەماوەر.

لە ڕاستیدا،ئەو هەموو دەستەواژە زیادڕۆ و دروشمە زەبەلاح و باق وبریقانە بوونەتە مایەی بێزاربوونی جەماوەر، سەرباری ئەوانەش میدیا شکستی هێناوە لە بەرزکردنەوەی ورەی سوپا.بە پێچەوانەوە،ئێمەی میدیاکار بووینەتە هۆی دروستبوونی تێکشانێک کە پێویست نەبوو.

بە کورتی،ڕاگەیاندن و سەرچاوە ڕەسمییەکان کە زانیاری بە جەماوەر دەدات دەبێت زۆر وریاو هوشیاربن .من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەی تا ئێستا لەسەر کاری تیرۆری پەکەکە نووسیومە تەنها یەک ڕووی دراوەکە بووە.ئاشکراشە دراو ڕوویەکی دیکەشی هەیە.

بێگومان لەبیرتانە ماوەیەک لەمەوپێش ژەنەڕاڵ ئیلکەر باشبوک،فەرماندەی گشتی هێزی پیادە، کێشە ڕاستەقینەکەی دەستنیشانکرد.ئەوەبوو سەرنجی هەمووانی بەلای ئەوە ڕاکێشا کە ئێمە هەرگیز ناتوانین لە PKK ڕزگارمان بێت مەگەر ڕێگەچارەیەک بدۆزینەوە بۆ بەرگرتن لەو خەڵکانەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی پەکەکەوە دەکەن،دیارە ناوبراو مەبەستی لە مینڕێژ کردنی ئەو ڕێگایانە نییە کەدەچنەوە سەر چیاکان.

سوپا زۆر سەرکەوتووبووە لە جەنگەکەیدا دژ بە تیرۆریستان.بەڵام نابێت سوپا بە تەنها بێت لە جەنگی دژە تیرۆر.سیاسەتمەداران پێویستە ئیتر دەست لەو ڕێگە ئاسانە هەڵگرن کە مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە بۆ سوپا بەجێ بهێڵن.دەبێت ئەوان هەنگاوی نوێ بگرنە بەر لە هەریەک لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری. پێویستە لەسەریان ئەوەی لە هەگبەکەیاندایە بیسەلمێنن لەپێناو مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی سوپا لە جەنگی نێو چیاکاندا.ئەوان پێویستەئەلتەرنەتیڤی گونجاو بخەنە ڕوو بۆ ڕێگەگرتن لە چوونەڕیزی خەڵکانێک بۆ ناو PKK .لە ڕاستیدا،تا ئێمە شکست بهێنین لە قەناعەت پێهێنانی لاوەکانمان،ئەوانەی هەرهەموو شتێک بەجێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە چیاکان، پەکەکە هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

دەبا هەمووممان پێش ئەوەی هەرشتێک ئەنجام بدەین،پێکەوە هەڵوەستەیەک بکەین و بیربکەینەوە.دەبێت بپرسین،بۆچی ئەو هەموو گەنج و لاوە جێگای خۆیان جێدەهێڵن؟ئەوانەی کە بە ئاگان لە بارودۆخی هەرێمەکە،بە ئاسانی وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە ودەڵێن بۆچی نا؟لە کاتێکدا کارو پیشەیەک بۆ ئەوان نەبێت لە دەڤەرەکەدا.هیچ ئایندەیەکیان نییەو تا ئەژنۆ لە قوڕاوی هەژاریدا نوقوم بوون. هەموو شتێک بۆ بەرپرسانە و ئەوانیش هەمیشە پەراوێز کراون.ئەم هەموو هۆکارانە وایکردووە چیاکان شوێنێکی سەرنج ڕاکێش بن بۆ ئەو لاوانە.ئیتر گرنگ نییە،چەند سوپا بنێرین بۆ ئەوێ یاخود چەند ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجام بدەین.تەنانەت ڕەنگە ئێمە باکووری عێراقیش لەو پێناوەدا داگیر بکەین .بەڵام هیچ کام لەوانە کاریگەریان نابێت،گەر ئێمە سەرنجڕاکێشی لاوەکان بەرەو چیاکان و پەکەکە کەم نەکەینەوە.

بۆیە،ئێمە سەردێڕی هەواڵەکانمان چەندە گەورەوپڕلە قسەی زل بێت، گرنگی ئەوتۆی نییە.هیچ گرنگ نییە چۆن ڕاپۆرتەکانمان بهۆنینەوە بەوەی گوایە پەکەکە خەریکە لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوەو لەبەر گورزە کەمەرشکێنەکانی ئێمە هەڵدێن، ئەمانە هیچ دادمان نادات،بەڵکو تەنها خۆمانی پێ هەڵدەخەڵەتێنین.ئێمە هەرگیز ناگەینە ئەنجام تاسوپا و سیاسەتمەدارانی ئەنکەرە پێکەوە تواناکانیان یەکنەخەن بۆ ئەوەی ڕێبازێکی نوێ پیادە بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.ئەو کات بە هەڵەدا دەچین ئەگەر هەموو تاوانەکە بخەینە ئەستۆی سیاسەتمەدارەکان لەبەر ئەوەی تەماشا دەکەیت هەندێ جار خۆمان لە بارودۆخێکی وادا دەبینینەوە کە تێیدا هەموو کەرتەکان بەرهەڵستی ئەورێکارانە دەکەن کە سیاسەتمەداران ئەنجامی دەدەن.

هەرکەسەو ڕێگەچارەیەک لە مێشکیدایە.ئێمە لە دارشتنی سیاسەتێکی هاوبەشدا شکستمان هێناوە.هەریەکە شێوازێکی خۆی هەیە کە لەوانی دیکە خۆی بە مەزنتر دەزانێت.بۆیە لە هەلومەرجێکی وادا،ئیتر گرنگ نییە تا چ ڕادەیەک زیان بە پەکەکە دەگەیەنین و ورەی دەڕوخێنین، یالە ڕووی دەروونییەوە تێکیدەشکێنین، چونکە هەر ماوەیەکە و ئیدی پەکەکە خۆیان ڕێکدەخەنەوەو لەو جۆرە بارودۆخە کاتیانە خۆیان قوتار دەکەن.

ئەوانەی کە تازە پەیوەندی بە سەربازییەوە دەکەن، جێگەی سەربازە کوژراوەکان دەگرنەوە و سەرلەنوێ ورەیانی پێ بەرز دەکەنەوە.میدیاش چاک ئەم ڕاستییە دەزانێت،بەڵام میدیا چاوپۆشیکردنی هەڵبژاردووە و دەیەوێت بە پاڵەوانێتی سوپا داپۆشێت.ئێمە دەبێت دان بەیەک شتدا بنێین کە بۆخۆمان باشە،ئەویش ئەوەیە ئێمە خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین.خەڵکی ئێمە بەبێ سوود دەکوژرێن و لە کۆتاییشدا هەموومان دەبێت دان بەو حەقیقەتەدا بنێین کە ئێمە بەهۆنینەوەی داستانی پاڵەوانیتی بێهودە هیچ شتێکمان ناکەوێت.

لە The Turkish Daily Newsەوە

2005/5/23

### مادە بێهۆشکەرەکان هەڕەشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن

# "پاسەوانەکانی بەندیخانەکە بەخۆیان تریاکیان بۆ بەندییەکان دەهێنا"

**نەوزاد مەحمود و ئاسۆ جەعفەر**
**رووداو –پێنجوێن**

لاوێکی تەمەن 24 ساڵی دانیشتووی شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لەتەمەنی 16 ساڵییەوە ئاڵوودەی تریاک بووە لەدیمانەیەکی (رووداو)دا زانیاری ورد لەسەر بڵاوبوونەوەی مادە بێ هۆشکەرەکان و سیاسەتی بێ باکانەی حکومەتی ئێران بەرامبەر تەشەنەسەندنی مادە بێ هۆشکەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەدرکێنێ و ئاشکراشیدەکات، لەماوەی ساڵ و نیوێکدا زیاتر لە 40 لاوی مەریوان بەهۆی تریاکەوە گیانیان لەدەستداوە و 60%ی گەنجانیش ئاڵوودە بوون و زۆربەی ئاڵوودە بووانیش تەمەنیان لەنێوان 17–25 ساڵدایەو سێ لەبازرگانە دیارەکانی مادە بێ هۆشکەرەکانیش سەر بەحکومەتن.

هەفتەیەک لەمەوبەر (ش.م) لەمەریوانەوەو لە ڕێگەی باشماخەوە خۆی گەیاندە باشووری کوردستان. ئەو دەیەوێت دوای 8ساڵ لەئاڵوودبوون بەمادده بێ هۆشکەرەکان، وەک مرۆڤێکی ئاسایی و لەنێو ریزەکانی یەکێک لەپارتە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی ئێران، ژیانێکی سیاسی تازە دەست پێ بکات.

چیرۆکی ئاڵوود بوونی (ش) بەمادە بێ هۆشکەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1999 کاتێک بۆ یەکەمجار لەسەر خواردنەوەی کحول دەستگیر دەکرێ "بۆ یەکەمجار لەبەندیخانەی مەریوان ماددەی سڕکەرم بینی، چەند بەندییەکی ئاڵوودەبووی مادده بێ هۆشکەرەکانی لێبوو کە لەلایەن پاسەوانی زیندانەکەوە تریاکیان بۆ دەهێندرا، منیش لەو بەندیخانەیەوە عەودالی بووم".

(ش.م) دوای ئازاد بوونی لەزیندان، دەست لەخواردنەوەی ماددە کحولییەکان هەڵگرت و بووە یەکێک لەو هەزاران ئاڵوودەبووانەی کە چارەنووسی خۆیان بەماددەی بێ هۆشکەر دەسپێرن.

بەهۆی زەحمەت دەستکەوتنی ماددە کحولییەکان لەئێران، (ش.م) لەبەرامبەردا مادە بێ هۆشکەرەکان هەڵدەبژێرێ "دەستکەوتنی مادە کحولییەکان زەحمەت بوو، بەڵام مادەی بێ هۆشکەر کەس لێی ناپرسێت".

وەک (ش.م) باسیدەکات ئەو کاتەی دەستی داوەتە بەکارهێنانی مادەی بێ هۆشکەر ژمارەی بازرگانانی مادەی بێ هۆشکەر زۆر کەمبوون، بەڵام ئێستا زۆر زیادیان کردووە "ئەوکات لەناو مەریواندا تەنیا 4-5 کەس خەریکی بازرگانیکردنی بوون، بەڵام ئێستا ژمارەی فرۆشیاران بەجۆرێک زیادی کردووە، کە هەر بەئاشکرا دەیفرۆشن".

ئەو جۆرە مادە بێ هۆشکەرەی ئەو لاوەو لاوەکانی مەریوان و دەوروبەری دەیکێشن "تریاک و شیرەی تریاکە". ئەو لاوە ڕۆژانە بایی 100 هەزار دیناری عێراقی تریاکی کێشاوەو تا ئەو دەمەی وازی هێناوە، تەنیا دوو ڕێگەی لەبەردەمدا بووە "یان دەبوو بمرم، یان دەبوایە بۆ بەدەستهێنانی پارەی تریاک کارەساتێک بقەومێنم".

(ش.م)هەوڵی زۆریداوە بۆ دوورکەوتنەوە لە مادە بێ هۆشکەرەکان، ئەو خۆی باس لەو هەوڵانەی دەکات "زۆر هەوڵمدا لە ڕێگەی گۆڕینی خوێن، چوونە نەخۆشخانە و بەکارهێنانی دەرزی دووربکەومەوە، بەڵام بێ سوود بوو، تا ئەو کاتەی ڕێکخراوێکی مەدەنی خۆبەخش بۆ ئەو مەبەستە دروستبوو، کە بە AN دەناسرا و هەوڵیاندەدا لەڕێگەی کۆرس و ڕاهێنانەوە گەنجان لەمادە بێ هۆشکەرەکان دوور بخەنەوە، بەڵام لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە زۆر دژایەتی دەکرا".

ئەو ڕێکخراوە مەدەنییەی ئەو باسی دەکات، لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە گرفتی زۆری بۆ دروستکراوە تا نەتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەجێبگەیێنێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەت تۆمەتی کارکردنی سیاسی دەدایە پاڵ ئەو ڕێکخراوە. ئەو گەنجە مەریوانییە دەڵێ "هەندێک لەئاڵوودەبووان بەشەوان لەو ڕێکخراوە کۆ دەبووینەوە بۆ کۆرس و ڕاهێنانەکان، بەڵام حکومەت چەند پاسدارێکی دەنارده ناومان، پاسدارەکان دەیانگوت ئێمەش ئاڵوودە بووین، بەڵام ئەوان بەمەبەستی چاودێری دەهاتن، کە دەیانزانی مەسەلەکە لە مادەی بێ هۆشکەر تێپەرناکات، دەڕۆیشتن".وەک ش باسیدەکات ڕۆژانە 60-70 کەسی ئاڵوودە بوو پەیوەندییان بەو ڕێکخراوەوە دەکرد، "کە لەنێو ئەو ژمارەیەدا پێنج ئافرەت دەبوون".

ئاڵوودەبوونی کچانی مەریوان بەپێی قسەی ئەو مەریوانییە لە کچانی سنە تێپەڕیوە، لەبەر ئەوەش ڕێکخراوی AN بنکەیەکی تایبەتی بۆ چاکسازی کچان کردبووەوە لە مەریوان .(ش) دەڵێت شەوی وا هەبوو ژمارەی ئامادەبووانی ئەو بنکەیە گەیشتووەتە سەد کەس، "ئیتر زۆربونی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە بەشێوەیەک دەوڵەتی نیگەران کرد، هەموو بارەگاکانی ئەو ڕێکخراوەی گواستەوە بۆ ناو فەرمانگە چاکسازی و کۆمەڵایەتییەکانی مەریوان و لەوێش تەنها ژوورێکی بچووک و بێ کەڵکی پێدان".

ڕێژەی ئاڵوودەبوونی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژ بە ڕۆژ بەشێوەی ترسناک هەڵدەکشێت، شەوانە تەرمی لاوانی ئاڵوودە بوو لەسەر شەقامەکان دەکەوێت. ئەم لاوە لەدرێژەی گێڕانەوەکەیدا، زیاتر پەنجە بۆ بوونی دەوڵەت لەپشت بڵاوبوونەوەی مادده بێ هۆشکەرەکان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان رادەکێشێت و دەڵێت "لەنێوان سنەو مەریواندا تەنها یەک بازگەی پشکنین هەیە، ئەگەر لەمەریوانەوە بچیت بۆ هەر شارێکی فارس نشین، زۆر بەوردی ئۆتۆمبیلەکەت دەپشکنن و چاودێری زۆر وردە، بەڵام لەهەر شارێکی فارس نشینەوە بێیتە شارێکی کوردی، هیچ پرسیارو پشکنینێک نییەو ئەگەر کەسێک سەر بەدەوڵەت بێت و ماددەی بێ هۆشکەری پێ بگیرێت، لێپرسینەوەی لەگەڵناکرێت، بەڵام ئەگەر کەسێک سەر بەدەوڵەت نەبێت سێ مانگ دەستگیردەکرێت و مادده بێ هۆشکەرەکەش لەلایەن کەسانی سەر بەدەوڵەتەوە دەهێنرێتەوە بازاڕەوە".

ئەو نموونەی سێ بازرگانی ماددەی بێ هۆشکەر دەهێنێتەوە کەسەربەدەوڵەت بوون "لەمەریوان دوو کەس هەبوون بەناوەکانی (ر.ب) و (ع.ف) پیاوی دەوڵەت بوون، ماوەیەک لەمەوبەر (ر.ب) لەبەر دەرگای ماڵەکەی خۆیاندا کوژرا و کەسیش نەیزانی کێ کوشتی، فرۆشیارێکی دیکەی مادەی بێ هۆشکەریش، لەلایەن حیزبێکی بەرهەڵستکاری کوردییەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکرا، لە ئەنجامدا ئێستا وازی هێناوە".

ئەو لاوە پێیوایە ڕێگە گرتن لەبەکارهێنانی مادەی بێ هۆشکەر زۆر ئاسانە، بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەت ئەو ڕێگرییە ناکەن "دڵنیام تەنیا 5 پاسدار دەتوانن ڕێگە لەهاتووچۆپێکردنی ماددەی بێ هۆشکەر بگرن لەناو مەریواندا، بەڵام هەرگیز ئەو کارە ناکەن"، ئەو زیاتر گوتی "ئەو ناوچانەی لایەنگرو ئەندامی حیزبە کوردستانییەکانی تێدایە، حکومەت دەرگای مادده بێ هۆشکەرەکانی بەتەواوی لەسەر کردوونەتەوەو لەگوندەکانی (دەگاگا، مازی بن، کەڕاوا، نێ و سەوڵاوا) بەهۆی پەیوەندی توندوتۆڵیان بە حیزبە کوردستانییەکانەوە، ڕێژەی توشبوون تێیاندا لەئاستێکی بەرزدایە، دەتوانم بڵێم لەگوندێکی وەک سەوڵاوا، لە دە لاو هەشتیان ئاڵوودە بوون و لەمەریوان 60%ی لاوان ئاڵوودەبوون، هەروەها هەر بەهۆی مادده بێ هۆشکەرەکانەوە،تێکچوونی شیرازەی خێزانی بەرز بووەتەوە، 60%ی تەڵاق پەیوەندی بەمادەی بێ هۆشکەرەوە هەیە".

(ش)یش یەکێکە لەو گەنجانەی بەهۆی ئاڵوودەبوون شیرازەی خێزانەکەی تێکچووە "خێزانەکەم، خانووەکەم و هەموو داراییم لەدەستدا، ئێستاش کوڕەکەم لای دایکم دەژی".

بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی AN ژمارەی ئەو ئاڵوودەبووانەی لەو ناوچەیە پەیوەندییان بەڕێکخراوەکە کردووە بۆ ڕزگاربوون لەماددەی بێ هۆشکەر، گەیشتووەتە زیاتر لە 1200 کەس و ژمارەیەکی زۆریشیان ئافرەتن "ئافرەتان زیاتر حەشیشە دەکێشن، چونکە کێشانی حەشیشە بووەتە شتێکی باو لەنێو ئافرەتاندا، یان دوو جۆر حەب بەکاردەهێنن کە ناوی (ترامادۆڵ و میتادۆڵ)ەو ئەمەش لەبەر ئەوەی ئافرەتان وەک پیاوان هەموو کات بەئاسانی ماددەی بێ هۆشکەریان دەستناکەوێت".

(خەش خاش) لەو جۆرە مادده بێ هۆشکەرانەیە کە لە ئێران دەچێنرێت و بەرهەمدەهێنرێت، وەک ئەو تووشبووە باسیکرد "کەدەیچێنن چوار دەورەکەی دەکەنە گوڵە بەڕۆژە تا دوور بێت لەگومان و من بۆ خۆم بینیومە لەکێڵگەکاندا لەنزیک شارەکانی هەمەدان و قەرەوەو دێ گوڵان دەچێندرێت و لەڕێگەی بازرگانەکانەوە دەهێنرێتە ناوچە کوردییەکان و لێشی دەنێردرێتە باشووری کوردستان، ئەو بازرگانەی لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا کوشتیان، یەکێکبوو لەوانەی کە دەیهێنایە باشووری کوردستان".



## فینلاند مافی نیشتەجێبوون بە ناز ئاغایی دەبەخشێت

ڕووداو-هێلسینکی

◆ حکومەتی فینلاند دواجار ڕازیبوو مافی نیشتەجێبوون بداتە ناز ئاغایی چالاکڤانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ناز لە فێبریوەری 2005 گەیشتە فینلاند و داوای مافی پەنابەری کرد، بەڵام داواکەی ڕەتکرایەوە و حکومەتی فینلاندی لە مارسی 2007 بڕیاری گەڕاندنەوەیدا بۆ ئێران و، نازیش لەوکاتەوە خۆی شاردەوە و بووە بابەتێکی گەرمی میدیای فینلاندی، تاوەکو سەرەنجام هەفتەی ڕابردوو مافی نیشتەجێبوونی پێبەخشرا.

### ڕێژەیا پیران دجڤاکا ئەڵمانیدا زێدە دبیت

# کەسێن بێ ئیقامە دچنە قوتابخانا چاڤدێریا پیران

**سلێمان ئالیخان**
**ڕووداو – ئەڵمانیا**

بۆ یەکەمین جار ل وەلاتێ ئەڵمانیا، سپێدەهیا ڕۆژا 2008/05/16 و ل ژێر سەرپەرشتییا ڕێڤەبەرێ کارگێڕیا دیاکۆنیا ل بازێڕێ ڤوپەرتال یێ هەرێما نۆردراین یا ڕۆژئاڤایێ ئەڵمانیا، ب ئامادەبوونا مەزنە بەرپرسێن وەزارەتا کار، تەندروستی و کۆمەلایەتییا هەرێمێ. چاڤدێرێ کۆمەلایەتی، گەنج و ئینتگراسیۆنێ ل هەمان باژار، ڕێڤەبەرێ بەشێ ئینتگراسیۆنیا دیاکۆنیا. ڕێورەسمێن دەرچوونا یەکەمین خولا قوتابیێن بیانی ل قوتابخانەیا چاڤدیریا پیران یا بازێرێ ڤوپەرتال هاتنە سازکرن. ئێڤاریا هەمان ڕۆژێ ژی ئاهەنگەکا قەشەنگ بۆ قوتابی و ماموستایان هاتە گێڕان. (ڕووداو) ل وێرێ بوو و ئەڤ هەڤپەیڤینە دگەل خاتوون (ئەسرا ئالپای) چاڤدێرا پرۆژەی سازکر:



ئەسرا ئالپای (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو: هزرا ڤێ پرۆژەیێ چاوا دروست بوو و بۆچی ل بازێڕێ ڤوپەرتال هاتە بجهئینان؟**

**ئالپای:** بەری نۆکە بڕیاربوو گەلەک ژ وان کەسێن بێ مافێ ڕوونشتنێ ل وەلاتێ ئەڵمانیا بهێنە دەرێخستن. لێ نۆکە یاسایەکا نوو دەرکەت و ئەوا دی هاتە ڕاگرتن. ئەڤجا ژ بۆ سوود وەرگرتنێ ژ وان گەنجێن بێ ئیقامە ل وەلاتێ ئەڵمانیا کو ژمارەیا وان ژی گەلەکە. بیر ل هندێ هاتە کرن کو دەرفەتێ بدەنە وان ڕۆلێ خوە دجڤاکا ئەڵمانیدا بگێڕن. ئەڤە ژی یەکەمین جارە ل ئەڵمانیا ڕێ ژ کەسێن بێ مافێ مانەوێ ڕا هاتە دان کو بەردەوامیێ ب خواندنا خوە د قوتابخانەیا چاڤدێریا پیراندا. چونکی ب ڕاستی ڕێژەیا پیران ژی د جڤاکا ئەڵمانیدا یا زێدە دبیت. هزرا پرۆژەی ژی بەرێز بەرپرسێ بەشێ ئینتیگراسیۆنێ یا دیاکۆنیا بوو و ڕێڤەبەریا قوتابخانەیا چاڤدێریا پیران ژی ئامادەییا خوە نیشاندا بۆ ئەنجامدانا ڤێ هزرێ، لەوما ل ڤی باژێری هاتە سازکرن.

**ڕووداو: مەرجێن وەرگرتنا قوتابیان چ بوون؟**

**ئالپای:** کەسێن هاتینە وەرگرتن گەنج بوون ژ هەردوو ڕەگەزان. ژ تەمەنێ 17هتا 25 سالی. ئەڵمانی ب خواندن و نڤیسین باش دزانن. فایلێن وان ژی دپاقژ بوون و چ کێشەیێن یاسایی ل سەر نەبوون.

**ڕووداو: لەوانەیە هندەک کەس ببێژن ئەڵمانیا دخوازیت خزمەتکارا ژ خوە را دروست بکەت، لەوما دەرفەت دایە کەسێن بێ ئیقامە تایبەتمەندیێ د وارێ چاڤدێریا پیراندا وەربگرن؟**

**ئالپای:** نەخێر وەسا نینە ژ بەر کو نە تنێ ئەڵمان، بەلکو بیانی ژی پیر دبن و ئەو ژی پێویستی چاڤدێرانن. لێ پشتی کو مە لێکۆلین کری بۆ مە دیار بوو کو گەلەک قوتابیێن بیانی یێن بێ ئیقامە ل ئەڵمانیا هەنە و د وارێ چاڤدێریا پیران دا د زیرەکن و ئەم دێ شێین سەرکەفتنێ بینین. هەروەسا مە دیت کو ئەڤە باشترین ڕێکە کو ئەڤ کەسێن بیانی هەبوونا خوە بسەلمینن و تێکەلی جڤاکا ئەڵمانی ببن.

**ڕووداو: کێ پشتەوانیا داراییا ڤێ پرۆژێ دکر؟**

**ئالپای:** یەکێتی ئەوروپا ئەڤ پرۆژەیە فینانسە دکر و، وەزارەتا کار، تەندروستی و کۆمەڵایەتییا هەرێما نۆردراین سەرپەرشتیا بجهئینانێ دکر.

**ڕووداو: دڤێ قوتابخانێدا ئەڵمان ژی هەبوون. لێ ئەو د جودا بوون ژ قوتابیێن بیانی، بۆچی؟**

**ئالپای:** قوتابیێن بیانی درەنگ دەست ب خواندنێ کرن. ژبلی هندێ کو پۆلێن ڤان خواندکارێن بیانی ژی ژ یێن دی د دوور بوون!.

**ڕووداو: ڕێژەیا سەرکەفتنێ چەند بوو؟**

**ئالپای:** 95% پرۆژەیێ مە سەرکەفتن ئینا.

**ڕووداو: پەیاما وە بۆ کەسێن بێ مافێ ڕوونشتنێ ل ئەڵمانیا دژین، چییە؟**

**ئالپای:** ئەز ڕەوشا وان گەلەک باش تێدگەهم. ئەو یێ د کاودانەکێ گەلەک تەنگاڤدا، لێ دڤێت ئەو بەردەوام هەوڵ بدەن هەبوونا خوە بسەلمینن، بخوینن و کار بکەن. هنگێ دێ بنە ئەندام دجڤاکا مەدا. بەرەڤاژی ڤێ یەکێ قەت دەرفەتا خوە نابینن.



دەرچۆنێن قوتابخانا چاڤدێریا پیران ل بازاڕێ ڤوپەرتال (فۆتۆ:ڕووداو)

## شەرمین و سیپەل زیرەکێن پۆلێ بوون

دوو قوتابیێن کورد ژی دناڤ وان 17 خویندکارێن دەرچوویی دا هەبوون. ئەسرا ئالپای، هەرچەندە ناخوازە نەتەوەیبوونێ بێخیتە ناڤ هەڵسەنگاندنا خوەدا لێ دهەمان دەمدا دبێژی هەموو پێگیری دەوامێ و وانێن خوە بوون و ب دروستی دچۆنە ماڵێن پیران هەروەها" شەرمین و سیپەل ژی ژ زیرەکێن پۆلێ بوون".

سیپەل دهۆکی ل سەر خواندنا خوە بۆ (ڕووداو) پەیڤی و گۆت "مامۆستاییێن مە گەلەک دباش بوون، ئەڤە دەرفەتەکا باش بوو کو ئەم ڕاستەوخوە تێکەلیێ دگەل ئەڵمانان بکەین و هەر چەندە ئەڵمانیا قوتابیێن زۆر وەڵاتێن دی ل مە باشتربوو، لێ دیسانیش پلەیێن مە ژ وان باشتربوون. لەوما ئەم دخوازین بەردەوامیێ پێ بدەین". خویندکارا دیکەیا کوردژی شەرمین عەبدولخالق بوو، گۆت "نەخۆشەک ل ماڵا پیران هەبوو، نە دخواست ب هیچ ڕەنگەکێ مە بیانیان ببینیت و ئەم نەدشیاین بچینە دژۆرا وێڤە. هەروەسا من دترۆمبێلا ئەمبۆلاسێ دا دگەل ئەڵمانان کاردکر هندەکا ژ وان حەز ژ مە نەدکر. ئەڤ تشتە بۆ من دنەخوەش بوون. لێ یا ژ هەمیێ نەخوەشتر ئەو بوو دەما ل ماڵا پیران نەخۆشەکا من ل پێش چاڤێن من مرد و داخواز ژ من کر کو ئەز پەنجەرێ ڤەکەم دا ڕوحا وێ ب خوەشی دەرکەڤیت، هەروەسا وەسیەت کر کو گوستیلا وێ یا شووکرنێ ژ تبلا وێ نەکەن دەما ڤەدشێرن".

### نووسەرێکی کورد لە وەزارەتی بەرگری هۆڵەندی دا

# ئیبراهیم سەلمان: زۆرنەمابوو تەڕەزان لە سلێمانی بمکوژێ

زارۆکێکی هەشت ساڵە دەبێت کە خێزانەکەیان ناچاردەبێ زاویتە بەجێبێڵن، ئێستاش کە تەمەنی 56 ساڵە هەر دووری وڵاتەکەی دەژیت. دوای ئەوەی لە کۆتایی حەفتاکان لەفیستیڤاڵێکدا لە پیرمام، کورتە چیرۆکێکی خوێندەوە زانی کە تازە جێگەی لە کوردستان نەما. دوای ئەو هەموو ساڵانەش هێشتا دوور لە شوێنی لە دایکبوونی دەژیت. ئیبراهیم سەلمان کە ساڵی 1981 چووەتە هۆڵەندا، وەک ڕۆماننووس پێگەیەکی دیاری هەیە لە ئەدەبی هۆڵەندیدا. وەک مامۆستایەکی خاوەن دکتۆرا لە شانۆدا و دەرهێنەریش کارەکانی خەڵاتی چەند فێستیڤاڵێکی بردووەتەوە. (ڕووداو) لە کافێیەکی ئەدەبیی ناو ئەمستەردامدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارانەی کردەوە:
ڕووداو– هۆڵەندا

**ڕووداو: ئیبراهیم سەلمان کێیە؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** مرۆڤێکی کوردم و زۆر حەزم لە وڵاتی خۆمە. من شوێنی لەدایکبوونی خۆم خۆشدەوێت. حەزیشم لە نووسین، ئەدەب، سینەما و شانۆیە. دەمێکە دەنووسم. یەکەمین کۆمەڵە چیرۆک کە بە بادینی نووسرابێت و چاپکرابێت من لە ساڵی 1979دا نووسیومە. یەکەمین دەقی شانۆیی بادینیش هەر لەو ساڵەدا من چاپمکردووە. سەرەتا بە عەرەبی دەمنووسی، بەڵام دواتر بڕیارمدا بە کوردی بنووسم. چەند شانۆگەرییەکیشم بۆ تەلەڤزیۆنی کوردی لە بەغدا سازکرد و لە 1978دا بڵاوکرانەوە. هەر ئەوکاتیش بەشداریم لە دوو فێستیڤاڵی ئەدەبیدا کرد لە هەولێر و پیرمام. دواتر لە ساڵی 1980دا شانۆگەرییەکم لە سلێمانی بە ناوی (ترس) پێشکێشکرد. کە خەریکبوو لەسەری بکوژرێم. ئەو کات کابرایەک هەبوو ناوێکی وەک تەرەزان و رامبۆ و ئەو شتانەی لێبوو و لە سلێمانی وەک پیاوی سەددام هەموو دەسەڵاتێکی هەبوو. بە بیرمە کە دوای نمایشی یەکەمی شانۆگەرییەکەم هاتە بەر دەرگا و پێیگوتم: بیستوومە شانۆگەری لەسەر کورد پێشکەش دەکەی! منیش پێمگوت: وایە. ئەویش بە توورەییەوە گوتی: خۆ دەشلێیت وایە! منیش پێمگوت پێم سەیرە تۆ شتێکی وا دەڵێیت، چونکە کورد هەیە و ناشاردرێتەوە.

**ڕووداو: ناوی چی بوو؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** نازانم، هەر ئەوەندەم وەبیرە کە بە دۆشکەیەکەوە دەهاتە ناو شار و بۆی هەبوو خەڵک لەسەر جاددە بکوژێت. ئەو کابرایە پاشناوێکی تەڕەزانانەشی هەبوو!

**ڕووداو: دوای ئەوە، لە سەرەتای هەشتاکاندا هاتیتە هۆڵەندا. لێرە چیتکرد؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** لێرەش یەکسەر کارم لەسەر شانۆگەریی ترس کردەوە و بە شێوازێکی نوێ نووسیمەوە و نمایشکرا. وەبیرمە ئەو کات ڕۆژنامەی فۆلکسکرانت وتارێکی دوور و درێژی لەسەر نووسی. هەروەها بەرنامەی ڕادیۆشی لەسەر سازکرا. ئەوە لە ساڵی 1982 بوو، واتە ساڵێک دوای هاتنم بۆ هۆڵەندا. ئەوکات هەم لە فێستیڤاڵەکاندا و هەمیش لەگەڵ کۆلێژی زانستی شانۆی زانکۆی ئەمستەردام چەندین شانۆگەریم نمایشکرد. دواتر لە ساڵی 1989 وازم لە شانۆ هێنا و یەکەمین فیلمم کە چل دەقیقە بوو بە ناوی (سێ شێواز بۆ پیاوێکی شاخاوی کە دەیەوێت ببێتە سەگی ئاوی) لە ساڵی 1991 دا بڵاوکردەوە. دواتر فیلمێکی دیکەیشم بە ناوی (کاروانێکی بێدەنگ) دروستکرد. پێشتریش شانۆگەریی (لە نێوان دوو بەهەشتدا)م لە تەلەفزیۆنی هۆڵەندیدا بڵاوبووەوە. هەر ئەوکاتیش بۆ ماوەی سێ ساڵ مامۆستای زانستی شانۆ بووم لە زانکۆی ئەمستەردام. نامەی دکتۆراکەم لەسەر کاریگەریی نیچە بوو بەسەر سترۆینبێرگەوە. بە تایبەتیش کتێبە بە نێوبانگەکەی ( وەهای فەرموو زەردەشت). تا ئێستا سێ ڕۆمان و کۆمەڵە وتارێک و دوو کۆمەڵە شیعرم بە هۆڵەندی چاپکردووە. هەروەها شانۆگەری (مەم و زین ) یشم نووسیوە و چاپکردووە، ئەوەی دواییان هاتە سەر پەردەی شانۆش.

**ڕووداو: ئەو کتێبانەت کە تا ئێستا چاپکراون. چەندیان فرۆشراون؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** ئەوەی کە لە ڕۆژنامەکانی هۆڵەندا لەسەر کتێبەکانم نووسراون، تەنیا ئەرێنی بوون. بەڵام تا ئێستاش کتێبەکانم نەبوون بە پڕفرۆشترین کتێبی هۆڵەندا. هۆیەکەیشی ئەوەیە کە من بۆ چینی دەستەبژێر دەنووسم و ئەوانیش دەمخوێننەوە.

**ڕووداو: ئەی چەند جار خەڵاتکراویت؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** سێ فیلمم کە بۆ وەزارەتی بەرگریی هۆڵەندی دەرمهێناون لە نیویۆرک و ڕۆما خەڵاتیان پێدراوە.



ئیبراهیم سەلمان (فۆتۆ:ڕووداو)

**ڕووداو:وەزارەتی بەرگری؟ نووسەر و شانۆکارێک کاری چییە لە شوێنێکی وادا؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** ( پێدەکەنێت) من لەوێ وەک دەرهێنەر کار دەکەم. وەزارەتی بەرگری ئێرە وەک ئەوەی عێراق نییە کە تەنیا ئەگەر لە خۆیان بیت کارت بدەنێ، من ئازادی تەواوم دراوەتێ و کارەکانیشم فیلمی سایکۆلۆژین کە بۆ سەربازان بەرهەم دەهێندرێن.

**ڕووداو: تۆ لێرە وەک نووسەر و شانۆکار و دەرهێنەر و مامۆستای زانکۆ ناوێکی دیاریت، بەڵام لە وڵاتی خۆتدا کەس ناتناسێ. بۆچی؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** ئاخر من لە لایەکەوە بە هۆڵەندی دەنووسم و لە لایەکی دیکەشەوە، پەیوەندییەکی وا فراوانی سیاسیم لە گەڵ کوردستاندا نییە. وەبیرمە کاتی خۆی باوکم پێیگوتم: کوڕم دەربارەی ئازارەکانی گەلەکەت بنووسە. من لێرە هەوڵمدا ئەو کارە بکەم و بە نووسینەکانم کورد بە ئەورووپی و هۆڵەندییەکان بناسێنم. برادەرێکی خەڵکی سلێمانیش پێیگوتم "دەمەوێ ڕۆمانێکت بکەمە کوردی، بەڵام کە بڵاوبووەوە دەبێ هەردووکمان خۆمان بشارینەوە!" .فیلمی کاروانێکی بێدەنگیش کاتی خۆی لە کوردستان بە هۆی شکاتی مەلاکانەوە قەدەخە کرا. ئیتر تۆ لە من چاکتر دەزانیت کە ئەوە بۆ وایە.

**ڕووداو: کەس هەوڵی نەداوە پەیوەندیت پێوە بکات؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** ڕۆژ تیڤی دوو جار پەیوەندییان کردووە و بەرنامەیان لەسەر بڵاوکردوومەتەوە. ئیتر تۆش پەیوەندیت پێوە کردم و یەکسەر ئامادەییم پیشاندا، بەڵام هەندێ کەسی دیکە کە پەیوەندی دەکەن شتی سەیریان لە من دەوێت. بۆ نموونە یەکێک داوای کردبوو کە دیدارێک بکەین، بەڵام دەبوایە من خۆم کامێرای بۆ بێنم و دیدارەکەش مۆنتاژ بکەم، وەک ئەوەی من ڕۆژنامەنووسەکە بم!

**ڕووداو: تۆ پێتوایە پاراستنی زمانی کوردی لە تاراوگەدا کارێکی تا ڕادەیەک مەحاڵە، بەڵام زۆر گەنجی کورد لێرە هەن کە کوردستانیان نەبینیوە و لە من و تۆش پاراوتر بە کوردی قسە دەکەن. پێتوانییە ئەوە بۆچوونەکەت هەڵوەشێنێتەوە؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** من خۆمت وەک نموونە بۆ دێنمەوە. کوڕێکم هەیە ئێستا تەمەنی 26 ساڵە و لێرە لە دایکبووە. من و دایکی بەیانی زوو دەڕۆیشتینە دەرەوە بۆ کار و خوێندن. ئەویش لە تەمەنی چوار ساڵییەوە دەڕۆیشتە قوتابخانە. ئێوارانیش کە دەهاتینەوە نانێکمان بە یەکەوە دەخوارد و دوایێ هەرکەسەو دەڕۆیشتە لای کارەکانی خۆی. ئیتر تەنیا پشووی کۆتایی هەفتەمان دەما. ئەوکاتیش بە بڕوای من بەس نەبوو بۆ ئەوەی کوردی فێر ببێ. ئەگەر منداڵ پێنج ڕۆژی هەفتە هەر بە هۆڵەندی قسە بکات، چۆن دەتوانێ ڕۆژەکانی دیکە زمانی بگۆڕێ؟ من تا ماوەیەکی زۆریش هەر بە کوردی دەمدواندن و دەمگوت: بێژە ب کوردی، ئەز تێناگەهم ب هۆڵەندی. بۆیەش ئێستا زارۆکەکانم کوردی دەزانن، بەڵام کوردی زان نین. ئیتر ئەوە واقیعەکەیە کاکە!

**ڕووداو: ئەی ڕۆڵی ئەرێنیی ئەو هەموو کەناڵە ئاسمانییە کوردییانە و ئینتەرنێتت لە بەرچاو نییە؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** با، ئێستا ئەوانە هاوکاری چاکن. من باسی ئەوەم دەکرد کە جاران پاراستنی زمان تا ڕادەیەک مەحاڵ بوو. ئیستا کوڕەکەم هەموو ڕۆژێک نیوکاژێر دەربارەی کوردستان لە سەر ئینتەرنێت دەخوێنێتەوە.

**ڕووداو: دوو هەفتە پێشتر وتارێکت بە هۆڵەندی بڵاوکردەوە و تێیدا دەڵێی: کوردی یەک زمان نییە، بەڵکو کۆمەڵە زمانێکە. بۆ ئەوە پشتت بە کام لێکۆڵینەوەی زانستی بەستووە؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** من لێکۆڵەری زمان نیم. بەڵام بە بڕوای من زمان ئەو کاتە زمانە کە یەک گراماتیکای هەبێت، مانای وشەکانی وەک یەک بن، ئەوانەی قسەی پێدەکەن لە یەکتری تێبگەن. من ناتوانم لە لوڕییەک یان زازایەک یان هەورامییەک تێبگەم. ئەگەر هاوڕێی سۆرانیم نەبا، لەویش نەدەگەیشتم و، تا ئێستاش ناتوانم پێی بنووسم و بخوێنمەوە. دەزانی ئەگەر ئێمە لێکتێنەگەین و هەتا ئێوارە هاوار بکەین کە کاکە ئەوانە شێوەزارن و یەک زمانمان هەیە، ئەوا درۆ لەگەڵ خۆماندا دەکەین.

**ڕووداو: سەیرنییە، ئەدیبێکی دیاری وەک تۆ بە بێ لێکۆڵینەوە شتێکی وا بڵێیت؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** من جارێکی دیکەش بە بڕواوە دەیڵێمەوە کە کوردی یەک زمان نییە. چونکە ئێمە هەمووومان لە یەکتر تێناگەین. سەیرکە هۆڵەندی و ئەڵمانی دوو زمانی ناو کۆمەڵە زمانی جێرمانین، ئەو دوو زمانانە هێندە لێک نزیکن کە کاتی خۆی قوتابیی ئەڵمانیم بە دوو سێ هەفتە فێری هۆڵەندی بوو، بەڵام هەرواش کەس ناڵێ ئەڵمانی و هۆڵەندی یەک زمانن. جا ئەگەر بێت و ئەمە بەراورد بکەیت لەگەڵ کرمانجی و سۆرانیدا، ئەوە دەبینیت کە ئەو دوو بە ناو شێوەزارانە جیاوازییان زۆر زیاترە لەگەڵ یەکتردا لە چاو هۆڵەندی و ئەڵمانی. ئەگەر لۆری و هەورامی و زازاکیشی بێنییە سەر ئەوە هەر لێک تێناگەین. ئیتر بۆ ڕاستییەکەی نەڵێین: دەستەواژەی زمانگەلی کوردی زۆر ڕاستترە لە زاراوەگەلی کوردی.

**ڕووداو: ئەی چی لەو هەستی هاوزمانییە بکەین کە هەولێری و ئامەدییەک بە یەکەوە دەبەستێتەوە؟ ئایا هێنانە ئارای زمانێکی ستاندارد چاتر نییە لەو لەبەر یەکترازانەی کە باسی دەکەی؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** سەیری مێژوو بکە، لە کوێدا ئەو هەستی هاوزمانییە بە زەقی دەبینیت؟ میری ڕواندز چی نەکرد بەو هاوزمانانەی کە تۆ باسیان دەکەی. ئێستاش ئەگەر بڕۆیە ئامەد 95%خەڵکەکەی وەک عیراقییەک تەماشات دەکەن نەک وەک کورد. داگیرکەران ئەو شتانەیان بە بەرنامە بەسەر ئێمەدا هێنا.

**ڕووداو: واتلێتێدەگەم کە: داگیرکەران زمانەکەمانیان وەک خاکەکەمان پارچە پارچە کردووە و دەبێ بوێرین دان بەو ڕاستییەدا بنێین و قبوڵی بکەین؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** داگیرکەران تاوانی گەورەیان دەرهەق بە کورد کردووە، بەڵام مەسەلەی زمان شتێکی دیکەیە. ڕەنگە کاتی خۆی زمانێکی نەتەوەییمان هەبووبێت کە هەموو کورد قسەی پێکردبێ، بەڵام ئێستا لە کوردستانی گەورەدا زمانگەلێک قسەیان پێدەکرێت کە لێک تێناگەن و ناکرێ ناویان بنێین زاراوە. من پێم باشە هەر لە ئێستاوە کار بکرێت بۆ دانانی زمانێکی هاوبەشی کوردی. بۆ ئەوەی بۆ نموونە پاش سەت ساڵی دیکە قسەی پێ بکرێت. با کەمێک واقیعبینیش بین،ئەو زمانە دەبێ زمانێکی قورئانییانە بێت تا بتوانێ ئەو کارە بکات. من حەز دەکەم کورد لە شتی دیکەشدا واقیعبین بێت، بۆ نموونە ئێمە زەینمان پڕ کراوە بەو بیرۆکانەی کە پێیانوایە کورد قەت نابەزن و هەر پیاوێکیان بە سەت پیاوە. کاکی خۆم ئەی ئەوەی وڵاتی داگیرکراوە و لەسەر خاکی خۆی ماڵ و سامانەکەی زەوتکراوە کێیە؟! ئەویش هەر کوردە نەبەزیو و هێندەی سەد پیاو ئازاکە نییە؟! باوەڕ بکە گۆڕان لە لای ئێمە لە واقیعبینینەوە دەستپێدەکا.

**ڕووداو: مانگی ڕابردوو لە فێستیڤاڵی برۆکسەل، نووسەرە کوردینووسەکان لە ناو هۆڵەکەدا دژی ئەو بۆچوونانەت ڕاوەستان و لەدەرەوەیش هەموویان پێیان گوتیت ڕاستدەکەیت. ئەوەیان چۆن بوو؟**

**ئیبراهیم سەلمان:** لە فێستیڤاڵەکەدا نووسەرانی کورد دەیانویست داواکارینامەیەک بدەنە وەزیرێکی حکومەتێکی هەرێمیی بەلجیکا تا پشتیوانی لە پەرەدان بە کولتوری کوردی بکات. کاتێک من قسەکانم کرد زۆر لەو نووسەرانە لەگەڵم کۆک نەبوون، بەڵام لە دەرەوەی هۆڵەکە هەموویان گوتیان قسەکانت ڕاستن، بەڵام نەماندەویست ئەورووپییەکان دوودڵ بن لە هاوکاریکردنی کولتوریمان. تەنیا کۆنێ ڕەش نەبێت کە ئەو هەر هاوڕا نەبوو لەگەڵم.

# (شوکری)ـە یان ئیمامی محەممەدی مەهدی

## رووداو وردەکارییەکانی محەممەد مەهدییەکەی هەولێر لەسەر زاری خۆی بڵاو دەکاتەوە



سالح قادر
rodan@rudaw.net

**رووداو- هەولێر**

ماوەی چەند مانگێکە دەنگۆی پەیدابوونی کەسێک بەناوی محەممەدی مەهدی لەشاری هەولێـر بـڵاو بووەتەوە، بەڵام ئەو کەسە لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (رووداو)دا دەڵێت "من گوتوومە مەهدیم، بەڵام نەمگوتووە محەممەدی مەهدیم".هەروەها (رووداو) زانیویەتی کە ماوەی چەند رۆژێکە ئەو کەسە لەلایەن ئاسایشی گشتی کوردستان، لەهەولێر بەمەبەستی لێکۆڵینەوە دەستگیر کراوە، بەڵام مامۆستایەکی ئایینی، کە هاوڕێی ئەو کەسەیە تا ئێستا باوەڕناکات محەممەد مەهدی گیرابێت و دەڵێت "ئەگەر ئەو کەسەی بانگەشەی محەممەدی مەهدی دەکرد، دەستگیر کرا بێت، کەواتە محەممەدی مەهدی نییە، چونکە محەممەدی مەهدی دەستگیر ناکرێ".

### ئەوەی بووەتە محەممەدی مەهدی کێیە؟

ئەوەی ئێستا بڵاو بووەتەوە کە محەممەدی مەهدییە، ناوی تەواوی شوکری ئەفەندی ئەمجەدییە، تەمەنی لەسەرووی 60 ساڵە. ناوبراو لەبنەچەدا لەبنەماڵەیەکی دیاری دەشتی هەریرە و، لەباشووری ئەفریقیا لەباوکێکی کورد و دایکێکی پاکستانی لەدایکبووە و لەساڵی 1998 هاتووەتەوە کوردستان، ماوەی چەند مانگێکیشە دەنگۆی مەهدی بوونی بەناو خەڵکدا بڵاوبووەتەوەو چەند کەسێکیش بوونەتە شوێنکەوتەی، تەنانەت هەندێ لە شوێنکەوتووانی مامۆستایانی ئایینین.

عیزەدین عەزیز ناوبەرگەیی، کە دۆستێکی نزیکی شوکرییە و، زانیاری وردی لەبارەی چوونی خانەوادەی شوکری بۆ باشووری ئەفریقیا بۆ (رووداو) باسکرد و گوتی "شوکری نەوەی مەلا ئەبوبەکرە فەندی میر رۆستەمییە، کە کاتی خۆی لەناوچەی سیساوە دانیشتوون، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەساڵی 1862 مەلا ئەبوبەکری میر رۆستەمی ناردە باشووری ئەفریقا، چونکە ئەوکات خیلافی مەزهەبی لەناوچەکەدا هەبوو، عوسمانییەکان دەیانویست مەزهەبی ئیمامی حەنەفی لەناوچەکە بڵاویکەنەوە، مەلا ئەبوبەکر لەوێ کچی کاپتن کۆخی هێنا، کە کەسایەتییەکی دیاری باشووری ئەفریقیا بووە".

شوکری ئەفەندی، کە کەسێکی باڵا بەرزو قژێکی کەمێک درێژی ماش و برنجی هەیە، بەردەوام جلی کوردی دەپۆشێت، وردەکاری ژیانی خێزانەکەی بۆ (رووداو) باسکرد و گوتی "باوکم دوو ژنی هێناوە یەکێکیان پاکستانییە و ناوی رەشیدەیە و دایکی منە، لەو دایکەم برایەک و 6 خوشکم هەیە، براکەم ناوی زەیدەو لەئیتاڵیا مامۆستای زمانی ئینگلیزییە".

شوکری تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی خوێندوە و شارەزاییەکی باشی لەزانستی پاراسایکۆلۆژیدا هەیە و دەڵێت "ئەو زانستە لەباوکم فێربوومە و باوکیشم لەباپیرم فێر بووە".

شوکری لەو بەدواداچوونە رۆژنامەوانییەدا باس لەچۆنیەتی هاتنەوەی بۆ کوردستان و چیرۆکی بوونی بەمحەممەدی مەهدی دەکات.

### رێگرەکانی مەرزی باشماخ

شوکری ئەفەندی لەساڵی 1998 دەگەڕێتەوە کوردستان، وەک خۆی باسیدەکات ئەوکات هیچ رێگەیەکی یاسایی نەبووە تا بێتەوە کوردستان بۆیە ناچار بووە بەقاچاخ لەرێگەی مەرزی باشماخ بێتەوە کوردستان، شوکری دەڵێت "لەگەڵ قاچاخچییەکە رێککەوتم بە 100 دینار بمگەیێنێتە گوندەکانی کوردستان".

یەکێک لەو کەسانەی شەوێک لەشەوان لەکۆڕی شوکری دانیشتووە ئەوەی بۆ (رووداو) ئاشکرای کرد کە شوکری بانگەشەی ئەوەی کرد، توانی لە "چەتەکانی سەر سنوور" دەرباز ببێت بەبێ ئەوەی زیانی پێ بگەیێنن، ئەو کەسە گوتی "ئەوە یەکەم شت بوو ئەو کابرایە بانگەشەی بۆ کرد بۆئەوەی پێی بسەلمێنێ کە ئەو محەمەدی مەهدییە".

شوکری چیرۆکی سەر مەرزەکەی بۆ (رووداو) گێڕایەوەو گوتی "کاتێک لەمەریوان بەرێکەوتم پیاوێک پێیگوتم پارەکانت لەناو گیرفانی کراس و پانتۆڵ و گۆرەوییەکانت دابنێ، چونکە پاسدار لێت دەستێنن، منیش تێنەگەیشتم، لەگەڵ سێ گەنج لەمەریوان بەئۆتۆمبێلێک وەرێکەوتین، کە لەسنوور نزیکبووینەوە پاسدارێک میلی چەکەکەی هێنایە خوارو، منیش جانتایەکم پێبوو کە قورئانێک و تەسبیحێک و دشداشەیەکی تێدابوو، لەو کاتەدا گوتم خوایە ئەو جانتایەم لەکۆڵ بکەیەوە، یەکێک لەگەنجەکان جانتاکەی لێوەرگرتم، کاتێک پاسدارەکان هاتن، گیرفانی گەنجەکان گەڕان پارەیان دۆزییەوە، بەڵام کە گیرفانی منیان تەماشا کرد هیچ پارەی تێدا نەبوو، منیش سەرم سوڕما ئەو پارەیە چی لێهات، بەڵام دوای ئەوەی لەپاسدارەکان دەرباز بووین بینیم پارەکەم لەگیرفاندایە، سەرم لەو کارە سوڕما".

### گەڕانەوە بۆ سیساوە

شوکری دوای ئەوەی دەگاتەوە کوردستان یەکسەر دەچێتەوە زێدی باوکی کە گوندی سیساوەیە، ئەو بەوبڕە کوردییەی دەیزانێ ناوی زۆربەی گوندەکانی ئەو دەڤەرەی هێنا وەک هەریر، باتاس، زینەتیر، دێرەشیر، شێخ مەموندیان.

سەبارەت بەچوونەوەی بۆ گوندی سیساوە، شوکری گوتی " من لەسەر وەسیەتی باوکم هاتمەوە بۆ سیساوە، چونکە باپیرە گەورەمان لە سیساوە حوجرەی هەبووە، منیش هاتم حوجرەکە ئاوەدان بکەمەوە، بەڵام حوجرەکە نەمابوو".

سەبارەت بەپێشوازی خەڵکی سیساوە لێی، شوکری دەڵێت"کە باسی مێژووی بنەماڵەکەی خۆمم کرد، منیان ناسییەوە و زۆر رێزیان لێگرتم".

ئەگەرچی شوکری دەڵێ بەڵگەم هەیە کە دەشتی هەریر هەر هەمووی وەقفی ئەوانە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە بستێک زەوی ناوچەکە وەربگرێتەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە کوردی نازانێت و نەیتوانیوە لەخەڵکەکە بگەیێنێت کە ئەو زەوییانە هی ئەون.

عیزەدین ناوبەرگەیی، وێڕای ئەوەی پشت راستیکردەوە کە زەوییەکانی دەشتی هەریر وەقفی بنەماڵەی شوکرین، بەڵام وەرنەگرتنەوەی ئەو زەوییانەی بۆ نەزانی شوکر گێڕایەوەو گوتی "کاتێک شوکر هاتبووەوە کوردستان یەکسەر چووبووە ئەو ناوچەیەو گوتبووی ئەو زەوییانە هەر هەمووی هی منن".هەروەها گوتیشی "پێشتریش مامەکانی هاتبوونەوە کوردستان بۆ مەسەلەی ئەو زەوییانە، بەڵام نەیانتوانیبوو بیسەلمێنن کە ئەو زەوییانە هی ئەوانن".

### بمانبە باشووری ئەفریقیا ژنت بۆ دێنین

شوکری ئەو کاتەی گەڕاوەتەوە کوردستان، هەرچەندە تەمەنی 52 ساڵ بووە، بەڵام بڕیار دەدات ژن بێنێت، بۆیە داوا لەبرادەرەکانی دەکات ژنێکی بۆ بدۆزنەوە.

شوکری دەڵێت "کە گوتم ژنم بۆ بدۆزنەوە، یەکسەر گوتیان ژنت بۆ دەدۆزینەوە، بەڵام دەبێت تۆش بمانبەیە باشووری ئەفریقیا، خەڵکەکە ئەوکات هەژار بوون، خۆزگەیان دەخواست لەژیانی کوردستان رزگاریان بێت، گریانم بۆ ژیانی ئەو خەڵکە دەهات".

(س) یەکەم ژن دەبێ لەدەرگای بەختی شوکری ئەفەندی دەدات، بەڵام لەگەڵیدا ناگاتە رێککەوتن، شوکری دەڵێت "شەوێک دوو برادەر هاتن، گوتیان ژنێکمان بۆ دۆزیویەتییەوە، وەرە بابچینە ماڵی ژنەکە، ژنەکە ناوی (س) بوو هەر کە بینیم رەفزم کرد، بۆ بەیانی برادەرێک هات، گوتی ئەوە دوێنێ شەو لەماڵی (س) بووی، منیش گوتم بەڵێ، ئەویش گوتی: نەکەی ئەو ژنە بخوازی، ئەو ژنە باش نییە".

دوای ئەو رووداوە شوکری ئەفەندی جارێکیتر پەنا بۆ خوا دەبات و دواجار خەونێک دەبینێت و دوای 10 ساڵ خەونەکەی دێتە دی. شوکری دەڵێت"باوکم هەمووجار پێیدەگوتم تۆ کوردی، بڕۆ بۆ لای برا کوردەکانت، بەڵام بەداخەوە ئەو برایانەم لەجیاتی هاوکاریم بکەن، ژنی خراپیان بۆ دەدۆزیمەوە".

شوکری لەبارەی خەونەکەی دەڵێت "رۆژێکیان نوێژم کرد لەخوا پاڕامەوە ژنێکی باشم بە نیسب بێت، شەو باوکی خۆم لەخەوندا بینی، رۆژنامەیەکی بەدەستەوە بوو، رۆژنامەکە وێنەی کچێکی قژ کورتی لەسەر بوو، لەسەری نووسرا بوو 18، باوکم لەخەونەکە گوتی کوڕم ئەوە خێزانی تۆیە".

بەڵام شوکری بەر لەهاتنەدی خەونەکەی، دوو ژنی دیکە دەهێنێ، ئەو لەبارەی ژنەکانی دەڵێت "ژنێکیان بۆ دۆزیمەوە گوتیان کچە، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت 7 مێردی کردووە، لەکاتی لێک جیابوونەوەمان لە یەکێک لە بنکەکانی پۆلیس بانگیان کردم، بەرپرسی بنکەکە پێیگوتم باش بوو ئەو ژنت تەڵاقدا، ئەو ژنە تائێستا 7 مێردی کردووەو هەر 7 مێردەکەی بەخەفەتان کوشتووە، ژنەکەی دیکەشم عەرەب بوو، خەڵکی دیوانییە بوو، هەرچەندە 3 منداڵم لێی هەبوو، بەڵام تەڵاقمدا چونکە خەڵکی پێیاندەگوتم ژنی دیوانییە خوو رەوشتیان باش نییە".

لەبارەی دوایین ژنیشی کە کچی خوشنووسێکە بەنێوی رەمەزان، شوکری گوتی "رۆژێک رەمەزان داوەتی ماڵەوەی کردم و منداڵەکانی نەخۆش بوون، منیش دوعام بۆ کردن و چاکبوونەوە، کە کچەکەی رەمەزانم بینی، هەمان ئەو کچە بوو کە لەخەونەکەدا باوکم پێیگوتم ئەوە بۆ تۆیە، بۆیە منیش یەکسەر خواستم".

> **تەلەڤزیۆن دەجال نییە بەڵکو یەکێکە لە ئامێرەکانی دەجال**

### مەلا جەمیل پروپاگەندی لەدوا کردم

وەک لەقسەکانی شوکریدا دەردەکەوێ زۆربەی ئەوانەی پرۆپاگەندەی خراپ و بوونی بە محەممەدی مەهدیان لەدوای کردووە، مامۆستایانی ئاینی بوونە.

ئەو لەو بارەیەوە چیرۆکێکی خۆی بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوەو دەڵێت "رۆژێکیان پیاوێک هات لە دەرگایدا ناوی مام لەتیف بوو، کوڕەکەی نەخۆشبوو، هاتبوو بۆ ئەوەی دوعایەکی بۆ بکەم، کوڕەکەی ناوی نەوزاد بوو، زۆر شوێنیان پێکردبوو چاک نەببووەوە، تەنانەت رەوانەی ئێران و تورکیا و ئەورووپاشیان کردبوون، بەڵام سوودی نەبوو، دواتر چووبووە لای مەلا جەمیل، کە هەردوو چاوی کوێرە، ئەویش هەندێک قورئانی لەسەر خوێندبوو، کەمێک باش ببوو، کە من دوعام بۆ کرد خودا دوعاکەی قبوڵکرد و چاکبووەوە، دواتر نەوزاد باسەکەی بۆ مەلا جەمیل گێڕابووەوە، ئەویش بەنەوزادی گوتبوو، ئەوە بەسیحری رەش چاکی کردوویەتییەوە، گوتبووی گوایە من جانتایەکی رەشم هەیە، جانتاکە مشکی تێدایە".

هەروەها شوکری باسی لەمەلا (ب) کرد، کە بەقسەی خۆی پرۆپاگەندی زۆری لەدوا کردووە، شوکری دەڵێت "مەلا (ب) بەناو خەڵکیدا بڵاوی کردەوە کە من کەسێکی سیحربازم و بەکرێگیراوی ئەمریکا و ئیسرائیلم".

### خەون، شوکری دەکاتە محەممەدی مەهدی

شوکری ئەمجەدی یەکەم کەس نییە کە پروپاگەندی بوونی بە محەممەدی مەهدی لەدوا دەکرێ، بەڵکو پێشتریش کەسانی دیکە هەبوونەبانگەشەی ئەوەیان کردووە محەممەدی مەهدین، لەنەوەتەکانیش لە شارۆچکەی سەنگەرسەر کەسێک بەناوی سەید مستەفا عەلی شێخ مستەفا مامەنداوە، لە ساڵی 1988بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە محەممەدی مەهدییە، خەڵکێکی زۆریشی لەچوار دەوری کۆبوویەوە، بەڵام دواتر لەگەڵ 4 لە شوێنکەوتوانی لە شاری هەولێر لەلایەن حزبێکی ئیسلامییەوە تیرۆر کران لە ساڵی 2002.

سەید مستەفا، کە خاوەنی کتێبێکیشە بەناوی (کلمات الله)، دوای ئەو بانگەشە کردنە خەڵکێکی زۆری لەچوار دەوری خۆی کۆکردەوە، دوای کوشتنیشی هەندێک کەس تا ئێستا چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکەن، تەنانەت کچێکی سەنگەسەر لەچاوەڕانی سەید مستەفا تا ئێستا شووی نەکردووەو خۆی بۆ ئەو داناوە. لە ساڵی 2002 شوێنکەوتوانی کتێبێکیان بەناوی (پەیڕەوانی ئیمامی مەهدی) دەرکرد.

شوکری سەرجەم ئەو قسانە رەتدەکاتەوە، کە دەڵێن ئەو محەممەدی مەهدییە، ئەو دەڵێت " من گوتوومە مەهدیم، بەڵام نەمگوتووە محەممەدی مەهدییم، مەهدییەکەشم ئەوەیە، کە من خەڵکی نەخۆش چاکدەکەمەوە و شەیتانیان لێ دوور دەخەمەوە، بۆیە شەیتان بڕیاریداوە دژایەتی من بکات، یەکەم شتیش کە کردی نێوانی من و خێزانەکەمی تێکدا".

ئەو راستی چیرۆکی بوون بە محەممەدی مەهدی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و ئاماژەی بەدوو خەوندا کە سەرەنجام کردوویانە بەمحەممەدی مەهدی. پێیشیوابوو برادەرە نزیکەکانی بەو رۆژگارەیان گەیاندووە کە بەساختەچی ناوی دەبەردن بەتایبەتی حاجی (ز)، کە لەرێگەی عیزەدینی هاورێی ناسیویەتی، شوکری دەڵێت " حاجی (ز) سەرەتا بەڵێنی پێدام هاوکاریم بکات، بەڵام دواتر ساختەچی دەرچوو".

وەک شوکری ئاماژەی پێدا خەونەکەی حاجی (ز) و کوڕەکەی هۆکارێک بوونە بۆ ئەو بانگەشەیە .شوکری خەونەکانی گێڕایەوەو گوتی"رۆژێکیان لەگەڵ عیزەدینی هاوڕێم چووینە ماڵی حاجی (ز) ژنەکەی نەخۆشبوو، کوڕەکەی چاوی بە من کەوت، گوتی بابە ئەوە ئەو پیاوەیە من لەخەونمدا بینیم. خەونەکەش بەو جۆرە بوو، گوایە کوڕەکەی حاجی (ز) کەسێکی لەخەون بینیوە، هەموو گیانی ئاسن بووە، تەنیا دەستەکانی نەبێ، دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردووەتەوە، منیش هاتووم دوعام کردووە و ئاسنەکە یەکسەر بووەتە گۆشت".

خەونی دووەمیش کەحاجی (ز) بینیویەتی، شوکری وەهای بۆ (رووداو)



شوکری ئەفەندی ئەمجەدی

(فۆتۆ: رووداو)

گێڕایەوە"حاجی (ز) مەلایەک لەخەونـدا دەبینێت تەسبیحێکی دەداتێ، دواتر مەلایەکە دەمرێ، خەونەکە وا لێکدرایەوە کە ئەو تەسبیحە پارەیە، حاجی (ز) بەدوای مەلایەکەدا دەگەڕێت تاوەکو دەبینێتەوە، کە ئەویش مەلا سیبغەتوڵڵایە".

شوکری زیاتر لەبارەی مەلا سیبغەتوڵڵا دەدوێ و دەڵێت "مەلا سیبغەتوڵڵا خۆی و خێزانی و خەسووی سەردانیان کردم، نەخۆش بوون دوعام بۆ کردن، دواتر کوڕەکەی حاجی (ز) خەونی پیاوە ئاسنەکەی بۆ گێڕابووەوە، ئەویش یەکسەر دیعایەی بڵاو کردەوە کە من محەممەدی مەهدیم".

بەڵام مەلا سیبغەتوڵڵا ئەوە رەتدەکاتەوە کە گوتبێتی ئەو کەسە محەممەدی مەهدییە، ناوبراو بۆ (رووداو) گوتی "من گوتوومە ئەو کەسە مەهدییە، بەڵام نەمگوتووە محەممەدی مەهدییە".

عیزەدینی هاوڕێی شوکری سەرسوڕمانی خۆی لەبڵاوبوونەوەی هەواڵی چیرۆکی محەممەدی مەهدی دەربڕی و گوتی "کاک شوکری زۆربەی کات باسی کوردایەتی دەکرد، قەت باسی ئەوەی نەکردووە کە ئەو محەممەدی مەهدی بێت، تەنانەت دوای ئەوەی ئەو قسەیە لەرۆژنامەکان بڵاوکرایەوە پەیوەندیم پێوەکرد، حاشای لەو شتە کرد، گوتی حەز دەکەم رۆژنامەنووسێکم بۆ بێنی چاوپێکەوتنم لەگەڵ بکات، بۆ ئەوەی رەدی ئەو قسانە بدەمەوە".

### شوکری خۆی دەشارێتەوە

دوای ئەوەی بۆ یەکەمجار چیرۆکی پەیدابوونی محەممەدی مەهدی بڵاو دە بێتەوە، چەندین رۆژنامەو گۆڤار هەوڵدەدەن شوکری بدوێنن، بەڵام کەس شوکری دەست نەکەوت.

یەکێک لەو کەسانەی کە رۆڵی هەبوو لەشاردنەوەی شوکری، رەمەزان خەتاتی خەزووری بوو، تەنانەت ئەو کەسە بوو، کە شوکری مژدەی رزگار کردنی قودسی پێداوە، گوایە قودس لەسەر دەستی رەمەزان ئازاد دەکرێ

شوکری وێڕای ئەوەی رەتیدەکاتەوە مژدەی ئازادکردنی قودسی بەخەزوورەکەی دابێ، لە هەمانکاتیشدا دەڵێت "کاتێک گوێبیستی ئەو قسەیە دەبم کە من مژدەی رزگار کردنی قودسم بەخەزوورەکەم دابێ، هەست بەشەرمەزاری دەکەم، چونکە خەڵک گاڵتەی بەو قسانە دێت".

رەمەزان خەتات زۆربەی کات لەجیاتی شوکری قسەی کردووە، یەکێک لەو کەسانەی کەسەردانی رەمەزان خەتاتی کردووە، بۆ ئەوەی لەرێگەی ئەوەوە شوکری ببینێت و ببێتە شوێنکەوتەی ئەو، گوتی رەمەزان یەکەمجار رێنمایی کردووە کە غوسڵی تەوبە بکات و هەروەها نوێژی سوننەتی ئیستخارە بکات، پانتۆڵ لەبەر نەکات و بەجلی کوردی و کڵاوەوە نوێژ بکات، بۆ ماوەیەکی زۆریش ئارام بگرێ تاوەکو محەممەدی مەهدی دەبیینێ.

کاتێک ئەو بەسەرهاتە بۆ شوکری دەگێڕینەوە ئەو پێدەکەنێ و دەڵێت "بەڕاستی ئەو قسانە مایەی پێکەنین".

سەبارەت بە خۆشاردنەوەشی شوکری ئەفەندی دەڵێت "پێشتر دوعام بۆ هەموو خەڵک دەکرد،کاتێک بڵاو بووەوە کە من محەممەدی مەهدیم ترسام لەوەی بکوژرێم، بۆیە بەباشم زانی خۆم بشارمەوە".

هەروەها لەبارەی شکات نەکردنی لەو کەسانەی کە بانگەشەی ئەوەیانکرد بوو کە شوکری، محەممەدی مەهدییە، شوکری گوتی "سەرەتا بڕیارمدا شکات بکەم، بەڵام کوردیم نەدەزانی، جگە لەوەش حاجی محەممەد کە هاوڕێیەکی نزیکمە و زۆر بەکەڵکم هاتووە نەیهێشت شکات بکەم و گوتی : وازی لێبێنە ئەو باسە خەڵک هەر ماوەیەک باسی دەکەن دواتر لەبیری دەکەن".

### شێخەکەی پاکستان

شوکری کاتێک گوێبستی چیرۆکی شێخەکەی پاکستان بوو، سەرسوڕمانی خۆی لەبڵاوبوونەوەی ئەو چیرۆکە دەبڕی و حاشای لەوە کرد چیرۆکەکەی گێڕابێتەوەو تەنانەت یەکەمجار گوتی "شتی وا راست نییە".

(رووداو) چیرۆکی شێخەکەی پاکستانی لەزاری کەسێک بیست، کە دووجار لەگەڵ شوکری دانیشتووەو ویستوویەتی ببێتە یەکێک لەشوێنکەوتووانی، بەڵام دواتر پەشیمان بووەتەوە، ئەو کەسە کە بەباشی نەزانی ناوی بهێنرێ گوتی "شوکری گوتی شێخێک لەپاکستان ناوی من و ژمارە تەلەفۆنی منی لەئاسمان بینیبوو دابوویە کەسێکی رووحانی کە نەخۆش بوو بۆ ئەوەی من چاکی بکەمەوە".

هەر چەندە سەرەتا شوکری نکۆڵی لەو بابەتە کرد، بەڵام دواتر بەسەرهاتی شێخەکەی پاکستانی بۆ (رووداو) گێڕایەوەو گوتی "رۆژێکیان تەلەفۆنیان بۆ ماڵەوە کرد، ژنەکەم تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، پیاوێک لەتەلەفۆنەکە گوتی کوا قورەیش لەکوێیە، ژنەکەشم بانگی کردم و گوتی وەرە تۆیان دەوێت، پیاوەکە لەتەلەفۆن پێیگوتم: تۆ کەسێکی دوعا دەخوێنی حەز دەکەم سەردانت بکەم، منیش کاتێکم بۆ دیاریکرد و سەردانیکردم و دوعام بۆ کرد و چاکبووەوە، ئەو پیاوە پیاوێکی رووحانی بوو، دانیشتووی باشووری ئەفریقیا بوو".

شوکری ئەو رووداوەی بۆ 13 ساڵ پێش ئێستا گەڕاندەوەو درێژەی بەگێڕانەوەی رووداوەکە داو گوتی "لەپیاوەکەم پرسی چۆن منت دۆزییەوە، ئەویش گوتی: بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی زۆر شوێن گەڕاوە، ئەورووپا، تورکیا، عێراق، سعودیە و ئێران، دواجار باسی شێخێکی گەورەیان بۆ کردووە لەپاکستان، شێخەکەش ناوی من و ژمارە تەلەفۆنەکەمی دابووە ئەو پیاوە ئەویش بەو هۆیەوە هاتە لای من".

### برادەرەکانی شوکری چ دەڵێن؟

هەرچەندە شوکری لەلای برادەرەکانی دەکرێتە پاڵەوانی چەندین بەسەرهات و رووداو، بەڵام ئەو رەتیدەکاتەوە کە پاڵەوانی ئەو رووداو و بەسەرهاتانە بێ.

ئەوەی تێبینی دەکرێ، بەشێک لەوکەسانەی ویستوویانە دوای شوکری بکەون، مامۆستایانی ئایینی بوونە. (رووداو) چەند مامۆستایەکی ئایینی دواند ئەگەرچی بەشێکیان حاشایان لەمەسەلەکە کرد، بەڵام 3 لەو مامۆستایانە دانیان بەوە دانا کە هاموشۆی شوکریان کردووە، بەڵام مەبەستیشیان تاقیکردنەوەی شوکری بووە نەک شوێنکەوتنی.

مەلا سیبغەتوڵڵا محەممەد شەفیع، کە ماستەری لەخوێندنەوەی قورئان لەزانکۆی خوێندنی ئیسلامی لەسعودیە بەدەست هێناوە و ماوەیەکی زۆریش لەوڵاتی کەنەدا ژیاوە، یەکێکە لەوانەی هاموشۆی شوکری کردووە.

مەلا سیبغەتوڵڵا مەبەستی هاموشۆکردنی خۆی بۆلای شوکری روونکردەوەو گوتی "لەهەر شوێنێک کەسێکی خواپەرست بدۆزمەوە سەردانی دەکەم، بیستم ئەوکەسەش کەسێکی خوا پەرستە و توانایەکی لەرادەبەدەری هەیە بۆ نوێژکردن، بۆیە سەردانیم کرد، کە بینیشم راست دەرچوو کەسێکی زۆر خواپەرست دیار بوو، بەتەواوی پشتی لەدونیا کردبوو".

ئەو کۆمەڵە شتێک لەسەر زاری شوکری دەگێڕێتەوە، کە دواجار ئەو شتانە دەبنە هۆی دوور کەوتنەوەی مەلا سیبغەتوڵڵا لەشوکری.

مەلا سیبغەتوڵڵا دەڵێت "شوکری شتی سەیری باس دەکرد کە عەقڵ قبوڵی نەدەکرد، بۆ نموونە دەیگووت، کە شەوان کارەبا دێتەوە، مانای وایە قیامەت ورۆژی دوایی نزیک بووەتەوەو رۆژ لە رۆژئاواوە هەڵاتووە، یان دەیگووت ئەمریکا و بەریتانیا واتە یەئجوج و مەئجوج، هەروەها دەشیگووت: 99%ی مەلایانی کوردستان کافرن، جگە لەوەش ئەو کەسە نەیدەزانی سورەتی فاتیحە بەرەوانی بخوێنێ، کەچی بەئارەزووی خۆی قورئانی تەفسیر دەکرد، هەر لەبەر ئەو شتانەش لێی دوور کەوتمەوە".

مەلا سیبغەتوڵڵا، سەبارەت بەدەستگیرکردنی شوکری دەڵێت "ئەگەر ئەو دەستگیر بکرێت کەواتە محەممەدی مەهدی نییە، چونکە بەگوێرەی ئایەت و فەرموودە محەممەدی مەهدی دەستگیر ناکرێ، دواتریش ئەو دەیگووت: گوللە کارم لێناکات ئەگەر 30 گوللەشم لێبدەن هیچم بەسەر نایێت، ئەگەر دەستگیر کردنەکەی راست بێ، ئەوە موریدەکانی سیفەتی محەممەدی مەهدی لێوەردەگرنەوە".

مەلایەکی دیکەی ئایینی کە نەویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، ئەویش یەکێکبووە لەوانەی وەک خۆی باسیکرد بەدوای چیرۆکی محەممەدی مەهدی وێڵ بووەو دواجار خۆی دەگەیێنێتە شوکری، بەڵام دواجار بەهۆی ئەوەی کە شوکری باسی لەهەندێک شت کردووە، پێچەوانەی قورئان و فەرموودە بووە، لێی دوورکەوتووەتەوە.

ئەومەلایە وەک خۆی باسیکرد تەنیا یەکجار سەردانی شوکری کردووە، بەڵام دواتر لەناو خەڵک بڵاوبووەتەوە کە بووەتە شوێنکەوتەی شوکری، هەر بۆیە بەیاننامەیەک دەردەکات و حاشا دەکات ئەو کەسە محەممەدی مەهدی بێت و ئەویش دوای کەوتبێت.

ئەو مەلایە بۆ (رووداو) گوتی "تەنیا یەکجار سەردانی شوکریم کرد، مەبەستیشم لەسەردانەکە ئەوە بوو، بزانم راستە ئەوە محەممەدی مەهدییە، بەڵام لەکاتی قسە کردن هەندێک شتی باس کرد بەپێچەوانەی ئایەت و فەرموودە بوو، بۆ نمونە گوتی: فەرموودەکانی پێغەمبەر راست نین و زۆربەیان فەرموودەی لاوازن، کە ئەو قسەیەی کرد لێی دوور کەوتمەوە".

### ئایا تەلەڤزیۆن دەجالە؟

یەکێک لەباسانەی لەسەر زاری شوکری دەگێردرێتەوەو ئەویش رەتیدەکاتەوە ئەوەیە کە گوایە گوتوویەتی تەلەفزیۆن دەجالە.

گەنجێک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە و، یەکێکە لەو کەسانەی زۆر بەدوای مەسەلە ئاینییەکانەوەیە،دوای بیستنی چیرۆکی پەیدابوونی محەممەدی مەهدی لەهەولێر، بەهەر شێوەیەک بێت شوکری دەدۆزێتەوەو لەچەند دانیشتنێکی ئەودا بەشدار دەبێ.

ئەو گەنجە ئاماژەی بەوەدا کە شوکریان وەک محەممەدی مەهدی پێ ناساندووەو لەسەر زاری ئەو باس لەوە دەکات کە شوکری لەیەکێک لەدانیشتنەکان تەلەڤزیۆنی بە دەجال شوبهاندووەو داوای کردووە تەلەڤزیۆن لەماڵەکان نەهێڵدرێ.

ئەو گەنجە گوتی "شوکری لەدانیشتنەکە دەیگووت، تەلەڤزیۆن دەجالە چونکە یەک چاوی هەیە و بەسواری گوێدرێژ دێت، گوێدرێژەکەش مێزی تەلەڤزیۆنەکەیە".

بەپێی زانیارییەکان،زۆربەی ئەوانەی هاتووچۆی شوکریان دەکرد تەلەڤزیۆن لەماڵەکەیاندا نییە، شوکریش کە تەلەڤزیۆنی نییە دەڵێت " لەبەر ئەوەی زمانی کوردی نازانم و لەکوردی تێناگەم بۆیە تەلەڤزیۆنم نییە"، هەروەها ناوبراو رەتیکردەوە کە تەلەڤزیۆنی بە دەجال چوواندبێت و گوتی "من نەمگوتوە تەلەڤزیۆن دەجالە بەڵکو گوتوومە تەلەڤزیۆن یەکێکە لەئامرازەکانی دەجال".

## نەخۆشی هەژاران لەکوردستان زیاد دەبێت

# 1326 کەس لەکوردستاندا تووشی نەخۆشی سیل دەبن



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

**رووداو-هەولێر**

بەپێی ئەو ئامارانەی لەوەزارەتی تەندروستی حکومەتی کوردستانەوە دراوە بە (رووداو) لەماوەی 26 مانگی رابردوودا 1326 کەس لەکوردستاندا تووشی نەخۆشی سیل بوون و زۆرینەی تووشبووانیش لەپارێزگای هەولێردان.

وەک لەئامارەکاندا دەردەکەوێت ژمارەی ئەو کەسانەی لە ساڵی 2007دا دووچاری ئەم نەخۆشییە بوون بە 555 کەس تۆمار کراوە کە 210 کەسیان لەهەولێرەو 192کەسیان لەسلێمانییەو 153 کەسیش لەدهۆک، جیاواز لە ساڵی 2007 ژمارەی تووشبوان لەساڵی 2008دا زیادی کردووە، چونکە تەنها لەمانگی یەک و دووی ئەمساڵدا 91 کەس لەهەولێر تووشبووەو 50 کەسیش لەسلێمانی و 30 کەسیش لەدهۆک.

نەخۆشیی سیل بۆ یەکەمجار لەلایەن رۆبەرت کوخ لەساڵی 1882 دۆزراوەتەوەو بەپێی ئامارە نێودەوڵەتییەکان لەساڵی 1883ەوە نزیکەی 200 ملیۆن کەس بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە گیانیان لەدەست داوە. ئەو نەخۆشییە بەهۆی بەکتریایی کیوبەر کلۆسفەوەیەو تووشی کۆ ئەندامی هەناسەی مرۆڤ دەبێت و ناتوانێ بەئاسانی هەناسە بدات و پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوەو کێشیشی کەمدەکات.

لەکوردستاندا نەخۆشی سیل بەزۆری لەناو خەڵکانی هەژاردا بڵاوبووەتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی شوێنێکی شیاویان نییە بۆ ژیانیان.

وەک د.زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان، لەبارەی ئەو نەخۆشییەوە دەڵێت"سیل نەخۆشییەکە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بەهۆی بەکتریاوە دەگوازرێتەوە، لەکۆندا پێیانگوتووە نەخۆشی خەڵکی هەژار، لەوخەڵکانەدازیاترسەرهەڵدەدات کە لە خانووی ناتەندروستدا دەژین و هەتاو ناچێتە ژوورەوە و لەماڵەوە قەرەباڵخن و چەندین کەس لە ژوورێکدا دەخەون و خواردنیان باش نییە و لەرووی بەرگرییەوە لاوازن".

ژمارەی دانیشتووانی شار بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە بەتایبەتیش دوای کۆچی گوندنشینان، کە لەخانووی بچووکدا ژیان بەسەر دەبەن، بەڕای وەزیری تەندروستی ئەو کۆچە هۆکارێک بوو بۆ زیادبوونی نەخۆشی سیل.

وەزیری تەندروستی، ئەمە زیاتر رووندەکاتەوەو دەڵێت "زۆربەی ئەوانەی لەگوندەکانەوە هاتوونەتە ناوشار ژمارەی خێزانەکانیان یەکجار زۆرە، خانوویەکی بچوکیان بەبلۆک دروستکردووە، ئەگەر یەک کەس لەماڵەکەدا تووشی نەخۆشییەکە بێ زۆر بەپەلە لەنێو خێزانەکەدا بڵاو دەبێتەوە".

جگە لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو زیاتر لە 7 هەزار کەس لەعێراقدا دووچاری ئەم نەخۆشییە بوونەتەوەو، بۆ رێگە گرتنیش لەنەخۆشییەکە هەریەک لەوەزارەتی تەندروستی عێراق و کوردستان چەندین کۆبوونەوەی تایبەتیان کردووە و بەتەواوەتی هەستیان بەمەترسییەکانی ئەم نەخۆشییەکردووە.

وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان ئاماژەی بەوەدا چەند رۆژێک پێش ئێستا لەگەڵ وەزیری تەندروستی عێراقی کۆبونەوەیان کردووەو لەهەرسێ پارێزگای کوردستانیش لیژنەیان لە لێپرسراوانی نەخۆشخانەکانی سینگ دروستکردوەو کۆمیتەیەکی هاوبەشیشیان دروستکردووە کە خۆم بەرپرسی ئەوکۆمیتەیەم" تاوەکو بزانین نەخۆشییەکە بەرەو کوێ دەچێت".

هۆکاری زیادبوون و چارەسەر نەبوونی ئەو کەسانەی کە دووچاری نەخۆشی سیل بوونەتەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەک پێویست دەرمانی چارەسەر ناخۆن و تائێستاش ئەم گرفتە بەردەوامە.

د. زریان عوسمان، ئاماژە بەوە دەکات کە" یاسایەک هەیە پێی دەڵێن دۆتس ئێستا وەزارەتی تەندروستی سەرقاڵی کارکردنن بۆی و بەپێی ئەو یاسایە، کۆمەڵێک کادیر دروست دەکەین بۆ ئەوەی کەسێک نەخۆش بێت ئەو کادیرە دەچێتە لای و دەرمانی دەداتێ، لیستی نەخۆشەکانمان هەیەو رۆژانە بەسەریاندا دەسووڕێتەوەو حەبەکەی دەداتێ و بەبەرچاوییەوە دەیخوات، چونکە بەداخەوە نەخۆشەیەکە بۆیە بڵاودەبێتەوە یاخود نەخۆشەکە چاک نابێتەوە ماوەی شەش مانگ بۆ ساڵێک پێویستی بەدەرمانە، خەڵکی ئێمەش دوو مانگ دەیخوات و دەڵێت چاک بوومەتەوە ئیتر نایخوات".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتووە رێژەی تووشبوان بەنەخۆشی سیل لەکوردستان لەئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی زیاترە، چونکە بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی کوردستان ناوی نەخۆشەکانیان لەلیستی تووشبواندا تۆمار ناکەن.

وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەپلانی وەزارەتەکەی دا بۆ چارەسەری ئەو گرفتە و گوتی "چەند ئۆتۆمبێلێکی وێنەی تیشکی بچووکمان لەرێکخراوی تەندروستی جیهانی وەرگرتووە و بەسەر کۆڵان و قوتابخانەو گوندەگاندا دەگەڕێین و تیشکی سینگی هەموو هاووڵاتیان دەگرین، ئێستا سەرقاڵی مەشقکردنین و بەمزووانە دەست بەهەڵمەتێک دەکەین، سەرەتا دەچینە ئەو جێگایانەی کە جێگای مەترسین و خەڵکەکەی هەژارن و خانووەکانیان بچوکەو خەڵکی زۆر لێدەژی، بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێک تووشبووبێت، بەخێرای بیدۆزینەوە".

لەبارەی دروستکردنی سەنتەرێکی پێویستیش بۆ ئەم نەخۆشییە وەزیری تەندروستی وتی "رێکخراوی تەندروستی جیهانی، نەخۆشخانەی سینگەکەی هەولێرمان بۆ نۆژەن دەکەنەوەو تاقیگەیەکی چاکیشمان بۆ دروست دەکەن".

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوە نەخۆشی سیل، نەهێشتنەوەی نەخۆشەکانە لەشوێنێکی تایبەتداو بڵاوبوونەوەیانە بەناو خەڵکدا، ئەگەرچی لەرابردوودا تووشبوانی ئەم نەخۆشییە لەژوورێکدا دادەنران، بەڵام دواتر هەریەک لەرێکخراوەکانی WHO و UNDP ئەمەیان وەک پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ ناوبردو قەدەخەیانکرد، ئێستاش تووشبوانی ئەم نەخۆشییە دوو هەفتە جارێک سەردانی سەنتەری سیل دەکەن و حەپ وەردەگرن.



د.رۆبەرت کۆخ-ی ئەڵمانی ساڵی 1882 نەخۆشی سیلی دۆزییەوە و ساڵی 1905 خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت

# لە کوردستان هەندێک لە نۆڕینگەکانی پزیشکان لەسەرووی دەسەڵاتی وەزیرەوەن

## "دکتۆری کورد هەموویان باش و بێ عەیب نین، بەڵام لە کاری درێودا نەگەیشتوونەتە دامێنی عەرەب"



سەلام سەعدی
salam2004s@yahoo.com

**رووداو- هەولێر**

گلەیی و گازاندەو تۆمەتبارکردنی هەندێ لە نۆرینگە پزیشکییەکان سنووری خەڵکی ئاسایی تێپەڕاندووە و گەیشتووەتە نێو دکتۆرەکان خۆیشیان و تەنانەت وەزارەتی تەندروستیش. لە کاتێکدا نە وەزارەت و نە سەندیکای پزیشکان دەسەڵاتیان بەسەر هەندێک لەو نۆرینگانەدا ناشکێ، نەقیبی ئەو سەندیکایە دەڵێت "هەر هاووڵاتیەک سکاڵای لەسەر دکتۆرێک هەیە با سەردانی ئێمە بکات".

دکتۆرە (ش) پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵبوون و ژنان لە نۆرینگەکەی دانیشتووەو بەتایبەتی باسی هەندێک لەو دکتۆرە عەرەبانە دەکات کە لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی بارودۆخی خراپی ناوچەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراقەوە روویان لەشارەکانی کوردستان کردووە "من ناڵێم دکتۆری کورد هەموویان باشن و عەیبیان نییە، بەڵام لە کاری درێو نەگەیشتوونەتە دامێنی عەرەب".

ئایا فاکتەری نەتەوەیی لەپشتی ئەم تووڕەییەیە، یان ئەوەی کە دەگوترێ دکتۆرەکان لەنێوان خۆیان کێشەی زۆریان هەیەو قسەو قسەڵۆک بۆ یەکدی هەڵدەبەستن، یانیش بەڕاستی هەندێ لەو دکتۆرە عەرەبانە کاری "درێو" دەکەن؟.

دکتۆر زریان وەزیری تەندروستی ئاماژە بەکاری درێوی یەکێک لەو دکتۆرە عەرەبانە دەکات کە ناوی "ئەتیاف"ەو پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و لەدایکبوونەو دەڵێت "ئەو دکتۆرە ئەتیافە ماوەیەک بەو خەڵکەی رادەبوارد، ئامێرێکی دانابوو لە نۆرینگەکەی، ئافرەت دەچوونە لای دەیگوت لێزەر لە سکت دەدەم منداڵت دەبێت، ئافرەتەکە دەبوو چەند جارێک بچێتەوەلای گوایە لێزەری لێدەداو هەموو جارێکیش پارەیەکی باشی لێوەردەگرت، من بە نووسراوی رەسمی داوام لە سەندیکای پزیشکان کردو گوتم ئەو ژنە بەو شێوەیە رەفتار دەکات، بڕۆن لێپێچینەوەی لەگەڵ بکەن ئەگەر وابێت نۆڕینگەکەی دابخەن". دکتۆر فەیزوڵڵا جەلال خۆشناویش کە نەقیبی سەندیکای پزیشکانە باسی یەکێکی دیکە دەکات بەناوی "جەمال زەبیحی" کە خۆی بەدکتۆر ناساندووە و نۆڕینگەی داناوەو دوایی دەرکەوتووە کە هەر لەبنەڕەتەوە پزیشک نییە، "جەمال زەبیحی دکتۆر نەبوو، ئێمە مۆڵەتمان نەدایێ و چەند جارێک نووسراومان لەسەر کردو تەنانەت ئێستا سکاڵاشمان لەسەر تۆمارکردووە کە لەهەر شوێنێک بینرا بیگرن، چونکە دکتۆر نییەو خۆی کردووەتە دکتۆر، ئێمە سکاڵامان لەسەری هەیە، بەڵام شوێنی نیشتەجێبوونی نازانین".

دکتۆرە عەرەبەکان چۆن دێنە کوردستان و مومارەسەی پیشەی خۆیان دەکەن، وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای پزیشکان دەستبەکاربوون و دامەزراندنی ئەو دکتۆرانەیان بە چ میکانیزمێک رێکخستووە و کردنەوەی نۆڕینگەی تایبەت بە چ کۆنترۆڵێکدا تێدەپەڕێ؟

نەقیبی سەندیکای پزیشکان لەوبارەوە دەڵێت: "بۆکردنەوەی نۆرینگە بەشێوەیەکی گشتی هەر پزیشکێک پاش ئەوەی ئیقامەو دەورە تەواو دەکات و تەدەروجی ساڵێک دەکات، یان دوو ساڵ ئیقامەو ساڵێک تەدەروج، ئینجا یان دەبێتە موماریسی گشتی کە بۆی هەیە نۆرینگە بکاتەوەو وەکو دکتۆرێکی موماریس کاربکات، یانیش دەچێت پسپۆڕی دەخوێنێ و دوای ئەوە مافی نۆڕینگە کردنەوەی دەبێت، ئەوانەشی کە لەدرەوە دێنەوە لیژنەیەکی تایبەتمەند بەراوردی بڕوانامەکانیان دەکات ئینجا ئێمە وەریاندەگرین، بۆیە ئەوان بەرپرسیارن لەهەر بڕوانامەیەک کە لەدەرەوە هاتووە، بەڵام ئەوە دەرچووی زانکۆکانی ناو عێراق ناگرێتەوە".

وەزیری تەندروستیش دەڵێت "هەر دکتۆرێکی عەرەب بێتە ئێرەو دەربکەوێت لە بواری پسپۆڕی و شارەزایی خۆی کارناکات من لێی بەرپرسم، چونکە ئێمە لیژنەیەکی تایبەتمان هەیەو هەر دکتۆرێک داوای دامەزراندن بکات لیژنەکە تەماشای بڕوانامەکانی دەکات و تەماشا دەکات بزانێ دەرچووی کوێیە، ئێمە دەزانین دەرچووی چییەو ساڵی چەند دەرچووەو پلەی چییەو کە دایدەمەزرێنین بەو پلەیە دایدەمەزرێنین".

وەک نەقیبی سەندیکای پزیشکان دەڵێت پزیشکەکان نەک هەر بۆ کردنەوەی نۆڕینگە، بەڵکو ناتوانن مومارەسەی پیشەکەی خۆیشیان بکەن ئەگەر لە سەندیکا ئەندام نەبن، "سەندیکای پزیشکان تاکە شوێنە کەوا رێگا بە پزیشک دەدات مومارەسەی پیشەی خۆی بکات، هیچ شوێنێکی دیکە ئەو دەسەڵاتەی نییە. کەواتە هەر پزیشکێک ئەندامی سەندیکا نەبێت بۆی نییە مومارەسەی پیشەی خۆی بکات".

ساڵی رابردوو یەکێک لە نۆڕینگەکانی جوانکاری لەشاری هەولێر بەهۆی ئەو سکاڵا زۆرەی لەلایەن نەخۆشەکانیەوە لەسەری تۆمارکراو ئەو نەشتەرگەرییە سەرنەکەوتوانەی بۆ چەند نەخۆشێکی کردبوو، لەلایەن سەندیکای پزیشکانەوە داخرا، خاوەنی ئەو نۆرینگەیە کەسێک بوو بەناوی (رەوەند) کە گوایە چەند بڕوانامەیەکی لە نەشتەرگەری جوانکاریدا هێناوەتەوە، بەڵام لەناکاو گومان کەوتە سەر بڕوانامەکانی، رەوەند بەرەو دەرەوەی وڵات هەڵات و نەخۆشەکانیشی بەڕووخساری شێواوەوە بەجێهێشت.

دکتۆر فەیزوڵڵا نەقیبی سەندیکای پزیشکان دەڵێت "ئەوەی باسی دەکەی خۆی پزیشکی نەشتەرگەری بوو، بەڵام پسپۆڕی جوانکاری نەبوو، بۆیە ئێمە هەر لەسەرەتاوە دانمان بە بڕوانامەکەیدا نەناو هەر لە سەرەتاوە ئەندامی ئێمە نەبووە".

من دەڵێم "کەوایە چۆن نۆڕینگەی کردەوە؟" دەڵێت "کە نۆرینگەی کردەوە، ئێمە یەکسەر نووسراومان کردووە بۆ لایەنی پەیوەندیدار کە ئەوە ئەندامی سەندیکای ئێمە نییە، ئەوەی لەسەر ئێمە بووە ئەوەندەیە. رەوەند برادەری خۆم بوو، سەرەتا هاتە لای من گوتی ئەو بڕوانامانەم هەیە، گوتم ئەوانە بڕوانامە نین و رێگەش نادەین بەو بڕوانامانە کاربکەیت، بۆیە ئێمە هەر لە سەرەتاوە مۆڵەتی کارکردنمان نەداوەتێ و دواجار فەسڵیشمان کرد".

بەم پێیە نۆرینگەی دکتۆر رەوەند ماوەیەکی درێژ بەبێ هیچ مۆڵەتێک نەخۆشی سەقەت کردووەو گوێش نەدراوەتە ئەو نووسراوانەی سەندیکا لەوبارەوە بەرزی کردوونەتەوە. بەگوێرەی لێدوانی نەقیبی سەندیکا، پارێزگای هەولێر و قایمقامیەت لەوە بەرپرسن کە نۆرینگەیەیان لەکاتی خۆیدا دانەخستووە.

ئێستا هەر بەپێی قسەی دکتۆرەکان خۆیان، هەندێ دکتۆری عەرەب خەریکە هەمان سیناریۆی دکتۆر رەوەند دووبارە دەکەنەوە، ئەوان باس لەوە دەکەن هەندێک لەوانە بۆ لەخشتەبردن و چەواشەکردنی خەڵک شتی سەیروسەمەرە لە سەر ناونیشانی نۆرینگەکانیان دەنووسن، تەنانەت وەک نوکتە دەڵێن "یەکێک لەوانە نووسیویەتی- بورد في الرضاعة الطبيعية" واتە بۆرد لەبواری شیرپێدانی سروشتی، هەر بەبیستنی ئەم قسەیە نەقیبی سەندیکای پزیشکان یەکسەر دەڵێت: "مەبەستت دکتۆرە ئەتیافە دەزانم" ئینجا دەڵێت "ئەوە پسپۆڕیی نییە، ئەوە تەنیا خولەکێکەو بڕوانامەی تێدا ناهێنرێ، شیرپێدانی سروشتی چییە؟ ئەو دکتۆرەیە ئێمە مانگێک نۆرینگەکەیمان داخست لەبەرئەوەی هەندێ شتی نووسیبوو لە تابلۆکەی".

دکتۆر فەیزوڵڵا لەگەڵ ئەوەشدا نووسینی ئەو جۆرە شتانە بەگرنگ نازانێ "ئەگەر ئافرەتێک بۆ ئەوە دەچێتە لای دکتۆر کە بزانێ چۆن شیربداتە منداڵەکەی با بچێ، کێ بەوە هەڵدەخەڵەتێ ئەگەر خوێندەوار بێت؟ ئەوەشی نەخوێندەوار بێت خۆ هەرچی نووسرابێ نازانێ بیخوێنێتەوە".

دکتۆر زریان وەزیری تەندروستی جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر دکتۆرێک بەگوێرەی ئەو مۆڵەتەی پێیدراوە دەتوانێ نۆرینگە دابنێ، ئەگەر پزیشکی گشتی بێت و خۆی وەک پسپۆڕی بوارێک بناسێنێ ئەوە سەرپێچیەو کاری سەندیکایە نۆرینگەکەی دابخات، "تائێستا چەندین نۆرینگەمان داخستووە، بۆنموونە لە دهۆک یەکێک نووسیبووی نەشتەرگەریم خوێندووە لە بەریتانیا کەچی درۆی دەکرد هیچی نەخوێندبوو، یەکێکی دیکە لێرە نووسیبووی پسپۆڕی جوانکاریم و درۆی دەکرد نۆرینگەکەیمان داخست، هەروەها لە سلێمانی یەک دوو نۆرینگەکان داخستووە کە نووسیبوویان پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژن و لەدایکبوون".

دکتۆر زریان دەڵێت بۆرد لە نەخۆشییەکانی منداڵ هەیە، بەڵام ئەوەی ئێوە باسی دەکەن نازانم بۆچی باشەو چ نەخۆشێک دەبینێ، ئەو گوتی "ئەگەر ئەو پسپۆڕییە نەبێت ئەوا بەدواداچوونی لەسەر دەکەین"، بەڵام دکتۆرە (ش) کە خۆی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و لەدایکبوونەو نایەوێت ناوی تەواوی بهێنین، بەدڵنیاییەوە باس لەوە دەکات کە ئەو پسپۆڕییە بوونی نییە "بەعومرم بواری پسپۆڕیی وام گوێ لێنەبووە، بۆرد خۆی پێنج ساڵە، نازانم مەمکدان بەمنداڵ پێنج ساڵ خوێندنی بۆ چییە؟".

ئەو دەڵێت "ئەو دکتۆرە ئەتیافە لە تابلۆکەی نووسیوە، (اخصائية سونار، اخصائية العقم)، من پێش ساڵێک لە ئوردن بووم قسە هاتەئاراوەو گوتیان دکتۆرەیەک هەیە لە هەولێر ناوی ئەتیافە، لێرە سۆناری کڕیوە لەجۆری چوار رەهەند (رباعيه الابعاد) گوتیان نەیدەزانی چۆن کاری پێبکات ئێمە فێرمان کردووە، باشە تۆ کە بە خەڵک دەڵێی پسپۆڕی سۆنارم، کوا بڕوانامەکەت، من خۆم لە ئوردن خولێکی دوو مانگیم بینیوە، ئەوە خولی راهێنانە بۆئەوەی لەکارەکەی خۆت باشتر شارەزا بیت خۆ ئەوە بڕوانامە نییە، ئەو لە ئوردن خەڵک فێریان کردووە سۆنار چۆن بەکاربهێنێ لێرە نووسیویەتی (رباعيه الابعاد) بەڵام باشە کوا راپۆرت، خۆ راپۆرت ناداتە کەس دەچێت لە ژوورەوە پارەکەی لێوەردەگرێ و دەڵێت تۆ نەشتەرگەریت دەوێت، ئەو نەخۆشە کە دێتە ئێرە دەبینم راپۆرتی سۆناری پێنییە".

هەروەها دەڵێت "پێم سەیرە سەندیکای پزیشکان جارێک نۆڕینگەکەیان داخست، کەچی لەگەڵ دەرمانخانەکەی خوارەوە رێککەوتبوو کە نەخۆش دەچوو دەیپرسی کوا دکتۆرە دەیانگوت چووەتە هۆڵەندا خولی هەیە".

دکتۆرە (ش) باس لە ناسراوێکی خۆی دەکات کە گرێیەک لە رەحمی هەبووەو گرێیەکە مەترسیدار نەبووە، دەڵێت "هاتە لای من گوتم ئەوە بە حەب چاک دەبێ، دیارە باوەڕی نەهاتووەو خەڵکیش گوتبوویان دکتۆرە ئەتیاف چاکە، چووەتە لای ئەتیاف پێیگوتووە تۆ گرێ هەیە لە رەحمت دەبێت نەشتەرگەریت بۆ بکەم، لەگەڵی رێککەوتووە بە ملیۆن و نیوێک گرێی بۆ دەربهێنێ، لەژووری نەشتەرگەری لەنیوەی نەشتەرگەریدا بەدەستی خوێناوییەوە چووەتە دەرەوە بەپیاوەکەی گوتووە ژنەکەت رەحمی رزیوەو هیچ چاری نییە دەبێت رەحمی دەربهێنم، باشە هەر پیاوێک ژنەکەی بەوشێوەیە لەژێر نەشتەرگەری بێت و بیخەنە ئەو مەوقیفەوە دەبێت چ بڵێت، دیارە دەڵێت باشە، ژنە وەختێک هۆشی دێتەوە دەبینێ رەحمیان دەرهێناوە، ئێستا دەگری و دەڵێت کێ گوتی رەحمم دەربهێنن، کەس ئیزنی لەمن وەرنەگرتووە، ئەو بەمنی نەگوت رەحمت رزیوە". دکتۆرە (ش) گلەیی ئەوە لەسەندیکای پزیشکان دەکات کاتێک نۆرینگەی پزیشکێک دادەخەن نووسراوێک لە دیوارەکەی نادەن و بنووسن بەفەرمانی سەندیکا داخراوە لەبەرئەوەی سەرپێچیی کردووە.

دکتۆرە (ش) دەڵێت نۆرینگەکەی دکتۆرە ئەتیاف هەفتەیەک داخراوە، بەڵام دکتۆر فەیزوڵڵا نەقیبی سەندیکای پزیشکان دەڵێت "مانگێک سزامان بۆ نووسی، بەڵام دوایی تەنفیز نەکرا".

نەقیبی سەندیکا لەبەرهۆیەکی نەزانراو نایەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە بۆچی سزاکەی جێبەجێ نەکراوە

بەپێی قسەی هەندێک لە دکتۆرەکان دکتۆرە ئەتیاف لەلایەن کەسێکی دەسەڵاتدارەوە پشتگیریی لێدەکرێت، دەڵێن یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەی وەزیری تەندروستی ماوەیەک لەمەوبەر دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەش کردو ئێستاش ئامادە نییە لەکابینەی نوێدا ئەو پۆستە وەربگرێتەوە ئەو دکتۆرە ئەتیافە بووە، دکتۆر زریان وێڕای دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە جارێکی دیکە ئامادە نییە ئەو پۆستە وەربگرێتەوە، بەڵام بێئاگایی خۆی لەوە پێشاندا کە ئەو دکتۆرەیە لەلایەن کەسێکەوە پشتگیریی لێبکرێت.

پرسیارەکە ئەوەیە چۆن نۆرینگەی پزیشکێکی عەرەب لەلایەن سەندیکاوە فەرمانی بۆ دەردەچێت کە مانگێک دابخرێ، کەچی پاش تەنیا یەک هەفتە دەکرێتەوە؟

دکتۆر زریان وەزیری تەندروستی دەڵێت "ئەوە هەر یەک نۆرینگە نییە، دووانە".

دکتۆر زریان باس لەوە دەکات سەندیکا فەرمانێکیان لەبارەی داخستنی دوو نۆرینگە بۆ ئەو ناردووەو ئەویش لای خۆیەوە جەختی لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانەکە کردووەتەوە، بەڵام دەڵێت "دوایی لایەنێک هات و نۆرینگەکەی کردەوە".

دکتۆر زریان ئامادە نییە ناوی ئەو دکتۆرانە بهێنێ، بەڵام دەڵێت "ئێمە بڕیارمان دەرکرد کە نۆرینگەکانیان دابخرێ، دوایی هەندێ بەرپرسی گەورە دەستیان لەکارەکە وەرداو هاتن بە بەرچاوی منەوە کردیانەوە".

وەزیری تەندروستی دەڵێت "دکتۆری وا هەیە منەتی بە وەزیرو وەزارەت نییە، من بۆنموونە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و پارێزگام نووسی ئەو عیادە تەڵەکەبازی و شەعوەزەیەی مەلا عەلی و خەڵکانی وەک مەلا عەلی دابخەن چونکە دیاردەیەکی زۆر ناشیرینە، بەڵام کەس جێبەجێی نەکرد، لە کوردستان بڕیار زۆر دەدرێ بەڵام جێبەجێکردن کەمە".



"دکتۆر هەیە منەتی بە وەزیرو وەزارەت نییە"

وەزیری تەندروستی

# مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان پێویست نین و بۆ خزمەتی حیزب دانراون

## فاروق جەمیل وەزیری داد بۆ رووداو


فاروق جەمیل (فۆتۆ: رووداو)

**رووداو: گلەیی لە بوونی دەستوەردان لە کاروباری دادگاکان دەکرێ و دادوەری وا هەیە دەڵێ دادگاکان سەربەخۆ نین؟**

**وەزیری داد:** دەستوەردان لەکاری دادوەری بەو شێوەیە نییە کە باس دەکرێت. بەڵام ناشڵێم دەستتێوەردان نییە، هەبووەو هەیشە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئێستا زۆر گۆڕاوە. بەهۆی ئەوەی پێشتر دوو ئیدارە هەبوو، دوو دەستەی قەزایی و دوو دادگای تەمیز و دوو وەزارەتی داد هەبوو، دادوەر لەسەر بنەمای حیزبی دادەمەزرا، بەڵام ئێستا ئەوە نەماوەو رەوشەکە بەرەو باشی دەڕوات.بۆ نارەزایی هەندێ لە برادەرانی دادوەر پێموایە حەقە پێش هەرشتێک شتەکە بەرەورووی خۆیان بکەنەوە، دادوەر ئەگەر دادوەر بێت نابێت لەژێر فشار بێت و دەشتوانێ لەژێر فشار نەبێت، چی لێدەکەن زیندانیی دەکەن؟، پێموایە ئەوە لە کەسێک بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ بەتایبەت ئەوانەی لە بارودۆخی حیزبی و بەئیستیمارەی حیزب دامەزراون، بەدڵنیاییەوە ئەوانە لەهەرلایەک بن دەکەونە ژێر کاریگەریی حیزبی، بۆیە دەسەڵات و سەربەخۆیی دادوەری بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دادوەرەکان خۆیان، ئەگەر دادوەرەکان خۆیان دەزگای خۆیان بەرەوپێش ببەن و نەترسن لەبڕیاردان پێموایە رەوشی خۆیان بەرەو پێشەوە دەبەن.

**رووداو: ناسەربەخۆیی دادگاکان بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە بەشێک لە دادوەرەکان داوای هەندێک دەستکەوتی تایبەتی و بچووک لە بەرپرسان دەکەن و پاشانیش دەکەونە ژێر کاریگەری بڕیارەکانی ئەو بەرپرسانە؟**

**وەزیری داد:** ئەوە مەسەلەیەکی زۆر راستە، من ئەزموونیشم هەیە لەسەر ئەو بابەتە، ئەوکاتی کۆمەڵەی دادوەران دامەزرا و کۆنگرەکە بەسترا، سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی پاڵپشتییەکی باشیان لێکردن و بەڵێنی باشیان پێدان، بەڵام بەداخەوە داواکاری دادوەرەکان زیاتر شتی زۆر شەخسی بوون، وەک : مووچە، زەوی، ئۆتۆمبێل. راستە دادوەر مافی خۆیەتی و دەبێت ژیان و پێداویستییەکانی دابین بکرێت و لەهەموو روانگەیەکەوە حەسانەی هەبێت، بەڵام حەقە دادوەران پێش هەموو شتێک چاککردنی دەسەڵاتی دادوەرییان لەبەر چاوبێت. تائێستا نەمزانیوە پرۆژەیەکیان پێشکەش کردبێت خزمەتی بەرەوپێشبردن و چاکسازی دەسەڵاتی دادوەری بکات. ئەوەی تائێستا بەدوایداچوون هەر بۆ شتی شەخسی بووە، داواکردنی شتی شەخسیش بەو شێوەیە حەتمەن کاریگەری لە کەسایەتی دادوەر دەکات. من ناڵێم داوا نەکەن، بەڵام با ئەوە داوای پلە یەک نەبێت.

**رووداو: دەگوترێت هەندێک لە دادوەران چوونەتە بەردەرگای بەرپرسێک و داوای زەوی و شتی تایبەتیان کردووە بۆ خۆیان، ئایا سبەینێ ئەو دادوەرە ناکەوێتە ژێر کاریگەری قسەی ئەو بەرپرسە؟**

**وەزیری داد:** من لەگەڵ قسەکانی تۆم. لای من دادوەر کەسێکی زۆر گەورەیە، بەڵام کە دادوەرێک دەچێت لە نووسینگەی وەزیرێک یان بەرپرسێکی گەورە دادەنیشێت و چاوەڕوان دەکات بەرپرسەکە بیبینێ بۆئەوەی شتێکی شەخسی بۆخۆی لێ داوابکات، بەدڵنیاییەوە ئەوە لە وەزنی ئەو دادوەرە دەهێنێتە خوارەوە.

**رووداو: ئەو حاڵەتە هەبووە؟**

**وەزیری داد:** بەڵێ روویداوە.

**رووداو:یەکێک لە رەخنەکان ئەوەیە دادوەرەکان لەسەر بنچینەی حیزبی دادەمەزرێن ئەوە ئێستاش ماوە؟**

**وەزیری داد:** لەماوەی کارکردنی ئەم کابینەیەدا دادوەر دانەمەزراوە، بەڵام بێگومان ئینتیمای حیزبی رۆڵی هەبووە لە دانانی دادوەرەکاندا، بەتایبەتی لەسەردەمی دوو ئیدارەیی، ئەوەش بۆ کڕینی نەفسیات بووە. بۆنموونە دەسەڵاتێک ئەگەر لێرە بووبێت یان لەسلێمانی خەڵکی کردبێت بە شت بۆ ئەوەی ببێتە حیزبی، بەڕاستی ئەوە کڕینی خەڵکە.

**رووداو: بەڵام دەقی یاسایی روون هەیە کە دادوەر نابێت کاری حیزبی بکات،کەچی دوای یەکگرتنەوەی ئیدارەش، دادگای تەمیز لەگەڵ ئەوەی دادوەری زۆر بەرچاوو لێهاتووی تێدایە، بەڵام هەست بە هاوسەنگی راگرتنێکی یەکێتی و پارتی دەکەیت لە یەکگرتنەوەی دادگای تەمیزدا، ئەمە مەترسی نییە، لەیەکەم هەنگاوی یەکگرتنەوەداو لەبەرزترین دەسەڵاتی دادوەریدا رەچاوی هاوسەنگی سیاسی بکرێ؟**

**وەزیری داد:** من بەشبەحاڵی خۆم رۆڵێکی زۆر سەرەکیم هەبووە لە پێکهێنانی دادگای تەمیزی یەکگرتوو، من بەویژانەوە لیستێکم دایە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ناوی کۆمەڵێک دادوەرم دانابوو کە شایستەی دادگای تەمیزن، پێشمگوت، ئەوە تەنیا بۆچوونی خۆمەو حەز دەکەم خۆیشت لێی بکۆڵیەوە. کە لێکۆڵینەوەی کرد، لەیەکەم کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی هەردوولادا لیژنەیەک بەسەرۆکایەتی کاک فازیل و کاک نەوشیروان بۆ دانانەوەی دادگای تەمیز پێکهات. کاک نێچیرڤان و کاک فازڵیش گوتیان ئەو ناوانەی وەزیری داد داویەتی لەیەکەم تاکۆتایی هەموویمان قبوڵە، چونکە زۆر بە بێ لایەنانە کاری کردووەو رەچاوی هەموو شتەکانی کردووە.

**رووداو:یەکێک لەوشتانەی رەچاوتکردبوو ئەو هاوسەنگییە سیاسییە بوو؟**

**وەزیری داد:** لە هەموو روویێکەوە بوو، بەڵام پێش هەموو شتێک لێهاتوویی و رابردووی دادوەرو دەستپاکی و کەسایەتی دادوەرەکە رەچاوکراوە، ئینجا مەسەلەی جوگرافی و هەندێک مەسەلەی سیاسی لەبەرچاو گیراوە، بەڵام حەزدەکەم بزانن ئەو پێکهاتەیەی دادگای تەمیز لە پێکهاتە هەرە باشەکانەو لەوەش باشتر نەدەبوو. %80ی ئەوانەی دانراون پیاوی حیزبی نەبوون، بەڵام هەرکەسێکیش لە مێشکی خۆیدا بیروبۆچوونێکی هەیە، پێموایە دادگایەکی زۆر باشمان داناوەو لەو ماوەیەش کە کاریان کردووە دادگایەکی زۆر سەرکەوتووبووەو بە شاهیدی خەڵکی یاسایی بڕیارەکانیان زۆر باش بووە.

**رووداو: کێ دادوەر دادەمەزرێنێ و لێکۆڵینەوە لەگەڵ دادوەر دەکات؟**

**وەزیری داد:** خۆی ئەنجوومەنی دادوەری هەیە کە لەسەرۆکی دادگای تەمیز و جێگرەکانی و سەرۆکی پشکنینی دادوەری و سەرۆکی داواکاری گشتی پێکدێت، ئەوان دادوەران دادەمەزرێنن و گواستنەوەو بەرزکردنەوەی پلەش کاری ئەوانە، بەڵام لیژنەیەک هەیە بەناوی سکاڵا لەدادوەران ئەوە لیژنەیەکی تایبەتەو ئەوانیش لەناو دادگای تەمیزەوە پێکدێن.

**رووداو: کە لەیەکگرتنەوەی دادگای تەمیزدا هەندێک هاوسەنگی سیاسی رەچاوکرابێت لەنێوان یەکێتی و پارتیدا، پێتوانییە لە وردەکاری کاری ئەو لیژنانەدا کاریگەری حیزبی رۆڵ ببینێ؟**

**وەزیری داد:** پێموایە تائێستا زۆر بە باشی ئیشوکارەکانیان کردووە بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەبەرچاو بگرن. یەکەم هەنگاوی گرنگ کە دادگای تەمیزی یەکگرتوو نای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە بوو کە ژمارەیەک دادوەرو جێگری بەڕێوەبەری گشتی بەشێوەیەکی پێچەوانەی یاسا بڕیاربوو دابمەزرێن، پاش یەکگرتنەوەی دادگای تەمیز و دامەزراندنی ئەنجوومەنی دادوەری ئەو بڕیارە هەڵوەشایەوە، بە بۆچوونی من ئەوە لە هەنگاوە هەرە گرنگەکان بوو.

**رووداو: ئەو کەسانە چەندبوون؟**

**وەزیری داد:** نزیکەی 60 تا 70 کەس بوون و مەرسومی ئیقلیمیشیان بۆ دەرچووبوو، بەڵام من لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری چووینە لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەو نەیزانیبوو مەسەلەکە چۆنە کە زانی پێچەوانەی یاسا پێیانکردووە، گوتی هەرچی پێچەوانەی یاسایە ئەگەر منیش واژۆم کردبێت هەڵیبوەشێننەوە.

**رووداو: واتە نزیکەی 70 کەس بەپێچەوانەی یاساوە بڕیاریان بۆ دەرچووبوو کە ببنە دادوەر؟**

**وەزیری داد:** بەڵێ رەچاوی رێوشوێنی یاسایی نەکرابوو.

**رووداو: ئەی رەچاوی چی کرابوو؟**

**وەزیری داد:** نازانم رەچاوی چیکرابوو، ئەو ناوانە پێش یەکگرتنەوەی ئیدارە دانرابوون کاتی یەکگرتنەوە زانیمان بە رێگەی یاسایی نەکراوە لەکاتێکدا دامەزراندنی دادوەر بەپێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری رێگای یاسایی بۆ دانراوە.

**رووداو: کەواتە پێش یەکگرتنەوەی ئیدارە دەبێت چەند دادوەری دیکە بەو شێوازە نایاساییە دامەزرابن؟**

**وەزیری داد:** ئەوە نازانم، بەڵام رەنگە خەڵک هەبێ بەبێ مەرجی یاسایی دانرابن.

**رووداو: بۆچی داواکاری گشتی لە کوردستاندا وەک پێویست نەیتوانیوە رۆڵی ببینێ؟**

**وەزیری داد:** راستە، کاری داواکاری گشتی زۆر گرنگە و لە هی دادوەریش گرنگترە .لەبەرئەوەی رۆڵی چاودێری هەیە لەسەر دەسەڵاتی دادوەری و، لەهەموو بودجە و باج و بڕیارەکانی دارایی کە لەلایەن حکومەتەوە دەردەچن پێویستە داواکاری گشتی ئاگای لێ بێت و ئەگەر بزانێت کەموکوڕیی هەیە تەعنی لێبدات و رێگەی پێنەدات، چونکە ئەوە موڵکی دەوڵەتە. ئێستا داواکاری گشتی یاساشی بۆ دانراوەو دەتوانێ بەپێی ئەو یاسایە کاری خۆی بکات.پاش یەکگرتنەوەی ئیدارە گرنگترین شت لەلامان ئەوەبوو کە داواکاری گشتی کارابکرێتەوە، گۆڕانکاری لەیاسای داواکاری گشتیشدا کراوە، ئەوان سیفەتی دادوەریان وەرگرتووەو بڕیارەکەشمان گشتاندووە کە لەمەودوا هیچ شتێک بەبێ داواکاری گشتی نەکرێت، هەموو بڕیارەکانی دادوەر دەبێت پیشانی داواکاری گشتی بدرێتەوەو ئەو داواکاری گشتییەش کە بە ئیشوکارەکانی خۆی هەڵناسێت پێویستە لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت.

**رووداو: ئەو رێگرییانە چین کە وادەکات داواکاری گشتی چالاک نەبێت؟**

**وەزیری داد:** مەسەلەکە زیاتر پەیوەستە بە خۆیانەوە، چونکە یاسا رێگەکانی داناوەو ئەوان دەتوانن ئیشوکارەکانی خۆیان بکەن، بەڵام پاڵپشتیشیان دەوێت.

**رووداو: هەستدەکەن خەڵک متمانەی بەدادگاکان کەمبووەتەوەو بۆ چارەسەری کێشەی خۆی کەمتر پەنا دەباتە بەر دادگا؟**

**وەزیری داد:** حەق نییە خەڵک بەوشێوەیە بیربکاتەوە، بەڵام ئیشوکار لەناو دادگاکاندا هەندێک جار دوادەکەوێت ئەوەش بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە، لەهەندێک شوێندا دادوەرەکان کەمن و ئێستاش ئیشوکاری هاووڵاتیان زۆربووەو، زیاتر روو لە دادگا دەکەن. هەندێک داوا هەیە بەپێی سروشتی داواکە وادەکات درەنگ یەکلایی ببێتەوە، دەکرێت هەندێک جاریش دادوەر رۆڵی هەبێت لە ئیهمالکردندا، ئەم هۆکارانە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک نەختێک متمانەی بە دادگا نەبێت، دەڵێت دەچمە دادگا داوا تۆمار دەکەم و چەند ساڵێکی پێدەچێت تا دەگەمە مافی خۆم ئەوە هۆکارێکی سەرەکییە، بەگشتی لەوەرگرتنەوەی مافی هاووڵاتیاندا ئێستا زۆرکەم دەستێوەردان هەیە.

**رووداو: حاکم خدر دەڵێ لەوەتەی دادگاو دادوەر لە کوردستاندا هەیە، بەقەدەر ئێستا بێ رێزنەبووەو هیچ حسابی بۆ ناکرێت، ئەوە کێیە حساب بۆ دادگاو دادوەر ناکات؟**

**وەزیری داد:** کاک خدر لە دادوەرە هەرە باشەکانە، بەڵام زۆر لەگەڵ بۆچوونەکەی نیم و پێموایە رێزی دادوەر لای دادوەر خۆیەتی و دەبێت خۆیان وابکەن پیشەکەی خۆیان رێزی لێ بگیرێت و دادوەرانیش خۆیان هۆکارێکن، داواکردنی شتی شەخسی کاریگەری هەیە.

**رووداو: بوونی مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان هیچ زیانێک بە دەسەڵاتی دادگا دەگەیێنێت؟**

**وەزیری داد:** کاتی خۆی مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان دەستێوەردانیان لە زۆر ئیشوکاردا دەکرد، ناڵێم جێگەی دادگایان گرتبووەوە، بەڵام بەشێک لەئیشوکارەکانی دادگا خۆیان چارەسەریان دەکرد بەبێ ئەوەی لایەنە یاساییەکە لەبەرچاو بگیرێ، بەڵام دوای یەکگرتنەوەی ئیدارە ئێستا رۆڵی مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان بەوشێوەیە نەماوە. خۆی ئەوەش دوولایەنی هەیە، بۆنموونە رووداوێکی کوشتن دەبێت پێویستە تۆمەتبار بگیرێت و بدرێتە دادگاو بگاتە سزای خۆی، ئەوە لایەنە یاساییەکەیەتی و نابێت کەس دەستی تێوەربدات، بەڵام کۆمەڵایەتی سوڵحێک دەکات و کۆتایی بەناکۆکییەکە دێنێت، ئەوە کارێکی خراپ نییە، بەمەرجێک کار لە سەر لایەنی یاسایی نەکات. بەڵام ئەگەر کۆمەڵایەتی خەڵک بشارێتەوەو سوڵح بکات و رێگە نەدات تۆمەتبار بچێتە دادگاکان ئەوە کارێکی خراپەو پێچەوانەی یاسایە، پێموانییە ئەوە بکات.

**رووداو: ئەگەر تاوانبارێک حوکمدرابێت، بەڵام هەردوو بنەماڵەکە رێک بکەون، دەکرێت تاوانبار ئازاد بکرێت؟**

**وەزیری داد:** مەگەر لێبوردنی بۆ دەرچووبێت، نە دادگاو نە وەزیری داد دەسەڵاتی ئازادکردنی نییە، بەڵام ئەگەر نووسراو بۆ سەرۆکایەتی هەرێم کرا کە ئەوانە سوڵحیان کردووەو لێبووردنی تایبەتی بۆ دەربچێت ئەوە جیاوازە.

**رووداو:بوونی مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان بە پێویست دەزانی؟**

**وەزیری داد:** نەخێر بە پێویستیان نازانم،لەبەرئەوەی تەنیا بۆ خزمەتی حیزبەو پێموانییە بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت.

**رووداو:هەندێک کەس تائێستاش هەن تۆمەتی کوشتنیان دراوەتە پاڵ و لەلایەن هەندێک بەرپرسەوە داڵدەدراون، هیچ هەوڵێکتان بۆ ئەو مەبەستە داوە؟**

**وەزیری داد:** بەدڵنیاییەوە خەڵک هەبووە کوژراوەو بەرپرسان و بەتایبەتی هەندێک بەرپرسی سەربازی بکوژەکانیان لەماڵی خۆیاندا شاردووەتەوە،بەڵام چەند مانگێک پێش ئێستا لیژنەیەک لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران پێکهات، بەسەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت و هەریەک لە جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری ناوخۆو وەزیری دادو بەڕێوەبەرانی ئاسایشی گشتیی هەولێر و سلێمانی و هەردوو بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس و هەردوو وەزیری پێشمەرگە لە پێناوی ئەوەی هیچ کەسێک نەتوانێ تۆمەتبار بشارێتەوە، هەرکەسێکیش ئەوەبکات لە هەر ئاستێکدا بێت لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. ئێستاش ناڵێم ئەوە نییە، بەڵام کەمتر بووەتەوە.

**رووداو: ئەگەر کەسێک یان خێزانێک تاوانێکی بەرامبەر کرابێ و بکوژەکانی شاردرابنەوەو پەنا بۆ ئێوە بێنن بەدواداچوونی بۆ دەکەن؟**

**وەزیری داد:** بەڵێ کردوومانەو حاڵەتی واهەبووە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە قسەمان کردووەو بەنووسراوی فەرمی ئاگادارمان کردوونەتەوەو چارەسەری گرفتەکانمان کردووە.

**رووداو: دەگوترێ چەند جارێک هەوڵتداوە رێسایەک دابمەزرێنی کە هەر شەش مانگ جارێک دادوەرەکانی ئاسایش بگۆڕدرێن، بەڵام ئەو هەوڵەت سەرینەگرتووە بۆچی؟**

**وەزیری داد:** بەڕای من دادوەر خۆی پێویستە هەمیشە جێگۆڕکێ بکات و،لەهەموو بوارەکاندا کاربکات ماوەیەک لە لێکۆڵینەوە کار بکات ماوەیەک داوای مەدەنی ببینێت،بۆئەوەی زانیاری هەبێت. ئاسایش دۆخێکی تایبەتی هەیە، بەڵام حەق نییە ئاسایش دادوەرێک بگرێت چەند ساڵ هەر ئەو دادوەرە کاری ئاسایش بکات و بە حوکمی ئەوەی ئیمتیازاتی دەداتێ جا لە ئۆتومبێلە، لەپارەیە یان هەرشتێکە، بتوانێ کاریگەری لەسەر دروستبکات و هەرچی بۆ خۆی دەیەوێت ئەوەی پێ بکات، ئەوە شتێکی خراپە. دادوەر ئەگەر خاوەنی کەسایەتی خۆی بێت، هیچ گرفت نییە، دادوەر لەئاسایش کاربکات و پێویستیشە هاوکاری لەگەڵ ئاسایش بکات، بەڵام لە چوارچێوەی یاسادا نەوەک ببێتە داردەستێک بەدەست ئاسایشەوەو کەسایەتی خۆی لەدەست بدات.من پێمباشە ئەگەر شەش مانگیش نەبێت ساڵی جارێک بگۆڕدرێن.

**رووداو: ئێوە ئەم داوایەتان کردووە؟**

**وەزیری داد:** ئێمە پێمان باشبووە، بەڵام لایەنە پەیوەندادەکان ئەو بڕیارەیان پێ باش نەبووە.

**رووداو: ئاماژەت بەوەدا ئەو دادوەرانە لەوانەیە بۆیە نەگۆڕێن چونکە هەندێک دەستکەوتی لەلایەن ئاسایشەوە پێدەدرێ، ئەمە سەرپێچی یاسا نییە؟**

**وەزیری داد:** بەدڵنیایەوە سەرپێچییە، دادوەریش پێویست نییە ئیمتیازات قبوڵ بکات.

**رووداو:ئەی بۆ چارەسەری ناکەن؟**

**وەزیری داد:** ئاشکرایە ئێستا رەوشی ئاسایش چۆنەو دەکرێت لەهەندێک شتدا ئێمەش هەوڵماندابێت، بەڵام بۆمان نەچووبێتە سەر، بتەوێ و نەتەوێ وەزعەکە وایە.

**رووداو:بەپێی زانیارییەکان ئێوە چەند جارێک هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵێک دادوەری ئاسایشتان داوە، کێ رێگرییووە لە گۆڕینیان؟**

**وەزیری داد:** بەدڵنیاییەوە ئاسایش خۆی پێی خۆش نییە ئەو دادوەرانە بگۆڕدرێن، لەبەر چەند هۆیەک لەوانەیە لەبەرئەوەبێت زۆر متمانەیان پێیانە یان کارەکەیان وادەخوازێت کە دادوەر زۆر نەگۆڕدرێت، یان ئەو دادوەرانەی کە دانراون بە ئارەزووی ئەوان کار بکەن.

**رووداو: دەڵێن ئەم بابەتەتان گەیاندووەتە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش؟**

**وەزیری داد:** نا، نەمانگەیاندووەتە ئەوێ، بەڵام لەو لیژنانەی کە پێکهاتووە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی بەندکراوەکان و ئەوانەی لە ئاسایش گیراون، زۆرجار ئەم بابەتەم باسکردووە.

**رووداو: ئایا پێخۆش بوون و پێخۆش نەبوونی دەزگایەکی حکومی دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیارێکی یاسایی جێبەجێ نەبێت؟**

**وەزیری داد:** نەخێر نابێ ئەوە هەبێ، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە.

**رووداو: زۆر جار بڵاودەکرێتەوە دەزگایەکی ئەمنی لە درەنگانێکی شەودا بەبێ بڕیاری دادوەر خەڵک دەستگیر دەکەن، ئەمە لەروانگەی یاساییەوە چۆنە؟**

**وەزیری داد:** هەر لێپێچینەوەیەک بۆ پاراستنی ئاسایش و کێشەی تیرۆربکرێت زۆرباشە، بەڵام دەبێ چوارچێوەیەکی یاسایی بدرێتێ. ئەو مەفرەزەیەی شەو دەچێتە سەرماڵێک و گومانی ئەوەی لێدەکات تیرۆرستی تێدابێت، ئەوەندە زەحمەت نییە بچێت بڕیار لە دادوەری لێکۆڵینەوە وەربگرێت و پاشان بچێ کاری خۆی بکات. هەڵکوتانە سەر هەر ماڵێک بەبێ بڕیاری دادوەر پێچەوانەی یاسایە.

**رووداو: هێزی دژە تیرۆر بەپێی یاسا دامەزراوە؟**

**وەزیری داد:**زانیاریم لەسەر ئەو دەزگایە نییە، بەڵام ئەوەی من بیستوومە ئەوانە سەر بەحکومەتی ناوەندی عێراقن وانییە؟.

**رووداو: دەزگای زانیاری و پاراستن هیچ چوارچێوەیەکی یاسایییان هەیە؟**

**وەزیری داد:** ئەو دەزگایانە بۆ سەردەمانێک کە حکومەتمان نەبوو و لەشاخ بووین و یان پاش شاخیش کە هێشتا حکومەت بەتەواوی پێکنەهاتبوو دامودەزگاکانمان رێکنەخرابوون، رەنگە پێویستیمان پێیان هەبووبێت، بەڵام ئێستا بەپێویستیان نازانم چونکە حکومەتمان هەیە، کە حکومەتیشمان هەیە پێویستە دەزگای ئاسایشمان هەبێت کە سەر بە حکومەتی کوردستان بێت، من هەبوونی ئەو دەزگایانە بەزیادەو ناشەرعی دەبینم.

**رووداو: واتە دەزگای زانیاری و پاراستن لە رووی یاساییەوە هیچ پێگەیەکی یاسایییان نییە؟**

**وەزیری داد:** من بە یاسایییان نازانم.

**رووداو: تۆ وەزیری دادی و بەیاسایییان نازانی، کەواتە چیت کردووە بۆ ئەوەی ئەم دەزگا نایاساییانە نەمێنن؟**

**وەزیری داد:** ئەوە دوو دەزگای حیزبین و پێویستە حیزبەکان هەرخۆیان کە دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست و حکومەت بەڕێوەدەبەن بیرلەوەبکەنەوە ئەو دوو دەزگایە نەمێنن.

**رووداو: ئەی کردارەکانی ئەم دوودەزگایە چۆن لێکدەدەیەوە؟**

**وەزیری داد:** ئەو دوو دەزگایە ئێستا وەک پێشتر نەماون، بەتایبەت لەرابردوودا ئەو دوو حیزبە ناکۆکیان لەنێواندا هەبوو، ئەو دوو دەزگایەش کارەکانیان لەسەر یەکتر بوو، ئەوە کارە سەرەکییەکەیان بووە. ئێستاش ئەو مەسەلەیە نەماوە، ئەگەر مەسەلەی تیرۆرو هەندێک شتی دیکە هەبێت ئاسایشێکی رێکوپێک لەسەر شێوازێکی زانستی دەتوانێ ئەو کارانەبکات.

**رووداو:واتە ئێوە ئاگاداری هیچ بڕیارێکی حکومەت نین کە بڵێت ئەم دوو دەزگایە یاساییە؟**

**وەزیری داد:** هیچ زانیارییەکم لەسەریان نییە نەلە روانگەی یاساییەوە نە لەهێڵی یاساییەوە. دەزانم ئەو دوو دەزگایە هەن و کاری خۆیان دەکەن، بەڵام بە قەناعەتی من ئەو دوو دەزگایە یاسایی نین.

**رووداو:وەزیری مافی مرۆڤ دەڵێت نزیکەی 200 تا 300 کەس تائێستا لەزیندانەکان بەبێ دادگایی ماونەتەوەو تێشیاندایە حەوت ساڵە گیراوەو دادگایی نەکراوە. ئەمە پێشلکاری یاسایی نییە؟**

**وەزیری داد:** بەشێکی زۆری ئەو گرفتانە چارەسەرکران و من زانیاری وردم نییە، بەڵام ئەگەر ئەو مەسەلەیە راست بێت ئەوە پێچەوانەی یاسایە.

### دادوەر هەبووە چووەتە نووسینگەی وەزیرێک بۆئەوەی داوای شتی شەخسی لێ بکات



### بەشێکی دادوەرەکان لەسەربنەمای حیزبی دامەزراون



## ڕۆژ کەریم گلەیی دەکات

ڕووداو - محەممەد شکاک

لەلێدوانێکدا هونەرمەند ڕۆژ کەریم گلەیی لەدەرهێنەر شاهۆ تەیب کرد کە بەهۆی کەمتەرخەمییەوە تائێستا کلیپی سروودێکی بەنێوی (چەکم پێهەڵمەگرنەوە) بڵاونەکراوەتەوە کە بڕیاربوو لەجەژنی نەورۆزدا پەخش بکرێت. لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕۆژ کەریم گوتی "نازانم بۆچی شاهۆ کلیپەکەمی بڵاو نەکردووەتەوە، من ئەو بەکەمتەرخەم دەزانم لە بڵاونەبوونەوەی ئەو سرودودەم". تێکستی سروودەکە لەلایەن هێمن شێخ عومەرەوە نووسراوەو ئاوازەکەشی هی ڕۆژە.

# 67 ژەنیاری کوردستان دەچنە ڤییەننا

**تایبەت بەڕووداو**

بەڕێوەبەری کارەکانی گرووپی ژێداری کوردستان بۆ کۆراڵ و موزیک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بڕیارە ڕۆژی 2008/7/2 گرووپەکەیان کە لە 67 کەس پێکهاتووە بەشداری فیستیڤاڵی ساڵانەی موزیک ئینتەرناشناڵ بکات کە لەوڵاتی نەمسا سازدەکرێ.

سەفین ساڵح، بەڕێوەبەری کارەکانی گرووپی ژێداری کوردستان بۆ کۆراڵ و موزیک ئاماژەی بەوەدا گرووپەکەیان کە لەژەنیارانی هەموو شارەکانی باشووری کوردستان پێکهاتووەو 45 کەسن، لەگەڵ گرووپی کۆڕاڵی کچانی کوردستان کە لە 20 کچ پێکهاتووە، کە بە گشتی شاندەکە لە 67 کەسن بۆ ئەو سەفەرە کە بە فەرمی لەلایەن وڵاتی نەمساوە بانگهێشت کراون کە بەشداری فیستیڤاڵی ساڵانەی موزیکی جیهانی بکەن کە لە 7/2 لەڤییەنای پایتەختی نەمسا ساز دەکرێ.

ئەو فیستیڤاڵە یەکێکە لەگەورەترین فیستیڤاڵەکانی جیهان، ساڵانە بەبەشداری دەیان وڵاتی گەورە ساز دەکرێ، ساڵی ڕابردوو زیاتر لە 200 وڵاتی بەشداری کردبوو کەچی 12 وڵات بەکوردستانیشەوە چوونە قۆناخی کۆتایی و، کوردستان دوای ئەڵمانیا، پلەی دووەمی فیستیڤاڵەکەی بەدەستهێنا.



# هەی دونیایێ نازدار



**تایبەت بە ڕووداو**

سیدی (هەی دونیایێ) ی نازداری هونەرمەندی باکووری کوردستان و دانیشتووی ئەڵمانیا لە باشووری کوردستان تەواوبووە، وەک خۆی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە 2008/6/26 بۆ بەشداریکردن لە بڵاوکردنەوەی سیدیەکەیدا سەردانی هەولێر دەکات.

نازدار، لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو سیدیەی لە 12 گۆرانی پێکدێت کە دووانی کلیپ کردووەو، دانان و دابەشکردنی مۆسیقاکەی لەلایەن هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی بۆ ئەنجامدراوەو کۆمپانیای چوارچرا ئەرکی بەرهەمهێنانی گرتووەتە ئەستۆی خۆی.

نازدار کە لە ساڵی 1987 لەشاری جزیری باکووری کوردستان لەدایکبووەو، ساڵی 1993 بەهۆی چالاکی سیاسی باوکیەوە ناچاربوونە بەرەو ئەڵمانیا بچن و لەهەمانساڵدا بە بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی کوردی لە ئەڵمانیا هاتووەتە ناو کاری هونەری.ئێستا سەرەڕای سەرقالییەکەی بە دەرکردنی یەکەمین سیدی خۆی، قوتابی زانکۆشە.

نازدار گوتی "من بۆ ڕێکلام کردن بۆ بەرهەمەکەم و بەشداریکردن لە بڵاوکردنەوەی دێمەوە کوردستان، لەوانەشە هەندێ بەرنامە لە تەلەڤزیۆن و کۆنسێرتیش سازبکەین".

# دایکانی من



د. سەپان
sapanov@hotmail.com

یەکەمجار فیلمی (دایکانی من) لە ڕۆژی 14 نیسانی ئەمساڵ لە هۆڵی پێشەوا لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی 700 کەسی دانیشتوو و نیوەی زیاتریش بەپێوە وەستاو نیشاندرا.ئەو فیلمە لەلایەن سێ کەس: زەهاوی سنجاوی، ئیبراهیمی سەعیدی و عەباس غەزالی بەرهەم هێندراوە. هەرسێکیان بەیەکەوە نزیکەی 30 مانگ کاریان لەسەر کردووە. نە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، نە لە مێژووی سینەمای جیهان، تا ئێستا بەو شێوەیە نە کورد نە بیانی نەیانتوانیوە، ئەنفال یان جینۆساید دژ بە گەلی کورد، بەو شێوە نیشانی بینەر بدەن.

من ئاگاداری سەرەتای دەستپێکردنی ئەوپڕۆژە مەزنە بووم، دڵنیاش بووم، لەوەی هەرسێکیان، ئەگەر کارێکیان پێ بسپێردرێ، زۆر پسپۆڕانە ئەنجامیدەدەن، بەڵام جارێ لە گەورەیی و گرانی بابەت تێنەگەیشتبووم، چونکە منیش وەک زۆربەی دانیشتوانی کوردستان، تراگێدیای ئەنفالم لە شێوەی ژمارە (182000، 8000، 5000) کەس دەبینی، بۆیە وەکو پێویست کاری تێنەدەکردم و بەهیچ شێوەیەکیش نە بە دزی نە بەئاشکرا بۆی نەدەگریام. ئێمە دەبێ تێبگەین، کە تا ئێستا نەمانتوانیوە، ئەو دەردەسەرییەی بەسەر نەتەوەکەمان هاتووە، وەک خۆی بایەخی پێبدەین. ئێمە لە گرنگی سینەما و تەلەڤزیۆن و ڕاگەیاندن نەگەیشتووین، بۆیە بەلاتەوە سەیر نەبێ، ئەگەر سیناریۆی فیلمێکی دەکومێنتی بۆ بەرپرسێک ببەین، وەکو پێویست تێی نەگات، چونکە بۆ کورد سینەما هونەرێکی تازەیە. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە، لەپایتەختی کوردستان، بەر لە دروستکردنی هۆڵی پێشەوا، هیچ شوێنێکی شایستەمان نەبوو تا لەو جۆرە فیلمانەی لە شێوەی (دایکانی من)ی لێ نیشان بدەین.

ئێستا ئێوارەیە و تەواوی هۆڵی پێشەوا لەمیوانی زۆر بەڕێز پڕ پڕ بووە. نیشاندانی فیلم دەست پێدەکات، لەبەر چڕی فیلمەکە و پسپۆڕی لە شێوەی: دەرهێنان، مونتاژ و دەنگ، دەنگی پێشوولەیەکیش نایێت. تۆ دەبینی و دەبیستی، لەتەنیشتت دەگرییێن، لەپێشت دەگرییێن، لە پشتەوەت دەگرییێن. تەواوی هۆڵی پێشەوا دەگریێ. ئێمە دەگرییێن، نەک لەبەر ئەوەی ئارەزوومان لەگریانە و دەمانەوێ ویژدانمان ئاسوودە بێت، نەخێر ئێمە دەگرییێن، چونکە جاری یەکەمە، لە گەورەیی تراگێدیای ئەنفال دەگەین! ئێمە جاری یەکەمە، دەبینین، ژن و منداڵی کەسانی ئەنفالکراو پاش نزیکەی 24 ساڵ ڕەتبوون بەسەر ئەو کارەساتە گەورەیە، ئێستا ژیانیان چۆنە؟ ئێمە جاری یەکەمە تێدەگەین، ئەو گەلە بەدبەختەی کورد چۆن کار بۆ ڕەشبوونەوە و نەمانی کراوە.

## دایکانی من، توانی تەواوی تراگێدیای کورد و ئەنفال لەماوەی 67 خولەک نیشانبدات

فیلمی (دایکانی من)، هەموومانی لەخەو ڕاپەڕاند و وانەیەکی مێژوویی پێداین و جگە لەوەش، سینەمای کوردی بۆ قۆناخێکی نوێ و بە پسپۆڕ بردنی برد. ئەم فیلمە بووە مێژوویێک بۆ سینەمای کوردی، بۆیەش لەمەو دوا لەوکاتەی باس لە مێژووی سینەمای کوردی دەکەین دەبێ بڵێین:سینەمای کوردی پێش فیلمی (دایکانی من) ودوای فیلمی (دایکانی من)، چونکە ئەو فیلمە، نەک لەبەر ئەوەی گەورەترین تراگێدیای گەلی کوردی لەسەر شاشە نیشاندا، بەڵکو بەهۆی بەرزی ئاستی هونەرییەوە: دەرهێنان، گرتن، مونتاژ و دەنگ. بۆ جاری یەکەمیشە فیلمێکی دوکۆمێنتی کوردی لەو ئاستە دەبینین.

" ئێمەی کورد بەهۆی شێوەی ژیانمان پتر خوومان بە بیستن و خوێندنەوەی ڕووداوەکان گرتووە. دیارە ئەمەش دەچێتە قالبی ئەدەبی زارەکی و نووسراو، کە فۆلکلۆر وچیرۆکی بەخۆوە گرتووە .دەزانین، سینەما بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان، زمانێکی زۆر جیاوازە و بەهۆی تایبەتمەندێتی خۆیەوە ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی کاریگەرانەتر بۆ بینەران دەدوێ.زمانی سینەما زمانێکی دیکە و شێوازێکی دیکەیە و هەموو شتەکان لەقالبی جوولە و بەدیارخستن دایە و ئەوەش لە پێوەندی و هەرمۆنیای نێوان کەسەکان و دەوروبەر دیارە".

من نامەوێ باسی پلانی گرتنی ئەو فیلمەی لەگەڵ بکەم و ناشمەوێ لێی بپرسم: باشە بۆچی فیلمەکەتان ناوی (دایکانی من) ی لێندرا؟ چونکە بەڕاستی ئەو ژنە بەتەمەنانە نەک تەنیا دایکانی ئێمەن، بەڵکو نموونەی قارەمانی و خۆڕاگری تەوای گەلی کوردیشن، بۆیە لێی دەپرسم: ئایا 30 مانگ زۆر نییە، بۆ گرتنی یەک فیلمی دەکۆمێنتی؟

ئەو دەڵێ "پاش دانیشتنمان لەگەڵ خانەوادەی ئەنفالکراوان، تێگەیشتین، چەند کاتی بوێ، دەبێ بیدەینێ و هیچ پەلەی لێنەکەین. جگە لەکاتی پلاندانان و بەرنامەداڕشتن و سەیرکردن و خوێندنەوەی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە ئەنفالەوە هەبوو، نزیکەی 5 مانگیش خەریکی وێنەگرتن بووین و زیاتر لە ساڵێکیش مونتاژمان کرد، بۆیە 30 مانگ بۆ فیلمەکەمان بە کاتێکی گونجاو دادەنێین".

نزیکەی دوو ساڵ ونیو کارکردن، لەسەر گرانترین و گەورەترین تراگێدیای کورد، کاتێکی زۆرە، چۆن ئێوە توانیتان لەسەر ئەو پرسە گرنگە، بەڵام بەناوەڕۆک زۆر گران کار بکەن و بژین؟

– زۆر جار لەکاتی کارکردن لەسەر ئەو فیلمە، ستافی ئێمە خۆی کەوتووەتە ژێرکاریگەری گێڕانەوە و گریان، بەڵام لەکاتی کارکردن، دەبێ تەواوی کارت لەبەر چاو بێت. کاری ئێمەش ئەوەبوو، تا بکرێ ئەم گریان و تراگێدیایە چۆن هەیە وەک خۆی بگوازینەوە بۆسەر شاشە. سەرەڕای ناخۆشی و گرانی ئەم دیمەنانە، کەلە پرۆسەی کارکردن هەستمان پێی کرد، دەبووایە هەست و نەستی خۆمان وەلا بنێین و هەوڵبدەین بەرنامەکە تەواو بکەین. وەک خۆت دەزانیت، ئەمەش لە هەموو کارەکان ئەلف و بێی پرۆفسیۆنالییە.

زەهاوی ئەم قسانەم بۆدەکات و من لەچاوی و لەپشت چاویلکەی دەبینم، فیلمەکە لێدەدرێتەوە و هەرچەند دەیەوێ نیشانی بدات، کە گێڕانەوە و باسکردنی ئەم فیلمە کاری تێناکات، بەڵام کێ بەو قسانەی ئەو باوەڕ دەکات، کەتۆ لەرووخساری دیمەنی دیکە دەبینیت.

فیلمی دایکانی من، توانی تەواوی تراگێدیای کورد و ئەنفال لەماوەی 67 خولەک نیشانبدات و بەڕای زەهاوی سنجاوی لەڕاگەیاندنیش پێشوازی باشی لێکرا.

– ئەوەی زۆر گرنگ بوو بەڕای ئێمە ئەوەبوو، کەلە پاش نمایشکردنی فیلمی (دایکانی من)، لە ڕاگەیاندن زۆر بە باشی لە هونەری سینەما دوان و هەبوونی سینەمای کوردیان بە پێویست زانی. یەکەمجارە لە ڕاگەیاندن بەو شێوەیە باس لە گرنگی هونەری سینەما بۆ میللەتی ئێمە دەکەن و پەیامی ئێمەش ئەوە نەبوو، کە خەڵک ئامادەکەین بێن فیلمێکی گرنگ ببینن ئێمە بانگمان کردن بێن، فیلمێک لەسەر پرسێکی گرنگ ببینن.

من دووجار فیلمی (دایکانی من)م بینیوە و هەردووک جاریش وەک یەک کاری تێکردم، بەڵام نازانم: ئایا کەی بینەری کورد لە کەنالەکانی تەلەڤزیۆن دەیبینێ؟

– پاش ئەوەی لەفێستیڤالەکان یەکلا دەکرێتەوە، هەوڵدەدەین بۆ بینەرانی کورد نیشانی بدەین و لە شێوە DVDیش بیخەینە بازاڕ.

لێرە کۆتایی بە پرسیارەکانم دێنم، چونکە لەم دانیشتنەمان و باسکردنی ئەو بابەتە زۆر بەروونی دەنگی قارەمانانی فیلمەکە، لەهەردووک گوێچکەمان دەزرینگێتەوە و لەپشت بیلبیلەی چاومانیش پێش ئەوەی یەکتر ببینین، دیمەنەکانی فیلمی (دایکانی من) دەبینین.



د. سەپان: ئەو ژنە بە تەمەنانە نەک تەنها دایکانی ئێمەن بەڵکو نموونەی خۆڕاگری گەلی کوردیشن



(دیمەنێک لە فیلمی دایکانی من)

# وەرزش



## لەوانەیە نەسر 5,5 ملیۆن دۆلار بداتە نەشئەت

تایبەت بە(ڕووداو)

◆ سەرچاوەیەکی نزیک لە نەشئەت ئەکرەمی یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق، تایبەت بەڕووداوی ڕاگەیاند کە وتوویژ لە نێوان نەشئەت و یانەی نەسری سعودی لەئارادایە و لەوانەیە ئەستێرەی عێراقی بەرامبەر13,5ملیۆن ریاڵی سعودی(5,5ملیۆن دۆلار)بچێتەوە ڕیزەکانی نەسر، کە پێشتریش یاری بۆ کردووە.

# پاڵەوانی ئاسیا لەبەردەم نەفرەتی مۆندیالدا

لێدوانی ڕووداو

هەفتەی داهاتوو هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق سەردانی ئوستراڵیا دەکات بۆ ئەوەی لەسێیەم گەڕی یارییەکانی قۆناخی سێیەمی پاڵاوتنەکانی کیشوەری ئاسیا بۆ مۆندیاڵی 2010 باشووری ئەفریقا ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی ئەو وڵاتە ببێتەوە.

هەڵبژاردەی عێراق کە پاڵەوانی ئاسیایە لەم پاڵاوتنانەدا لەبارودۆخێکدایە کەس ئیرەیی پێ نابات، چونکە تەنیا خاڵێک و گۆڵێکی لەبەرامبەربوونێک و دۆڕاندنێکدا پێبڕاوەو ئێستا دوا پلەی گرووپەکەی گرتووە، بۆیە یارییەکەی ئەمجارەی بەیاری چارەنووس دادەنرێت کە بێجگە لەبردنەوە هیچ ڕێگایەکی دیکە لەنەفرەتی مۆندیاڵ ڕزگاری ناکات، چونکە کارەساتێکی زۆر گەورەیە پاڵەوانی کیشوەرێک هەر زوو لەپاڵاوتنەکانی مۆندیاڵدا شکست بێنێت و جەماوەری خۆی بێئومێد بکات.

ئەگەرچی بەپێی هەڵوێستی ئێستای هەڵبژاردەکانی دیکەی ئەم گرووپە هەڵبژاردەی عێراق بەدۆڕاندنی ئەم یارییەش بەیەکجاری بێئومێد نابێت، چونکە ئوستراڵیای پێشەنگی گرووپەکە هێشتا 4 خاڵی هەیەو بەبردنەوەی ئەمجارە دەبێتە خاوەن 7 خاڵ، دوای ئەویش هەڵبژاردەی قەتەر بە 3 خاڵ پلەی دووەم و هەڵبژاردەی چین بە 2 خاڵ پلەی سێیەمی گرتووەو ئەنجامی یاری ئەمجارەی دووەم و سێیەمی گرووپەکە کاریگەری بەسەر هەڵوێستی هەڵبژاردەی عێراقدا دەبێت کە 3 یاری دەمێنێتەوەو لەهەرگرووپێکیشدا دوو هەڵبژاردە سەردەکەون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش جگە لەبردنەوەی ئەمجارە ئەرکی عێراقییەکان دەبێتە نیمچە مەحاڵ و پێویستە هەموو یارییەکانی دیکەی بباتەوە.

هەڵبژاردەی عێراق لەمێژووی خۆیدا تەنیا جارێک لەساڵی 1986 لەمەکسیک بەشداری لەمۆندیاڵدا کردووە، دوای بردنەوەی جامی نەتەوەکانی ئاسیا جەماوەرەکەی ئومێدێکی گەورەی بەپاڵەوانانی ئاسیا پەیداکرد کە بۆ جاری دووەم لەگەڵ گەورەکاندا بەشداری لەمۆندیاڵدا بکەن، بەڵام وادیارە ئەمجارە بۆ عێراقییەکان نەفرەتی مۆندیال پێش خەونی مۆندیال دەکەوێت و ناتوانن جارێکی دیکە خەونەکەی بردنەوەی نازناوی جامی نەتەوەکانی ئاسیا بەسەرکەوتن بۆ مۆندیالی باشووری ئەفریقا دووبارە بکەنەوە.



هەڵبژاردەی عێراق (فۆتۆ:ئینتەرنێت)

# 10 یاریزانی خاوەن زۆرترین مووچەی مانگانەن

ڕووداو ـ ماڵپەڕی لیڤەرپول

ماڵپەڕی (Goal)ی بەناوبانگ لیستێکی بەناوی ئەو یاریزانانەی تۆپی پێ بڵاوکردەوە کە خاوەن زۆرترین مووچەی مانگانەن، کە لەکۆی10 پلەی یەکەمی ڕیزبەندەکە حەوتیان لەپریمەرلیگی ئینگلیزی یاری دەکەن، کە ئەوانیش بریتین لە: کاکا، ئەی سی میلان، 143.438 جونەیهی ئیستەرلینی. ڕۆنالدینیۆ، بەرشلۆنە، 135.788 جونەیهی ئیسترلینی. فرانک لامپارد، چێلسی، 130.050 جونەیهی ئیسترلینی. جۆن تێری، چێلسی، 130.050 جونەیهی ئیسترلینی. فرناندۆ تۆرێس، لیڤەربۆڵ، 126.225 جونەیهی ئیسترلینی. ئەندرێ شیفشینکۆ، چێلسی، 124.313 جونەیهی ئیسترلینی. مایکل باڵاک، چێلسی 124.313 جونەیهی ئیسترلینی. کرستیانۆ ڕۆنالدۆ، مانچستەر یونایتد، 122.400 جونەیهی ئیسترلینی. تێری هێنری، بەرشلۆنە، 122.400 جونەیهی ئیسترلینی. ستیڤن جێرارد، لیڤەربۆڵ، 122.400 جونەیهی ئیسترلینی.

# چارەنووسی جادوگەرەکەی بەرازیل



لێدوانی ڕووداو

ئەو کاتەی ڕۆناڵدینیۆی بەرازیلی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیدا لەلوتکەی ئاست بەرزیدا بوو، هەموو سەرۆک یانە گەورەکانی ئەوروپا خەونیان بەوە دەدیت، بتوانن بەهەر نرخێک بێت ئەم جادوگەرە بەرازیلیە بکڕن، بۆ ئەوەی لەبەرامبەر جەماوەرەکەیاندا شانازی بەخۆیان بکەن، بەڵام ئەم واقیعەی ڕۆناڵدینیۆ تا سەر نەبوو چ لەسەر ئاستی بەرازیل وەک وڵاتی خۆی کەبەدایکی تۆپی پێی جیهان دەناسرێت، چ لەسەر ئاستی ئەوروپاش کە خاوەن بەهێزترین خولەکانی تۆپی پێیەو بەلانکەی ئەستێرە گەورەکان دادەنرێت. هۆکارەکانی ئەمەش نیمچە دیارن، ئایا ڕۆناڵدینیۆ لەخۆبایی بووە یان ناتوانێت حەزوو ئارەزووە سێکسی و جەستەییەکانی کۆنترۆڵ بکات؟ کە هەردوو ئەگەرەکەش لەراستی نزیکن.

سەردەمانێک بەرشلۆنە بەگوناهی دەزانی یانەیەکی دیکە هەر بۆ گاڵتەش باس لەکڕینی ڕۆناڵدینیۆ بکات، کەچی ئێستا باوەشی بۆ ناکاتەوەو لاپۆرتای سەرۆکەکەی ڕاشکاوانە داوای لێدەکات شوێنێکی دیکە لەدەرەوەی هەرێمی کەتەلۆنیا بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ئەو جادوگەرەی، گەورە یانەکانی ئەوروپا ئامادە بوون بەهەموو سەروەت و سامانی خۆیان بیکڕن، ئێستا پاشەکشەی لێدەکەن و هەر لەبنەڕەتدا نایانەوێت، تەنانەت ئەگەر یانەیەکی وەکو ئەی سی میلانی ئیتاڵی حەزی لەکڕینیشی هەبێت، مامەڵەیەکی ڕەزیلانەی لەسەر دەکات و ئامادە نییە لە 25 ملیۆن یۆرۆ زیاتری پێ بدات.

هەرچۆنێک بێت سەرەڕای ئەوەی چەند شارەزاو ناودارێکی وەکو مارادۆنای ئەرژەنتینی و زیکۆی بەرازیلی بانگهێشت بۆ ئەوە دەکەن کە جادوگەرەکەی بەرازیل دەتوانێت جارێکی تر هەستێتەوەو وەکو جاران بە سیحرە جوانەکانی تام و چێژ بەهەموو جیهان بداتەوە، بەڵام زەحمەتە ئەمە ببێتە شەفاعەتکەرێک بۆ ڕۆناڵدینیۆ لای بەرپرسانی بەرشلۆنە، چونکە سێ بەسێ تەڵاقیان داوە، ئەگەر چی هەندێک لەچاودێران خوێندنەوەیەکی لەو جۆرەشیان هەیە.

# هەولێر میوانداری پاڵەوانێتیەکی نێودەوڵەتی لەشجوانی دەکات



سەردار پاڵەوانی لەشجوانی جیهانی

ڕووداو–هەولێر

لەمانگی تشرینی یەکەمی دادێ، یەکێتی لەشجوانی کوردستان لەسەر بودجەی یەکێتی لەشجوانی عێراق و بەهاوکاری لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق لەهەولێری پایتەخت، میوانداری پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی لەشجوانی دەکات.

سەردارئیسماعیل، پاڵەوانی جیهانی و ئەندامی یەکێتی لەشجوانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کەئەم پاڵەوانێتیە لە6ی تشرینی یەکەمی داهاتوو بەڕێوە دەچێت کە تیایدا هەڵبژاردەی 15 وڵاتی جیهان لەهەر سێ کیشوەری ئەوروپا، ئاسیا و ئەفریقا بەشدار دەبن، لەسەرووشیانەوە هەڵبژاردەی ئەلمانیای دووەمی جیهان و کۆریای باشوورو تورکیاو میسرو ئێران و چەندانی دیکە".

سەردار ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئەمە یەکەمجارە پاڵەوانێتیەکی لەشجوانی بەم ئاستە لەکوردستان ئەنجامبدرێت، "بۆیە لەئێستاوە کار بۆ خۆئامادەکردن دەکەین، چونکە پاڵەوانێتییەکە کۆشش و ئامادەکاری زۆری دەوێت.

# یۆرۆی 2008 لەتیرۆر پارێزراو دەبێت



ڕووداو ـ DW

نەمساو سویسرا بۆ ڕێکخستنی پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای 2008 هەموو ڕێوشوێنێکی دژ بەتیرۆریان گرتۆتە بەر.

هەردوو وڵاتی نەمساو سویسرا کە لەمانگی داهاتوودا بەهاوبەشی میوانداری پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا دەکەن، لەهەوڵەکانیاندا بەردەوامن بۆ پاراستنی یاریگاو یاریزان و جەماوەری ئەو پاڵەوانێتیە لەهەر هەوڵێکی تیرۆریستی.

دەسەڵاتدارانی نەمسا ڕایانگەیاند کە 3 هەزار سەرباز یارمەتی پۆلیس دەدەن بۆ بەرگرتن لەهەر کردارێکی تیرۆریستانە و ئاژاوەگێڕانە، لەکاتی بەڕێوەچوونی هەر یارییەکیش لەهەر یاریگایەکی ئەو وڵاتەدا 400 سەرباز ئەرکی پاراستنی ئەو یاریگایە لەئەستۆ دەگرن، جیا لەوەی تاقیگایەکی کیمیاییش لەڤیەننای پایتەخت کراوەتەوە بۆ پشکنینی هەر ماددەیەکی گومانلێکراو.

لەپێشهاتێکی دیکەشدا جۆنتە ڕپلاتەری وەزیری بەرگری نەمسا ڕایگەیاند لەماوەی بەڕێوەچوونی یارییەکانی پاڵەوانێتیەکەدا فڕینی فڕۆکە بەسەر ئاسمانی یاریگاکاندا قەدەخە دەکرێت، لەترسی ئەوەی تیرۆرستان لەڕێگای فڕۆکەوە کاری تیرۆریستی ئەنجامبدەن.

# کێ پڵنگەکەی کامیرۆن ڕاو دەکات؟



ساموێل ئیتۆی

لێدوانی ڕووداو

هەرچەندە ساموێل ئیتۆی هێرشبەری هەڵبژاردەی کامیرۆن و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی هەردەم بە"کوڕە بەوەفا"کەی کەتەلۆنیا دەناسرێت، بەڵام ئەمساڵ چەند بارودۆخێک هاتنە ئاراوە، ڕەنگە ئەو وەفاو و خۆشەویستییە کۆتایی پێ بێنێت و،هەرچەندە هەردەم گوتوویەتی "تەنها بەرشلۆنە ماڵی منە".

دوای ئەو بارودۆخە نالەبارەی بەسەر بەرشلۆنەدا هات، فشارێکی زۆر کەوتە سەر یاریزانەکانی بە ئیتۆشەوە، بەتایبەتی کە ئیتۆ لەسەرەتای وەرزەوە تووشی پێکان هاتوو، ماوەی زیاتر لە 3 مانگ لەیاریکردن دابڕا، لەو ئاکامەدا "پڵنگەکەی کامیرۆن" هەروەک لەنێو جەماوەری وڵاتەکەی و هەرێمی کەتەلۆنیادا پێی ناسراوە، ئەوەی لەدەم دەرچوو کە ساڵی داهاتوو ڕیزەکانی بەرشلۆنە بەجێدەهێڵێت ئەگەر ئەمساڵ بەرشلۆنە هیچ نازناوێک بەدەست نەهێنێ. بۆیە چەند یانەیەکی گەورەی ئەوروپا مرخیان لەئیتۆ خۆشکردو بۆ ڕاوکردنی کەوتنە دوای، هەر زوو ئەی سی میلان و یوڤانتۆسی ئیتاڵی و چێلسی ئینگلیزی تەماعیان لێکرد، بەم دواییە ئەنتەرمیلانی ئیتاڵیش ڕایگەیاند کە ئامادەیە بڕی 50 ملیۆن یۆرۆ بداتە ئەو یاریزانە. فەنەربەخچەی تورکیش دەیەوێت بەپارەیەکی خەیاڵی بیکڕێت، بەڵام زەحمەتە ئیتۆ خولەکانی ئەوروپا بەخولێکی گچکەو نەناسراوی وەک خولی تورکیا بگۆڕێتەوە.

هەردوو یانەی مانچستەرسیتی و توتنهامی ئینگلیزیش ئامادەن نزیکەی 40 ملیۆن یۆرۆ بۆ ڕاوکردنی ئیتۆ تەرخان بکەن، بەڵام ئاخۆ ئیتۆ بەڵێنەکەی پێشووی بەبیر دێتەوەو هەر بە کوڕە وەفادارەکەی بەرشلۆنە دەمێنێتەوە، یان بێزارە لەهاندەرانی کەتەلۆنیا بەتایبەتی کە دوای بەشدارینەکردنی لەکلاسیکۆی مەدریددا بەردەوام سووکایەتی پێدەکەن.

هەرچۆنێک بێت گاردیۆلای ڕاهێنەر پێویستی بەئیتۆیە، چونکە هێشتا زۆری پێماوەو تەمەنیشی لە 27 ساڵ تێنەپەڕیوە

## پێشبڕکێ

- بەکورترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
- لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudawnews@yahoo.com یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.



کیشار باسە لە عەنکاوە بە لێدوانی: (**نان بۆ نانەوا، تۆپ بۆ بەرازیل**) براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشووە.

## لێدوان



بۆبی چارڵتۆن
یاریزانی ئەفسانەی مانچستەر یونایتد

راوەدوونانی ڕۆنالدۆ شەرمەزارییە بۆ ڕیال مەدرید



ستیڤن جێرارد
کاپتنی لیڤەرپۆڵ

ڕۆیشتنی من لەلیڤەرپۆڵ مەگەر لەفیلمێکی خەیاڵیدا بێتەدی



ڕۆمان کالدیرۆن
سەرۆکی ڕیال مەدرید

لەوەرزی داهاتوو چوارگۆشەی زێڕینی چامپیۆنسلیگمان دەوێت

## یەکێتی زانایانی ئیسلامی هۆشداری دەداتە رۆشنبیران

# هەڵوێستمان لەبەرگریکردنەوە دەبێتە هێرشبردن

**رووداو– هەولێر**

ماوەیەک لەمەوبەر مەلاوپیاوانی ئایینی لەرێگەی دوو بەیاننامەوە چەند داخوازییەکیان سەبارەت بە قەدەخەکردنی ئەو کتێب و بەرهەمانەی رەخنە لە ئایین دەگرن بەرەورووی دەسەڵاتدارانی کوردستان کردەوە، لەکاتێکدا هەندێک



لە نووسەران ئەوە بە "لێکحاڵینەبوون"و "دووبارەکردنەوەی شەڕی دۆڕاوی خەڵک" لێکدەدەنەوەو داوای هێنانەئارای دیالۆگێکی کراوە دەکەن، ئەندامێکی یەکێتی زانایان هۆشداریی دا کە هەڵوێستی ئەوان تائێستا بەرگریکارانە بووەو ئیدی دەبێتە هێرشکارانە.

بڵاوبوونەوەی چاپی دووەمی کتێبی "جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ" کە ئارام رەشید نووسیوێتی و ساڵی 2006 مۆڵەتی چاپی لە وەزارەتی رۆشنبیری وەرگرتووە، ئەم نارەزاییەی پیاوانی ئایینی تەقاندەوەو رۆژی 2007/5/9 نزیکەی 470 کەسی ئایینی و مامۆستاو قوتابیی زانکۆ نامەیەکی کراوەیان بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە "چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو بابەت و نووسینانە قەدەغەبکرێ و لێپرسینەوەی شەرعی و یاسایی لەگەڵ هەرکەس و دەزگاو لایەنێک بکرێت کە هێڵە سوورەکانی بیروباوەڕی ئایینی دەبەزێنێت" هەروەها داوادەکات "لیژنەیەکی پسپۆڕ لە مامۆستایانی ئایینی و نووسەرو رۆشنبیرە ساغ و دڵسۆزەکان و یاساناسان پێکبهێنرێ بۆ پێداچوونەوەو دیاریکردنی ئەو بابەت و نووسینانەی مۆڵەتی چاپیان پێدەدرێ". مەلا بەشیر خەلیل کە وتاربێژی مزگەوتی جەلیل خەیاتە لەشاری هەولێرو یەکێکە لەوانەی نامەکەی ئیمزا کردووە، بە (رووداو)ی راگەیاند کە مەبەستیان ئەوەیە بەبێ رەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف مۆڵەتی چاپ نەدرێتە هیچ کتێبێک لەبارەی

> "بەیاننامەکەمان هۆشدارییەکی بەهێزبوو بۆ حکومەت"
>
> مەلا عومەر سوێری

ئایینەوە.

هەر دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو نامە کراوەیە بە چوار رۆژ، یەکێتی زانایانی ئایینی بەیاننامەیەکی توندتری لەسەر هەمان بابەت بڵاوکردەوەو تێیدا داوا لە حکومەت دەکات "بێرێزیکردن بەرامبەر ئایین بەیاسا قەدەغەبکات". مەلا عومەر محەممەدئەمین سوێری پێشنوێژو گوتارخوێنی مزگەوتی سەواف و ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان رایگەیاند کە ئەوانەی بەنووسین پەلاماری شتە پیرۆزە ئایینیەکان دەدەن دەبێت لەئایندەدا چاوەڕێی کاردانەوەی توندتر بن و گوتیشی "هەڵوێستی ئێمە تائێستا بەرگریکارانە بووەو ئیدی دەبێتە هێرشکارانە".

د.فەرهاد پیربال نووسەرو مامۆستای زانکۆکە ساڵی رابردوو بەهۆی بڵاوکردنەوەی کتێبی "سوڵتانە عوسمانییەکان" لەگەڵ داواکاری گشتی تووشی کێشەهات، ئەم کێشەیەی نێوان نووسەران و پیاوانی ئایینی بە "لێکحاڵینەبوون" دەزانێ و دەڵێت "لێکحاڵینەبوونەکە لە تەرەفی پیاوانی ئایینی هێندە قووڵە گەیشتووەتە ئەوەی جیاوازیی لەنێوان هەندێ شتی زۆر سادەش نەکەن". پیربال کێشەی خۆی لەگەڵ داواکاری گشتی بەنموونە دێنێتەوە "لەلایەن داواکاری گشتیی سەر بە وەزارەتی داد کە بەناوی هەموو خەڵکی کوردستانەوە قسەدەکات، سکاڵایەکم لەسەر تۆمارکرا گوایە من وێنەی خیلاعیم بڵاوکردووەتەوە، ئەمە نەک هەر تەشهیربوو بەمن بەڵکو تەشهیربوو بەکوردو کوردستان و بەوەزارەتی دادیش، داواکاری گشتی حەیای من و وەزارەتی دادو حکومەتی برد، چونکە بە جەهالەت و نەخوێندەواریی خۆی نەیتوانیبوو جیاوازی بکات لەنێوان وێنەی خیلاعی و تابلۆی هونەری، تەنانەت پاش راکێشانەوەی داواکەش داوای لێبوردنی لەمن نەکرد کە مامۆستایەکی زانکۆم و قوتابیەکانم وا تێگەیشتبوون دکتۆر فەرهاد وێنەی رووتی بڵاوکردووەتەوە". ئەو دەڵێت "ئەمە مانای وایە لێکحاڵینەبوون هەیە، بەڵام زۆر نووسەرو رۆژنامەنووسیش هەن کە ئاگاداری ناوەڕۆکی ئایین و دەقە ئایینیەکان نین". فەرهاد پیربال پێشنیازی ئەوەی کە وەک مەلا بەشیر دەڵێت "نابێ هیچ کتێبێک لەبارەی ئایین بەبێ رەزامەندیی وەزارەتی ئەوقاف دەربچێ" بەداوایەکی سوریالی و ناواقیعی دەزانێ و دەڵێت "کەواتە پێویستە داوای ئەوەش بکەن کە مەلاکان و پیاوانی ئایینیش نابێ هیچ قسەیەک لەسەر ئەدەب و هونەرو داهێنان بکەن بەبێ رەزامەندی یەکێتی نووسەران و سەندیکای هونەرمەندان، بۆئەوەی نەکەونە ئەو هەڵەیەی داواکاری گشتی و وەزارەتی دادی تێکەوت. ئەمەش دیارە شتێکی سوریالی و زۆر ناماقوڵی لێدەردەچێ".

فەرهاد پیربال لەجیاتی ئەو شکایەت و شکایەتکارییە وا بەچاکتر دەزانێ دیالۆگێک لەنێوان هەردوولا بێتەئاراوە "پیاوانی ئایینی وەکو خۆیشیان ئیدیعا دەکەن با لە نووسەرو رۆژنامەنووس و هونەرمەندان عاقڵتربن و بێن دیالۆگێک دروست بکەن، ئەوان لەچاو هونەرمەندو رۆژنامەنووسان لەدەسەڵات نزیکترن با ئەوان ئەو دەستپێشخەرییە بکەن، لەجیاتی ئەوەی ئەم شکایەت لەو بکات و ئەو حەیای خۆی و ئەوی دیکە ببات و جەنابی سەرۆک بەم شتانەوە مەشغول بکەین بابێین دیالۆگێکی کراوە دروست بکەین و رێگە بەخەڵک بدەین گفتوگۆ بکەن و ئەوەی رایەکی هەڵەی هەیە راستیبکاتەوە".

نووسەر جەبار جەمال غەریب پێیوایە ئەو شەڕەی ئەمڕۆ لەزۆر شوێنی دیکەی دنیادا بەناوی شەڕی نێوان عەلمانیەت و ئایین هەیە جگە لە خوێنڕشتن بەرهەمێکی دیکەی نەبووەو هیچ سوودێکی نە بە ئایین و نە بەکۆمەڵگای مەدەنی نەگەیاندووە، بۆیە وەک ئەو دەڵێت "باشترە چ ئەو زانا ئایینیە بەرێزانەو چ نووسەران پەنا بۆ ئەوە نەبەن شەڕی دۆڕاوی خەڵک لێرە دووبارە بکەنەوە".

بەبڕوای ئەو ئەمڕۆ لە کوردستان لەهەردوو سیستەمی رۆشنبیری و ئایینیدا کێشەی گەورە هەیەو هیچیەک لەمانە نەیانتوانیوە چارەسەری ئەو کێشانە بکەن. ئەو دەڵێت "سیستەمی ئایینی لەبەر قەیرانە قووڵەکانی خۆی کە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە تووشی هاتووە دێت لە رواڵەتدا شەڕێک دروست دەکات، ئەگەرنا کاری مامۆستاکانی ئایین ئەوە نییە بەرەورووی گەنجێک ببنەوە کە ئەمڕۆ کتێبێکی نووسیوەو دەشێت دوای چەند ساڵێکی دیکە کتێبێکی دیکە بنووسێت تەواو بەپێچەوانەی کتێبی یەکەمی، دەشێت ئەو کتێبە ئەگەر ئەوان وازی لێبهێنن کۆمەڵێک کەسی زۆرکەم بیخوێننەوەو کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبێت، بەڵام ئەوە مەلاکانن دێن و گەورەی دەکەنەوە بۆ خۆرزگارکردن لەو کێشە گەورەیەی ئایین تووشی بووە".

ئەو پێیوایە لە کۆمەڵگای کوردیدا دوو کارێکتەری لێکجیاواز هەیە، کوردێکی موسڵمان و سیاسییەکی موسڵمان، هەموو ئەم کێشانەشی دروست دەبن ئەوە سیاسەتە دروستی دەکات بۆ ئیسپاتکردنی خۆی و پاشەکشە بە خەڵکانی دیکە، دەشڵێت "ئەمڕۆ چاپکردنی کتێب لەدنیادا شتێکی شەخسیەو دەتوانی لە ماڵەکەی خۆتدا بەیانێک چاپ بکەیت و بڵاوی بکەیتەوە، ئیدی بیرکردنەوە لەوەی کە بچی لە وەزارەتی ئەوقاف یان رۆشنبیری لیژنە دابنێی بۆ سانسۆری کتێب، جگە لەوەی کارێکی کردەنی نییە، تێنەگەیشتنیشە لەو پێشکەوتنەی لە سیستەمی پەیوەندیدا پەیدابووە، چونکە ئەمڕۆ رێگای پەیوەندی هەر بەتەنیا کتێب نییەو دەیان کەناڵی دیکە دروست بووە، ئەگەر رێگای کتێب بگری رێگای ئینتەرنێت و مۆبایل و سەتەلایت هەن". بەبڕوای ئەو ئیدی شەڕی فکر لەڕێی

> "نابێ پیاوانی ئایینی بەبێ رەزامەندی یەکێتی نووسەران و سەندیکای هونەرمەندان قسە لەسەر ئەدەب و هونەر و داهێنان بکەن"
>
> فەرهاد پیربال

رێگالێگرتن و هاندانی دەسەڵاتەوە ناکرێ بۆئەوەی خەڵک سەرکوت بکات، ئەگەر واشبکات چارەنووسی بە چارەنووسی دادگاکانی پشکنین دەگات.

ئەوەی جێگای سەرنجە بڵاوکردنەوەی نامە کراوەکەو بەیاننامەکەی یەکێتی زانایان لەیەک کاتداو دوابەدوای یەک لەسەر بابەتێکی دیاریکراو هاتن، جەبار جەمال غەریب ئەمە بە "گەلەکۆمەکێ لە نووسەرێک" ناودەبات، بەڵام مەلا عومەر سوێری رەتیدەکاتەوە کە هەماهەنگی پێشوەخت لەنێوان هەردوولا هەبووبێت، هۆکاری دوابەدوای یەک هاتنی هەردوو بەیاننامەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە وەک ئەو دەڵێت "بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە نووسینانە چ وەک کتێب یان وتاری نێو رۆژنامە لەم ماوەیەدا زیادیان کردووەو وەک پیلانێکی گەورە دێتە بەرچاوی موسڵمانان".

لەکاتێکدا دەگوترێ زۆربەی ئەوانەی نامە کراوەکەیان نووسیوە سەر بەلایەنە ئیسلامییەکانن، کەچی بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەیاننامەکەی یەکێتی زانایان بەزمانێکی توندتر لەوەی ئەوان نووسرابوو، مەلا عومەر سوێری دەڵێت "ئێمە لەخەڵکی دیکە زیاتر خۆمان بەدڵسۆزی ئەم قەوارەیە دەزانین و پێمان ناخۆشە پشێوی تێدا بڵاوبکرێتەوەو لێکدوورکەوتنەوە لەنێوان جەماوەرو حکومەت دروست ببێ، بۆیە ئەوە هۆشدارییەکی بەهێزبوو بۆ حکومەت



کە کەمێک رێگە لەو شتانە بگرێت و سنوورێکیان بۆ دابنێت"، هەروەها گوتی "ئێمە ویستمان رەخنەکەمان بەجۆرێک بێت کە کاریگەری هەبێت، چونکە هەستمانکرد لەنێو خەڵکدا پەنگی خواردووەتەوەو زۆریش گلەیی لە مامۆستایانی ئایینی دەکەن کە بۆچی هیچ ناکەن و هیچ ناڵێن. ئەوەی خەڵک بەتوندی دەزانێ بەلای خۆمانەوە توند نەبووەو ئەوەی بەوجۆرە هێرش بکاتە سەر ئیسلام دەبێت چاوەڕوانی کاردانەوەی بەهێز بێت، هەڵوێستی ئێمە تائێستا دیفاعی بووەو ئیدی دەبێتە هەڵوێستێکی هێرشکارانە". ئەومەبەستی خۆی لە هەڵوێستی هێرشکارانە پتر روونده‌کاتەوەو دەڵێت "دەزانین خەڵکێک هەیە باوەڕی نییە، دەزانین ئەوانە کێن و رابردوویان دەزانین و ئاگادارین چییان بۆ کورد کردووە، ئەگەر تائێستا بەرگریمان کردبێت ئەوا لەمەودوا هێرش دەکەینە سەریان و دەتوانین خەڵکیان لێ هانبدەین، بەڵام تائێستا کە ئەوەمان نەکردووە نەمانویستووە فەوزا بە فەوزا چارەسەر بکەین".

## ئەنجلیکا رلیشتێن ئێبری ئەڵمانی:

# خوێندنی باش لەکوردستان تەنیا بۆ دەوڵەمەندەکانە



**محەمەد مێرگەسووری**
**رووداو –مێرگەسوور**

ئەنجلیکا رلیشتێن ئێبر، پسپۆری بواری پەروەردەیی دەڵێت خوێندنی باش لەکوردستان تەنیا بۆ دەوڵەمەندەکانە و لەو بڕوایەدایە "ئەو ئەلف و بێیەی لەقۆناخی سەرەتایی بە منداڵ دەگوترێت هیچ ئاسانکارییەکی بۆ منداڵ تێدا نییە".

خاتوو ئەنجلیکا رلیشتێن ئێبر، پسپۆرێکی بواری پەروەردەیە لە ئەڵمانیا و، لە ماوەی 4 ساڵی رابردوو 10 جار لەسەر ئەرکی خۆی سەردانی کوردستانی کردووە، بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر سیستەمی پەروەردەی باشووری کوردستان و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی چەندین راو سەرنجی بۆ دروستبووە و ئەو راو سەرنجانەشی پێشکێشی بەشی بەرنامەسازی وەزارەتی پەروەردەی کوردستان کردووە.

لێکۆڵینەوەکانی ئەو ژنە ئەڵمانییە لەسەر سیستەمی پەروەردەیە لەقۆناخی باخچەی ساوایان و قۆناخی بنەڕەتی لەسنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مێرگەسوور، لەوبارەشەوە دەڵێت "دەمەوێ خزمەتێک بە نەتەوەی کورد بکەم، وەکو حەزێکیش بزانم هاوکارانم چۆن لێرە کار دەکەن".

سەبارەت بەهەڵبژاردنی کوردستان بۆ کارکردن دەڵێت "ئەزموونی زۆرم هەیە لەوڵاتانی دوای شەڕ، بینم کوردستانیش هەمان کێشەی ئەو وڵاتانەی هەیە، بۆیە پێمخۆشبوو پرۆژەکەم لەسەر سیستەمی پەروەردەی قۆناخەکانی باخچەی ساوایان و بنەڕەتی بێ بەتایبەتی کە گلەییەکی زۆر لەسیستەمی پەروەردە هەیە لە کوردستان، بەتایبەتیش ئەو سیستەمە کە لەسەردەمی بەعس دانراوە، هەرچەندە تا ئێستا چەند گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە، کە بەشێکیان لەکۆنفرانسی پەروەردەیی ساڵی رابردوو بڕیاریان لەسەر درا، بەڵام بەشێک لەگۆڕانکارییەکان بوونەتە جێگەی نیگەرانی مامۆستایان وەکو نەمانی تاقیکردنەوە لەپۆلی یەک تا سێی قۆناخی بنەڕەتی و نەمانی بەخشینی گشتی قوتابیان و هەروەها دەرچوواندنی قوتابی ئەگەرلەتاقیکردنەوە لەوانەیەکیشدا بکەوێت.

زۆرجار بەشێک لەخراپییەکانی بواری پەروەدە لەئەستۆی مامۆستایاندایە، ئەو ژنە ئەڵمانییە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی دوو جۆر مامۆستا لەکوردستاندا هەیە "یەکەمیان ئەوانەن کە نایانەوێت لێهاتوییان زیاد بکەن، ئەوەش بۆ چۆنیەتی بوون بەمامۆستا دەگەڕێتەوە، دووەمیشیان ئەوانەن بەئیماکانیەتی زۆر کەم پێشکەوتنی باشیان بەخۆوە بینیوە".

ئەو تێبینی دیکەشی لەسەر مامۆستایانی کوردستان هەن و دەڵێت "مامۆستایانی کوردستان پەیڕەوی سیستەمی میلیتاری (عسکری) دەکەن، ئەوەی مامۆستا دەیەوێت، دەبێ قوتابی 100% جێبەجێی بکات".

ئەنجلیکا رلیشتێن ئێبر، جگە لەوەش لەقوتابییەکانی ئێرە گوێبیست بووە کە "مامۆستاکان بەقوتابییان دەڵێن ئێوە هیچ نین و بەکەڵکی هیچ نایەن و فێری هیچ نابن و نابنە هیچیش، بەڵام لەسیستەمی ئەڵمانیا دەرفەت دەدرێتە قوتابی بۆ ئەوەی فێر ببێت و نا ئومێد نەبێ".

ئەو پسپۆرە ئەڵمانیە سیستەمی پەروەردەی کوردستان بە"سیستمێکی قورس" ناو دەبات، ئەویش لەئەنجامی قسەی ئەو قوتابیانە وەچنگ کەوتوە کە وازیان لەخوێندن هێناوە "سیستەمەکە زۆر زەحمەتە و قوتابی تەحەمولی ناکات".

ئەنجلیکا رلیشتێن ئێبر، بۆ ئەوەی زیاتر لەکێشەکانی پەروەردە لەکوردستان قووڵ بێتەوە لەو ماوەیەدا خۆی فێری ئەلف و بێی کوردی کردووە، هەر بۆیەش تێبینی لەسەر ئەو ئەلف و بێیەش هەیە کە فێری قوتابیان دەکرێ و دەڵێت "سەرەتا خۆم لەجیاتی منداڵێک دانا و بیرم دەکردەوە و هەستمکرد ئەم سیستەمە هیچ جۆرە ئاسانکارییەکی بۆ منداڵ تێدا نییە، بۆ نموونە پیتی (م) لەزۆر شوێن بەکار دێت لێرە سیستەمەکە وایە دەبێ قوتابی هەموو ئەو وشانە بناسێتەوە کە ئەم پیتەی تێدایە، ئەمەش ئاستەمە، دەبێ ئەو دەرفەتە بدەینە قوتابی بەخۆی کاری فێربوون بکات".

جگە لەو گلەییانەی لەشێوازی وانە گوتنەوە دەگیرێن لەهەمانکاتدا گلەیی لەپرۆگرامەکانی خوێندیش دەکرێ بەتایبەتی کۆنی ئەو پرۆگرامەی لەکوردستان دەخوێندرێ. رلیشتێن ئێبر لەو بارەیەوە دەڵێت "زۆربەی پەرتووکەکان لەسەر بنچینەی لەبەر کردن دانراون زۆر ئیزعاج و ناڕوونن، هیچ دەرفەتێک بۆ قوتابی ناهێڵنەوە خۆی خۆی فێربکات، چونکە کاتێک خۆی بابەتێک جێبەجێبکات زیاتر فێر دەبێ و مێشکی بەگەڕدەخات".

زۆربەی ئەو گۆڕانکارییانەی لەپرۆگرامەکان و شێوازی وانە گوتنەوە دەکرێن لەلایەن ئەو کەسانەوە پێشنیاز دەکرێن کە لەتاراوگە لەبواری پەروەردە کاریان کردووەو زۆربەی پێشنیازییەکانیشیان کۆپییەکی سیستەمەکانی دەرەوەیە، بەڵام ئەنجلیکا دژی ئەوەیە سیستەمەکانی دەرەوە بۆ کوردستان کۆپی بکەی و دەرخواردی قوتابیەکانتی بدەی، ئەو دەڵێت "نابێ سیستەمی ئێرە لەگەڵ سیستەمی پەروەردەی وڵاتانی بۆ نموونە سویسرا، ئەڵمانیا یان ژاپۆن بەراورد بکەین، چونکە دواتر خۆتان ون دەکەن، لەگەڵ ئەوەدانیم سیستەمێک لەدەرەوەرا هاوردە بکرێت، بۆیە من هاتووم ئەو شتانەی لێرە هەیە و لەگەڵ فەرهەنگی ئێرە دەگونجێ لەگەڵ زانیاری و ئەزموونی خۆم تێکەڵاوم کردوون".

> ماموستایانی کوردستان سیستمی عەسکەری پەیڕەو دەکەن

هەروەها ئەنجلیکا لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیدا لەسەر قوتابیانی کوردستان بۆی روونبووەتەوە لەرووی بیر و هۆشەوە هیچ جیاوازییەک لەنێوان قوتابیانی ئێرە و وڵاتە پێشکەوتووەکاندا نییە و دەڵێت "لێرە نەوت هەیە و دەتوانن پارەی نەوت بۆ پێشکەوتن بەکار بێنن، هیچ دەرفەتێکی دیکەتان لە بەردەمدا نییە دەبێ سیستەمێکی پەروەردەی بەهێزتان هەبێ".

هەرچەندە لەچەند ساڵی رابردوودا چەندین قوتابخانەی نموونەیی کراونەتەوە، بەڵام بەهۆی گرانی نرخی خوێندن لەو قوتابخانانە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک توانای نییە منداڵەکانی بنێرێتە ئەو قوتابخانانە.

ئەنجلیکا تێبینییەکانی خۆی لەسەر ئەو قوتابخانە ئەهلییانە بۆ (رووداو) دەخاتە روو و دەڵێت "ئەوەی من تێبینیم کردووە گرنگی زۆر بەشارەکان دەدەن بەکردنەوەی قوتابخانەی نموونەیی کە خوێندنیان بۆ کەسە دەوڵەمەندەکانە، ئەگەر بمانەوێت پێشکەوتن وگەشەپێدان



هەبێت دەبێ چاومان لەهەموو شوێنەکان بێت، ئەو خوێندنەی کەمێک باش بێت لێرە بۆ دەوڵەمەندەکانە".

دواجار ئەنجلیکا رووی داواکاری لە بەرپرسانی کورد دەکات و دەڵێت "داواکاریم لەبەرپرسان ئەوەیە مێژوو و فەرهەنگی خۆیانن لەبەر چاو بێت و سەیری تایبەتمەندییەکانی خۆیانن بکەن، نەک بێن سیستەمەکەیان لەگەڵ سیستمێکی بیانی بەراورد بکەن، نابێ سیستمێک هاوردە بکەن نامۆ بێ لەگەڵ فەرهەنگ و کولتوری کوردستان".



## 12 کچ لە بۆکان دەستگیر دەکرێن

ڕووداو - بۆکان

◆ چەند ڕۆژێک لەمەوبەر هێزەکانی ئاسایشی کۆماری ئیسلامی ئێران ناسراو بە" نیروی ئینتیزامی" لەشاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان 12 کچی کوردیان بەبیانووی حیجابی ناتەواوەوە دەستگیر کرد. بنەماڵەی گیراوان تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هیچ زانیارییەکیان لەسەر ڕەوش و شوێنی کچەکانیان نییە.

# پیاوەکانی هەولێر بۆ مارەکردنی ژنی دووەم دەچنە مەخموور



لەنجە عەبدوڵڵا
lanja@rudaw.net

**ڕووداو – هەولێر**

مام حەمیدی تەمەن 63، ماوەی سێ مانگە هاتووچۆی دادگای هەولێر دەکات بەنیازی ئەوەی دادوەرەکان ڕازیبکات بۆ ئەوەی ژنی دووەمی مارە بکات، چونکە خێزانی یەکەمی ڕازی نییە، بۆیە دادگاش لە هەولێر لەبەر بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژنی دووەمی لێ مارە ناکات.

حەمید، کە لەبەردەم ژووری یەکێک لە دادوەرەکانی دادگای هەولێر وەستابوو بەتوورەییەوە گوتی "سێ مانگە هاتووچۆی ئێرە دەکەم، بەڵام ژنی دووەمم لێ مارە ناکەن دەڵێن دەبێت ژنی یەکەمت ڕازی بێت، ئەویش ڕازی نییە، خۆ ژن هێنان تاوان نییە شەرع ڕێگای بەچوار ژن داوە ئەگەر هەر لێشم مارە نەکەن، ئەوەتا مەخموور بستە ڕێییەکە دەچم لەوێ مارەی دەکەم".

دوای دەرچوونی یاسای قەدەخەکردنی فرەژنی لە پەرلەمانی کوردستان، دادگاکانی کوردستان چیتر ناتوانن ژنی دووەم بەبێ ڕەزامەندی ژنی یەکەم مارە بکەن، بۆیە زۆربەی ئەوانەی ژنی دووەم دێنن بۆ پەسەندکردنی لە دادگا پەنا دەبەنە بەر دادگاکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا، بەتایبەتی دادگای قەزای مەخموور.

حەمید، خەڵکی شاری هەولێرەو ماوەی 35 ساڵە خێزانی پێکهێناوەو خاوەنی 7 منداڵە و، بەبێ هیچ هۆیەک خەریکی هێنانی ژنی دووەمە، بەڵام بەهۆی بەرێ نەکرانی کارەکەی لەدادگا خەریکە ریسەکەی لێ ببێتەوە خوری.

ئەو ژنەی حەمید بە نیازە بیهێنێت بێوەژنێکی خاوەن 3 منداڵە و، مێردەکەی 4 ساڵە مردووە، حەمید پێیوابوو بە مارەکردنی ئەو بێوەژنە کارێکی مرۆیی دەکات " ئەوەی من دەیکەم شتێکی ئینسانییە، ئەو ژنەش گوناحە و پێویستی بەکەسێکە خۆی و منداڵەکانی بەخێو بکات، بەڵام خۆ لەم وڵاتە کەس گوێت لێناگرێت".

هەرچەندە یاسای باری کەسی عێراقی ڕێگا لەهێنانی ژنی دووەم دەگرێت، لەکاتێکدا ئەگەر ژنی یەکەم ڕەزامەندی لەسەر نەبێت، بەڵام ئەمڕۆ سەرپێچیکردن و لادان لەجێبەجێکردنی ئەم یاسایە لەلایەن خەڵک بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی و بگرە هێنانی ژنی دووەم لەدەرەوەی دادگا تا دێت بەرەو زیادبوون دەچێت.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەدادگەی هەولێر دەست (ڕووداو) کەوتوون، ساڵی ڕابردوو تەنیا 90 حاڵەتی ڕێپێدان بەهێنانی ژنی دووەم، بە ڕەزامەندی ژنی یەکەم لە دادگادا هەبووە، جگە لەوەی 550 حاڵەتییش لەدەرەوەی دادگا ئەنجامدراون و دواتر دادگا پەسەندی کردوون.

دادوەر ئیبراهیم ئیسماعیل خۆشناو، دادوەری باری کەسی لە دادگای هەولێر ژمارەکەی بە کەم زانی چونکە بەپێی قسەی ئەو لەساڵی 2007 دا 8444 گرێبەستی هاوسەرگیری لەدادگا ئەنجامدراوە، کە ڕێژەی ئەوانەی ژنی دووەمیان هێناوە ناکاتە 1%ی ئەو ژمارەیە.

ئەو دادوەرە گوتی "زۆربەی ئەوانەی ژنی دووەمیان لەڕێگای دادگا هێناوە نزیکەی 60 یان منداڵیان نەبووەو لەبەر ژنی دووەمیان هێناوە بەرەزامەندی ژنی یەکەمیان".

بۆ ڕێگەگرتن لەدیاردەی فرەژنی و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 2001 مادەی 10ی بڕگەی 5 لەیاسای باری کەسی عێراق هەموار کرد، کە لەدوو بڕگە پێکهاتبوو، لەکاتێکدا ئەم بڕگانە چەند سزایەکی یاسایی و غەرامەکردنی پارەی لەخۆگرتبوو، بەڵام ئەمە وایکرد کە ئەم دیاردەیە تەنیا لەدادگادا کەمببێتەوە و لەدەرەوەی دادگا بەشێوەیەکی نایاسایی ڕووی لەزیادبوون کرد.

دادوەر محەممەد ئەحمەد، دادوەری بەرایی شارۆچکەی خەبات بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو سزایانەی بۆ ئەم دوو بڕگەیە دانراوە، یەکێکیان بریتییە لە 3تاوەکو 5 ساڵ حوکم لەلایەن دادگاوە کە (ایقاف تنفید) دەکرێت و پاشان ئازاد دەکرێت، هەروەها ئاماژەی بەوەدا ئەم یاسایە تەنیا کوردستان دەگرێتەوە، بەڵام لەدادگاکانی ژێر سەر بە دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی جێبەجێناکرێت "دادوەرە عەرەبەکان هەر شتێک لەبەرژەوەندی کورد بێت نایکەن، چونکە ئەوان بەئاشکرا دژایەتی ئێمە دەکەن، ئەگەر ژنی دووەمیش مارە بکەن زۆر ئاساییە".

بەهۆی بوونی چەند مەرجێک بەتایبەتی ڕازیبوونی ژنی یەکەم لەکاتی مارەکردنی ژنی دووەم، ئەوانەی بەنیازی ژنی دووەمن لەدادگاکانی کوردستان بێ ئومێد بوونە، بۆیە پەنا بۆ دادگای مەخموور دەبن بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان.

سەرچاوەیەک لەدادگای مەخموور کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو یاسایەی بۆ ڕێگە گرتن لەفرەژنی لەپەرلەمان دەرچووە لە مەخموور جێبەجێ ناکرێ،چونکە مەخموور تاکو ئێستا لەرووی ئیدارییەوە نەگەڕاوەتەوە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە ماوەی یەک ساڵ و نیوە خەڵکێکی زۆر بۆ مارەکردنی ژنی ژنی دووەم دێنە دادگای مەخموور، چونکە ئەوان بەپێی یاسای عێراقی کاردەکەن.

سەرچاوەکە گوتیشی "زۆربەی ئەو کەسانەی ژنی دووەم دەهێنن و دێنە دادگای مەخموور کەسانی دەوڵەمەند و ناسراوی شاری هەولێرن، یان ئەوانەن کە بە نهێنی و دزی ژنی یەکەمەوە، ژنی دووەم دێنن".

دادوەر عەبدولعەزیز محەممەد، دادوەری باری کەسی لەقەزای مەخموور سەبارەت بە زۆربوونی دیاردەی فرەژنی لەو ناوچەیەو هاتنی کوردەکانی هەولێر بۆ ئەو دادگایە گوتی زۆربەی ئەوانەی لە مەخموور ژنی دووەمیان مارەکردووە، عەرەبەکانی ئەوێن کوردەکان ژمارەیان کەمە "خەڵکێک هاتووە لەهەولێرو دەوروبەری کە لەدادگا ژن هێنانەکەی بۆ پەسەند بکەین، بەڵام ئێمە نەمانکردووە، چونکە پەیوەندی بەئێمەوە نییە، ئەوان دادگای خۆیان هەیە ئێمە ناتوانین ئەو کارەیان بۆ بکەین".



بەڵام دادوەر محەممەد ئەحمەد ئەو قسانەی ڕەتکردەوە و سەبارەت بەئیجرائاتی یاسایی بۆ ژنهێنان گوتی "هەموو کەسێک دەتوانێت لەهەر دادگایەک بیەوێت ژن مارە بکات، ئەگەر خەڵکی ئەو شوێنەش نەبێت نابێتە کێشە".

هەر سەبارەت بەرووتێکردنی خەڵک بۆ ئەو قەزایە بەئامانجی ئەنجامدانی گرێبەستی مارەکردنی ژنی دووەم، دادوەر ئیبراهیم خۆشناو بە (ڕووداوی) ڕاگەیاند ئەمە شتێکی ئاساییە خەڵک ڕوویکاتە ئەو شوێنە چونکە لەو دیو بازگەی مەخموور یاسایەکی دیکە هەیە "من ناتوانم ئەوەی لەمەخموور ژن دێنێت سزای بدەم، چونکە ئەوانیش یاسای خۆیان جێبەجێدەکەن و دەبێت یادارێژەرەکانی کوردستان چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە".

هەروەها ئەو دادوەرە گوتی خەڵک بەرژەوەندی لەکوێ بیت ڕوودەکاتە ئەوێ، بۆیە پێویستە یاسایەک دابنرێت کە ئەو کێشەیە چارەسەربکات.

زۆربەی ئەوانەی ژنی دووەم دەهێنن، بێوەژنەکان دەخوازن، پێدەچێت هۆکارێیک لەپشت ئەو کارەوە هەبێ. دادوەر عەبدولعەزیز، کە دادوەرێکی عەرەبە و لەقەزای مەخموور دادەنیشێ پەردە لەسەر حاڵەتەکە هەڵدەداتەوەو دەڵێت "ئەوەی بێوەژن بێنێت پێویستی بەرەزامەندی ژنی یەکەم نییە و یەکسەر دەتوانێت لەدادگا مارەی بکات".

## وردەکاری دۆسیەی

# ئەو ژنانەی لەم ماوەیەدا لە سلێمانی کوژراون و هەڕەشەیان لێکراوە

**سۆران عومەر**
**ڕووداو – سلێمانی**

بەبێ ئەوەی ئاماژە بەناوی هیچ یەکێک لەو کچ و ژنانە بدات، بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لەراپۆرتێکی تایبەتدا کە دراوەتە (ڕووداو) ئاماژە بە ڕزگارکردنی گیانی دەیان کچ و ژن دەکات، کە لەلایەن کەسوکارییانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە.

ڕاپۆرتەکە ئاماژەیەکی کورتی بەکێشەی ئەو ژنانە داوە، بەبێ ئەوەی زانیاری زیاتر لەبارەی کێشەکانیانەوە بدرکێنێ ئەویش "لەبەر پاراستنی ژیانی خاوەن کێشەکان، بەتایبەت کە هەندێکیان کێشەیان بەردەوامەو لەچارەسەرکردنیان داین".

ڕۆژی 2008/3/9 بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو لەلایەن پۆلیسی کەلارەوە ئاگادار کراوەتەوە، کە کچێکی 16 ساڵ، دانیشتووی کەلار لەلایەن دایک و باوکییەوە هەڕەشەی لێکراوە لەسەر ئەوەی ڕازینەبووە شوو بەپیاوێکی بەتەمەن بکات، دوای دالْدەدانی کچەکە لەیەکێک لەسەنتەرەکانی ژنان لەسلێمانی، کەسوکارەکەی چوونەتە بەڕێوەبەرایەتی و بەهاوکاری ڕێکخراوێکی ژنان کێشەکەی چارەسەرکراوەو ئێستا لەگەڵ برایەکی دەژی لەشاری هەولێر.

20 ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە، بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی و سەنتەری ڕێکخەری پەیوەندییەکان pjcc، بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان ئاگادار دەکەنەوە لەسووتانی ژنێکی تەمەن 38 ساڵان لەخانەقین، کە 24%ی جەستەی سووتابوو، وەک لەراپۆرتی بەڕێوەبەرایەتییەکەدا هاتووە " کچەکە لە ڕێکخراوێکی ژنان دالْدەدراوەو سکاڵای لەدوو برای هەبووە کە دەستیان لەسووتانیدا هەبووە، دوای وەرگرتنی فەرمانی دادوەر بڕیاری دەستگیرکردنی هەردوو براکەی درا، برایەکیان بەپێی مادەی (31/405) دەستگیر کراو بەفەرمانی دادوەر بەکەفالەت ئازادکراوە تارۆژی دادگاییکردن، ئەوی دیکەشیان هەڵاتووەو هێزەکانی پۆلیسی خانەقین لەهەوڵداندان بۆ دۆزینەوەو دەستگیرکرنی".

یەکێک لەو کارانەی کە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی تووندوتیژی دژی ژنان لە 2008/4/23 ئەنجامیداوە هەڵدانەوەی گۆڕی کچێک بووە کە گومانی خنکانی لێکراوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتییەکە ئەو کچە ڕۆژی 2008/4/17 لەگوندی تلیانی سەر بەناحیەی ئاخجەلەر "بەپەت خۆی خنکاندووە"، دواتر بەبێ ئەوەی تەرمەکەی بنێردرێتە پزیشکی دادوەری ناشتوویانە.

بەمەبەستی بەدواداچوون و زانینی ڕاستی ڕووداوەکە، بەڕێوەبەرایەتییەکە داوای لەپۆلیسی ئاخجەلەر کرد داوا لەدادوەر بکەن ڕەزامەندی دەرببڕێت لەسەر هەڵدانەوەی گۆڕی کچەکەو ڕەوانەکردنی تەرمەکەی بۆ پزیشکی دادوەری بۆ ئاشکرابوونی ڕاستی ڕووداوەکە،دوای هەڵدانەوەی گۆڕەکە و ڕەوانە کردنی تەرمی کچەکە بۆ پزیشکی دادوەری دەرکەوتووە کچەکە بەپەت خۆی خنکاندووە.

جگە لەزۆر کێشەی دیکە کە لەژێر دەستی بەڕێوەبەرایەتییەکە دان، ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکە سەرقاڵی چارەسەر کردنی کێشەی کچێکی تەمەن 22 ساڵی هەڵەبجەیە کە ڕۆژی 2008/4/18 لەترسی هەڕەشەی کوشتن لەدەست براکەی ڕایکردووە و دواتر لەلایەن پۆلیسی فریاکەوتنی سلێمانییەوە لەسەنتەرێکی ژنان دالْدە دراوە.




بەپێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی تووندوتیژی دژی ژنان "کچەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە هەڵاتووەو، براکەشی ئەوەی ئاشکرا کردووە کە هەڕەشەی کوشتنی لێکردووە، هەوڵەکان بەردەوامن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە".

هەر دوو ڕۆژ دوای ڕووداوی ئەو

**بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی تووندوتیژی دژی ژنان، کوشتنی ژنانی بنبڕ نەکردووە بەڵام دەیان ژنی لە مەرگ ڕزگارکردووە**

کچە هەڵەبجەییە، لەلایەن ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانەوە، بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان، ئاگادار دەکرێتەوە لەکوشتنی کچە گوندییەک لەلایەن براو باوکییەوە، هەرچەندە ئەو ئەندام پەرلەمانە گوتویەتی ئەو کچە پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکدا هەبووە بەو هۆیەوە کوژراوە، بەڵام براکەی وتویەتی گوللەم لەدەست دەرچووە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بەدواداچوونی بۆ کێشەکە کرد و دواجار برای کچەکە بەتۆمەتی کوشتنی کچەکە دەستگیر دەکرێ.

دوای زۆربوونی ڕێژەی کوشتنی ژنان بەبیانووی "پاراستنی شەرەف"ەوە، حکومەتی کوردستان بڕیاری کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنانی لەشارەکانی کوردستان دا، هەرچەندە ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە نەیانتوانی دیاردەی ژنکوژی بنبڕ بکەن،بەڵام لەهەمانکاتدا بەدەیان ئافرەتیان لەمەرگی حەتمی ڕزگار کردووە.

ئەگەرچی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە بەردەوامن لەکارەکانی خۆیان، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کۆتایی بەو تووندوتیژیانە بێنن کە ڕۆژانە لێرەو لەوێ بەرامبەر ژنان و کچانی کوردستان دەکرێن، بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی ئیندیپێندتی بەریتانی لەسەر کوشتنی ژنان، تەنیا لە ساڵی ڕابردوو 350 ژن بەبیانوی پاراستنی شەرەف کوژراون.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی تووندوتیژی دژی ژنان لە 2008/4/25 لەلایەن سەنتەری ڕێکخەری پەیوەندییەکانەوە (pjcc) ئاگادارکراونەتەوە کە کچێکی تەمەن 20 ساڵ لەترسی کوشتنی لەلایەن باوکیەوە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لەناوچەیەکی نزیک شاری سلێمانییەوە بەرەو شاری سلێمانی هەڵاتووە "لەرێگەی پۆلیسی فریاکەوتنی سلێمانییەوە دامانە دەست ڕێکخراوێکی ژنان و دوای دوو ڕۆژ کەسوکارەکەی سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمانیان کردو دوای دانی بەڵێن لەلایەن باوکی و خاڵیەوە لەلای دادنووس بەکەفالەتکردنی ژیانی کچەکەو بەرەزامەندی کچەکە خۆی گەڕایەوە لەگەڵیاندا، دوای چەند ڕۆژێک بەدواداچوونمان کرد و دڵنیا بووین کە ژیانی پارێزراوە".

وەک لەراپۆرتی بەڕێوەبەرایەتییەکە دەردەکەوێ، زۆربەی کێشەکان کێشەی کۆمەڵایەتین و بەشێکیش لەو کچ و ژنانە خۆیان پەنا بۆ بەر ڕێکخراوەکانی ژنان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی تووندوتیژی ژنان دەبەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان.

ژنێکی تەمەن 26 ساڵ ڕۆژی 2008/4/29 لەگەڵ دایک و باوکی لەڕێگەی ڕێکخراوێکی ژنانەوە توانیویەتی خۆی بگەیێنێتە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی تووندوتیژی دژی ژنان، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەی.

بەپێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتییەکە لەسلێمانی، ئەو ژنە کێشەیەکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی هەیە و هەڕەشەی کوشتنیشی لەسەرە تەنانەت جارێکیش هەوڵێکی سەرنەکەوتووی خۆ سووتاندنی داوە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتییەکە بەتایبەت کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەکات"چونکە هەڕەشەی کوشتن لەم ژنە و چەند کەسێکی دیکە کراوە، هۆشداریشمان داوەتە ئەو کەسانە هەڕەشەی کوشتنیان کردووەو دڵنیامان کردوونەتەوە لەکاتی هەر سەرپێچیکردنێکدا ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە".

# خێزانێکی کورد لەبەر هەژاری خۆیان دەکوژن

**ڕووداو– کرماشان**

پیاوێکی کوردی خەڵکی گوندێکی سەر بە شاری سۆنقری ئۆستان (پارێزگا)ی کرماشان لەگەڵ کچ و کوڕە بچووکەکەی بەهۆی هەژاری هەوڵیدا پێکەوە بە کارەبا کۆتایی بە ژیانی خۆیان بێنن،بەڵام خۆی مایەوەو کچ و کوڕەکەیشی گیانیان لەدەستدا، بۆ ئەوەی وەکو خۆی گوتی "خۆی و منداڵەکانی لەو ژیانە نەگبەتییە ڕزگاریان بێت".

محەممەدی تەمەن 12 ساڵ و ئەمینەی تەمەن 16 ساڵی کچی گیانیان لەدەستدا.باوکی ئەو دوو منداڵە کەنێوی (ئەحمەد)ە هۆی ئەو کردەوە خۆکوژییە خێزانییەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو ویستوویەتی لەو ژیانە ڕزگار ببێ و منداڵەکانیشی لەداهاتوودا وەکو ئەویان لێ نەیێت"نەمدەویست منداڵەکانیشم وەکو من بێ کارو بێچارە بن و ژیانێکی وایان تووش بێت".

پزیشکێکی دەروونی شاری سونقور کە ئاگاداری ئەو ڕووداوە بووەو پشکنینی پزیشکی بۆ ئەحمەد کردووە، دەڵێ ئەو پیاوە هیچ نەخۆشییەکی دەروونی نەبووە و، لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کردارەشی زۆر سەلامەت بووە.

بەپێی ئەو قسانەی ئەحمەد بۆ پۆلیس کردوونی، بەهۆی ئەوەی نەیتوانیوە بژێوی ڕۆژانەی خۆی و منداڵەکانی دابین بکات، بیری لە "خۆکوشتنی خێزانی" کردووەتەوە، وەکو خۆی دەڵێ "ماوەیەکی زۆر بوو ئێمە لەو حاڵەدا دەژیاین، ڕۆژانە بۆ پەیدا کردنی کار سەردانی دەیان شوێنم دەکرد، تەنانەت لەبەر بێ پارەیی لەوسەری شارەوە بەپێ هاتووچۆم دەکرد، بۆ ئەوەی بتوانم کارێک بدۆزمەوە، بەڵام کەس کاری پێنەدەدام و دەبوایە واستەم هەبوایە".

محەممەد و ئەمینە، دوای ئەوەی دایکیان 5 ساڵ لەمەوبەر بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە گیانی لەدەستدا، لەژوورێکی بەکرێ لە شاری سونقور لەگەڵ ئەحمەدی باوکیان دەژیان و ڕۆژانە بە خێری دراوسێکانیان نانیان دەخوارد، بەڵام دوای ئەوەی بەهۆی نەبوونی کرێی خانوو، خاوەن خانووەکە ئەحمەد و منداڵەکانی دەرکرد، ئەحمەد بە ناچاری دەستی منداڵەکانی گرت و چوونە گوندی باپیرانیان و لەوێ ژوورێکی لەقوڕ دروستکراویان پێدرا و ماوەی زیاتر لە ساڵێک بوو لەوێ دەژیان.

ئەحمەد دەڵێ "بەهۆی ئەوەی لەوێش نەماندەتوانی بژێوی ڕۆژانەمان دابین بکەین، ناچار بیرم لەوە کردەوە کە هەموومان خۆمان پێکەوە بکوژین و لەو ژیانە ڕزگارمان بێت".

یەکێک لەدراوسێیەکانی ئەو خێزانە باسی ئەوەیکرد محەممەد و ئەمینە بەهۆی نەداری نەچوونەتە قوتابخانە و، ئەحمەدی باوکیشیان چەند جارێک لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراوە و دواتر ئازاد کراوە، بەڵام نازانێ هۆکاری دەستگیرکردنەکەی چی بووە.

## بڕیاری سەرۆکایەتی حکومەت بە سەربەخۆکردنی ئیدارەی گەرمیان جێبەجێ نەکرا

# لەوەتەی حکومەتی کوردی هەیە تەنها 80 کیلۆمەتری گەرمیان قیڕکراوە

**عەلی حەمەساڵح**
**رووداو –گەرمیان**

هەرچەندە ماوەی دوو مانگە سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان بڕیاری دروستکردنی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیانی داوە، کە سنووری ئیدارەکە بریتییە لەقەزاکانی کەلار، کفری، چەمچەماڵ و ناحییەکانی سەر بەقەزای دەربەندیخان، هەروەها بڕیاردراوە ئیدارەکە بودجەی تایبەتی هەبێت و سەرپەرشتاری ئیدارەکەش پلەی تایبەتی هەبێت، بەڵام تائێستا هیچ خاڵێکی ئەو بڕیارە جێبەجێنەکراوە.

نێوەڕۆکی ئەو بڕیارە، بەپێی نووسراوی ژمارە 604ی ئەنجوومەنی وەزیران کە واژۆی سەرۆکی حکومەتی لەسەرە و زیاتر لەدوو مانگە دەرچووە، روونکراوەتەوە: گەرمیان وەک "ئیدارەیەکی سەربەخۆ" مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بە وەزارەتی ناوخۆوە ببەسترێتەوە و، هەموو قایمقامەکان لە رێی ئەو سەرپەرشتارەوە پەیوەندییان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆو پارێزگاو دەزگاکانی هەرێمدا هەبێت و، بۆیان هەبێت نووسراوەکان لەرێگەی ئەوەوە وەربگرن و بنێرن.

ئەگەرچی دوومانگ بەسەر بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا تێپەڕیوە، بەڵام تائێستاش نازاندرێت ئیدارەی گەرمیان سەر بە کوێیە.

سەعید ئەحمەد، ناسراو بە مەلا سەعید، بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان لەو بارەوە بۆ (رووداو)دواو گوتی "ئێستاش نازانم ئیدارەی گەرمیان سەر بەکوێیە، چونکە تائێستا هیچ بودجەیەکمان نییە و هەموو بودجەکانمان لەنێو پارێزگای سلێمانیدایە، یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەگەرمیان دروستنەکراوەو نیازیشیان نییە دروستی بکەن، لیژنەیەکیان دانابوو پێدەچێت لیژنەکەش خاو بووبێتەوە لەکارەکانی، ئەوەی ئێمە بۆمان کراوە تەنها ئەوەبووە بۆ یەک کۆبوونەوە بانگکراوم".

بەپێی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی و هونەری دەبێت و، بودجەیەکی تایبەتیش لەچوارچێوەی بودجەی هەرێمی کوردستاندا بۆی تەرخاندەکرێت، بودجەکەش بەپێی ژمارەی دانیشتووان و پێویستی ناوچەکە تەرخاندەکرێت، سەرپەرشتاری ئیدارەکەش بۆی هەیە بودجەکە بەسەر قەزاکاندا دابەش بکات.

بەڵام تاوەکو ئێستا ئیدارەکە جگە لەوەی بودجەیان نییە، سەرپەرشتیاری ئیدارەکە هیچ دەسەڵاتێکی کارگێڕی و دارایی بەدەستەوە نییەو تەنانەت قایمقامەکانی سنووری ئیدارەی گەرمیانیش لەسلێمانی کۆبوونەوەیان پێدەکرێت.

بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان گازندە دەکات و دەڵێت "بودجەمان لەسلێمانییەو هەر کەسێکیش بۆ خۆی هەوڵدەدات، بۆچی بودجەکەمان جیاناکرێتەوە؟ حکومەت پارە بۆ گەرمیان دابین بکات دەینیرێتە سلێمانی و کاک دانای پارێزگاریش ئێستا دەنێرێتە شوێن قایمقامەکانی من و دەڵێت کۆبوونەوەمان هەیە و با پارە دابەش بکەین، لەکاتێکدا دەبێت پارە بێتە لای من ئەگەر پارە نەیێت و هەموو شتەکان وەک خۆی بێت، کوا گۆڕانکاری؟".

ئەگەرچی لەنووسراوەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا هاتووە کەهەموو ئەو فەرمانگەو دەسەڵاتانەی بەرێگای پارێزگای سلێمانی بەڕێوەچوون لەگەڵ دەرچوونی ئەم فەرمانەو گەیشتنی بەپارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، لەرێگای ئیدارەی گەرمیانەوە بەڕێوەدەبرێن و لەسەر پارێزگای سلێمانی نامێنن، بەڵام بەپێی وتەی بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان تائێستا هەموو داموەزگاکان هەر سەر بە سلێمانین.

بەهەمان شێوەی هاووڵاتیانی گەرمیان، بەرپرسی ئیدارەی گەرمیانیش گازندەی ئەوە دەکات، کە گەرمیان لەماوەی رابردووشدا لەلایەن ئیدارەی سلێمانییەوە فەرامۆشکراوە، ئەو دەڵێت" بەپێی ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوە لەسلێمانییە، بەڕێوەبەرایەتییەکانی سنووری گەریمانیش پەیوەندییان بەوێوە هەیە، کەواتە بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی بەویستی خۆی کار دەکات و گەرمیان فەرامۆشکراوە".

سنووری ناوچەی گەرمیان، سنووری قەزاکانی دەربەندیخان و کەلارو کفری و چەمچەماڵ و تاوەکو دەگاتە کەرکووک دەگرێتەوە، تەواوی رێگای گوندو ناحیەو قەزاکانی ئەم ناوچە فراوانە فەرامۆشکراون، ئەم فەرامۆشکردنەش وایکردووە کە بەرپرسانی ئیدارەکە گومانیان هەبێت لەوەی حکومەتی کوردستان هیچ بڕە پارەیەکی بۆ ناوچەکە تەرخانکردبێت، یاخود تەرخانکراوەو بۆ ناوچەیەکی دیکە خەرجکراوە.

مەلا سەعید، دەڵێ "بەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەم وت لەو کاتەوەی ئەم حکومەتە کوردییە دامەزاروە تاوەکو ئێستا 80 کیلۆمەتر قیڕ لەسنووری گەرمیان جێبەجێکراوە، ئەویش بۆ رێگای سنووری ئێرانە، ئایا تۆ بڵێی حکومەتی کوردستان هیچ بودجەیەگی نەبووبێ بۆیە تەنیا 80 کیلۆمەتری قیر کردبێت؟ کەواتە یان دەبێت حکومەت بودجەی بۆ ئەم سنورە بەهیچ شێوەیەک دانەنابێ یاخود ئەگەر بودجەشی دانابێ ئەبێت بۆ شوێنێکی تر خەرجکرابێت، ئەی کوا؟".

مەلا سەعید زیاتر دەدوێت و دەڵێت" گوندەکانمان چۆڵدەبێت، بۆ نموونە لەدەربەندیخان بۆ کەلارو تاوەکو دەچێتە جادەی سەنگاو بستێک قیر نەکراوە ئەو شەقامانەشی کە لەگەرمیاندا هەن هی کۆنن و وێرانن، هەتا دەچێتە کەرکووک سنووری ئێمەیە هیچ مانایەکی هەیە حکومەت لەم ناوچەی ئێمەدا دوو شەقامی دروست نەکردبێت؟".

وێڕای شەقامەکان بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان گازندەی دروستنەکردنی شوێنی نیشتەجێبوون دەکات و دەڵێ"خانوو شوقە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان دروستکراوە، بۆ نموونە لەسێوسێنان و قەرەداخ دروستدەکرێت، کەچی یەک خانوو لەناوچەی مندا دروست نەکراوە".

نەبوونی بودجە بۆ ئیدارەی گەرمیان وایکردووە هیچ پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی ئەوتۆ لەناوچەکەدا دروستنەبێت. مەلا سەعید، نموونەی ئەوە دێنێتەوە کە لەم رۆژانەدا بەرهەمهێنەرێکی کوێتی هاتووەتە لای و پێی وتووە، ئامادەم 5 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستبکەم و وێستگەی کارەبا دروست بکەم، کەرەستەی کشتوکاڵی و پێویستی نەخۆشخانەکانی ناوچەکەش دابیین بکەم" بەڵام داوای گرەنتی لێکردم، منیش یەک دینارم لەبەردەستتدا نییە چۆن بڵێم ئەمە گەرەنتی".



> **من نازانم ئەو پارەیەی بۆ گەرمیان دەنێردرێتە سلێمانی بۆ نایدەنە خۆمان**
>
> بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان

مەلا سەعید کە ماوەی پێنج ساڵە بەرپرسی ئیدارەی گەرمیانە، بوونی ئەم گرفتانە بۆ عەقڵیەتی حوکمرانی کردن دەگەڕێنێتەوەو ئاماژە بەوەدەکات " گەرمیان مامەڵەیەکی بچووکتر لەقەبارەی خۆی لەگەڵدا دەکرێت، خۆی راستتر وایە سەیری سنووری زەوی بکرێت و بزانرێت چ شوێنێک پێویستی بەکاری زیاترە، تائێستا بەپێی پارێزگا شت دابەشدەکرێت، سنووری من لەدهۆک زیاترە، لەوانەیە ئیش زیاتر بۆ دهۆک بکرێت، ئێستاش دان بەئیدارەی گەرمیاندا نانرێت و گرفتەکەش لەو عەقڵیەتەدایە کە حوکمی ئەم وڵاتە دەکات".

لەبارەی ئاگادارکردنەوەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان لەم گرفتانە، مەلا سەعید، دەڵێ"بە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانم وت هیچ نەبێت ژمارەیەک لەم گەرمیانەدا دەژین و مرۆڤن، دەبێت ئێوە مامەڵە لەگەڵ ژمارەدا بکەن، پارێزگایە یان نا کەی کێشەیە، کۆمەڵێک خەڵک لە جەزیرەیەکدا دەژین و ئەمانە پێویستیان بەئاوڕ لێدانەوە هەیە، من نازانم ئەو پارەیەی کەدەنێردرێتە سلێمانی بۆ گەرمیان بۆ نایدەنە خۆمان".

ئەگەرچی ماوەیەک پێش ئێستا لە دەزگاکانی راگەیاندن ئەوە بڵاو کرایەوە کە قەزای دەربەندیخان خراوەتە سەر پارێزگای سلێمانی، بەڵام بەڕێوبەری ئیدارەی گەرمیان دەڵێ " تائێستا دەربەندیخان سەر بە ئیدارەی گەرمیانەو قایمقامی دەربەندیخان لای ئێمەیەو هاوکاری ناوچەکانی دیکەی گەرمیانیش دەکات".

# هەڵەبجەییەکانی گردە چاڵ چاوەڕێی قەرەبوو کردنەوەن

## "هەرگیز هاوکاری و لەخۆبردووی خەڵکی هەولێرمان لە بیر ناچێتەوە" بەرپرسی کۆمەڵەی قوربانیای هەڵەبجە

**لەنجە عەبدوڵڵا**
**رووداو – هەولێر**

بەسەتان خێزانی هەڵەبجەیی کە لە ساڵی 1988وە بۆ گوندی گردەچاڵی شاری هەولێر راگوێزران چاوەڕێی ئەو بڕە پارەیە دەکەن کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وەکو قەرەبوو بۆیان دەرچووە؟، بەڵام تا ئێستا لەلایەن حکومەتی کوردستان قەرەبوو نەکراونەتەوە.

دوای رووخانی دەسەڵاتی سەدام حوسێن لە 2003 دا، پۆڵ بریمەر، حاکمی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق CPA بڕیاری قەرەبووکردنەوەی ئەو هاووڵاتییانەی دا کەلەلایەن رژێمی سەدام حوسێن زیانمەندبوون ولە جێگەی خۆیان راگوێزران یان زەوییەکانیان داگیرکراوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە دەستەیەک بەناوی (دەستەی سکاڵانامەی موڵکداری عێراقی) دامەزرا.

دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن رژێمی بەعس، ئەو رژێمە لێبووردنێکی یەک مانگەی بۆ هاووڵاتییانی هەڵەبجە دەرکرد کە ئاوارەی ئێران ببوون، زۆربەی ئەوانەی بە لێبووردنەکە گەڕانەوە، حکومەتی بەعس رایگواستن بۆ گوندی گردەچاڵی نزیک شاری هەولێر و ئەوانەی دوای ماوەی لێبوردنەکەش گەڕانەوە رەوانەی نوگرە سەلمان کران.

محەممەد عەبدولقادر، 40 ساڵ، دانیشتووی هەڵەبجەیەو خاوەنی 9 سەر خێزانە، خێزانەکەی یەکێک بوو لەوانەی بۆ گردەچاڵ راگوێزراوە گوتی "ساڵی 1988 لەئێران گەڕاینەوە، ئێمەیان بردە گردەچاڵ، لەوێ کابرایەک هات گوتی ئەمە شوێنی تۆیە، کە زەویەکی رووت بوو و هیچیتر، بەزستان خەریکبوو رەق دەبووینەوەو هاوینیش لەگەرما دەسووتاین".

هەرچەندە بڕیاری قەرەبوو کردنەوەی ئەو هاووڵاتیانە لەلایەن حکومەتی کوردستانیشەوە پەسەند کراوە، بەڵام ماوەی 2 ساڵە فۆڕمیان پڕ کردووەتەوە، تا ئێستا قەرەبوو نەکراونەتەوە.

لوقمان عەبدولقادر بەرپرسی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە، ژمارەی خێزانە راگوێزراوەکانی هەڵەبجەی بۆ گردەچاڵ بە 2500 خێزان مەزەندە کردو، باسی ئەوەی کرد چۆن رژێمی سەدام لەسەر زەویەکی رەق فرێیدان و خەڵکی هەولێر فریایان کەوت " هەرگیز ئەو هاوکاری و لەخۆبردوویەی خەڵکی هەولێرمان لەبیر ناچێتەوە، بەراستی زۆر دڵسۆزانە هاوکاری خەڵکی هەڵەبجەیان کرد لەگردەچاڵ ".

پاش ئەوەی دەسەڵاتی هاوپەیمانان لەعێراق نەماو بەڕێوەبردنی وڵات درایەوە حکومەتی عێراق، دەستەی موڵکداریش راستەوخۆ بووە فەرمانگەیەکی سەر بەئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، دواتریش پەرلەمانی عێراق کاری دەستەکەی بەیاسایی کرد و بەپێی یاسای ژمارە 2 بڕیاری قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو هاووڵاتیانەی دا کە لەسەرانسەری عێراقدا زەرەرمەندبوون.

دارا حوسێن رواندزی، بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێری دەستەی سکاڵانامەی موڵکداری سەبارەت بە ژمارەی ئەو سکاڵایانەی کە تا ئێستا لەو بەڕێوبەرایەتییە تۆمار کراوە بەڕێوبەری ئەو دەستەیە بە (رووداو) ی راگەیاند عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان لە 2004/4/24 دەستنیانکردووە بەوەرگرتنی سکاڵای هاووڵاتییان و گوتیشی "ئێستا 16867 سکاڵا لەشاری هەولێر و دەوروبەری تۆمار کراوە کە 12287 سکاڵا راستەوخۆ لەخەڵک وەرگیراوەو 509 سکاڵاشمان لەشوێنە جیاجیاکانەوە بۆ هاتووە".

دارا حوسێن ئاماژەی بەوەشدا لەکۆی ئەو سکاڵایانە تا ئێستا 1210 سکاڵا بەبڕیاری دادوەر یەکلایی کراونەتەوەو 380 سکاڵاش بڕیاری قەرەبووکردنەوەیان بۆ دەرچووە، ناوبراو گوتی" قەرەبوو کردنەوەکە مەرج نییە تەنیا پارە بێت، ئەگەر زەویەکە وەک خۆی مابێت ئەو کەسە دەتوانێت زەوییەکەی وەربگرێتەوە".

سەبارەت بەچۆنیەتی قەرەبووکردنەوەنەوەی هەڵەبجەییەکان و گەڕاندنەوەی ئەو زەوییانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی حکومی دەستی بەسەرداگرتوون، بەڕێوەبەری دەستەکە گوتی "قەرەبوو کردنەوەی هەڵەبجەییەکان لەبەرنامەی ئەوان و ئێمەدا نەبوو، بەڵکو دوای ئەو رێپێوانەی هەڵەبجەییەکان هات کە لەساڵی 2006 بۆ بەردەم پارێزگای هەولێر ئەنجامیاندا و داوایان لەحکومەت کرد قەرەبوو بکرێنەوە".

ئەو بەڕێوەبەرە ئەوەشی گوت "حکومەت لەبەر ئەوەی هیچی پێنەکرا بۆ ئەو هەڵەبجەییانە، بۆیە بەناچاری هەموویانی ناردە لای ئێمە تاوەکو کێشەکانیان چارەسەر بکەین، بەڵام ئێمە کە پارەمان نەبێ بە چی قەرەبوویان بکەینەوە".

فاروق محەممەد، یەکێکە لەراگوێزرارانی گوندی گردەچاڵ لەبارەی قەرەبوو کردنەوەیان لەلایەن حکومەتەوە گوتی "کاتی خۆی پێیان راگەیاندین زەوییەکانی گردەچاڵتان لێ وەردەگرینەوەو دەیکەینە پرۆژە، لەبەرامبەر ئەوە زەویتان دەدەینێ، فۆڕمێکمان پڕکردووەتەوەو دوای پڕکردنەوەی فۆرمەکەش پێیانگوتین خۆمان وەڵامتان دەدەینەوە، بەڵام کەی؟ نازانم".

بەپێی قسەی دارا حوسێنی بەڕێوەبەر، هەڵەبجەییەکان تا ئێستا 5 هەزار سکاڵایان تۆمار کردووە. بەڵام لەهەمانکاتیشدا ناوبراو گلەیی لەهەڵەبجەییەکان کردو گوتی "هەندێکیان هاتوون سکاڵایان تۆمارکردوە بەبێ ئەوەی کاتی خۆی رەوانەی گردەچاڵ کرابن، کە رەنگە کاریگەری خراپی هەبێت بۆ سەر کەیسی ئەو کەسە موستەحەقانەی سکاڵایان تۆمارکردووە، ئێمە دەزانین ئەو کاتە نزیکەی 2700 ماڵ لە گردە چاڵ بوون، بەڵام ئێستا 5 هەزار کەس ناوی خۆیان نوسیووە".

بەپێی زانیارییەکان، وەزارەتی دارایی عێراق لەساڵی 2006 بڕی 27 ملیار و 660 ملیۆن دیناری داوەتە وەزارەتی دارایی حکومەتی کوردستان بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو هاووڵاتییانەی لەسەر دەستی رژێمی بەعس زەرەرمەندبوونە، بەڵام دارا حوسێن گوتی تا ئێستا ئەوان یەک دیناریان لەو پارەیە بۆ خەرجنەکراوە "ئێستا 380 کەس سکاڵاکانیان یەکلایی بووەتەوەو دەبێ قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام چەند جارێک نووسراومان کردووە بۆ وەزارەتی دارایی هیچ وەڵامێکمان نادەنەوە و نازانین ئەو پارەیە چی لێهاتوە". دارا حوسێن گوتیشی "ئەگەر ئەو بڕە پارەیە خەرجبکرێت، ئەوا 10%ی زەرەرمەندانی دەستی رژێم لەکوردستان سوودمەند دەبن".

قەرەبوونەکردنەوەی هاووڵاتییانی کوردستان لەکاتێکدایە، ئەوانەی لەشارەکانی دیکەی عێراق زەرەرمەندبوونە و بڕیاری قەرەبوو کردنەوەکە دەیانگرێتەوە، تا ئێستا بە 9 وەجبە قەرەبوو کراونەتەوە، بەڵام پێناچێت زەرەرمەندانی دەستی رژێمی بەعس لەکوردستان، هیچ ئومێدیکیان بەو قەرەبوو کردنەوەیە هەبێ.

## دوای 3 ساڵ لەدواکەوتنی و بردنی زیاتر لە 250 هەزار دۆلار

# کۆمپانیایەکی تورکی تائێستا پرۆژەی نەخۆشخانەی دوکانی تەواو نەکردووە



**ئاری سابیر**
ari@rudaw.net

**رووداو– کۆیە**

دوای تێپەڕبوونی 3 ساڵ لەدواکەوتنی، پرۆژەی نەخۆشخانەی 100 قەرەوێڵەیی شەهید غەریب هەڵەدنی لەدوکان تائێستا تەواو نەکراوەو کارکردن تێیدا وەستاوە، ئەوەش نارەزایی لای دانیشتووانی سنوورەکە دروستکردووە.

سارا محەممەد، بەمەبەستی چارەسەرکردن لەدوکانی خوارەوە هاتبوو بۆ ئەو نەخۆشخانە بچووکە کە لەدوکانی سەرەوەیە، گوتی "ئێمە تائێستا بنکەیەکی تەندروستیمان نییە لەدوکانی خوارەوە، هەر نەخۆشییەکت هەبێت دەبێ ئەو رێگا ناخۆشە ببڕیت و بێیتە دوکانی سەرەوە، تا دەگەیتە ئێرە ئەوەندەی دیکە بەهیلاک دەچی".

سارای تەمەن 36 ساڵ گوتی "مانگانە حکومەت پارەی دوو نەخۆشخانە لێرە بەداوەت و نان خواردنی میوان خەرج دەکات بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی هەبێت، کەچی نەخۆشخانەیەکی ئاوا گەورەو بەسوود کێشەی تەندروستی هەموو سنوورەکە چارەسەر دەکات، سەیرە 3 ساڵە ئەو کۆمپانیایە رۆیشتووە بۆچی پرۆژەکە نادەنە کۆمپانیایەکی دیکە، لەبەر ئەوەی تورکییە چاوپۆشی لێدەکەن".

نەخۆشخانەی 100 قەرەوێڵەیی غەریب هەڵەدنی، لەمانگی تشرینی دووەمی 2004 بەبڕی 2 ملیۆن و 571 هەزار دۆلار لەلایەن کۆمپانیای KAEDی تورکی دەستکراوە بەکارکردن تێیدا و، ماوەی پرۆژەکە 540 رۆژە، بەڵام لەساڵی 2005ەوە پرۆژەکە وەستاوە و کۆمپانیاکە بەجێیهێشتووە.

رەزا محەممەد، قایمقامی دوکان ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوان لەدوای وەستانی کارکردن لەپرۆژەکە راستەوخۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانییان ئاگادار کردووەتەوە کە چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن و، بۆ (رووداو) گوتی "ئەو کۆمپانیایە هیچ نووسینگە و کارێکی لەکوردستان نەماوەو رۆیشتوونەتەوە تورکیا، هەموو رێگەیەکمان گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی ئەو نەخۆشخانەیە تەواو بکرێت، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی لەپەیوەندیداین بۆ تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت، لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی لەبودجەی پرۆژەکە ماوە چونکە ئەو نەخۆشخانەیە زۆر گرنگە بۆ سنوورەکە، بۆ ئەو مەبەستەش کاک عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەت لیژنەیەکی نارد تاکو لەنزیکەوە پرۆژەکە ببینن".

قایمقامی دوکان گوتیشی "لەتورکیا داوای یاسایی لەسەر ئەو کۆمپانیایە تۆمار کراوەو لەسەر تەواونەکردنی پرۆژەکە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ئێمە داوامان کردووە بەهەر شێوەیەک بێت دەست بەکارکردن بکرێتەوە لەپرۆژەکە دواتر لێپرسینەوە بکرێت".

نەخۆشخانەی گشتیی دوکان ئێستا لەدوکانی سەرەوە لەناو بینایەکی بچووکدایە کە بۆ بنکەیەک دروستکراوەو جگە لەچارەسەری کاتی هیچ نەشتەرگەریەکی تێدا ئەنجام نادرێت، پزیشکی پسپۆڕیش لەو نەخۆشخانەیەدا نییە، لەگەڵ ئەوەی 17 بنکەی تەندروستی سەر بەو نەخۆشخانەیەیە.

دکتۆر ئارام عومەر، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی دوکان بۆ (رووداو) گوتی "بەهۆی تەواونەکردنی ئەو نەخۆشخانەیە کێشەیەکی زۆرمان بۆدروستبووەو ناتوانین هیچ شتێک داوا بکەین لەبەرنەبوونی بینا، تاکو ئێستا پزیشکی پسپۆڕمان نییە، هەر نەخۆشێک بێت چارەسەرێکی بچووکی بۆ دەکەین و دەبێ رەوانەی سلێمانی بکرێت، ئەو نەخۆشخانەیەی دروست دەکرێت هەموو پێداویستیەکی تێدایەو دەتوانین زۆربەی نەخۆشەکان لێرە چارەسەر بکەین".

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتیی دوکان باسی ئەوەیکرد کە لەبەرئەوەی هیچ هۆڵێکی نەشتەرگەری و بەشی لەدایکبوونیان نییە چەندین جار ئافرەتی دوکان لەرێگای سلێمانی منداڵی بووە"سەرەڕای ئەوەی هیچ بنکەیەکمان نییە لەدوکانی خوارەوە هاووڵاتیان گلەیەکی زۆرمان لێدەکەن لەبەر نەبوونی بینا نەمانتوانیوە بنکەیەک بکەینەوە، نەخۆشی گوندەکان کاتێک دەگەنە دوکان تەندروستییان زۆرخراپ دەبێ، لێرەش چارەسەر ناکرێت و رەوانەی سلێمانی دەکەین".

قەزای دوکان شوێنێکی گەشتیاری گرنگی کوردستانە، ئەوەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان بەتایبەتی لەبەهاردا رووبکەنە ئەو سنوورە، لەگەڵ ئەوەی رێگای سەرەکییەو چەندین شارو شارۆچکەی کوردستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

دکتۆر ئارام، ئاماژەی بەوەکرد بەهۆی ئەو قەرەباڵغیەوە هەفتانە چەندین کارەساتی ئۆتۆمبێل لەوسنوورە روودەدات"قوربانییەکانی رەوانەی لای ئێمە دەکرێن، بەڵام نەمانتوانیوە وەک پێویست چارەسەریان بۆ بکەین" ئەو بەڕێوەبەرە ئاماژەی بەوەشکرد کە تائێستا نازانن هۆکاری تەواونەکردنی ئەو پرۆژەیە چییە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون ئەو بەڵێنەدەرە زیاتر لە 250 هەزار دۆلاری ئەو پرۆژەیەی بردووە کە پێشەکی وەریگرتووە، لەگەڵ کۆمەڵێک پێداویستی دیکەی کارکردن.

دکتۆر زریان عوسمان، وەزیری تەندروستیش ئەوەی پشتراستکردەوەو بۆ (رووداو) گوتی "ئەو بەڵێندەرە ئەو پارەیەی بردووە لەگەڵ ئەو کەلوپەلانەی دیکە رۆیشتۆتەوە تورکیاو پرۆژەکەی بەجێهێشتووە" ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەو بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابووە زوو ئەو نەخۆشخانەیە تەواو بکرێت و، چەندین جار لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و جێگری سەرۆکی حکومەت قسەی کردووە"بەڵام لەبەر رۆتین نەتوانراوە پرۆژەکە تەواوبکرێت".

وەزیری تەندروستی باسی ئەوەیکرد کە 3 جار داوایان لەبەڵێندەرەکە کردووە بگەڕێتەوە کوردستان و پرۆژەکە تەواو بکات "بەڵام وەڵامی نەدواینەوە، تاکو رەزامەندی دادگامان وەرنەگرت نەمانتوانیوە پرۆژەکە بدەینە بەڵێندەرێکی دیکە، دوای ئەوەی بڕیاری دادگامان وەرگرت لیژنەیەکمان پێکهێنا بۆ ئەوەی بزانین ئەو نەخۆشخانەیە چی ماوە تەواو بکرێت، کەشفێکمان کردو رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کرد ئەو پارەیەیان پێ زۆر بووە کە ئێستا هەموو کەلوپەلێکی بیناسازی گران بووە، خۆیان پێیدا چوونەتەوە".

دکتۆر زریان هۆکاری دواکەوتنی دەست بەکارکردنەوەی لەپرۆژەکە گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە تا ئێستا ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر ئەو بودجەیە نەداوە کە پێویستە پرۆژەکەی پێ تەواو بکرێت.



پرۆژەی تەواونەکراوی نەخۆشخانەی دوکان (فۆتۆ:رووداو)

## سەباحەت تونجەل ئەو ژنە کوردەی لە ئەردۆغان زیاتر دەنگی هێنا

# نازانم کەی دەکوژرێم



عەبدولڕەحمان عەلی
ebdulrahman@rudaw.net

**رووداو – هەولێر**

"لەتورکیا پێمدەڵێن پەرلەمانتاری تیرۆریست، ناتوانم بەئازادانە لەسەر شەقامەکان پیاسە بکەم، هەر بە ئۆتۆمبێل دەگەڕێم، لەلیستی رەگەزپەرستەکانی تورکیادا ناوم بۆ کوشتن دەرچووە، نازانم کەی دەکوژرێم و چیم بەسەردێت".

ئەوە قسەی سەباحەت تونجەلی ئەندامی پەرلەمانی تورکیایە، کە لەسەر لیستی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیDTP چووەتە پەرلەمانی تورکیا.

ئەو کچە پەرلەمانتارە لەساڵی 1975، لەبنەماڵەیەکی سیاسی شاری مەڵاتییە لەدایکبووە. بنەماڵەی سەباحەت ئەو سەردەمانە وەک خۆی دەڵێ" وەک زۆربەی خەڵکانی کورد لەژێرکاریگەری بزووتنەوەی چەپی سۆسیالیستدا بووە".

سەباحەتی ئەندازیار کچی بنەماڵەیەکی جووتیارە و زۆر شانازی بەوە دەکات لە بنەماڵەیەکی جوتیار بووە نەک دەرەبەگ.

سەباحەت تونجەل، هەر لە منداڵییەوە دەستی بەکار کردووە" زستانان دەچوومە قوتابخانەو هاوینانیش لە باخچەی قەیسیان کارم دەکرد".

هەرچەندە دایکی کابانی ماڵ و باوکیشی جووتیارە و رۆژێکیش نەچوونەتە قوتابخانە، بەڵام ئەوان کە پێنج خوشک و بران و هەموویان زانکۆیان تەواو کردووە.

سەباحەت لە شاری مێرسین کۆلیژی ئەندازیاری تەواو کردووە. ئەو وەها باس لەو سەردەمەی دەکات کە تەڤگەری کوردی ناسیوە" لە سەرەتای ساڵانی نەوەتەکان کە لە دواناوەندی دەمخوێند لەگەڵ بزاڤی کوردی ئاشنا بووم، پاشان لە زانکۆ پەیوەندییەکەم لەگەڵ بزاڤی کوردایەتیدا بەهێزتر بوو". سەباحەت ئاماژە بەوە دەکات کە لەو سەردەمدا لەمەڵاتیە بیری چەپگەری زاڵبوو، کەم کەس ئاشنای بزووتنەوەی کوردایەتی بووەو ئەوەی لەگەڵیشدا بووبێت بەنهێنی کاری دەکرد.

تونجەل سەرەتا خەباتی سیاسی خۆی لە پارتی دیموکراتی گەل HADEPەوە دەستپێدەکات، دوای داخرانی ئەو پارتە لەگەڵ پارتی دیموکرات DEP درێژە بەکاری سیاسی ئاشکرای خۆی دەدات و دوای داخرانی ئەو پارتەش لەلایەن دەوڵەتی تورکیا، بەشداریی دامەزراندنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP دەکات، کە ئێستا 22 ئەندامی لە پەرلەمانی تورکیا هەیە و ئەویش لەبەر هەڕەشەی داخستندایە.

بەشداریی تونجەل لە خەباتی رێکخراوەیدا لە لیژنەی ژنان و گەڕەکانەوە دەستپێکردووەو، دواتر خۆی بۆ کاری سیاسی تەرخانکردووە " دەستم لەکاروباری شەخسی هەڵگرت".

لەساڵی2000 لە گەڕەکی ئیستەنبول ئەسەنلەر وەک سەرۆکی ناوچەکانی HADEP کاری کردووەو پاشان بووەتە بەرپرسی لقی ژنان و دواتریش بە هۆی چالاکبوونی بە سەرۆکی لقی ئەو پارتە هەڵبژێردراوە.

### خاوەنی زۆرترین دەنگ لە مێژووی پەرلەمانی تورکیادا

سەباحەت تا ئێستا15 جار لەلایەن داموەزگای دەوڵەتی تورکیاوە دەستگیرکراوەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە. کاتێک لە"تاوانەکان"ی دەپرسین دەڵێ" زۆربەی جارەکان بەهۆی لێدوانەکانم بۆ راگەیاندن رووبەڕووی لێکۆڵینەوە بوومەتەوە".

سەباحەت لەکاتی دامەزراندنی ئەنجوومەنی ژنانیDTP لەگەڕەکی باخجیەلەری ئیستەنبوڵ، لەکاتی کۆبوونەوەیەکدا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا. ئەوکاتیش بەرپرسی لیژنەی ئەنجوومەنی ژنان بوو. دواتر ئەو کچە کوردە رەوانەی زیندانی ئیستەنبول کرا و درایە دادگا و داواکاری گشتیی کۆمار داوای دەکرد چوار ساڵ و نیو سزای زیندانی بۆ ببڕدرێتەوە. هێشتا 9 مانگی تەواو بەسەر زیندانیکردنییدا تێنەپەڕیبوو کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئافرەتانیDTP وە وەک پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی پەرلەمان دەستنیشان کرا. سەباحەت تونجەل وەها باس لەو رۆژە دەکات" لەزیندان برادەرانی ئەنجوومەنی ژنان هاتنە لام و گوتیان دەمانەوێ لەهەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی تورکیادا وەک پاڵێوراوێک دەستنیشانت بکەین، تۆ رات چییە؟ منیش گوتم ئێوە باشتر دەزانن".

سەباحەت تونجەل لەئەنجامی هەڵبژاردنی پاییزی رابردووی پەرلەمانی تورکیادا، بە بەدەستهێنانی 300000 دەنگ لە ئیستەنبۆل لەزیندانەوە بووە ئەندامی پەرلەمان .بەدەستهێنانی ئەو ژمارە زۆرەی دەنگ لەلایەن سەباحەتەوە بووە هۆی ئەوەی ناوی وەک یەکەمین کەس کە زۆرترین دەنگی لەمێژووی پەرلەمانی تورکیادا بەدەستهێناوە، تۆمار بکرێت. سەباحەت ئاماژە بەوەدەدات و دەڵێ" لەتورکیا ئەو رێژە دەنگە زۆرە بۆ ئەندام پەرلەمانێک نەبووە، هەتا رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانیش بەقەد من دەنگی نەهێنایەوە". سەباحەت لەوبارەیەوە دەڵێ "من بەدەنگی گەلی کورد لەبەندیخانە هاتمەوە دەرەوەو چوومە پەرلەمان".

ساڵی 1993 لەیلازانا و 6 پەرلەمانتاری دیکە بەهۆی سوێندخواردن بە زمانی کوردی لە پەرلەمانی تورکیا، لە پەرلەمانەوە رەوانەی بەندیخانە کران، بەڵام تونجەل کاروانێکی تازەی لە زیندانەوە بۆ پەرلەمان دەستپێکرد، لەوبارەیەوە دەڵێ" ئەوە پەیامێکی گرنگە بۆ دەوڵەت کە ئیدی بەسە، دەبێت پرسی کورد چارەسەر بکرێت و دەستگیرکردنی پەرلەمانتارانی کورد چارەسەر نییە، هەروەها پەیامێکی گرنگە بۆ من کە لەپێناو ئازادی و دیموکراسیدا زیاتر خەبات بۆ نەتەوەکەم بکەم".

سەباحەت ماوەی هەشت مانگ و نیو لە بەندیخانەدامایەوە .دەربارەی رەوشی زیندانەکانی تورکیا دەڵێت "ئێستا وەک نەوەتەکان ئەشکەنجە نەماوە، من لە ژوورێکی 3 کەسیدا زیندان بووم، تەنیا دووکەسم دەبینی کە لەژوورەکەمدا بوون. زیندان مرۆڤی تینووی ئازادی بەئیرادەتر دەکات و گوڕوتینی پێدەبەخشێت".

سەباحەت دەڵێ لەتورکیا هەر ئەوەندە کە بڵێی کوردم و داوای مافەکانی کورد دەکەم بەسە بۆ ئەوەی دەستگیر بکرێی، ئەو زیاتر باس لە هۆکاری گرتنەکەی دەکات و دەڵێ "من پێشتر جارێک سەردانی باشووری کوردستانم کردبوو، لەبەر ئەوەش سکاڵام لەسەر تۆمارکرا و دەیانگوت تۆ بۆ بەشداری کۆبوونەوەیەکی PKK سەردانی باشوورت کردووە".

### گرتن یان کوشتن

تونجەل سەرسوڕمانی خۆی لە بێ بەڵگەیی و بڕیارەکانی دادگاکانی تورکیا بەرامبەر گیراوانی کورد دەردەبڕێ و دەڵێ " بەر لەوەی ببمە پەرلەمانتەر داوای 4.5 سزایان بۆ کردبووم، بەڵام کە بوومە ئەندامی پەرلەمان داوای15 ساڵ زیندانیان بۆ کردم". ئەو پەرلەمانتارە کوردە وێڕای ئەوە دووپاتیدەکاتەوە کە تۆمەتە خراوە پاڵەکەی روون نییە، ئاماژە بەوەشدەکات کە هێشتا دۆسیەکەی بەکراوەیی ماوەتەوەو ئێستاش دەیانەوێت بیگرن. سەباحەت لەسەر ئەو پرسە زیاتر دەدەوێت" بەپێی یاسای تورکیا چونکە تاوانەکەم لەلایەن دادگاوە روون نەکراوەتەوە بێ تاوانم و دەبێ دۆسیەکەم دابخرێت، بەڵام چونکە کوردم و ئەندامی پارتێکی کوردیم دۆسیەکەم بەکراوەیی ماوەتەوە".

تونجەل دەڵێت پاش ئەوەی بووەتە ئەندامی پەرلەمان رەوشی گۆڕدراوەو لەلایەکەوە بەهەزاران مرۆڤی کورد هیوایان پێیەتی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەتورکیا لایەنە شۆڤینیستەکان بەردەوام هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن.ساڵی رابردوو لیستێک لەلایەن رێکخراوە مافیاییەکان و شۆڤێنیەکانی تورکەوە بڵاوکرایەوە، کە ناوی چەندین رۆشنبیر و کەسایەتی سیاسی تێدابوو کە بەڵێنیان داوە بیانکوژن یەکێک لەوانەی دانراوە بیکوژن سەباحەت تونجەلە، ئەوگوتی" پێمدەڵێن پەرلەمانتەری تیرۆریست، ناتوانم لەتورکیا بە ئازادی لەسەر شەقامەکان پیاسە بکەم، هەر ئۆتۆمبێل دەگەڕێم، لەلیستی رەگەزپەرستەکانی تورکیادا ناوم بۆ کوشتن دەرچووە و نازانم کەی و چیم بەسەردێت".

سەباحەت تونجەل یەکێک لەو کەسانە بوو، کە لە17ی دیسەمبەری 2007 لە پەرلەمانی بەریتانیا، بەناویDTP ەوە داوای لە دەوڵەتی تورکیا کرد هێرشەکانی بۆسەر باشووری کوردستان رابگرێت. لەو کۆبوونەوەیەدا تونجەل گوتی کورد دوای شتێکی تایبەت ناکات و دەیەوێت مافی بەکارهێنانی زمانەکەیان هەبێت. ئەو هەروەها گوتی "کورد داوای پەروەردەو میدیای کوردی دەکات".

DTP گەورەترین و چالاکترین پارتی یاسایی کوردییە لە باکووری کوردستان، بەڵام لەرووی بەرنامەوە رەخنەی ئەوەی لێدەگیرا کە خاوەن روانگەیەکی روون نییە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا، هەرچەندە ئێستا داواکردنی ئۆتۆنۆمی ئاشکراکردووە .بۆیەش هەندێ جار وا لێکدەدرێتەوە کە ئەوە لەبیرکردنی کێشەی مافی نەتەوەیی و خاکی کوردستانە .بەڵام ئەو بەرپرسەی DTP دەڵێ "21 لەتورکیا کورد تەنیا لە کوردستان ناژین بەک و لەئیستەنبوڵ، ئەنقەرە و شوێنەکانی دیکەش دەژین، ئەگەر لەم قۆناغەدا مافە سروشتییەکانیان لەدەستووری هەمیشەییدا بچەسپێت دواتر دەتوانن بیر لەدواکردنی مافەکانی دیکەیان بکەنەوە".

### نەورۆز و هۆڤییەتی رەگەزپەرستانی تورک

ناوەند و رێکخراوە کوردییەکان، تەنانەت زۆرجار منداڵ و پیری کوردیش هەر تەنیا لەبەر کوردبوون لەسەر شەقامەکان

**لە تورکیا پێم دەڵێن پەرلەمانتەری تیرۆریست و هەڕەشەی کوشتنم لێ دەکەن**

دەکەونە بەر هێرشی گرووپە رەگەزپەرستە تورکەکان. ماوەیەک لەمەوپێش گرووپی (Alperen Ocaxlari) سەر بەMHP لەشارۆچکەی ساکاریا لەکاتێکدا لایەنگرانیDTP لەبارەگاکەیاندا

سەرقاڵی کۆبوونەوە بوون ئەوگرووپە گەمارۆیاندان و هێرشیانکرایە سەر و لە ئەنجامدا کەسێک گیانی لەدەستدا. سەباحەت تونجەل لەوبارەیەوە دەڵێ" رەگەزپەرستانی تورک لەوپەڕی وەحشییەتدان، لەناو ئەو بارەگایەدا پیرۆزبایی ئاشتی و برایەتی دەکرا، لەدەرەوەش هێرش دەکرایە سەریان، ئەگەر زوو فریا نەکەوتبان چیرۆکی هۆتێل مادماخی سیواس دووبارە دەبووەوە".



سەباحەت تونجەل (فۆتۆ:رووداو)

کاتی خۆی عەلەوییەکانی سیواس لەهۆتێلی مادماخ پرۆگرامێکیان بۆ بیرهێنانەوەی پیر سولتان عەبداڵ رێکخستبوو، عەزیز نەسین چیرۆکنووسی تورکیش کە کتێبی ئایاتی شەیتانی سەلمان روشدی کردبووە تورکی داوەتکردبوو. لایەنگرانی پارتی رەفاهی ئەوکات بەسەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان لەدژی بەشداربوونی عەزیز نەسین لەو پرۆگرامەدا وەستانەوە. دواتر بەشێوەیەکی نادیار ئاگر لەهۆتێلەکە بەردراو لەئەنجامدا 35 هاووڵاتی عەلەوی لەناو هۆتێلەکەدا سووتان. هەندێک دەیانگوت فەتحوللاچییەکان ئەو کارەیان کردووە، هەندێک دەیانگوت دەوڵەتی قووڵ، بەڵام دۆسیەکەی داخراو کەسیش نەیزانی کێ ئەوکارەی کرد.

پاش چەند چرکەیەک بێدەنگی سەباحەت درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێ" زۆر سەیرە هیچ کەس لەوانەی دەستیان لەو رووداوانەدا هەبوو دادگایی نەکران، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی بەشداری لە جەژنی نەورۆزدا تا ئێستا نزیکەی 2000 گەنجی کورد بەرەوڕووی لێپرسینەوە بوونەتەوە".

سەباحەت تونجەل ناتوانێ بەباشی بەزمانی کوردی بئاخڤی، کاتێک لەهۆکاری نەزانینی زمانی زکماکی خۆی دەدوێ، راستی خۆی دەڵێ" پەندێک هەیە دەبێژێ ئەگەر ویستت نەتەوەیەک ریشەکێش بکەی زمانی لێ بستێنەوە، منیش نموونەی کوردێکی ئاسیملەکراوم، بەڵام هەوڵدەدەم فێری زمانی دایکی خۆم ببم".

سەباحەت تونجەل، دەڵێ کاتی ئەوە هاتووە کوردیش دوور لە سۆز سیاسەت بکات، نموونەی رژێمی عێراق و ئەمریکا دێنێتە بەرچاوان و دەڵێ" کاتی خۆی ئەو هێزەی سەدامی گەورە کرد هەر ئەمریکا بوو، پێویستە کورد بە عاتیقەوە لەئەمریکا و هیچ وڵاتێکی دی نزیک نەبێتەوە بەڵکو سیاسەتیان لەگەڵ بکات".سەباحەت دەڵێ ئەوان وەک DTP پەیوەندییان لەگەڵ ئەمریکا هەیە " ئێمە لەدەسەڵاتی ئەمریکا تێدەگەین و پەیوەندییمان لەگەڵیان هەیە، بەڵام لەوبڕوایەداین پێویستە کورد لەسەر پێی خۆی راوەستێت".

## ئەو شارەی دەستی لەحکومەت و حیزب بەر نابێت

# ماوەت چی لە بەرپەرسە حکومی و حیزبییەکانی خۆی دەستکەوتووە



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**رووداو – ماوەت**

هەڵکەوتە جوگرافییەکەی و سروشت و ئاو و هەواکەی، ئەو راستییە دووپاتدەکەنەوە کە لەسەردەمانێکی کۆنەوە مرۆڤ لەوێ ژیاوە. درەخت زۆربەی خانووەکانی شاردووەتەوە، تەنیا ئەوانە نەبێت کە باڵایەکی بەرزیان هەیە. دەڤەرێکی پڕ لەچیرۆک و داستان و ئەفسانەی میللی. شارە دێیەکی پڕ داموەزگای حکومی. خەڵکانێکی کەیفخۆش. لەوێ سەقفی خانووەکان، دیواری نێوان دەوڵەمەند و هەژارانی سڕیوەتەوەو ماڵی هەمووان وەک یەک دەردەکەوێت.جموجوڵی باخەوانەکان و جووتیارەکان، وەک جموجوڵی جوتیارو باخەوانی ناوچەکانی دیکە خەمبارانە نییە. ئەوەی بەدەر لەحیکایەتی کەڵەشێرپەروەری سەرنجت رادەکێشێت،پۆشتەیی و رێکپۆشی ژیانە لەوێ. خۆشەویستی دانیشتووانی ئەو دەڤەرە بۆ شارەکەیان، زیاتر لەچەند سەدەیەک نەریتێکی بەرێوەبرد،کە ئەویش نەریتی وەفاداری بوو لەبەرامبەر ئەو کەڵەشێرانەی بەگوێرەی حیکایەتە تێکەڵ لەئەفسانەکانی خۆیان، لەبەرامبەر دوژمنان وەئاگای هێناونەتەوە.

ماوەت تەنیا 240 ماڵی تێدایە و سەر بەقەزای شارباژێڕەو 60 کیلۆمەتر لەباکووری شاری سلێمانییەوە دوورە. 81 گوند سەر بەوشارۆچکەیەن و مێژووی دروستبوونی زۆر لەوە کۆنترە کە سەرچاوە مێژووییەکان باسی دەکەن.لە 1664–1669 میر بوداغی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە فەرمانڕەوایی ماوەتی کردووە، کە ئەوکاتە مەڵبەندی بابانییەکان بووە.

وەک سیروان ئەبوبەکر،لە ئەنجوومەنی ماوەت باسیکرد، بەپێی هەندێک سەرچاوە، ناوی ماوەت چەند لێکدانەوەیەکی هەیە یەک لەوانەش ئەوەیە کەناوەکەی لە (ماو)ەوە هاتووە "لەسەردەمانێکی زوودا گرانییەکی سەخت روویداوەو خەڵکێکی زۆری کوشتووە، بەڵام ئەو گرانییە سەختە کاریگەری زۆری لەسەر خەڵکی ئەم ناوچەیە نەکردووەو لەوەوە ناویان ناوە (ماو) واتە هێشتا ماوە".

هەروەک چۆن لەمێژوودا ئەم شارۆچکەیە یەکەمین مەڵبەندی بابانەکان بووە، هەنووکەش لەنزیک قەڵاچوالانی سەوزەوەیەو شانسێکی باشتری هەیە لەرووی پشکە خزمەتگوزارییەکانی ئەو حکومەتەوە، کە زۆر کەس پێیانوایە حسابێکی تایبەتی بۆ ماوەت دەکات.

عەبدولفەتاح ئەحمەد، لەسەردەمی بەعس زیندانیکراوەو ساڵی 1979 لەژووری لەسێدارەدان چاوەڕوانی مەرگی خۆی کردووە،دواتر بە لێبووردن کەوتووە، پێیوانییە ماوەت ئەو جیاوازیەی بۆ کرابێت "هەموو شتێک لەبەرچاوتانە، ماوەت حەقی خۆیەتی ئەگەر هەموو خزمەتگوزارییەکی بۆ بکرێت،چونکە هەمیشە لانکەی شۆڕش بووەوهەموو حیزبەکان لێرە گیرساونەتەوەو هەر لێرەش هەستاونەتەوە".

ئەنجوومەنی ناحیەی ماوەتیش رەتیدەکاتەوە، جێگری سەرۆکی حکومەت بەشەخسی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ماوەت ئەنجامدابێت "راستە کاک عومەر فەتاح خەڵکی ئێرەیە، بەڵام جگە لەسەقفی خانووەکان کە لەلایەن ئەوەوە بۆ هەموو ماڵەکان دروستکراوە، جیاوازی نەکردووە لەنێوان ناوچەکاندا". ئەو بێتاقەت بوو لەوەش کەهەندێک کەس پێیانوایە ماوەت بەهۆی جێگری سەرۆکی حکومەتەوە،پۆشتەیە.

نەوزاد حەمە غەریب، بەڕێوەبەری ناحیەش لەو قسانە نیگەرانە کە دەڵێن بەهۆی ماوەتیبوونی جێگری سەرۆکی حکومەتەوە خزمەتێکی زۆر بەناحیەکە کراوە " ئەوەی بۆ چوارتا کراوە، هەر ئەوەش بۆئێمە کراوە، راستە ئەوەی وەک خزمەتگوزاری داوامان کردبێت، زۆربەی جێبەجێکراوە". بەڕێوەبەری ناحیەی ماوەت وتیشی "رەنگە لەڕووی پەروەردەوە لەشوێنەکانی دیکە باشتر بین، بەو پێیەی هیچ کەموکورتییەک لەپرۆسەی خوێندندا نییە".

کاتێک بەچاوی کامێراوە بەناو ماوەتدا دەگەڕێیت، هەر زوو هەست بەوەدەکەی کە بەدەرلەئاوهیچکەموکورتییەکیخزمەتگوزاری دیکەی نییە کە هاووڵاتیانی نیگەران کردبێت. هەر ئەمەشە دەتگەیێنێتە ئەو باوەڕەی ماوەت دەستی لەپشتێنە توندەکەی حکومەت بەرنەبووە. سیروان، لە ئەنجوومەنی ماوەتە و



زۆر کەس پێیانوایە ماوەت حسابێکی تایبەتی بۆ کراوە (فۆتۆ:رووداو)

دەڵێ "هەریەک لەجێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری ژینگەو د.کەمال فوئاد و دایکی وەزیری پەروەردە خەڵکی ماوەتن". سیروان گوتیشی " کاک عومەر فەتاح بۆ خۆی باخی لێرە هەیەو جاربەجار سەردانی دەکات و ماڵێکیشی هەیە لێرە".

تاکە شارۆچکەی قوتابخانەی یەک دەوام

بەڕێوەبەری قوتابخانەی دواناوەندی ماوەت رەوشی خوێندنی لەدەڤەرەکەیاندا، بە تەندروست و بێ گرفت دادەنێ و سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چوارتای کرد، کە ئەوپەڕی هاوکاری و ئاسانکارییان پێشکێش کردوون "چ لەرووی میلاکی مامۆستاو چ لەڕووی بینای قوتابخانە و تەنانەت لێرە تاقیگەی زانستی و کۆمبیوتەریشمان هەیە بۆ قوتابیان".

لەوشارۆچکەیەدا بەهەردوو قۆناخی ناوەندی و ئامادەیی تەنیا 180 خوێندکار هەیە، بەڵام سێ بینای قوتابخانەی لێیە. ماوەت تاکە شارۆچکەیە قوتابخانەی دوو دەوامی تێدا نەبێت، بەهۆی نەبوونی گرفتی بینای قوتابخانەوە، لەکاتێکدا لەهەر شارۆچکەیەکی کوردستان، قوتابخانەی دوو دەوام و سێ دەوام هەیە.

مامۆستا هەڵکەوت عەلی، بەڕێوەبەری قوتابخانەی دواناوەندی ماوەت گوتی "سێ بینایقوتابخانەمانهەیە،بەڵامتەنهادوانیمان پێویستەو ئەوی دیکە نۆژەندەکەینەوەو بەشێکی دەکەینە بەشە ناوخۆیی بۆ ئەو قوتابیانەی لەگوندەکانەوە دێن و بەشەکەی دیکەیشی بۆ ئەو مامۆستایانەی لێرە دەمێننەوە تەرخاندەکەین".

حاجی عەبدولفەتاح ئەحمەد فەقێ لەو باوەڕەدابوو کەشەستەکان خوێندەواری زۆر بەهێزتربووە لەناو ماوەتدا "لەشەستەکان چەند کەس هەبوون کە لەگەڵ ئینگلیزەکان زۆربەباشی قسەیان دەکرد، بەڵام باوەڕناکەم دەرچووی زانکۆکانی ئێستا دوو رستەی ئینگلیزی بزانن".

لەساڵی 1932 یەکەمین قوتابخانە لەو شارۆچکەیەدا کراوەتەوەو کچ تێیدا خوێندوویانە. ئەو حاجییە زیاتر لەمێژووی خوێندەواری ناوچەکەی خۆیان دەزانێ و گوتی" لەساڵی 1672 قوتابخانەیەکی ئاینی لێرە هەبووە کەوانەی فەلسەفەیان تێدا خوێندووە". بەڕێوەبەری دواناوەندی ماوەت باسی لەبوونی باخچەیەکی ساوایانیش کرد "ئەو باخچەی ساوایانەی لێرە هەیە، زۆر لەوانەی ناوچەکانی تر پێشکەوتووترو پڕخزمەتگوزاریترە".

### سەوزەڵانییەکی چەپ

هێشتا قەدپاڵەکان سەوزن و هەستناکەیت وشکەساڵی کاریگەری لەسەر کشتوکاڵ جێهێشتبێت "وشکە ساڵی بەو ئەندازەیە کاری لەسەر باری کشتوکاڵی ماوەت نەکردووە شیاوی باس بێت، تەنیا لەوەڕگەمان وەک ساڵان نییە". ئەنوەر محەممەد عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری بنکەی کشتوکاڵی ماوەت گوتی "لێرە جوتیاران کاری باخداری دەکەن و ڕەزو چوالەو ترش و گوێز و سەوزەی هاوینە و تەماتەو بامیەو کولەکەو باینجان و هەنگ بەخێوکردن، کشتوکاڵی ئێرە پێکدەهێنێت و هەنگوینێکی بەنێوبانگی هەیە".

ئەو بەڕێوەبەرە دووپاتیکردەوە کە جێگری سەرۆکی حکومەت تەنها وەک حکومەت کاری بۆ پێشخستنی کشتوکاڵی ماوەت کردووە نەک وەکو شەخسی خۆی.

هەرچەندە مەرزە سنوورییەکانی ئەو ناوچەیە زۆر لەماوەتەوە دوور نین، کەچی بەهۆی ئەوەی کاسبکارو بازرگانانی مەرزەکە بەناو ماوەتدا هاتووچۆ ناکەن، جموجوڵ و کار تێیدا سفرە. حاجی حەمە مەحمود لەدوکانی بایەعییەکەی خۆیەوە دەنۆڕێتە شەقامەکەی دەرەوە " ساڵانێک لێرە جوانترین و نایابترین توتن بەرهەم دەهات، بەڵام ئەوەش نەما، چونکە حکومەت توتن ناکڕێتەوە".

هەریەک لەگوندەکانی : زەرون، گەلاڵە، قامیش، ژاژڵە، قەشان و سەراو و چەندین ئاوایی دیکە، لەبەردەم هەڕەشەی کۆچی پێچەوانەدا، بەنیگەرانییەوە لەچارەنوسی خۆیان دەڕوانن "زۆرینەی گوندەکان،خزمەتگوزارییەکانی قوتابخانەو مزگەوت و رێگەوبان و ئاویان بۆ دابین کراوە، بەڵام گرفتی خوێندن و مووچەخۆری و بێ بازاڕی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان کاریگەری زۆری هەیە". ئەنجوومەنەکەی ماوەت هیوا خوازە حکومەت بایەخ بەگوندەکانیش بدات.

### ئاسمانی ئاڵاکان

زۆرترین ئاڵای کوردستان لەئاسمانی ماوەت دەردەکەون، بەو پێیەی کە هەموو فەرمانگەو بنکەیەکی ئیداری حکومەتی لێیە. بنکەی کەشناسی ماوەت بەلای بەڕێوەبەری ناحیەکەوە سەیری نییەو ئەو پێیوایە کە هەموو ناحیەیەک کەشناسی هەیە.

نەوزاد حەمە غەریب،بەڕێوەبەری ناحیەی ماوەت رایگەیاند کە بەنیازن لەماوەیەکی نزیکدا دەزگایەکی تایبەت بەپێشبینیکردنی بومەلەرزە لەماوەت دابمەزرێنن "ئەو دەزگایە تایبەت نییە بەم ناوچەیە وبۆ هەموو پارێزگای سلێمانییە، بەڵام لێرە دروستدەکرێت".

هەموو خانووەکانی ماوەت جۆرە سەقفێکی ئەوروپییان بەسەرەوەیە، کە لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەتەوە بۆیان دابینکراوە. سیروان ئەبوبەکر محەممەد، لێپرسراوی ئەنجوومەنی جەماوەری ماوەت گوتی "بڕیاربوو ژمارەیەک خانوو لێرە دروست بکرێن، بەڵام نەکرا، بۆیە کاک عومەر فەتاح ئەو سەقفی خانووانەی ناردو وەک تەجروبەیەک بۆ تاقیکردنەوە تابزانن لەگەڵ کەشوهەواکە دەگونجێت یان نا".

حاجی عەبدولفەتاحیش ماوەتی بەمەغدور زانی "لەچوارتا 4 خانوو دروستکراوە، بەڵام بۆ ئێمە یەک خانوو دروست نەکراوە". بەڕێوەبەری ناحیەی ماوەت گوتی " 95%ی کۆڵان و گەڕەکەکانی ناو شارۆچکەی ماوەت کۆنکرێت کراون و هەمووی تەواو دەکرێت".

بەهۆی ئەم جۆرە سەقفی خانوانەوە، دیواری نێوان دەوڵەمەند و هەژاران رووخاوەو ماڵی هەمووان بەیەک دەچێت، سیروان ئەوە دەگێڕێتەوە کاتێک دکتۆر کەمال فوئادی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، کە بۆ خۆی خەڵکی ماوەتەو سەردانی شارۆچکەکەی کردووە "کاتێک کاک کەمال هات و سەقفی خانووەکانی بینی، گوتی ئەوە چییە خۆ تەنها باگردێن بەسەر ماڵەکانەوە نەماوە، مەبەست لەباگردێنەکەی دکتۆریش ئەوەیە، کەتەنیا سەقفی خانوویان پێدراوەو خانوویان بۆ دروستنەکراوە".

### دەبە بەدەستان

ئاو ئەو گرفتەیە کە تاوەکو ئێستاش لەماوەت دەتوانی ناوی گرفتی لێ بنرێت. منداڵان بەدەبی بچووکەوە شۆڕ دەبنەوە بۆ قەراخی چەمەکە تاوەکو ئاوی خواردنەوە بۆ ماڵەکانیان ببەن.

ئامین، ژنێکی بەتەمەنی شارۆچکەکەیە و دەڵێت " ئاوی ماوەت، مەگەر باخەکان تێری لێ بخۆنەوە، لەبەر ئەوەی شوێنەکەمان بەرزەو ئاوەکەشمان لەخوارەوەیە".

ئەگەر گرفتی ئاو بەتەواوی چارەسەر بکرێت، ئەوا دەتوانیت بڵێیت کەماوەتی 240ماڵیلەڕوویپڕۆژەخزمەتگوزارییەکانەوە، بەرادەیەکی زۆرباش سوودی لەسێبەری حکومەتی هەرێم بینیوە.

# جگە لە سولفەی عەقار خانوو بۆ هاووڵاتیان دروستدەکرێت

**رووداو – هەولێر**

جگـــە لـــە دانی ســـولفەی عەقـــار کە ســـەرۆکایەتی هەرێمـــی کوردســـتانیش لەچوارچێوەی یاســـای بودجـــەی 2008دا پەســـەندی کرد، بەپێی پرۆژە یاســـایەک کە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەســـەر دەکات، حکومـــەت خانـــوو بـــۆ هاووڵاتیان دروســـتدەکات و هاووڵاتیانیش تەنیـــا 10%ی نرخـــی خانووەکە دەدەن و ئەوی دیکە بەشێوەی قیست لەماوەی 25 ساڵ دەدەنەوە حکومەت.

وتەبێـــژی حکومەتـــی کوردســـتان بە (رووداو)ی راگەیاند کە چەند هەفتەیەک پێش ئێستا "ســـەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانـــی کوردســـتان داوای لەوەزارەتی پلاندانـــان کردووە لیژنەیەکـــی تایبەت بۆ کەمکردنـــەوەو چارەســـەرکردنی قەیرانی نیشـــتەجێبون لەهەرێمی کوردســـتاندا پێکبێنێـــت و لیژنەکـــەش لەنوێنـــەری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی پلاندانـــان، وەزارەتـــی ئاوەدانکردنـــەوەو نیشـــتەجێکردن و دەزگای وەبەرهێنـــان پێکدێت".

بەپێی وتەی جەمال عەبدوڵڵا، وتەبێژی حکومەت سەرپەرشتیکردنی کاری لیژنەکە لەوەزارتی پلاندانانەوە دراوەتە دەســـتەی وەبەرهێنـــان و بۆ ئەم مەبەســـتەش داوا لەچەند کۆمپانیایەکـــی ناوخۆیی و بیانی و چەند بانکێک کراوە بەســـەرمایەکانیان بەشـــداری لەپـــرۆژەی چارەســـەرکردنی کێشەی نیشتەجێبووندا بکەن و حکومەتی کوردســـتانیش بەشێک دەبێت لەپرۆژەکەو زۆرینەی خەرجی ئەو پرۆژەیەش حکومەت دابینی دەکات.

ئێســـتا پرۆژەی چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون لەپەرلەمانی کوردستاندایەو بڕیارە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردســـتان دەنگ لەسەر پرۆژەکە بدات.

زرارتاهیر، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردســـتان، لەو بارەوە بۆ (رووداو) گوتی "پرۆژەیەک لەحکومەتەوە هاتووە، داوای دەرچوونی یاسایەک دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، ئامانج لەو یاسایەش دروستکردنی یەکەی نیشـــتەجێبوونە لەهەرێمی کوردستاندا و پرۆژە یاســـاکەش بەمەبەستی لێکۆڵینەوە ئاراستەی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو شارەوانی و دارایی و یاسایی کراوە".

بەپێی پرۆژەکەی حکومەت، تەنیا 10%ی پارەی خانوو یان شـــوقەکە لەســـەرەتادا لەهاووڵاتیان وەردەگیرێت و ئەوەیتر بەقیست وەردەگیرێتـــەوەو پارەی تێچوونی بیناکەو زەوییەکەو پـــرۆژە خزمەتگوزارییەکانیش لەسەر هاووڵاتیان خۆیان دەبێت.

ســـەرۆکی لیژنـــەی ئاوەدانکردنـــەوە گوتی" لەکۆبوونەوەیەکی تایبەتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەدا بڕیارماندا داوابکەین تەنها پارەی تێچوونی بیناکە حســـاب بکرێت و حکومەت خۆی زەوی دابین بکات و پارەی تێچوونی شـــەقام و راکێشانی تۆڕی ئاوو ئاوەڕۆ لەئەستۆی حکومەت بێت، بۆ ئەوەی بڕی ئەو پارەیەی لەهاووڵاتیان وەردەگیرێت زۆر نەبێت".

زرار تاهیـــر، جگـــە لەوەی ســـەرۆکی لیژنـــەی ئاوەدانکردنەوەیـــە لەپەرلەمانی کوردســـتاندا ئەندامی لیژنەی داراییشـــە، ئـــەو دەڵێت"لیژنەی دارایـــی کۆبوونەوەی کـــردووەو لەراپۆرتـــی خۆمانـــدا وتومانە دەبێـــت دابینکردنی زەوییەکـــەو هەموو خزمەتگوزارییەکان لەئەستۆی حکومەتدا بێت ".

بەپێـــی ئەو پرۆژەیەی کـــە حکومەتی کوردســـتان ناردوویەتییـــە پەرلەمـــان، هاووڵاتیـــان دەتوانن لەماوەی 25 ســـاڵدا تەواوی پارەی ئەو شوێنی نیشتەجێبوونە بدەنـــەوە کـــە بـــۆی دابیندەکرێـــت و لەسەرەتاشـــدا تەنیا 10%ی نرخی خانوو یان شوقەکە دەدەن.

ســـەرۆکی لیژنـــەی ئاوەدانکردنەوەش ئەوە بۆ (رووداو) دەخاتـــەروو کە"لیژنەی ئاوەدانکردنەوە داوادەکات بکرێتە 20 ساڵ، چونکە لەوانەیـــە ئەو فەرمانبەرە لەماوەی 20 ســـاڵدا خانەنشـــین بێـــت، هەروەها پێشنیارمان کردووە کە هاووڵاتیان 70%ی پێشەکییەکە بدەن".

لەبارەی ئەو کەسانەش کە لەم پرۆژەیە سودمەند دەبن، لەپرۆژە یاساکەدا هاتووە ئەو پرۆژەیە بۆ ئەو کەسانە نییە کە خۆی یان هاوسەرەکەی سودی لەهەر پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون وەرگرتبێت.

بۆ ئـــەوەی حکومەت خـــۆی زەوییەکە دابینبـــکات، جگـــە لەپەرلەمانتـــاران وەزارەتەکانـــی تـــری پەیوەندیداریـــش پێشـــنیاریان ناردووەتـــە پەرلەمـــان کە حکومەت خۆی زەوییەکە دابینبکات.

تاریق جامباز، ئەندامی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردســـتان بـــە (رووداو)ی راگەیانـــد" ئێمە پێشـــنیارمان کردووە کە وەزارەتی شارەوانی خۆی زەوی دابینبکات و هاووڵاتـــی زەوی نەکڕێـــت، وەزارەتـــی ئاوەدانکردنـــەوەو شـــارەوانیش ئێســـتا نوســـراویان بۆ ئێمە کردووە کە پێشنیار دەکەن زەوی بێ بەرامبەر تەرخانبکرێت، ئەو دوو وەزارەتە پێشنیاری ئەوەشیانکردووە کەشـــەقام و پـــرۆژە خزمەتگوزارییەکان تەواو ببێت ئینجا خانوو شوقەکان بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشبکرێت.

لەبـــارەی ئـــەوەی کە ئـــەم پرۆژەیە پەیوەندی بە ســـولفەی عەقارەوە هەبێت، ئـــەو ئەندامەی لیژنەی یاســـایی وتی"ئەم پرۆژەیـــە تەواوکـــەری پـــرۆژەی عەقارەو هەردوو پرۆژەی ســـندوقی نیشتەجێبوون و عەقار لەعێراقـــدا هەیە، لێرەش پەیڕەو دەکرێت".

سەبارەت بەنرخی خانوو و شوقەکانیش، وتەبێـــژی حکومەتـــی کوردســـتان رایگەیاند"لەگفتوگـــۆ ســـەرەتاییەکاندا پێشـــنیاری ئـــەوە کراوە کـــە نرخی هەر شـــوێنێکی نیشـــتەجێبوون لە 30 تا 60 هەزار دۆلار بێت".

# وشکەساڵی نرخی گەنم و جۆ لەگەرمیان دەفڕێنێ

**بیلال سەعید**
**رووداو –گەرمیان**

بەهۆی وشکە ساڵییەوە نرخی گەنم و جۆ لەگەرمیان بەرز دەبێتەوە، جوتیارانی ســـنوورەکەش ترســـیان لێ نیشـــتووە، کە بەهۆی گرانبوونی نرخـــی گەنم و جۆوە نەتوانن ساڵی ئایندە کشتوکاڵ بکەن.

گەنم فرۆشـــانی کەلار باس لەوە دەکەن کە رۆژ بەرۆژ نرخی گەنم و جـــۆ لەبەرزبوونەوەدایە، کارزان حســـێن لەبازاری گەنمفرۆشەکانی کەلار وتی"نرخی گەنمو جۆ زۆر بەرزبۆتەوە، نرخی یەک تەن جۆر بە 500 هەزار دینارە و یەک تەن گەنمیش بە 750 هەزار دینارە، بەڵام خەڵک زۆر بە کەمی دەیفرۆشێت، چونکە لەو باوەڕە دان نرخی گەنم و جۆ زۆر بەرزتر دەبێتەوە".

کامـــەران داود، دانیشـــتووی گونـــدی کانـــی پەمو، بەئەسەفەوە باسی وشکە ســـاڵییەکەی ئەمساڵی کردو وتی "لەمانگی ســـێوە باس لەوشـــکە ســـاڵی دەکرێت، بەڵام ئەوە مانگی پێنجە تاوەکو ئێســـتا حکومەت ئاوری لێنەداوینەتەوە".

بەپێی ئامارێکی نارەسمی کە لەگوندەکانی گەرمیانەوە دەست (رووداو) کەوتووە، زیاتر لە 200 گوندی دەڤەری گەرمیـــان کەمتر لە 5 خێزانی تێدا مـــاوەو زیاتر لە 50 گوندیش بەیەکجاری چۆڵ بوون، بەڵام بەرپرسان هۆکاری چۆڵبوونی گوندەکان بۆ وشکە ساڵی ناگەڕێننەوە

رەحیـــم حەمید کەریم، جێگری بەڕێوەبەری گشـــتی کشـــتوکاڵی گەرمیان لەو بـــارەوە وتی"هیـــچ ئامارێک لەبەردەســـت نییـــە کـــە چەند گونـــد بـــوون، رێژەکە لەبەرزبوونەوەدایە، بـــەڵام چۆڵبوونی گوندەکان بەهۆی وشکە ساڵییەوە نەبووە، بەڵکو لەساڵی 2000ەوە دەستی پێکردووە".

بەپێی رووپێوییەکی مەیدانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان، لە ســـنووری کـــەلار، کفـــری، دەربەندیخان، چەمچەماڵ و 22 ناحیەی ســـنورەکە، 758 گوند هەن و 8934 خێزانیان لێدەژی، کە ژمارەیان 79293 کەسە.

هەروەها رێژەی ئاژەڵیش لەســـنوورەکە بەو شێوەیە: 1 ملیـــۆن و 600 هـــەزار مەڕ، 300 هـــەزار بزن، 6083 مانـــگا و 1979 گامێش، هەروەها ئەمســـاڵ 283 هەزار دۆنـــم گەنم و 274 هەزار دۆنم جۆ چێنراوە، کە تەنیا 32 هەزار دۆنم بەراوە، باقییەکەی دیکە لەئەنجامی وشـــکە ساڵی لەناو دەچێ. جێگری بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەلار ئەو ئامارانەی ســـەرەوەی بە"ترسناک وەسفکردو گوتی "ئـــەو ئامارانەمان داوەتە ئیدارەی گەرمیان و وەزارەتی کشتوکاڵ، ئامارەکانیش زۆر ترســـناکن و رۆژ بەرۆژیش کاریگەری زیاتر دەبێ، بۆیە پێویستە حکومەت بودجەی زیاتر بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکات".

رەحیم حەمید، وەک خۆی باسیکرد 27 ساڵە لەبواری کشـــتوکاڵی کار دەکات وشکە ساڵی وەهای نەبینیوە و کاریگەرییەکانی وشکە ساڵی زیاتر روونەکاتەوەو دەڵێت "کاریگەرییەکانی وشکە ساڵی زۆرن، ژمارەیەک لەگوندەکانی گەرمیان هاوسنوورن لەگەڵ ئێران، لەحاڵەتی چۆڵبوونی گوندەکان مەترسی ئەمنی زیاتر دەبێ، جگە لەوەش وشکە ساڵی دەبێتە هۆی نەمانی (تۆو) بۆ جوتیاران کە رەنگە لەداهاتوودا جوتیاران نەتوانن کشتوکاڵ بکەن".

هەروەهـــا ئەندازیـــار ئیدریـــس مەدحـــەت لەبنکەی توێژینـــەوەی کەلار لەبـــارەی کاریگەرییەکانی وشـــکە ساڵی گوتی "وشکە ساڵییەکە ئەوەندە کاریگەرە بەهیچ شـــێوەیەک تۆوی گەنم و جۆ ناهێڵێت، بەشـــی زیاد لە 15هەزار دۆنم تۆ دابەشـــکراوە لەســـنووری گەرمیان کە لەزەوییە بەراوەکاندا چێنراوە و ئەمساڵ بەروبومی باشی دەبێت، بەڵام واباشـــە حکومەت بیکڕێتەوە بەپارەیەکی باش بۆ ئەوەی ئەو تۆوە باشـــە لەناو نەچێت چونکە بۆ ساڵی ئایندە بەشمان ناکات".

سەبارەت بەوەرگرتنەوەی دانەوێڵە لەجوتیاران رەحیم گوتی "ســـاڵانی رابردوو تەنیا 2 هەزار تەن دانەوێڵەمان لەجوتیاران وەردەگرتەوە، بەڵام پێمباشە ئەمساڵ 4 هەزار تەنیان لێوەربگرینەوە".

وەنەبێت وشـــکە ســـاڵییەکە تەنێ کاریگەری بەسەر کشتوکاڵەوە هەبێ، بەڵکو کاریگەری بەسەر ئاژەڵانیشەوە هەیە، دکتور عوســـمان محەمەد، بەڕێوەبەری بەیتەرەی کـــەلار لەو بارەیـــەوە گوتی ئەو راپۆرتەی لەســـنووری چەمچەماڵ بۆمان هاتووە، باس لەوە دەکات کەئاژەڵەکانی سنورەکە تووشی کەم خۆراکی هاتوون، ئەمەش بووەتە هۆی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی کەم خۆراکی".

# ئەو خێزانەی لەخێوەتیشدا ژیانیان پێ رەوا نابینرێ

**سۆران عومەر**
**رووداو – سلێمانی**

ژیـــان لەگەرماو ســـەرمای ســـلێمانیدا لەنێو خێوەتێکدا بەبێ بوونی هیچ پێداویستییەکی ژیان هیچ مانایەک بۆ خۆشیەکانی ناهێڵێتەوە. کاتێک روو لەو ماڵە دەکەیت زۆر دەگەشێنەوەو مامەحاجی بەگۆچانەکەیـــەوە رووت لێـــدەکات بـــە ئومێدی ئەوەی فریادڕەســـێک بیت و بۆ چارەسەرکردنی نەهامەتییەکانی چووبیت، زۆر بەڕێزەوە پێشوازیت دەکات وەک ئـــەوەی خاوەنی دیوەخانێکی گەورە بێت، بەڵام تەنیـــا خێوەتێکی هەیە روو لەخۆری ئێواران، کە خۆی و هاوســـەرەکەی و کوڕێکی 18 ساڵانی تێیدا دەژی.

خەڵکی ئەو ناوچەیە (شەکرەکە)، لەسلێمانی هاوکاریـــان دەکەن و ئاوی ســـاردیان دەدەنێ و خواردنیـــان بۆ دەبەن، ئەگەرنـــا ئەوان بۆخۆیان توانای ئەوەیان نییە ئاگریش بکەنەوە بۆ لێنانی چایـــەک. مەحمود ئەحمـــەد کـــە خاوەنی ئەو ماڵەی نـــاو خێوەتەکەیە دەڵێ" هیچ توانایەکمان نییە بۆ گرتنی خانوویـــەک بەکەمترین کرێ لەم شـــارەدا،چونکە هیچ مووچەیەکـــم نییە، ئەوەی خەڵکی خێرخواز هاوکاریم نەکات بۆم ناکرێ".

ئەو بەڕیشی سپی و بەگۆچانە چەماوەکەیەوە فرمێسکی دەڕشـــت و دەیگوت "کوڕەکەم پێش خـــۆر کەوتن لێـــرە دەڕوات و شـــەو درەنگانێک دێتەوە،چونکە لەرووی نایێت لەم خێوەتەدا ببینرێ، بۆیە نازانم چی دەکات و بۆ کوێ دەچێ".

ئەم خێزانە خەڵکی گوندی سێوسێنانی قەرەداخە و نەبوونی وای لێکردوون لەنێو خێوەتدا لەنێو ئەو تۆز و خۆڵەدا بژین و خەون بەوەوە دەبینن کەئاوی سارد بخۆنەوەو چێشـــتێک لەسەر ئاگر داگرن و ماڵێکیان هەبێ بە ئازادانە بەحەوشی ماڵەکەیاندا بسوڕێنەوە، بەڵام لەهەموو ئەم شتانە بێ بەشن. کەسێک لەبەزەیی خۆیدا بەشۆفڵەکەی تەوالێتێکی بـــۆ دروســـتکردوون لـــەدووری خێوەتەکەیان و هەمیشە باسی دەکەن و لەیادیان ناچێت.



کوڕەکەم پێش خۆر کەوتن لێرە دەڕوات و شەو درەنگانێک دێتەوە،چونکە لەرووی نایێت لەم خێوەتەدا ببینرێ (فۆتۆ:رووداو)

ئاهژان عەبدوڵڵا، ئەو کچە بوو کە ماڵیان چەند کۆڵانێک لەدووری ئەم خێوەتە بوو، بەڵام وەک خۆی دەیگوت هەموو رۆژێک لێ سەر کارەکەم لێـــرەوە تێدەپـــەڕم و بـــەردەوام خەمیان بۆ دەخۆم، بۆیە زۆرجار ئاهژان بۆخۆی خواردنیان بۆ دێنێ و دڵنەوایـــی ئەو ژن و پیاوە پیرەی ژێر خێوەتەکـــە دەکات. ئاهژان حەزی دەکرد رۆژنامەنووسێک ژیانی نێو خێوتی ئەم خێزانە بکاتە چیرۆکێکی رۆژنامەنووسی، تا ئەوانەی لەنێو ژیانی خۆشی ڤێلا فێنک و بەرزەکاندان بۆ ســـاتێک بەخوێندنەوەی سۆزیان بجوڵێ و خەمگین بن.

خەونی ئەم خێزانە ئەوەیە ئەم شـــوێنەیان لـــێ نەســـەندرێتەوەو نەکرێتە بینـــای بەرزو خاوەنەکـــەی وەدەریان بنێ، بەڵام ئەم خەونە لەگەڵ خەمەکانیانـــدا گەورەتر بوو، تائەوەی شـــوێنەکەیان کرایە بینای بەرز و ئەوانیش بۆ جاری ســـێیەم بێلانە بوون و ئەمجارە هەموو خەمیان بووەتە ئەوەی کەجارێکیتر لەچ گەڕەک و ناوچەیەک خێوەتێک هەڵبدەن دەریانناکەن، بۆیە بیریان لەوە دەکردەوە کە سەری خۆیان هەڵگرن و روو لەئێران بکەن. ئەوان دەیانگوت ئێمە بەم ژیانەش ناشـــکور نین، بەڵام ئەوەتا لەم چەند مەترە زەویەشدا جێگەمان پێ رەوا نابینرێ و دەکرێتە بینای بڵندو دەبێت بڕۆین، بەڵام بۆکوێ نەیاندەزانی.ئەوان باسی ئەوەیان دەکـــرد کە ئەم جەژنەی ڕابردوویان لەنێو ئەم خێوەتەدا کردووەو بەیانیەکەی دراوسێکانیان خواردنیـــان بـــۆ هێناون و ئەمانیـــش بەدەم گریانەوە خواردوویانـــە. هەرچەندە نوقوڵیان کڕیووەو بەســـەر ئەوانەدا بەخشـــیویانەتەوە کە لـــە بەزەییدا چوونەتە لایان و پیرۆزباییان لێکردوون.

ئەمە ســـاتە دیمەنێکی ژیانی ئەو خێزانەیە کـــە لەبـــەر نەبوونی لەخێوەتـــدا دەژین و لە ســـەرەتاییترین مافەکانی ژیان بێ بەشـــن و خەڵک لێی بێ ئاگان.

# 30 هزار خێزان ل دهوکێ داخازا مافێ خو ژ حکومەتێ دکەن

دوو ساڵە پارەیێ پروژێ تۆرا پاراستنا جڤاکی یا عیراقـــی ل هەمی پارێزگەهێن عیراقێ ژبلی کوردستانێ دهێتە دابەشکرن و، خیزانێن هەژارێن هەرێما کوردســـتانێ ژڤـــی پـــارەی د بـــێ بەهرن.رێڤەبەرێ چاڤدێریـــا خێزانـــی ل دهوکێ ڤێ یەکێ دئێخیتە ستۆیێ حکومەتا عیراقێ.

(رووداو) گازندا هەر 30 هزار خیزانێت هەژراییێن ل دهوکـــێ هاتینە تۆمارکردن گەهاندن ئیسماعیل ئیبراهیم، رێڤەبەرێ چاڤدێریا خێزانی :

عەبدوڵڵا نهێلی

***کەنگـــی وە دەســـت ب تۆمارکرنا، ناڤێ خێزانێن هەژار کرد بۆ تۆڕا پاراستنا جڤاکیا عێراقی؟**

– پشـــتی ئـــەم ل 2006/1/1 هاتینە ئاگاهدارکرن مە دەست ب ناڤ تۆمارکرنێ کرو مە 30 هزار ناڤ ل سنوورێ پارێزگەها دهوکێ تومارکرن و، هەر ل دەسپێکێ ئەم هاتینە ئاگەهدار کرن کو دێ ئەڤ پارە ژ پارێ پەتـــرۆڵا عیراقێ بۆ هەژاران و کێم ئەندامان دێ هێتـــە تەرخانکرن ل دوڤ بلێتێن ئەرزاقی. ب هاریکاریا پارێزگەهێ دهوکێ و هندەک رێڤەبەریێن دهوکێ ئەم شیاین ناڤێن وان کەسێن بێتڤی ل دهوکێ تومارێکەین.

***ل گۆر سیســـتەمێ بڕیار ئەو پارەیە چەندە و چەوا دهێتە دابەشکرن؟**

– پارە ژی ل دوڤ ئەندامێن خێزانییە. ئەگـــەر ئێک کەس بیـــت هەتا خێزانەکا چار کەســـی 50 هزاردینـــار دێ بۆ هێنە خەرجکرن،بۆ خێزانەکا شەش کەسی 120 هزار دینارن، ئەگەر کێم ئەندام دخێزانێ دابـــن و رێژا کێمئەندامیـــێ 75% بیت بۆ هـــەر کێمئەندامەکی 50 هزار دینارن، ئەگەر قوتابی دخیزانی دا هەبن دێ هەر قوتابیەک پێنـــچ هزاردینار بۆهێنە خەرجکرن، رەنگە ب و شـــێوەی مووچێ هندەک خێزانان بگەهیتە 300 هزار دیناران. بەلێ ئەڤە دوو سال بوورین هێشتا ئەڤ پارەیـــە بۆ کوردســـتانێ نە ها تییە ، خە لکـــێ دهۆکێ گەلەک گازندا ژمـــە و حکومەتێ دکەن و مافێ وانە گازندا بکەن.

*** ئەرێ ئەگەرێ گیرۆبوونا ڤی پارەی کییە؟**

– ئەگـــەرێ ســـەرەکی حکومەتـــا عیراقێیە.

***هەوە چ کریە بۆ وان خێزانێن هەژار کو ژ ڤی سیستەمە بێ بەشبوونە؟**

–چەندین جاران بنڤیســـین مە هەمی لایەنێـــن شـــولەژێ ئاگاهدارکرینە. هەتا برێکا وەزارەتێ مە سەرکردایەتیا کوردی و سەرۆکاتیا هەرێما کوردستانێ و لیستا هەڤپەمانیا کوردســـتانێ ژی مە ئاگاهدار کرینـــە، بەلێ بێ مفابوویـــە و حکومەتا عیراقێ دبیژیـــت دڤێت ژ بودجێ 17% بیـــت و، حکومەتا هەرێمـــێ ژی دبێژیت دڤێـــت حکومەتا عیراقێ بدەت. بەلێ ل گۆرەی پێزانینێن گەهشتینە مە دێ ل ڤان نێزیکا ئەو پارە گەهیتە کوردستانێ و دێ ل ســـەر خەلکێ هەژار ئەوێن ناڤێن وان تومارکری هێتە دابەشکرن.

***گەلەک وەلاتیێن دەرڤەی سەنتەرێ پارێزگەهێ دبێژن پارێ مە یێ چاڤدێریا خێزانـــی ناگەهیتەمە و یان ژی ناڤێ وان بێی هەوە د هێتە گۆهرین، ئەوە راستە؟**

–راستە ئەڤ پارەیە کو بۆ هەر خێزانەکێ 30 هزاردینارن، ب رێکا ڤەکولەرێن جڤاکی ڤە کو دچنە ناڤ مـــالان دا و پارێ وان دابەشـــدکەن گەلەک جاران گازندە بۆمە هاتینە، بەلێ هەر زووی مە چارەسەرکرینە. هەر خێزانەکێ ناڤێ وێ بهێتە گوهرین ل دوڤ بڕیارا ڤەکولەری و دووڤچوونا مە و ئەم ناڤێ وێ رەوانەی وەزارەتێ دکەین، ئەڤجا ناڤێ وێ دهێتـــە گۆهڕین، ئەگەر بەروڤاژی ئەم بزانین ناڤێ خێزانەکا هەژار ب ناهەقی هاتیە رەشـــڤەکردن، ئەم وان کەسێن خەلەتی کرین سزاددەین.

*** ئـــەرێ بوچی ئەڤـــە پێنچ هەیڤە مووچەیێ چاڤدێریا خێزانی گیرۆ دبی ؟**

– ئەگەرێ ڤێ چەندێ پلانا وەزارەتێ بوویە کو سیســـتەمێ دابەشـــکرنێ دێ هێتە گۆهرێـــن و، دێ برێکا بەنکا هێتە دابەشـــکردن. هـــەر خێزانـــەک دێ ل نێزیکترین بەنک مووچەیێ خو وەرگریت، پەیڕەو کرنا ڤی سیستەمی کار پێدڤێت لەوڕا ئەڤە پێنچ هەیڤە گیرۆ بووی. بەلێ دێ دڤـــێ حەفتیێ دا مووچەیێ ســـێ هەیڤـــان: هەیڤـــا 1 و 2 و 3 دێ هێتە دابەشـــکرن، ل دووڤ دا دێ سیســـتەم برێکا بەنکا بیت.

*** پشـــتی پەیڕەوکردنـــا ئـــەڤ سیستەمەی، ئایا دێ هەمی ڤەکولەرهێنە ژ کار دەرێخستن؟**

– باوەڕناکـــەم چونکـــە 80% مەرەم ژ دابەشـــکرنا ڤی مووچەی هشیارکرنە، بتنێ 20% ئابووریە . چونکە چ جاران ب خۆشـــکرنا ئابووری کومەلگا ناهێنە پەروەردەکرن و نابێشکەڤن، دڤێت برێکا هشیارکرنێ و ئاموژگاریان خەلک بهێتە پەروەردەکـــرن، دا کـــو بشـــێت خو ب گوهریت و بێشکەڤیت.





## سەمای پیاو و ژنان کۆنسێرتێکی شەهرامی ڕاگرت

ڕووداو- یەزد

◆ بەرپرسێکی ئیداری شاری یەزد ڕایگەیاند بەهۆی ئەوەی مانگێک لەمەوپێش کۆنسێرتێک بۆ گۆرانیبێژی پۆپی فارس ئیحسان خاجەمیری سازکراو خەڵکێکی زۆر لەو کۆنسێرتە بە ژنەکانیشەوە سەمایان کرد، بەرپرسانی فەرهەنگی شاری یەزد ڕێگەیان لەسازدانی کۆنسێرتی شەهرام نازری گرت، کە بڕیاربوو لە 2008/5/20 لەو شارە ساز بکرێ.

## شێرکۆ تاڵیب: کەناڵەکانی هەولێر کلیپەکەم بڵاوناکەنەوە



**تایبەت بەڕووداو**

گۆرانیبێژ شێرکۆ تاڵیب بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کلیپێکی بەدیاری پێشکێشی سەرجەم کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانییەکانی کوردستان کردووە "بەڵام تەنیا کەناڵەکانی سلێمانی و کەناڵی ڤین تیڤی دهۆک بڵاویانکردەوەو ئەوانەی هەولێر بڵاویان نەکردەوە، کەچی بەخۆراییش پێمدابوون".

شێرکۆ تاڵیب ئاماژەی بەوەدا کە لەئەلبوومی نوێی خۆیدا بە نێوی (وەرە هاوڕێم بە) کلیپێکی دروستکردووەو بەدیاری داویەتییە هەموو کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانییەکانی کوردستان، کەچی هەندێکیان بڵاویان نەکردووەتەوە "ئەو کلیپە زیاتر لە 5000 دۆلاری تێچووەو، لەسەر ئەرکی خۆم دروستم کردووەو، ئێستا ئەو کلیپە لەکەناڵە ناوخۆییەکانی سلێمانی و لە کوردسات و ڤین تیڤی دهۆک بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەوانەی هەولێر هیچ بڵاونەکراوە، بیانوی ئەوەیان هەبووە کە بەدەستیان نەگەیشتووە کەچی سێ جار بۆم ناردبوون، تا ئێستا پەخش نەکراوە". ئەو هونەرمەندە ئاماژەی بە وڵاتانی دەرەوە کرد کە کلیپی گۆرانی بەپارەیەکی زۆر دەفرۆشرێتە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن"، بەڵام کەناڵە تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان پارەی پێنادەن، تۆ بیبەی و ئەو 200 دۆلارت پێبدات باشتروایە بەدیاری بیدەیتێ، چونکە 200 دۆلارەکە بەشی نان خواردنی نیوەڕۆ ناکات، بۆیە ئێمەش بەدیاری دەیاندەینێ کەچی هەر بڵاویشی ناکەنەوە".

شێرکۆ تاڵیب لەساڵی 1994ەوە دەستی بەگۆرانی گوتن کردووە، تائێستا دوو ئەلبوومی بەنێوەکانی (شینی فیرقەت، وەرە هاوڕێم بە) هەیە، هەروەها ناوبراو بەنیازی ڤیدیۆ کلیپێکی تازەیە بەنێوی (گۆرانی نامەیەکی پاییزی) کە لەسەر ئەرکی خۆی لە سلێمانی دروستیدەکات "بەنیازم بینێرم بۆ ئەو کەناڵانە، بەڵام بەڕاستی ئەگەر بزانم پەخشی ناکەن ئەوە هەر نایانێرم".

## کۆرنیکۆڤا منداڵانی لەبیرنەکردووە



**ڕووداو – ئاژانسەکان**

ئانا کۆرنیکۆڤا، یاریزانی بەنێوبانگی تێنیسی سەرزەوی و نمایشکاری جلوبەرگ،دەیەوێ بەم نزیکانە ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاوبکاتەوە کە بڕیارە لە ڕۆژی 2008/6/1 کلیپێک لەو ئەلبوومەی بڵاوبکاتەوە.

کۆرنیکۆڤا ماوەیەکە خەریکی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی نوێیەو وەکو خۆی ڕایگەیاند دەیەوێ لەرۆژی جیهانی منداڵان دا یەکێک لەگۆرانییەکانی کە تا ئەو کاتەی ئەلبوومەکەی تەواو دەکرێ بڵاوبکاتەوە. ئانا دەڵێ "ڕاستە لەژیانمدا خزمەتم بە بواری وەرزش و جلوبەرگ کردووە، بەڵام منداڵانیشم لەبیر نەکردووە چونکە خۆشم منداڵ بوومەو گۆرانیم پێ خۆش بووە".

## لەچەلێ ئەشکەوتێکی نوێ دۆزرایەوە



**ڕووداو** –DIHA

لەنزیک گوندی بیادرێی ناوچەی چەلێی جوولەمێرگ بەڕێکەوت ئەشکەوتێکی نوێ لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە دۆزرایەوە.

چەند کەسێکی خەڵکی ئەو گوندە کە بۆ ڕاوەکەو روخسەتیان لە سوپا وەرگرتبوو، چوونەتە هەرێمەکەو بەڕێکەوت تووشی ئەو ئەشکەوتە هاتوون کە درێژییەکەی چەند کیلۆمەترێک دەبێت و لەبەرئەوەی لەناو" هەرێمی ئاسایش"دایە، سوپای تورکیا نەیهێشتووە هاووڵاتیان و بەتایبەتیش ئەو گەشتیارانەی سەردانی دەڤەرەکە دەکەن لەو ئەشکەوتە نزیک ببنەوە.

لیژنەی پاراستنی بەرهەمە کەلتووری و سروشتییەکانی جولەمێرگ و وان گروپێکی 6 کەسیی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەشکەوتەکە ڕەوانە کردووەو چاوەڕوان دەکرێت لەم ماوەیەدا بگەڕێنەوەو ڕاپۆرتێک لەسەر ئەشکەوتەکە بڵاو بکەنەوە.

## شاخەوان ئەلبوومێک بە 40 هەزار دۆلار بەرهەمدێنێ



**تایبەت بەڕووداو**

شاخەوان بۆ یەکەمجار ئەلبوومێکی لەسەر ئەرکی خۆی بە 40 هەزار دۆلار لەتورکیا بەرهەمهێنا، بڕیارە لەسەرەتای مانگی 6 بڵاویکرێتەوە.

ئەو ئەلبوومە نێوی (عاشقی تۆم)ە، لە 8 گۆرانی (چاوەڕوانی، عاشقی تۆم، خۆشم دەوێی، هاوارە، زۆر لەمێژبوو، بۆ دواجار، دوو پارەچە مۆسیقا) پێکهاتووە، ئاوازەکانی لەلایەن شیاو کەمال و تێکستەکانیش لەلایەن کاروان ڕزگار و شیاو کەمال دانراون، ئەلبوومەکەش لەستۆدیۆی (گونجەل)ی شاری ئەستەنبوڵ تۆمارکراوە. شاخەوان ئاماژەی بەوەدا گۆرانی (عاشقی تۆم) لەئەستەنبۆل کلیپکراوەو ئێستاش سەرقاڵی کلیپکردنی گۆرانی (هاوارە)یە، ناوبراو لەلێدوانێکی تایبەت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو ئەلبوومە 8 هەزار دانەی لێ چاپدەکرێ و، تائێستا 40 هەزار دۆلاریشم لێ خەرجکردووە".

## لاپتۆپ نەزۆکت دەکا

**ڕووداو – ئیسنا**



لێکۆڵەرەوانی ئەمریکا گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە ئەو گەرمایەی لەئەنجامی کارپێکردنی لاپتۆپ بەرهەمدێت و دەیداتەوە مەترسیی نەزۆکی لەپیاواندا دروستدەکات، کە بەدرێژایی بەکارهێنانی گەرمای لاپتۆپەکە بەر پێیەکانیان دەکەوێت.

پرۆفیسۆر شینکین و خوێندکارەکانی لە زانکۆی ویلایەتی نیویۆرکی ئەمریکا، تاقیکردنەوە یەکیان لەسەر 29 پیاوی گەنج کە تەمەنیان لەنێوان 21 تا 35 ساڵاندا بوو ئەنجامدە، بەدرێژایی دوو ساڵ و لەدانیشتنێکی یەک سەعاتیدا لەنێو هۆڵێکی کۆنترۆڵکراو لە ئاو وهەوادا بەو ئەنجامە گەیشتن کە "ئەندامی زاوزێی نێرینە تەنانەت لەپاش کارکردنی لاپتۆپەکە دووچاری ناڕەحەتی دەبێت، بەڵام کاتێک ئەو کەسە خەریکی بەکارهێنانیەتی ئەوا ئەندامی زاوزێی بەپلەی 2.7 پلەی سیلیزی زیاتر کاریگەریی نێگەتیڤی دادەنێت و گەرمی پێدەدات کە ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی ئەو پیاوە توانای دروستکردنی منداڵ لەدەستبدات".

## نامەی خوێنەران

**خوێنەرانی (ڕووداو) بۆیان هەیە، هەموو ڕەخنە و کێشە و بابەتێک بە کورتی لەم گۆشەیەدا بخەنەڕوو.**

### مەلا بەشیر و دادگای پشکنین

لەمدواییانە بەیاننامەیەک لەلایەن474 مەلاوخەڵکی ئیسلامی لەشاری هەولێر بڵاوکراوەتەوە. ئاراستەی لایەنە پەیوەندارەکان کراوە وداوا دەکەن ئەو نووسەرانە دادگایی شەرعی بکرێن کە سووکایەتی بەئایین دەکەن. مامۆستامەلا بەشیر لەدیمانەیەکدا کە لەژمارە7ی ڕۆژنامەی ڕووداو بڵاوکراوەتەوە، پشتگیری لەو بەیاننامەیە دەکات ولەوە دەچێت هەر خۆیشی فیکرەی بەیاننامەکەی گەڵاڵە کردبێت، داوا دەکات دادگەیەکی شەرعی دابمەزرێت بۆ سانسۆرکردنی کتێب و بڵاوکراوەو دادگاییکردنی ئەو نووسەرانەی کە ڕەخنە لە ئایین دەگرن. مامۆستا مەلا بەشیر داوای دادگای پشکنین دەکات. ئەو دادگایەی داوای دەکات ڕێک ئەو دادگایەیە کە لەسەدەکانی ناوەڕاست لەئەورووپای کاتۆلیکی مەسیحی لەلایەن پاپای ڤاتیکانەوە دامەزران. کە کاریان سزادانی ئەو فەیلەسوف و بیرمەندانە بوو کە ڕەخنەیان لەئایینی مەسیحی دەگرت. ژمارەی قوربانیانی دەستی ئەم دادگایانە بەدەیان هەزار کەس دەخەمڵێنرێت. لەبەناوبانگترین ئەو کەسانەی کە هێنرانە بەردەم دادگای پشکنین فەیلەسۆفی ئیتالی ( جۆردانۆ برانۆ)بوو کەبەتاوانی مولحید بوون زمانیان بڕی و دواتر سووتاندیان. گالیلۆش لەو زانا گەورانەی ئەورووپا بوو کەبە گوشاری ئەم دادگایە لەتیۆرە بەناوبانگەکەی (سووڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا )پەشیمانکرایەوە.

گالیلۆ لەترسی گیانی خۆی دەستی لەتیۆرەکەی هەڵگرت. سپینۆزا و دیکارت و دەیان بیرمەند و فەیلەسوفی تری ئەورووپا تا مردن بەدەست ئازاری ئەم دادگایانە تلانەوە. دادگاکانی پشکنین تاکو سەدەی حەڤدە و هەژدە بەردەوام بوون، بەڵام دوای سەرکەوتنی ڕۆشنگەری و عەقڵ لە ئەورووپا ئەم دادگایانە هەڵوەشێنرانەوە. دواجار لەساڵی1982 دوای تێپەڕینی سێ سەدە و نیو بەسەر دادگاییکردنی گالیلۆ، پاپا ( یوحەنا پۆڵسی دووهەم) داوای لێبووردنی لە گالیلۆ کرد کە ئەو هەموو ئازارەی بەدەستی دادگاکانی پشکنین و پیاوانی کلێسەوە چێشتووە و ستایشی گەورەیی و داهێنانەکانی گالیلۆی کرد.

مامۆستا مەلا بەشیر لەکاتێکدا داوای دامەزراندنی دادگای شەرعی دەکات بێ ئاگا لەوەی دادگای شەرعی ئەزموونی ستەمکاری سێ سەدەو نیو بەر لەئێستای ئەورووپایە. دەرکردنی بەیاننامەو هێنانی ناوی نووسەران تێیدا ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئوسولییەکان بۆ هێرشکردنە سەر ئەو نووسەرانە. کاتی خۆشی هەر فەیلەسوفێکی ئەورووپایی ناوی بخرایە ناوی لیستی دادگای پشکنین دەبوو لەهەموو ژیانی خەریکی ڕاکردن و خۆحەشاردان بووایەلەدەستی پیاوانی کلێسەی کاتۆلیکی مەسیحی. ڕەنگە مەلا بەشیریش بڵێت ئەو دادگا شەرعییەی کە ئێمە داوای دەکەین وەکو دادگاکانی پشکنین نییە، بەڵام من جیاوازییەک لەنێوان دادگای پێشنیازکراوەکەی ئەوان و دادگای پشکنین نابینم. پێموایە ئەگەر ئەو پێشنیازەش جێبەجێ بکرێ ئەوە سەرەتای کۆتاییهێنان و خنکاندنی ئازادی دەربڕینە لەکوردستان. چونکە ئەمە هەروا داواکارییەکی سادەو ئاسایی نییە بەڵکو پرۆژەیەکی تۆکمەی فێندەمێنتاڵیزمی ئیسلامییە لەکوردستان.

هاشم ساڵح

## بەختی ڕووداو

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

ماوەیەکە هەوڵدەدەی بیر لە تۆڵەسەندنەوە بکەیتەوە و، هاوڕێیەکت تووشی کێشە بکەیت، کاری وا مەکە، ئەو پەشیمانە لەو کارانەی لەدژی تۆ کردوویەتی.

### گا
Apr 20-May 20

هەست دەکەی باری دەروونیت بەرەو خراپی چووە، پێویستە بیر لەخۆشییەکان بکەیتەوە، چونکە لەوانەیە کەسانی دەورووبەریشت ناڕەحەت بکەیت.

### جمک
May 21-Jun 21

ڕۆژی 3 شەممە ڕۆژێکی خۆش دەبێ بۆتۆ، کەسێکی نزیکت هەواڵێکی خۆشت پێدەگەیێنێ کە لەداهاتوو دەبێتە هۆی ئەوەی باری داراییت باش بێت.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

خەڵکانێک ئیرەییت پێدەبەن لەوەی کە کەسێکی سەرکەوتووی بۆیە پێویستە بەو شێوەیە کارەکانت بەرەو پێشەوە ببەیت، ئاگاداری خۆشت بە لەوەی زیانت پێنەگەیێنن.

### شێر
Jul 23-Aug 22

سەرفەرێکت لەپێشە کە دەبێ بچیت، ئەو سەفەرە دەبێتە هۆی ئەوەی باری دەروونیت باشتر بێت و مێشکت بحەسێتەوە، چونکە هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکەی.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

کەسانێک لێت توورە بوونە، هەوڵبدە دڵیان بەدەست بێنیتەوە، لەوانەیە بیر لەوە بکەیتەوە کە کارێکی باشت کردووە، بەڵام وانییە کە بیری لێدەکەیتەوە.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

هاوسەرەکەت چاوەڕوانی زیاتر لەتۆ هەیە، پێویستە گوێی لێ ڕابگری لەوانەیە پێویستی بەراوێژی تۆ هەبێ، بەڵام وەکو دەڵێن (قەت بەگوێی ژنان مەکە زەرەر دەکەیت).

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

ڕۆژی هەینی میوانێکت بۆ دێت کە ماوەیەکی زۆر نەتبینیوە، چاوەڕوانی زۆری لەتۆ هەیە، پێویستە بەباشی پێشوازی لێ بکەیت و بەشێک لەکاتەکانتی بۆ تەرخان بکەی.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

کەسێک هەوڵدەدا پێت بڵێ خۆشم دەوێی، بەڵام لەبەر ئەوەی شەرم دەکات ناتوانێ، بۆیە تۆش دەبێ لەدەوروبەرت ورد بیتەوە و ئەو کەسە بدۆزییەوە خۆت پێی بڵێی.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

هەست دەکەی کارەکانت بە باشی ئەنجامداون بەڵام بە هەڵەداچوویە، چونکە خاوەن کارەکەت لێت ڕازی نییەو ماوەیەکە کەمتەرخەمی لەکارەکانت پێویستە زیاتر خۆت ماندوو بکەیت.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو شتانەی لەدڵتدا ڕاتگرتوون بیاندرکێنی، چونکە لەوانەیە ئەگەر نەیاندرکێنی کەسانێکی زۆر تووشی کێشە ببن.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

لەچەند ڕۆژی داهاتوودا تووشی گرفتێک دەبێت، ئاگاداری خۆت بەو خۆت لەو شتانە دوور بخەوە کە پەیوەندیان بەتۆوە نییە. بەڵام نیگەران مەبە.

## لە یادی شۆڕشی گوڵاندا
# قسەی پێشمەرگەیەک



بارزانی مەلا خالید

ئەگەر کەمێک لە ساتە وەختەکانی نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وردبینەوە تابلۆیەکی رەشی پڕ لە نا ئومێدی و رەنج بەخەساریمان دێتە بەرچاو، کە فەزایەکی پڕ لە دڵتەنگی و بێکەسی سەرتاسەری کوردستانی داگرتبوو، رۆژانێکی سەخت بەڵام پڕ لە جووڵە بوون وهەمووومان حەزمان دەکرد ئەو لێقەوماوییە خەونێک بێ و دووبارە نەبێتەوە، هەمووومان توورەو بێزار، بەڵام بە سەبر و ئارام بووین، چاوەڕێی هێمایەک و تروسکاییەک رووناکیمان دەکرد.

رژێمی دیکتاتۆری فاشی بەعس وێڕای ئەوەی کە هەموو کوردستانی داگیر کردبوو، گشت چیا و تەپۆلکە و دەشت و دۆڵ و گوند و شارەکانی سەربازچن کردبوو، بەڵام هەرگیز نەیتوانیبوو ئیرادەی رۆڵە لە خەبات قاڵبووەکانی کورد ببەزێنێ و کڵپەی ئاگری دەروونیان کپ بکاتەوە. ئەوێ رۆژێ قۆناخێکی یەکجار سەخت و پڕ لە پرسیار و هەستیار بوو، گەل لەسەر ئاو و ئاگر بوو. بۆیە هەموو شتێکی (یاخی) لە لا جوان و دڵخۆشکەر بوو.

چیا نەک پەنا،بەڵکو پەرستگاشی بوو. مەتەرێز ئومێد و تفەنگ هێز و فیشەک نان و پێشمەرگەش خدری زیندە ئاسا بوو. قۆناخێک بوو وک دەڵێن هەموو کوردێک بە تایبەتی پارتی لە محەک دابووو، یان دەبوو باشبای یان خراپ، مامناوەندی نەبوو.

بەداخەوە لەو سەردەمەدا زۆر سەرکردە و پێشمەرگەی ئازا و بوێرو ناودێر لەو مەحەکدانەدا دەرنەچوون و هیبەتی جارانیان لەدەستدا، لە هەمان کاتدا زۆر لاوی خوێن گەرمی نەناسراو، بوون بە هێما و لە چیاکانی کوردستاندا لە سەنگەری مان و نەماندا ئومێدیان دەبەخشییە دەروونی پڕ لە کەفوکوڵی رۆڵەکانی گەل و، دلێرانە بانگی شۆڕشیان رادەدێرا، ئەوانە قوتابی و یارانی رێبازی بارزانی نەمر بوون.

هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گوڵان لەسەر دەستی ئەو شێرەکوڕانە هەر لە دۆزینەوەی ئەو رۆڵە تاقانەیە دەچێ کە لە پڕ بەبەرچاوی دایک و باوکییەوە بدزرێ، بەڵام ئەوەندەی پێنەچێ بهێنرێتەوە بەر دەرگەی ماڵەکەیان. ئێمە ئەو دایک و باوکە بووین کە بە هاتنەوەی رۆڵە دزراوەکەمان شاگەشکە بووین و سەر لە نوێ بە نەفەس و رووحیەتێکی لە جاران بەهێز و بەجۆشتر ئەو رۆڵەیەمان لە باوەش گرتەوەو گەورەمان کرد، ئومێدی زۆرمان پێی هەبوو تا لە داهاتوودا لەژێر سێبەر و هەیبەتی باڵە گەورە و فراوانەکانی ئەودا پشوو بدەین.

کەچی ئەو رۆڵە گرانبەها و سەنگینە دوای ئەوەی لە سەنگەری بەرەنگاری و دوژمن بەزاندندا سەری هەموومانی بەرز راگرت، دوای ئەوەی خوێنێکی زۆری دیکەی لە بەرەی رزگاریدا لێرژا، چاوەڕێبووین دونیایەکەمان جیا بێ لەو دنیا پڕ لە ستەم و ترسەی کە دوژمنان بۆ ئێمەیان خولقاندبوو. ئێمە بە گوڕوتینێکی بەدەر لە هەموو خۆشگوزەرانییەکان، بەدەر لە هەموو ئیمتیاز و دەستکەوتەکان لە تەک ئەو رۆڵە شۆڕشگێڕە خوێنویستە رووومان لە سەختترین هەوراز و درترین نشێو و عاسێترین دۆڵ و چیا و بە بەفرترین زەوی و پڕ کەمینترین توولە رێگا و قەڵەبالغترین ئۆردوگای پڕ لە چەکی هەمە چەشنەی سوپای دوژمن کرد. باکمان بەوە نەبوو لە کوێی جەستەی شەکەت و ماندووی ئێمە خوێن دەچۆڕێتەوە. ئێمە رووە و ئەو ئامانجە دەچووین کە شۆڕش لەگەڵ خۆی دەیبردن. ئەو رۆژەی لەنێو جەرگەی شار و شارۆچکەکاندا، درەختەکانی شۆڕش شکۆفەیاندا، خۆری ئاوابووی کوردان لە کەلی کێوەکانڕا سەری دەرهێنا، ئێمە پڕ بەدەنگ هاوارمان دەکرد ئەی ئازادی چ تامێکی خۆشت هەیە چ ناوێکی شیرین و چ چاوێکی گەشت هەیە.

کە راپەرین دەستی پێکرد، زۆر بوون ئەوانەی مەرگیان بۆ ئازادبوونی ئەوانی دیکە هەڵبژارد، کەچی لەنێو ئازادبوونی جەستەماندا دوای چەند ساڵ، جارێکی دیکە کەللەی کۆیلەکردن سەری دەرهێنایەوە!، سەیرە، ئەوانەی دوێنی تامی ئازادیان چەشت، ئێستا زۆر لەوانە بێباکانە خەریکی قرتاندن و لە توپەتکردنی جەستەی خۆیانن! ئەمە چ حیکمەتێکی تێدایە، چ قەدەرێکە و مەحکومیشین بەوەی قەبووڵی بکەین!، ئێمە ئێستا شوێن برینەکانمان زۆر ئازاری پێدا تێدەپەڕێ، زۆر جار وەک برینێکی تازە دەکوڵێتەوەو هاوار هاواریانە وداوای هەتوان و سارێژکردنەوەیان دەکەن!.

به داخەوە پرۆسەی راپەرین شاڵاوێکی ئەو تۆی مرۆیی بۆ هێنایین کە جاش و باش، پێشمەگەو خائین، مشەخۆر وپیاوی ڕاست و دڵسۆ، بەعسی و نیشتمانپەروەری خۆڕاگری وا تێکەڵ کرد، هەموو بەها جوانەکانی شۆڕشگێریەتی و هەموو شتە پیرۆزەکانی نەهێشت، بە رۆژی رووناک شۆڕشمان لێدزارو دەستکەوتەکانیشی بوو بەهی ئەوانەی ئێستا لافی کوردایەتی لێدەدەن و رەنگە پێشمەرگەشیان پێ گێل و نەزان و دواکەوتوو بیت!.

دەڵێم: ئێستا لە زەمەنێکدا دەژین زۆر جار پێم شەرمە بە نیو بازاڕەکانی ئەمڕۆماندا گوزەر بکەم، گوێم لە زۆر شت دەبێ، قسەی نابەجێ ئاراستەی بەرپرسە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ دەکرێت، پێم دەڵێن: ئەرێ ئێوە کە شۆڕشتان کرد، قوربانیتاندا، کیمیاتان مژت، پرۆسەی ئەنفالە بە دناوەکانتان بینی، بۆ ئەوە بوو کەسانی چڵێس دروست بکەن؟

لە بیرتان چوو لە رۆژانی راپەریندا، کاتێ بە دەم کۆشک و تەلاری رەفیق بەعسی و سەرۆک جاش و موستەشارەکاندا گوزەرتان دەکرد، بێزتان نەدەهات سەیریان بکەن و دەتانووت: ئەمە بە پارەی جاشایەتی و خوێنی پێشمەگەر بنیات نراوە، دەبێ ببن بە موڵکی منداڵە بێناز پەروەردەکراوەکانی شەهیدە نەمرەکانی کوردستان، لە ولاشەوە دەچوون بە شانازییەوە لە کەلاوەی هەژارەکاندا ئۆقرەتان دەگرت و بە دەم شلە ساوار خواردنەوە داستانەکانی رۆژانی شۆڕشتان بۆ دەور دەکردنەوە. کەچی مخابن ئێستا ئێوە لەوانتان ڕەت کرد، هیچ گرد و تەپۆلکەیەکی دەوروبەری شارەکانی کوردستان نەماوە جوانترین ڤێللای تێدا دروست نەکەن و تەلاری خانووەکانتان ئەوەندە بەرزە، چەوساوەکان بە زەحمەت دەیانبینن!

دەڵێن: بۆ کەمێک ئاوڕ لە خوارخۆتان و لە کەلاوەی نەداران نادەنەوە؟ من ناڵێم نابێ و ناکرێ لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش عەیب و عارمان هەبێ، یان هیچ پیاوخراپێک، کوردەزۆڵێک، خائنێک لە ناوماندا هەبێ، ئەمە تەنیا قسە یەکە و بەس ئەگەر ئەو قسەیەش بکەین،ئەوە لە واقیعدا بەدەر لە توانای ئێمە شتی وا ڕوو دەدەن، واتە ناوەناوە کەسانی خائین و خۆفرۆش و تێکدەر، رۆشنابیان دەگاتە سەر، من مەترسیەکان لەوانەدا نابینم، بەڵکو لە شتێکی دیکە دایە، ئەویش گرنگی نەدان و وەلانانی کەسانی دڵسۆزە لەم وڵاتەدا کە لە پێناو ئازادی و سەرفرازی کوردستان هەموو شتێکیان پێشکەش کرد، کەچی لە جێگەی ئەوانە کەسانێکی ئێستا بەرهەمی ئەو ئازادییە دەخۆن، کە رۆژێک لە رۆژان تنۆکێک ئارەقی شۆڕشگێری بەنێو چاوانیاندا نەهاتووەتە خوارێ.

من ئەو قسەیە بە شێوەیەکی ڕەها ناکەم، بەڵام ئەوەم پێ قەبوول ناکرێ، کە ئەو توێژە مشەخۆرە خوێنمژانەی دوێنێی گەلەکەم دەبینم، ئەمرۆکە ڕاست و چەپ لێی دەخۆن و لە زۆربەشمان زیاتر دەستیان لە جومگەکانی دەسەڵات گیرکردووەو شاهانە بەرخورد لەگەڵ رەعیەتییەکانیان دەکەن. ئەوانەن وام لێدەکەن لە پێستی خۆم جێم نەبێتەوەو زمانم بە کەس کۆنتڕۆڵ نەکرێ، ئاخر گەلۆ ئەگەر من، یاتۆ دوو قسەی هەق لەو زەمەنە پڕ لە ناهەقیە نەکەین، کێ بیکا؟ ئێمە شۆڕشمان بۆ ئەوەکرد کە کەسانێک لە خوارەوە بە فووی ساحیرەکان بگەنە بورجە عاجەکان و هەتا پێشیانبکرێ هەوراز برۆن؟ئەرێ ئەوانە لە چ کونێکەوە گەیشتنە شاری زێرو پارە، چۆن ئاوا زوو دارو بەرد و زەوی ئەم خاکەیان کۆنترۆڵ کرد؟

ئێمە جاران لەو شاخانە، بەردمان دەکردە سەرین، سێبەری دارێکمان دەکردە سابات، لەگۆمی رۆخ رووبارو کانیاوەکاندا سەرمان دەشوشت، بەمانگ و ساڵ ئافرەتێکمان دەبینی، بەساڵێک قاتە جلێکی خاکیمان دەگۆڕی، رۆژانە چەندین سەعات بەپێی دەرۆیشتین یان بە پێوە دەوەستاین، هەفتەی جارێک گۆشتمان (ئەگەر هەبا) دەخوارد، دەبووایە لەپێناو ئیسپاتکردنی بوونی خۆماندا کوردستان تەی بکەین. کەچی دوای راپەرین بۆ ماوەیەکی کورت ئەوەی نەمانبوو پەیدامان کرد، ئەوەی نەمانکردبوو کردمان ئەوەی حەرام و بقە بوو، دەستمان بۆ برد، ئەوەی نەمانگوتبوو گوتمان، کەسێ نەبوو رێمان لێ بگرێ، شانمان راوەستێنی، چاوی توورەیی بەنێو چاوانماندا تێپەڕێنێ.

ئێمە بەراستی شتێکی عاجباتی بووین، دەتووت ساڵەهای ساڵ بوو بەبێ نان خواردن شەڕمان کردبوو، کە رادەکشاین، بەبێ خەون هەڵدەستاینەوە، جلەکانمان بێ گیرفان بوو، پێڵاوەکانمان لەگەڵ نمرەی پێیەکانمان یەکیان نەدەگرتەوە، کەچی بەداخەوە لەدوای ئازادیدا نیشانماندا قەت تێرنابین،نە لەخەونە گەورەکاندا رزگار دەبین نە بەدوای پشووداندا دەگەڕێین، شەوانەش وەکو رۆژگار کار دەکەین، بەڵام چ کارێک؟ کۆکردنەوەی پارەو کڕینی زەوی زارو جوتیاران و دروستکردنی کێڵگەو کۆنترۆڵکردنی گرد و شاخەکان، واتە ئەوەندەی ئینتمامان بۆ سەروەت و سامان هەیە چارەکی ئەوەندە ئینتمامان بۆ کوردستان نەماوە، مەترسییەکان لێرەوە دەست پێدەکەن.

ئێمە چۆن دەتوانین ئەوزەهنیەتە بگۆڕین؟ ئەگەر کاری واش بکەین، بەڵام بۆ کوردستان و دۆزە رەواکەی بێت، من پێموایە زۆر زەحمەتە ولەزەهنیەتیش دەرچووە، بووەتە بەشێک لەئاکارو کردەوەی کەسایەتیمان، ئێستا هەموو فێرەئەوە بووین چۆن پارەو سەروەت و سامان بەسەر یەکەوە بنێین، دەزانین چۆن بەدەستیان بێنین، لەچیدا بەکاریان بێنین، ئەوەندە زیرەک و شارەزا بووین، دەزانین کام ئیش پارەمان زیاتر دەداتێ و چ کارێک زووتر دەوڵەمەندمان دەکات، ئەوەشیان فێر کردین کە چۆن ئەو پارەیە بپارێزین، وێڕای ئەو دیاردانەش زۆر شتی باش و بەرچاو کراوە، بەڵام خراپەکان ئەوەندە زۆرن، بوونە پەردەپۆشی هەموو شتە جوان و چاکەکان، لەوەش دەترسێم ئەگەر دۆخەکە وابڕوات، شتە باشەکانیش بڕوات و لەدەستیان بدەین.

من دەپرسم : ئەوە چ نهێنیەکە رۆژانە زویربوون و توورەیی و وڵات بەجێهێشتنی لاوان هەوراز دەبا؟ ئەوە چ سرێکە چاومان لە زیادبوونی هەژاری کورتبینە، لەئاست پەرەگرتنی گەندەڵی کوێربوونە، ئەرێ ئەمانە هەتا سەر هەر وادەبێ؟ ئەی ئەزموونی ژیان و بەرێوەبردنی حکومەت لەدنیا فێری ئەوەی نەکردووین کە چۆن خۆمان لەداڕمان بپارێزین؟

من زۆر جار لەخۆم دەپرسم تۆ بڵێی ئەو توانایەمان هەبێ لەرابردووەوە دەست پێ بکەین، ئەگەر لەوێوە هەنگاوی گۆڕان دەست پێ نەکەین چۆن دەتوانین کار لەسەر ئێستا بکەی؟ بەڕاستی هەورازێکی سەختمان لەپێشە کەبەشێکی گرنگی بەدەستی خۆمانە، خۆمان بنیاتمان ناوە!

زۆر جار گوێبیستی هەندێ قسەی گرچ و کاڵ دەبم کە گوایە هیچ هێزێکی بنیاتنەری نوێ لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا نەماوە، نا ئەو قسانە راست نین، بەڵام ئەوەی دیارەو هەمووومان هەستی پێدەکەین، لەکارخستن و پەکخستنی ئەو هێزەیە، دژایەتی و دوورخستنەوەی ئەو توانایانەیە کە ئێستاش بەعیشق و حەماسەتی سەردەمی شۆڕش دڵیان لێدەدا و بۆ پاراستنی ئەو ئەزموونەش گیان لەسەر دەستن، شۆڕشی گوڵان بۆ ئێمەی پێشمەرگە، راپەڕین و رابوون بوو لەو خەونە پڕ کابووسە،کە ئازارەکانی تائێستاش لەجەستە و دەروونی هەموو تاکێکی کوردستانی هەستی پێدەکرێ.

بۆیە ئێمەی نەوەکانی هەردوو شۆرش ئەیلول و گوڵان زۆرمان پێیە بۆ نەوەکانی ئەمرۆی بگێرینەوە، گەرەکە هەموو راستیەکانیان بۆ بەیان بکەین، چونکە ئەوانە زەمەن و مەوادیەکی زۆر لەئێمە دوورن، ئەوانە لەسەردەمێکدا دەژین کە زۆر بەها و چەمکە شۆڕشگێریی و کۆنەکان گۆڕاون، ئێستا بەدروستی لەوە تێناگەن کە چۆن ئێمە ئەو هەموو قوربانیانەمان لەپێناو ئازادی داوە، ئەوان لەسەردەمی ئازادی چاویان هەڵێناوە، بۆیە زۆر زەحمەتە وەک ئێمە تەحەموولی سەختیەکانی ئازادی بکەن. ئەو نەوەیە رایەڵەکانی لەگەڵ رابردوودا زۆر بێ هێزو لاوازە، خەتاکەش بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە مێژووی شۆڕشەکان بۆ ئەوان تەنیا گێڕانەوەی رووداوەکانەو هیچ پەیوەندیەکیان بەئەمرۆوە نییە، بەدووریشی مەزانن کاتێ باسی هەردوو شۆڕشیان بۆ دەکەم و پێ لەسەر قوربانی و خۆبەختکردنی نەوەی رابردوودا دادەگرم کە بووەتە مایەی دروستبوونی ئەمڕۆ، رەنگە باوەڕیشم پێنەکەن و گاڵتەیان بە قسەکانم بێت!

بۆیە دەبێ بەجدی کاریان لەسەر بکەین،چونکە پەرچە کرداریان زۆر نەرێنی دەبێ. ئەوان شتی بەرجەستەو بەرچاویان دەوێ،شتێک کە پەیوەست بێ بەژیانی ئەوان کە گۆڕان لە وجودی خۆیان و دەوروبەریان هەست پێ بکەن، بەڵام مخابن هەر چۆن سەیری پێشی خۆیان دەکەن شتێک نابینن کە لەوان بچێ و بۆ ئەوان بێ، ئەوەی هەیە و کارایە لەدواوە دەبینرێ.

بەکورتی ئێستا بۆ ئەوان شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە کە ئینتمایان تیژ بکاتەوە، ئەوەی هەیە لەنێو دەروون و جەستەی دوێنێدایە، کە بێگومان بۆ لاوەکان نەک هەر جێگەی نیگەرانییە، بەڵکو مەترسی خولقاندنیشە بۆ دوا رۆژیان، من دەپرسم: کوا حەماسەتی گەرم وگوڕی توانا بێ سنوورەکانی سەرەتاکانی قۆناخی راپەرین؟ کوا ئەو بەڵێن و سوێند خواردنانەی کە بەڵێشاو خەڵکی گوێبیستی دەبوون وکەچی بەداخەوە بەهەزار دەردەسەری بەشێکی زۆر کەمیان لێ جێبەجێ کرا.

رووداوەکانی عێراق بەپەلە تێدەپەڕن، ئەگەرچی کاری باش و بەرچاو لەکوردستانی خۆمان کراوە، بەڵام پیرەژن و پیرەمێردی ئەو وڵاتە هەست بەمەترسیەکان دەکەن، ئەوەی جارێک سەر لەبازاڕ بدات، لەوە تێدەگات کە چ فەوزایەک بەجەستەی ئەو وڵاتەدا هەڵدەگەڕێت، دەزانێ کێرڤی بەهەژارکردنی خەڵک رۆژانە چۆن بەرز دەبێتەوە، تێدەگا دەوڵەمەندەکان بەچ خێراییەک سەردەکەون،ئەوانەش دەبینێ کە چۆن بەشەوو رۆژێک لەسەر حسێبی ئامانجەکانی شۆڕش و راپەرین کە قەت رۆژێک مانای خەباتیان نەزانیوە ژوورەکانیان پڕ دەکەن لەدۆلار، ئەوانە مەترسی گەورەن کە دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەڵوەستەیان لەسەر بکات و بیرێک لەداهاتووی ئەو گەلە کارەساتدیدەی کوردستان بکاتەوە کە تائێستا چارەنووسی لە عێراقی تازە وەک پێویست روون نەبووەتەوە.

سڵاو لەهەموو ئەو پێشمەرگانەی تا ئەمڕۆش هەر گیانیان لەسەر دەستە و وەکو جاران نەفس بەرزو خۆڕاگر ماونەتەوە.

**زۆر جار پێم شەرمە بە نیو بازاڕەکاندا گوزەر بکەم چونکە پێم دەڵێن ئەرێ ئێوە شۆڕشتان بۆ ئەوەکرد تا کەسانی چڵێس دروست بکەن؟**

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# مامۆستای زانکۆ
# بە 20 وەرەقە

تەشبیە نەبێ کەوشی کۆن چۆن بزمارڕێژ دەکرێ، کوردستانیش ئاوها زانکۆڕێژ کراوە.

هەر لە خانەقییەوە زانکۆ و کۆلێژە تا کەلار و سلێمانی و کۆیە و سۆران و دهۆک و سێمێل و زاخۆ. هیچ بە دووری نازانم چەند ساڵێکی زۆر کەمی دیکە زانکۆ لە تەقتەق و بەحرکە و ئاغجەلەر و سماقووڵی و بەستۆرە بکرێنەوە. پازدە بیست ساڵی دیکە ئەگەر لە بەختی رەشی کورد کوردستان بووە دەوڵەت، لە ئەفسەرێکی سوپای کوردستان بپرسە دەرچووی کوێیت؟ پێت دەڵێ کۆلێژی سەربازی کەپکی حەمەداغا.

خۆ هەر بێئیشەکانی کوردستان تەمبەڵ و تەوەززەل نین، زۆربەی بەئیشەکان، لە بێئیشەکان بێبەرهەمتر و بۆ کوردستان زیانبەخشترن، ئاخر چونکە کار بکەیت یان نا، بەرهەمت هێلکە بێت یان جیقنە، مووچەکەت هەر مسۆگەرە، بۆیە هیچ دوور نییە ژمارەی مووچەخۆرە بێئیشەکان چەند جارێکی بێئیشە لاتەکان بێت.

حەفتا هەشتا کۆلێژ لەم سێ پارێزگایە هەیە، کەچی ئەوە حەڤدە هەژدە ساڵە یەک دانە وتاری مامۆستایەکی زانکۆ لە هەر بوارێکدا نادۆزیتەوە شایەنی باس بێت و بۆ ماوەی سێ رۆژ گفتوگۆی خولقاندبێ. فیتەرێک بیرۆکەی چارەسەری بێکارەبایی پێیە، گەنجێک ئامێری مینهەڵگرتنەوە دروست دەکات، یەکێکی دیکە سووکە فرۆکەیەک، بەڵام لە هەموو کوردستاندا لە مامۆستایەکی زانکۆت نەبیستووە پرۆژەی دروستکردنی قەندی بۆ دیژلەمە پێبێت.

بە گشتی مامۆستای زانکۆ لەکوردستاندا لەو پرۆپیرێژنانە دەچن کە بە هیچ رازی نین و بەردەوام بۆڵەبۆڵیان دێت، لەوەتەی بیرم دێت ئیمتیازات وەردەگرن، ئەوکاتەی مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی فلسی سووریان لە باخەڵ نەبوو و تەلەڤزیۆنیان دەفرۆشت و نیو فەردە ئاردیان پێدەکرێ و لە وانە وتنەوە دوانەدەکەوتن، ئەوان وێڕای دۆلار، هەزاران دیناریان وەردەگرت، سەتەلایتیان بە سێ هەزاری سویسری دەکرێ و شەوانە بەدیار سەتەلایتەوە لێکۆڵینەوەی زانستییان دەکرد و ئەوجاش بۆ لیبیا دەچوون. محەممەدی مەلا قادر گێڕایەوە، کاتێ بەرپرسی لقی یەک بووە و مامۆستایانی زانکۆی دهۆکی کۆکردوونەتەوە تا خەمە زانستییەکانیان بە نیازی چارەسەر بۆ کاک مەسعود بارزانی هەڵڕێژن، ئەوەی باسیان نەکردبێ زانست بووە. ئەم داوای خانوو، ئەو داوای سەیارە، ئەویتر داوای مووچەی زۆرتری کردووە. پتر لە جارێک ئەو رستەیەم بیستووە کە مامۆستایانی زانکۆ لە کوردستان لە هەلپەرستترین توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانن. نوێترین چالاکی هەندێ مامۆستای زانکۆ لە کوردستاندا قاچاخچێتییە. ئەوان چونکە ژمارەیەکی ئۆتۆمبیل، وەک زۆر شتی دیکە بە بەلاش وەردەگرن، لە گەڵ ئەوەی بە گوێرەی یاسا بۆیان نییە بیفرۆشنەوە، بەڵام بە قاچاخ و نیوەی قیمەت ئەو کارە دەکەن. هەرکەسێ دەیەوێ ژمارەیەک کە نرخی خۆی پتری سێ هەزار دۆلارە، بە دوو هەزار بکرێ، با لە رێگەی دەڵاڵێکی پێشانگەکانی ئۆتۆمبیلەوە مامۆستایەکی زانکۆ بدۆزێتەوە.

# شانازی و بەرپرسیارێتی زیاتر



بەدر ئیسماعیل شێرۆکی
bedirsheroki@yahoo.com

لەوبەری ئۆقیانووسەکان و لە کشوەرێکی دوور، نەتەوەیەکی وەکو کورد دەکەوێتە بەر زوومی نرخاندن و لە سووچێکی پێشتر لەبیرچووی ئەم گەردوونەدا،ئیدی هەست بە بوونی خۆی دەکات وەکو یەکەیەکی جێی بایەخی مرۆڤایەتی. تا ماوەیەک لەمەوبەر رێ نەدەدرا ناوی کوردستان، لە هیچ فەرهەنگێکدا بنووسرێ و نەخشەی لە هیچ ئەتلەسێکدا دیاربێ.

بەر لەوەی نێچیرڤان بارزانی دکتۆرای فەخری وەربگرێ، هەندێک سەرکردەی دیکەی سیاسی و حکومی و خەباتکارانی بوارەکانی دیکەی ژیان لە جیهاندا، بڕوانامەی فەخریان پێبەخشراوە، وەکو وەفاو پێزانینێکی مرۆڤایەتی بۆ هەوڵ و ماندووبوونەکانیان لەرێگای ئازادی و مرۆڤایەتیدا.

نێلسۆن ماندێلاو رەفیق حەریری دوونموونەی دیاری وەرگرانی ئەو بڕوانامە فەخریانەن. ئەو دکتۆرانامەیەی سەرۆک وەزیرانی کوردستان، پێش ئەوەی خەڵات و شانازی پێ بەخشین بێ،پشتگیری و هاندانێکی جیهانییە بۆ زیاتر بەردەمیدان بە تێکۆشان لە پێناوی بەرەو پێشەوە بردنی پرۆسەی ئاوەدانی و دیموکراسی لەو وڵاتانە کە وەرگرانی ئەم بڕوانامانەی لێدەژین .

لەو روانگەوە بەخشینی دکتۆرای فەخری لەلایەن زانکۆی بە نێوبانگ ( واشنتۆن وجێفرسۆن)، پشتیوانییە لە ئاوەدانی و بەرەودیموکراسیچوونی کوردستان. نەتەوەیەک بەدرێژایی مێژوو گشت مافەکانی لێ زەوتکرابێ، وڵاتێک بەردەوام وێران کرابێ و پیلانی سەرزەمینێکی هەتا هەتا چۆڵ و سووتاوی لەسەر جێبەجێ دەکرا، ئێستا ئاوەدانکردنەوەی خەڵات بکرێ لە ئاستێکی جیهانیدا، گۆڕان و پێشکەوتنێکی زۆر گەورەیە بۆ دۆزی کوردستان . ئەمەیان ئەگەر بۆ کورد جێگای شانازی و خوشحاڵی بێت،بۆ سەرۆکی حکومەتەکەی بەرپرسایێتی و خەم هەڵگرتنێکی زیاترە لە پێشوو و دەبێ بارتەقای ئەو چاوە جیهانیەبێ کە لەسەر کورد دروستبووەو شان بداتە بەر گرانی ئەم ئەرکە، رۆڵی حکومەتی کوردستان بگەیێنێتە ئەو ئاستە.

بەو هۆیەی نیچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتێکە، هەموو کارمەندانی حکومەت دەتوانن لەو شانازییە بەشداربن، بەمەرجێک هەر لەئێستاوە خۆیان بۆ ئەو بەرپرسیارێتییە تازەیە ئامادە بکەن و باجەکەشی کە کاری زیاتر بۆ وڵات و خەڵک و دیموکراسیبوونی زیاترە بە راست ببینن.

خەڵکی پسپۆڕو شارەزا کە لەدووری هەزاران کیلۆمەترەوە ئەو راستیانە دەبینن، دەبێ هەندێ رەنگی سپی تێکەڵی رەخنە سەرتاپا رەشەکانی ئێمەش بکات . وەرگرتنی بڕوانامەیەکی وەها کە زیاتر لە هەزاروپێنج سەت کەس لە ئاکادیمی و مامۆستاو زانستکارانی گەورەترین وڵاتی جیهان ئامادەی رێورەسمی بەخشینی بوون، خۆی بەهایەکی مەعنەوی و سیاسی گەورەیە بۆ کوردستان و حکومەتەکەی. لەوانەیە رەشبینترین رەخنەگری خۆشمان دان بەو راستییە دابنێ، بەتایبەتی کە هەر دوای ئەو خەڵاتە سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەلایەن بوش و گەورە بەرپرسانی ئەمریکا پێشوازی لێکرا. خەڵکی کوردستان،لە مەترسیدارترین رەوشی سیاسی ناوچەدا و لە نێزکترین دیکتاتۆری جیهاندا بوێرانە دەنگی بە پێکهێنانی حکومەت و دەسەڵاتێکدا بە مەرجی ئاوەدانکردنەوەی وڵات بە دیموکراسی و ئاواکاری، ئێستاش کە ئەو دەسەڵاتە لە کارو بەرێوەبردنیدا ببێتە جێی متمانەی جیهان ئەوە داخوازی هەموو خەڵکی کوردستانە.

فراوانکردنی زەمینەی رەخنەگرتن، سازاندنی زەمینەی ئازادی دەربڕینێکی یاسادار و پلۆرالیزمێکی هەستپێکراو لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردستاندا و، نێزیککردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت لە داخوازی و چاوەڕوانیەکانی دانیشتوانی کوردستان، دەتوانن کوردستان و حکومەتەکەی بکەنە نمونەیەکی جوانی ئەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کە هەموو جیهانی ترساندووە.

جەماوەری کوردستان و دۆستانیشی پاش ئەو رێزلێنانە جیهانییە لە سەرۆک وەزیرانی کوردستان، پلان و ستراتیژی ئاوەدانییەکی بێ گەندەڵی، وەبەرهێنانێکی بێ رۆتین، ئیدارەیەکی کاراو بەسیستەم ورژێمێکی دیموکرات و کراوە دەخوازێ لە هەرێمی کوردستان.چونکە بەپێی ئەو رەنگدانەوە جیهانیەی دکتۆرای سەرۆک وەزیران هەیبوو، کوردستان زیاتر لە جاران دەکەوێتە بەر وردبینی چاوی جیهان، ئەمەشیان بۆ سەرۆک وەزیران هەم شانسە، هەم مەترسی.

پەیامی ڕووداو

# لەکەی پڕ لە شەرمەزاری ژنکوژی

بەپێچەوانەی قسەو لێدوانی بەرپرسانی کوردستان کە گوایا ژنکوشتن سنووردارببووە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دیاردەکە بەشێوەیەکی مەترسیدار پەرەی سەندووەو تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی لە هەفتەیەکدا نۆ ژن بکوژرێن، ئەگەرچی هەوڵەکانی حکومەتی کوردستان بۆ سنووردانان بۆ ئەم دیاردە دڕندانەیە و کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان جێی دەستخۆشییە، بەڵام هێشتاش دەزگەکانی حکومەت، بەتایبەتی پۆلیس و ئاسایش و دادگەکان زۆر خەمسارد و کەمتەرخەمن بەرامبەر ژنکوژان.

ڕاستە ئەم دیاردەیە هۆکارگەل و پاشخانێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی و هەندێک دابونەریتی کۆنی لەپشتەوەیە کە ڕەنگە ئاسان نەبێت بەشەوو ڕۆژێک بنبڕبکرێت، بەڵام ڕاستیشت دەوێ بەرپرسانی کوردستان ئەگەر بیانویستبا دەیانتوانی ژیانی دەیان ژن لە مەرگ ڕزگاربکەن و بەناوی پڕوپووچی نامووسپارێزیەوە کوشتوبڕیان نەکەن.

ژنکوشتن لە کوردستاندا بەداخەوە تەنانەت لەوەش دەرچووە بەدیاردەناوببرێت، چونکە بووەتە لەکەیەکی پڕلە شەرمەزاری بەتەوێڵی کۆمەڵگەی کوردییەوەوخەریکە دەبێتە سیمایەکی بەرچاوی کۆمەڵگەکەمان، کەچی بەداخەوە دەسەڵاتی کوردستانیش لەکاتێکدا بانگەشە و پڕوپاگەندەی مۆدێرنە و بەئەوروپاییبوون دەکات بەتایبەتی لەمیدیای دەرەوەدا کەچی لەبەرامبەر ئەو دیاردە بەربەریانەدا لانیکەم دەتوانین بڵێین وەکو پێویست نەهاتووتە دەنگ، بەڵکو زیاتر هەوڵی پەردەپۆشکردن و داپۆشینی دەدات، هەر بۆنموونە لەمیدیای هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەتایبەتی تیڤییەکانیان تا ئێستا چەند بەرنامەی دەوڵەمەند لەسەر ئەم پرسە کراوە؟

دەسەڵاتی کوردستان دەبێ ڕاستگۆبێ لەگەڵ ئەو دروشم وبانگەشانەی لاف وگەزافیان پێوە لێدەدات، چونکە هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ بانگەشەی پێشکەوتنخوازی و هێمنی و تەناهی بکا کەچی ساڵانە سەدان ژن لەسایەیدا خەڵتانی خوێن بکرێن، ڕێژەی ژنکوشتن و خۆکوشتن و خۆسووتاندن لەکوردستان لە ئاستێکی هێندە بەرزدایە ڕەنگە ئەگەر لەدنیادا هاوشێوەشی هەبێت، بەڵام زۆر کەمبێت، بۆیە پێویستە ئەرکێکی هەرە لەپێشی حکومەتی کوردستان لێکۆڵینەوەی وردی ئەو دیاردە مەترسیدارە بێت وسنوورێکی بۆ دابنێت، دەنا بەدڵنیاییەوە ئەو نیمچە هاوسۆزیەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان لێمانی دەکەن، لەدەستی دەدەین و بەتەواوی چاوشۆڕوشەرمەزار دەبین.

نوورەدین وەیسی



بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی جگەرەنەکێشان 5/31



# کولتوری خواردن

سیروان ڕەحیم – ئەڵمانیا
sirwanrehim@web.de

کتێبفرۆشی (مایەرشە) لە شاری کۆڵنی ئەڵمان یەکێک لە دوو گەورەترین کتێبفرۆشی ئەو شارەیە. لەم ڕۆژانەدا لە کتێبخانەی ناوبراو گۆشەیەکی پڕ لە کتێب ئامادەکراوە کە تایبەتە بە یادی دامەزراندنی شەست ساڵەی دەوڵەتی یەهود. کتێبەکان بابەتی جۆراوجۆریان تێدایە، بابەتگەلی سیاسی، دیرۆکی، هونەری و.. تاد.

لە ناو ئەو کتێبانەدا ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا کتێبێک بوو بە ناوی (چێشتخانەی یەهودەکان).

با ئێمە خۆ لە قەرەی ئەو باس و خواسە نەدەین کە پەیوەندی بە ڕابردوو و داهاتووی سیاسی یەهودەوە هەیە، با لە گۆشەی فەرهەنگی خواردن و چێشتخانەوە تەماشای یەهود بکەین.

لە سۆنگەی ئەوەی کە یەهود چێشتخانە و مێژووی خواردنی خۆیان تۆمار کردووە دیارە نەتەوەیەکی بە فەرهەنگ و کەڤنارن، کەڤنابوونێک دەوڵەمەندی و ڕەنگینییەکی بەرچاوی بە بوون و ژیانیان بەخشیووە.

لە ناوئەوکتێبگەلەی کە لە یادی شەست ساڵەی دامەزراندنی دەوڵەتی یەهوددا وەکو هەڵبژاردەیەک داندرابوون، چەندین ناونیشانی گرنگ و چەندین نووسەری ناسراوی تێدان، کە هەموو سەرچاوەی بەکەڵک و پڕ زانیارین بۆ یەهودناسی. ئەو سەرچاوانە بە جۆرێک تیشک دەخەنە سەر دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل و پاشخانی ئەو نەتەوە کەڤنارەی ڕۆژهەڵات کە خوێنەر کۆمەڵێک پەنجەرە بە ڕووی تێڕامان و بیرکردنەوەیدا دەکرێنەوە، بەڵام لە ناو ئەو کتێبە گرنگانەدا کتێبی (چێشتخانەی یەهودەکان) ئەستێرەیەکی گەشە و یەکێکە لە ناسنامە گرنگەکانی ئەو نەتەوەیە.

کەس نییە ئەوەندەی ئێمەی کورد خواردنی لەکن گرنگ بێت و کەمیشن ئەوانەی ئەوەندەی ئێمەی کورد لە خواردندا بێ ناسنامە و بێ سەلیقەن. کورد یەکێک لەو گەلانەیە کە زۆر دەخوات، زۆر بێ ئەوەی لە هونەر و کولتوری خواردن حاڵی بووبێت.

بۆ ئەوەی قسە لەسەر سیاسەت و دروستکردنی نەتەوە و دەوڵەت بکرێت، بۆ ئەوەی باس لە دیرۆک و فەرهەنگ بکرێت، پێویستە کۆمەڵێک ستوون ئامادە بکرێن، ئەو ستوونانەی کە نەتەوە بە بوون و بە دیرۆک و فەرهەنگییەوە ڕادەگرن. بەداخەوە ئەوە مێژوویەکی درێژە بێ ئەوەی هیچ کارێک بکەین دەم لە سیاسەت دەکوتین. بێ ئەوەی هیچ ستوونێکی نەتەوە ئامادە بکەین باس لە نەتەوەیەک دەکەین کە هەرگیز لە "شکان نایەت". نەتەوەیەک کە"هەموو تاریخی عالەم شایەتی فەزڵ و هونەریەتی".

لە مێژووی ئێمەدا ئەوانە کێن و چەندن کە هەستیان بەوە کردووە بۆ خەملاندن و گەشەکردنی نەتەوەیەک بە تەنیا "هۆنراوەی هەست بزوێن و دروشمی ڕەنگاو ڕەنگ" بەس نین، بەڵکو دەبێ شتگەلێکی دی تۆمار بکرێن و بخرێنە بەردەستتان؟

دیارە لەو بوارەدا ئاسمانی مێژووی ئێمە بە دەگمەن نەبێت، ئاسمانێکە خاڵی لەو ئەستێرە گەشانەی کە دەبوو زۆرمان هەبان و دەبوو ئاسمانی دیرۆکی ئێمە لەو بوارگەلە پێویست و ڕیشەییانەدا بەردەوام ئەستێرەبارانی بووایە.

بۆ ئەو ئاسمانەی ئێمە چەندین ئەستێرەی وەکو سوجادی تێدا نا درەوشێتەوە؟

عەلادین سوجادی،تەنها ناوی وی دەبەم، چەندانی وەکو ئەو بۆ ئێمە پێویست بوون. پێویست بوون تاکو دیرۆکی گەشت و دنیای پێکەنین و فەرهەنگی خوانمان بۆ تۆمار بکەن.

ئەم دیرۆکەی ئێمە چەند خاڵییە لە کەسانی لەو چەشنە، کەمن، زۆر کەم ئەوانەی دەبوو ببن بە سوجادی و ئەم دیرۆکە خاڵییەی ئێمە پڕاوپڕ بکەن لە بەرهەمی هاوچەشنی بەرهەمەکانی وی.

کەمن، زۆر کەم ئەوانەی کە دەبوو بە ڕەنج و بەری ماندووبوونیان فەرهەنگ و دیرۆکی ئێمەیان بخەملاندایە ونەیانهێشتبا دیرۆکێک بێت ئاوا بێ ڕەنگ.

کەمن، زۆر کەم ئەوانەی بەرهەمگەلێکیان بۆمان جێهێشت مایەی دڵخۆشی بێت.

ئەفسوس لەبری ئەوەی "پیاوانی ئێمە"، ببن بەو ئەستێرە گەشانە، کەچی زۆربەیان بوون بە "سەردار!" و زۆربەیان بوون بە "تیرئەندازی نەزان"، تیرئەندازێک کە لە زۆربەی ڕەوش و بارەکاندا تەنیا تەوێڵی خۆمانیان پێکا.



# ئەمجارە هەوڵەکانی چارەسەری تورکیا دەترسێنن

مستەفا شەفیق*
gare2005@hotmail.de

لەهەفتەی ڕابردووبەدەستپێشخەری ئەنستیتۆی کوردی لەپاریس، هەزار ڕۆشنبیری کورد و دیموکراتخوازی تورک بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئاشتیانە، بانگەوازێکیان ئاراستەی ڕای گشتی و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا کرد. بانگەوازەکە لەلایەن ڕاگەیاندنی ئەوروپایی و ڕۆژئاوا بەگشتی گرنگییەکی زۆری پێدراو لەپێشەوەی هەموویان هەردوو ڕۆژنامەی نێوداری جیهانی لیمۆندی فەرەنسی و ئەنتەرنەشنال هێراڵدتریبیونی بەریتانی تەواوی بانگەوازەکەیان کە لاپەڕەیەکی تەواوی گرتبوو، بڵاوکردەوە.

دوای ئەوەی لەراگەیاندنی ڕۆژئاوادا بەمجۆرە گرنگی بەم بابەتە درا، لەراگەیاندنی تورکیاشدا جێگەی زیاتری پێدرا. زۆر لەنووسەرانی نێودارە تورکەکانی وەک، محەمەد عەلی بیراند، حەسەن جەمال و کەسانیتریش بە وردی ئەم بابەتەیان هەڵسەنگاند.

ئەوە بۆ تورکیا شتێکی تازە نییە، بەردەوام داوا لە تورکیا دەکرێ کە ڕێگاچارەی سیاسی و ئاشتیخوازانە بگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، زۆرجاریش ڕۆشنبیرانی تورکیا لەئاستی ناوخۆیی تورکیادا چالاکی بەمجۆرەیان ئەنجامداوە، بەڵام نەک دەسەڵاتدارانی تورکیا گوێیان بۆ شل نەکردووە تەنانەت هەوڵی بەمجۆرە لەراگەیاندنی تورکیاشدا سانسۆر کراون. ئەمجارەیان وانەبوو، هەموو کەس بە دەوڵەتی ڕاگەیاند"کۆماری تورکیا وا زەنگی مەترسی لێدەدات" . هەموو کەس دەڵێن ئەگەر ئێمە ئەم کێشەیە چارە نەکەین خەڵکانێکیتر دێن چارەی دەکەن. باشە چییە وادەکات ئەمجارە بانگەوازی ڕۆشنبیران کاریگەری زیاتربێت؟ لە کاتێکدا دەیان جاری دیکەش ڕۆشنبیران داواکاری بەمجۆرەیان ئاراستەی دەوڵەتی تورکیا و ڕای گشتی جیهان کردووە، بۆچی هەموو تورکێک دەوڵەتی تورکیا لەهەبوونی مەترسییەک وشیار دەکاتەوە؟

دیارە هەلومەرجی سیاسی کاریگەری لەسەر ئەم بابەتە هەیە، دووبارە گەرمبوونی شەڕ لەباکووری کوردستان و سنوورەکانی باشوور بۆ ئەمریکاو ئەوروپا ڕەوشێکی خۆش نییەو، بۆ تورکیاش مەسەلەی ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا سەختتر دەکات. ڕەوشی باشووری کوردستان کێشەی کوردی تا ئاستێکی بەرز خستووەتە ڕۆژەڤی جیهان، هەموو کەسێک دەپرسێت بۆچی لەباشووردا پێویستە مافی کورد بدرێ، بەڵام لە بەشەکانیتردا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگی لە مافی کورد دەکات. ئەم پرسیارانە ئاراستەی ئەمریکاو ئەوروپا دەکرێن.

بەڵام من ئەمە بە هۆی سەرەکی ترسانی تورکیا نابینم، بەڵکو ئەوەی تورکیا دەترسێنێت ئەوەیە: کە ویستی چارەسەری کێشەی کورد بەتەواوەتی بکەوێتە ڕۆژەڤی جیهان و ناوبژیوانی جیهانی بکەونە ناو ئەم مەسەلەیە. لایەنی هەرە کارگەریش لەم بانگەوازەی ئەمجارەدا ئەم خاڵەیە. لە بانگەوازەکەدا سەرنج بۆ ئەوە ڕاکێشراوە کە دەوڵەتی تورک کەسایەتییە تورک و کوردەکان بەهەند وەرناگرێت و خواستەکانیانی بەلاوە گرنگ نییە، بۆیە ڕۆشنبیرە واژۆکارەکان پێشنیاز دەکەن کە کۆمیسیۆنێکی چوارکەسی لە کەسایەتییە نێودارەکانی ئەوروپا دەستنیشان بکرێن بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن. ئەم کەسایەتیانە کە پێشنیار کراون سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئینگلتەرا تۆنی بلێر، سەرۆک کۆماری پێشووی فنلەندا مارتی ئەهتیساری، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بێرنارد کۆشنێر و سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسپانیا فیلیپ گونزالیسن. ئەم کەسایەتییانە لەئاستی جیهانیدا ناسراو و کاریگەرن و ئەگەر ئەم کەسایەتییانە ناوبژیوانی بکەن تورکیا ناتوانێت خۆی لێ لابدات، ئەگەر خۆشی لێ لابدات تووشی هەڵوێستێکی زۆر سەختتر دەبێت. باشە بۆچی تورکی مەسەلەی ناوبژیوانی دەرەکی بە مەترسیترین هەڕەشە بۆ سەر خۆی دەزانێت؟

بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەست بە دوو هۆکاری گرنگ دەکرێ، یەکەمیان ئەوەیە ئەو نکۆڵیکردنەی کە تورکیا لەبوونی کورد و مافە ڕەواکانی دەکات لەبەرامبەر ناوبژیوانی جیهانی یان نێونەتەوەیی ناتوانێت ئەم هەڵوێستە بپارێزێت کە نەشیتوانی ئەوکات ناچارە دان بە مافەکانی دابنێت، کە تورکیا بۆ ئەمە ئامادە نییە. دووهەمیان ئەوەیە مەسەلەی ناوبژیوانی مەسەلەیەک نییە کە بۆ جارێک بێ و بەس. تورکیا باش دەزانێت ئەگەر ڕێگە بۆ ئەم هەنگاوە بکاتەوە هەنگاوی دیکەشی بەدوادا دێن و، لەوانەیە یەکێتی ئەوروپا ئەم ڕۆڵە وەربگرێ، یان مەسەلەکە بگاتە نەتەوەیەکگرتووەکان و بەتەواوی بگاتە بنبەست.

هەر لەبەر ئەمەش لە ڕوانگەی سیاسی دیپلۆماسییەوە ئەم هەنگاوەی ئەمجارەی ڕۆشنبیرانی کورد بەلای تورکیاوە وەکو دەستپێشخەرییەک سەیر دەکرێت و دەترسێت ببێتە سەرەتای قۆناخێک بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە باکووری کوردستان دوور لە بیانوی تیرۆر.چونکە لێرەدا خاوەنی ئەم دەستپێشخەرییە ڕۆشنبیرانن، ڕێکخراوێکی سیاسی نییە تاوەکو تورکیا بەتۆمەتی تیرۆریستبوون خۆ لە مەسەلەکە لابدات. واتە مەسەلەکە لێرەدا ڕۆشنبیرانن و تورکیا ناتوانێت وەکو مەسەلەی PKK بەتۆمەتی تیرۆر پشتیوانی دەرەوە بەدەست بێنێت. لەبەر ئەمەش مەترسییەکی زۆری بۆ دەوڵەتی تورکیا دروستکردووەو ئەگەر ئەم هەنگاوە بەرهەمێکی ئەرێنی بەدەست بێنێت، تورکیا تووشی ڕەوشێکی سیاسی سەخت دەبێت، کە هەوڵەکانی تورکیا بۆ تیرۆریزەکردنی کێشەی کورد تا ئەمڕۆ بە بادا دەڕۆن و شەڕ و سەربازیش لەم مەسەلەیەدا هیچ ڕۆڵیان نابێت.



# لە هەولێرەوە بۆ ئایندهۆڤن

هاوڕێ باخەوان – هۆڵەندا
hawreh@bakhawan.com

پاش مانەوەی نزیکەی سێ هەفتە لە کوردستان، بەمەبەستی گەڕانەوەمان بۆ هۆڵندا کاتژمێر 4ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی 21ی مای لە فڕۆکەخانەی هەولێر کە پێی دەگووترێت ئەربیلی نێودەوڵەتی ئامادەبووین. من ئەمە هەشتەم جارم بوو لەو فڕۆکەخانەیەوە بێم و بچم. ئەمجارەشیان هەمان سەرنجی جارانی پێشووم هەبوو کە نیوەی زۆری کوردستان بێ کارە کەچی ئەوانەی لە فڕۆکەخانەکەدا کاردەکەن زۆربەیان خەڵکی بەنگلادیش یان سریلانکان.بەڵام لەمەیان ناخۆشتر ئەوەیە کە فڕۆکەخانەکە تەنیا یەک قاوەخانەی تێدایە کەچی خاوەنەکەی یان ئەوەی بەڕێوەیدەبات عەرەبێکی ئێراقییە و دیارە پێویست ناکات کە بڵێم کوردی نازانێت. بۆیە من ناچار بەزمانی ئینگلیزی قسەم لەگەڵ کرد. چونکە قسەکردن لەگەڵیاندا بەزمانی سێیەم بەباشتر دەزانم وەک لەوەی بەزمانی عەرەبی قسەیان لەگەڵدا بکەم و سووکایەتی بەخۆشم و نەتەوەکەشم بکەم.

هەرچۆنێک بێت پاش سێ جار کوژانەوەی کارەبا لە فڕۆکەخانەکە،کە جارێکیان نزیکەی 40 خولەکی خایاند! جانتاکانمان لەکۆڵبووەوە و بۆردینگ کاردمان وەرگرت. ئەگەرچی ئێمە کاتی گەشتەکەمان 7ی بەیانی بوو،بەڵام نزیکەی کاتژمێر9 کراینە ئەو هۆڵەی کە دەیبردینە بەردەمی فڕۆکەکە. لەو هۆڵەدا کاتژمێرێک وەستاین هیچ لەگۆڕێ نەبوو. بوو بە دووان هەرهیچ! نەخێر بوو بەسیان! تاوەکو مقۆ مقۆ و گریانی منداڵ و ناڕەزایی گەشتوەران بەرزبووەوە .ئاسایشی فڕۆکەخانە زانیی خەڵکی تووڕەن ناچار شانۆگەرییەکیان سازکرد و چێکی چەند پاسپۆرتێکیان کرد و بەرەو فڕۆکەکەیان ڕەوانە کردن، تاوەکو کەمێک هیوا بە گەشتووەران بدەن و ناڕەزاییەکە کەم بکەنەوە .بەڵام هەر زوو ئەوانەیان گەڕاندەوە بۆ هۆڵی چاوەڕوانی .دیسانەوە کەوتینەوە چاوەڕوانی و نەماندەزانی کەی بەڕێدەکەوین و کێشەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ ئەوانەی کۆنێکشنیان هەبوو لە ئەسیناوە بۆ وڵاتانی دیکەی ئەوروپا.

گەشتەکەی ئێمە لە هەولێرەوە بۆ ئەسینا بوو و لەوێوە بۆ ئامستەردام. نزیکی کاتژمێری 1ی پاشنیوەڕۆ بووینەوە و هەموو کراینە فڕۆکەیەکی لوبنانیی کۆنی شەقوشڕەوە. دەرگای فڕۆکەیان داخست و پێیانگووتین کە تورکیا ڕێنادات ئاسمانی بەکاربێنین و بچین بۆ ئەسینا، لەبەرئەوە دەتانبەینە بەیروت! و لەوێشەوە بۆ ئامستەردام. ئەمە کێشەیەکی ئەوتۆ نەبوو بۆ ئێمە لەبەرئەوەی خۆمان بۆ هۆڵندا دەچووین، بەڵام بۆ ئەوانەی لە ئەسیناوە بۆ شوێنی دیکە دەچوون کێشەیەکی گەورە بوو.

ئەگەرچی من زۆرتر لە 50 تا 60 جار فڕیووم، بەڵام لە ژیانمدا هەڵسانی واهیی فڕۆکەم نەدیوە و بەهیچ جۆرێک بەتەمای ئەوە نەبووم پێیەکانم زەوی بگرێتەوە. بەڕاستی ترسناک بوو و بەوشێوەیە بڕوات و گەشتی فڕۆکەخانەکانمان باشتر نەکرێت لە پاشەڕۆژدا کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

هەرچۆنێک بێت نزیکەی 3ی پاشنیوەڕۆ گەیشتینە بەیروت! کە چەند ڕۆژێک لەوەوبەر مەیدانی شەڕی ئیسلامییەکان و بەرەی پێشکەوتنخوازی لوبنانی بوو. لەوێش نزیکەی دوو کاژێر لەو گەرمایەدا و لە فڕۆکەکەدا هێشتینیانەوە و ئەوانەی بۆ ئەسینا دەچوون دایانبەزاندن. نزیکەی 5ی پاشنیوەڕۆ فڕۆکە هەستایەوە و لەجیاتی ئامستەردام بەرەو فڕۆکەخانەی ئایندهۆڤنی باشووری هۆڵندا کەوتەڕێ و نزیکە 9ی ئێوارە گەیشتینە شاری ئایندهۆڤن. تاوەکو لە فڕۆکەخانە هاتینەدەرەوە و نزیکەی دوو کاژێر ڕێی نێوان ئایندهۆڤن و لاهایمان بڕی دوای دوازدەی شەو بە 18 کاژێر ماندوو و شەکەت و تووڕە گەیشتینە ماڵەوە.

کورتەی ئەو درۆ و بێ بەڵێنییانەی لەو گەشتەدا ڕوویاندا لەم خاڵانەدا چڕدەکەمەوە:

- گەشتی هەولێر — ئەسینا دەبووایە کاتژمێر 1ی شەو دەستی پێکردایە .دواخرا بۆ 7ی بەیانیی ڕۆژی دواتر.
- نزیکی 9ی بەیانی براینە هۆڵێکی دیکەوە، بۆ سوواربوونی فڕۆکە .فڕۆکەکە 1ی پاشنیوەڕۆ کەوتە فڕین.
- فڕۆکەکە بەرەو ئەسینا ڕێی نەکرد بەڵکو چووە بەیروت،فڕۆکەکە یۆنانی نەبوو و لوبنانی بوو.
- فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانەی ئامستەردام نەنیشتەوە بەڵکو لە فڕۆکەخانەی ئایندهۆڤن نیشتەوە.

سەرباری خراپیی فڕۆکەکە و پیس و کۆنی و خراپی و ترسناکیی بەرزبوونەوەی لە هەولێر. ئێمە لە کاژێر 4ی بەیانییەوە تاوەکو 1ی پاشنیوەڕۆ لەلایەن کارمەندانی فڕۆکەخانەوە دەستیدەستیمان پێدەکرا و بەدرۆ بەڕێکراین و کەسمان نەگەیێندراینە شوێنی مەبەست.

کاتی خۆی لەخۆشیی ڕزگاربوونم لەبەکارهێنانی خاکی تورک و فارس و عەرەب بۆ گەڕانەوەم بۆ کوردستان بەهۆی کردنەوەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە وتارێکم نووسی و تێیدا نووسیبووم "لەبەرت مرم فڕۆکەخانەی هەولێر"، بەڵام ئێستا من بەشبەحاڵی خۆم دەڵێم "ئای کە هەڵخەلەتابووم"، تا بارودۆخی ئەو فڕۆکەخانەیە باشتر نەبێت و هێڵێکی ئاسمانیی باشتر نەبێت سەرنەکەمەوە بە کوردستاندا، مەگەر خوانەخواستە زۆر پێویست بێت.

## "بێ ڕەزامەندیی نووسەران و هونەرمەندان نابێ مەلا باسی ئەدەب و هونەر بکەن"

**رووداو – هەولێر**

هەندێ مەلا داوادەکەن بێ ڕەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف مۆڵەتی چاپ نەدرێتە هیچ کتێبێک لە بارەی ئاینەوە، لە بەرامبەردا د.فەرهاد پیربال ئەوە بە داوایەکی سوریالی دەزانێت و دەڵێ "کەواتە پێویستە داوای ئەوەش بکەن مەلاکان و پیاوانی ئاینیش نابێ هیچ قسەیەک لەسەر ئەدەب و هونەرو داهێنان بکەن بەبێ ڕەزامەندی یەکێتی نووسەران و سەندیکای هونەرمەندان".

لاپەڕە 12



## ڕێواس هەستا

هاووڵاتیانی ناوچەی گەڤەری جۆلەمێرگ کە لەدەستپێکی بەهار دەچنە چیاکان بۆ ڕێواسان، ئەمساڵ لەبەر بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکان ناتوانن بۆ چنینی ڕێواس روو لەکوێستانان بکەن.

ڕێواس بۆ زۆر لەخەڵکی گەڤەر و گوندەکانی دەروبەری وەک سەرچاوەی بژێوی ژیان وایە، ئەمساڵ بەهۆی وشکەساڵی ڕێواس لەشوێنە نزیکەکان نابینرێ، بۆیە هاووڵاتیان ناچارن بۆ چنینی ڕێواس روو لەکوێستانە بەرزەکان بکەن، بەڵام لەبەر بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکان ناتوانن رووی لێ بکەن.

سالانی پێشوو کیلۆی ڕێواس بەیەک لیرەی نوێی تورکی بوو، ئەمساڵ لەبەر ئەو رەوشە کیلۆی بۆ4 لیرە بەرز بووەتەوە.



## ژنانی ئامەد لەوانەی هەولێر پێشکەوتووترن

شێرکۆ بێکەس لە هەڤپەیڤنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (ئوزگور پولتیکا)، لەبارەی سەردانەکەی بۆ ئامەد (دیاربەکر) گوتی" خەونی چەندین ساڵەم بوو بێم لە ئامەد شیعر بخوێنمەوە، ئەوە هاتەدی "و، یەک کاژێر و نیو شیعری خوێندەوە. گوتیشی"کاتێک لەسەر شانۆ هاتمە خوارەوە، پرسیارم کرد و پێمگوتن ئێوە لەمن تێگەیشتن؟ گوتیان نا، تێنەگەیشتین، بەڵام هەستمان بە رووحی شیعرەکانت کرد، ئەوە بۆ من بەس بوو". هەروەها گوتی "ئۆسمان بایدەمر پێیگوتم ناوی تۆ بێکەسە، بەڵام تۆ بێکەس نیت، 40 ملیۆن کورد کەسی تۆن". گوتیشی " جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئامەد و هەولێردا هەیە، لە ئامەد پەیوەندی ژن و پیاوان زۆر پێشکەوتووانەیە، لە هەولێر مرۆڤ ئەو دیمەنانە نابینێ".




Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد ako@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی** : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 00964 066 2558279 ناونیشان: هەولێر ـ بەرامبەر نیوستی هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات


# پارەی گەرمیان هێشتا لە کوێستانە

**رووداو – گەرمیان**

پتر لە دوو مانگە بڕیاری دامەزراندنی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەرچووە و تا ئێستا جێبەجێنەکراوە، بەرپرسان و خەڵکی ناوچەکەش گلەیی بێبەشبوونیان لە خزمەتگوزاریی دەکەن.

"لەو کاتەوەی ئەم حکومەتە کوردییە دامەزراوە تاوەکو ئێستا 80 کیلۆمەتر قیر لەسنووری گەرمیان جێبەجێکراوە، ئەویش بۆ ڕێگای سنووری ئێرانە" ئەمە قسەی سەعید ئەحمەد، ناسراو بە مەلا سەعید، بەرپرسی ئیدارەی گەرمیانە کە ماوەی پێنج ساڵە بەرپرسی ئیدارەی گەرمیانە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ "ئێستاش نازانم ئیدارەی گەرمیان سەر بەکوێیە". هەرچەندە بەگوێرەی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی و هونەری دەبێت و، بودجەیەکی تایبەتیش لەچوارچێوەی بودجەی هەرێمی کوردستاندا بۆی تەرخاندەکرێت، بەڵام بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان دەڵێ "تائێستا هیچ بودجەیەکمان نییە و هەموو بودجەکانمان لەنێو پارێزگای سلێمانیدایە". هاووڵاتیانی گەرمیان و بەرپرسی ئیدارەی گەرمیانیش گازندەی ئەوە دەکەن، کە گەرمیان لەماوەی رابردووشدا لەلایەن ئیدارەی سلێمانییەوە فەرامۆشکراوە و داواکارن پارەی تەرخانکراو بۆ ناوچەکەیان راستەوخۆ بدرێتە خۆیان. بەڵام تاکو ئێستا ئیدارەی گەرمیان جگە لەوەی بودجەی نییە، سەرپەرشتیاری ئیدارەکەش هیچ دەسەڵاتێکی کارگێڕی ودارایی بەدەستەوە نییەو تەنانەت قایمقامەکانی سنووری ئیدارەکەشی لەسلێمانی کۆبوونەوەیان پێدەکرێت لەمبارەیەوە مەلا سەعید دەڵێ" بودجەمان لە سلێمانییەو هەر کەسێکیش بۆ خۆی هەوڵدەدات، بۆچی بودجەکەمان جیاناکرێتەوە؟ حکومەت پارە بۆ گەرمیان دابین بکات دەینێرێتە سلێمانی و کاک دانای پارێزگاریش ئێستا دەنێرێتە شوێن قایمقامەکانی من و دەڵێت کۆبوونەوەمان هەیە و با پارە دابەش بکەین، لەکاتێکدا دەبێت پارە بێتە لای من"

**راپۆرتێک لە لاپەڕە 14بخوێنەوە.**



ژن و منداڵێکی گەرمیانی لەلای خانووە قوڕینەکەیان (فۆتۆ: فازل نەجیب)

# بۆیفرێندی کچەکەی کلینتن باسی مەلا حەمەدەمینی رواندزی دەکا

**رووداو – نیویۆرک**

لان کلاوس نووسەرێکی گەنجی ئەمەریکایی تەمەن 29 ساڵە، لە بەهاری ساڵی 2005 بەمەبەستی وتنەوەی ئینگلیزی ومێژووی ئەمەریکا لە زانستگەی سەلاحەدین، روویکردە هەولێر و ماوەیەک لە کوردستان مایەوەو، بیرەوەرییەکانی ئەو ماوەیەی بە پەرتووکێک بڵاوکردنەوە کە تێیدا باسی مەلاحەمەدەمینی رواندزیش دەکات.

کلاوس گەشتەکەی خۆی و بیرەوەرییەکانی لە کوردستان کردوونەتە پەرتووکێکی 240 لاپەڕەیی بەناوی ( ئلڤیس تایتانیکە :چیرۆکەکانی کلاسی خوێندن لە عێراقەکەی دیclassroom Tales from the Other Iraq :Elvis is Titanic) کە بەم دواییانە لەنیویۆرک چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

کلاوس کە دۆستی چێلسی کچە تاقانەکەی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بیل کلینتن و پالێوراوی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هیلاری کلنتن بووە، لەبارەی گەشتەکەی بۆ کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامەیەکی ئوسترالی گوتی "دایکم وچێلسی دۆستم هاندەرم بوون بۆ ئەوەی بچمە کوردستانی عێراق، بەڕاستی زۆر پشتیوانیان لێکردم وبەردەوامیش لەپەیوەندیدابوون لەگەڵم، بۆیە پەرتووکەکەم پێشکەشی هەردووکیان کردووە".

پەرتووکەکەی کلاوس پێکهاتەیەکە لە بیرەوەری خۆش وناخۆش، سەرنجڕاکێش وسەیرو سەمەرە. یەکێک لەو کەسانەی کلاوس لە پەرتووکەکەیدا باسی کردووە، هونەرمەند ماهیر محەممەدەمین رواندزییە کە بە "ئەستێرەی پۆپی بڕوا بەخۆبوو" ناوی دەبات و دەڵێ ماهیر باوکی مەلایە و لەگەڵ مۆسیقادا نییە. کلاوس باسی سەرهەنگی پاسەوانیشی دەکات کەچۆن سەرسام بووە بە ئەمەریکا و رۆڵی ئەکتەری ئەمەریکایی بەناوبانگ میل گیبسن لە فیلمی نیشتمانپەروەر The Patriot.

کلاوس ئێستا خەریکی وەرگرتنی دکتۆرایە لە مێژوو لە زانستگەی هارڤەردی ئەمەریکا.



کلاوس و چێلسی کلنتن

# رووداو قادسیەی نەهێشت

**تایبەت بە رووداو**

لە سەر ڕێگەی بەردەڕەش – دهۆک تابلۆی دوو گوند بە ناوی (قادسیەی گەورە) و (قادسیەی گچکە) دانراون و قایمقامی بەردەڕەشیش دەڵێ لایاندەبەین.

لە سەر هەبوونی تابلۆی دوو گوند بە ناوی (قادسیەی گەورە) و (قادسیەی گچکە) کە سیمبولێکی عرووبە و بەعسیانە لە سەر ڕێگەی بەردەڕەش – دهۆک، مازن محەمەد سەعید قایمقامی بەردەڕەش بە (رووداو)ی گوت "ئەم گوندانە سەر بە ناحیەی دارەتوون، دانیشتوانی یەکیان گۆرانن و ئەویدیکەش زێبارین" ناوبراو دەڵێ "بە گوێرەی مێژوو و زانیارییەکان ناویان (قاتیسێی بچووک) و (قاتیسێی گەورە)یە و ناوی کوردین، بەڵام حوکمڕانی عەرەبی عێراق لەو ناوچەیە ناوەکەی بۆ قادسیە گۆڕیوە" بە گوێرەی لێدوانەکانی قایمقامی بەردەڕەش، لە نەخشەی قەزا و تۆمارەکانی باری کەسیی بە هەمان شێوە نووسراوە قادسیە و بۆ گۆڕینی ناوەکە "پێویستە لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان بڕیارێکی لە سەر بدرێ" ئەو رۆژەی (رووداو) پەیوەندی بە قایمقامی بەردەڕەشەوە کرد ناوبراو فەرمانی بە بەڕێوەبەری ناحییە کرد تابلۆکان لابدرێن و لە سەر پێشنیازی خەڵکی هەردوو گوند داواکراوە ناوەکانیان بکرێنە (چیازەرد) بۆ قادسیەی گەورە و (گورگ ئاوا) بۆ قادسیەی بچووک.




# ماڵا شڤان و گوڵستانێ ل دهۆکێیە

**رووداو – دهۆک**

هەردوو هونەرمەند شڤان پەروەر و گولستان پەروەرو دگەل کورێ وان سەرخۆبوون ب نیازن دپاشەرۆژێ دا ل باژێرێ دهوکێ ژیانا خۆ ببەنە سەری.

شڤان پەروەر ل باژێرێ دهۆکێ رۆژا 25 ی گولانێ بو سایتێ لقێ ئێک دیارکر کو ئەگەر بەری نۆکە کەسەکێ پرسیار ژ وی کربا ماڵا تە ل کێرێ یە وی دگۆت دباڵەفرێ دایە، "لێ نها من ماڵا خۆ ل دهۆکێ هەیە و ئێدی دێ هێمە وەلاتێ خۆ و دێ پر سترانا بو دهۆکێ بێژم".

هونەرمەند شڤان پەروەر زێدەتر پێڤەچوو گۆت" ئەز کوردەکێ نێڤدەولەتی مە و مەسعود بارزانی سەروکێ هەرێما کوردستانێ ژی گۆتییە من تو سەفیرێ هونەرێ کوردی ل جیهانێ و خەلاتێ ڤێ چەندێ ژی من ژ جەنابێ وی وەرگرتییە ژبەر هندێ ئەز نەچارم ل ئوسترالیا تا ئەنتارستیکا (جەمسەرێ باشوور) بچم". هەروەها گۆت "هەر مللەتەک ل وەلاتێ خوە خودان دەرنەکەڤیت و شیانێ ب دەستێن خۆ چێنەکەت ئەو وەلات چ جاران پێشناکەڤیت، ژبەرکو شیانێ و کولتوڤاسیوم ب دەستێ مرۆڤان چێدبیت".

ژلایێ خۆڤە ژی هونەرمەندا کورد گولستان پەروەر د لێدوانەکێدا دیارکر کو دێ دپاشەڕۆژێ دا ئەو دێ پتر بهێن دهۆکێ و بچن و، دێ دگەل شڤان پەروەر و کورێ خوە بەرخۆدانی پتریا ژیانا خوە ل دهوکێ بەینە سەر.



# ماوەتییەکانیش بوونە دیقل خۆر

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو –ماوەت**

پەیکەرێک، کۆتایی بەو نەریتە دورودرێژە هێنا کەلەدێر زەمانەوە خەڵکی ماوەت پەیڕەویان دەکرد و وەک وەفایەک چەقۆیان لەملی کەڵەشێرەکان حەرامکردبوو.

چیرۆکێک، کەتاوەکو ئێستاش گێڕانەوەی جیاجیای هەیە، خواردن و سەربڕینیگۆشتیکەڵەشێری لەدانیشتوانیئەوشارۆچکەیە حەرامکردبوو، بەڵام هەنووکە ئەو نەریتە لەدروستکردنی پەیکەری کەڵەشێردا کۆتایی هاتووە.

حاجی فەتاح فەقێ ئەحمەد، کەدونیایەکی شارۆچکەی ماوەتە بۆخۆی لەدەمی باوکی بیستویەتی کە وەسیەتی کردووە نەوەی نەوەکانیشی چەقۆ نەخەنە سەرملی کەڵەشێر "ئەوە تەنها وەک وەفایەک بوو، بەڵام وای لێهاتبوو خەڵک وەک پیرۆزیش لێیان دەڕوانی، ئێستاش دنیا دنیایەکی دیکەیە هەموو کەس لە ملی کەڵەشێر دەدات و گۆشتیشی دەخۆین".

سیروان بەکر، ئەفسانەی کەڵەشێرەکەی ماوەتی بۆ رووداو گێڕایەوەو گوتی "دەگێڕنەوە لەسەردەمی ئەسکەندەرشادا و لەئێوارەیەکی درەنگ وەختدا، پاسەوانەکان لەشکرێکی زۆریان دیووە کەهاتوونەتە ناو ماوەتەوە، ئەو لەشکرەی ڕۆمییە عەجەمیەکان، ویستوویانە پەلاماری ماوەت بدەن، بەڵام ئەو شەوە پێش وەختە کەڵەشێرەکان هەموو کۆبوونەتەوەو چوونەتە سەرشاخەکەو خوێندوویانە و خەڵکی شاریان هێناوەتە دەرەوەو لەمەبەستیلەشکرکێشیڕۆمەکانوەئاگایان هێناوتەوەو دوژمنانیش تێکشکاون، ئیدی لەوێوە خەڵک وەک وەفایەک چەقۆکان لەملی کەڵەشێر یاساغ دەکەن".

پەیکەری کەڵەشێر لەساڵی2005 و لەسەر ئەرکی عومەر فەتاح، جێگری سەرۆکی حکومەت دروستکراوە کە بۆ خۆی خەڵکی ماوەتە.



پەیکەری کەڵەشێر کە لەسەر ئەرکی جێگری سەرۆکی حکومەت دروستکراوە